# پێشەکی

کوردان بە پیاوانی سەرکەوتوو و باڵایان وتووە کەڵەپیاوان و بە ژنانی سەرکەوتوو و باڵایشیان وتووە شۆڕەژنان. ئەمانەیش هەر ئەو مرۆڤانەن کە نیچەی فەیلەسووف ناوی لێ ناون سۆپەرمان - مرۆڤی باڵا.

ڕوسەکانیش شانازی بە کەڵەپیاوانی خۆیانەوە دەکەن و مافی خۆیشیانە. چونکە بە دەیان کەڵەنووسەری وەکوو دوستۆیڤسکی و تۆڵستۆییان هەیە و ئەو نووسەرانەیش بوونەتە ناسنامەی نەتەوەکەیان و کولتوور و مێژووی نەتەوەکەیان لە هەناو گرتووە و لە تویێی ڕۆمانەکانیان ناوە و سنووری وڵاتی خۆیان بەزاندووە و لە قەشەنگترین دەللاقەی ڕوانینەوە، تێکەڵ بە وڵات و نەتەوەی خاوەن کولتووری تر بوون!

ئەم کەڵەپیاوانەی وەکوو دۆستۆیڤسکی، باڵایان بە هێندەی گۆی زەوییە و لە لووتکە بڵندەکاندا ئاڵای شەکاوەی نەتەوەی خۆیانن و نەک هەر وڵاتی خۆیان، بەڵکوو سەرزەوییش شانازییان پێوە دەکات.

چەندە شیرینە کە لەژێر نێوی داستانە بەناوبانگەکەی ئەحمەدی خانیدا، کە مەم و زینە، نووسراوە ڕۆمیۆ و

## پێشەکی

جولێتــی ئەدەبی کــوردی و دوای وەرگێرانــی بــۆ چەندیــن زمانــی جیهانی، بەو نازنــاوەوە چاوی کورد و کولتوورەکەی ڕۆشــن دەکاتــەوە!

دۆستۆیڤسکی لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی سالّی ١٨٢١ی زایینی و لە هانتی سەر بە بیترز بیرگ لەدایک بووە.

باوکی پزیشکێکی سەربازیی کەمێک ئالۆز بوو. بەلّام دایکی کچەبازرگانێک بوو: نیان و جوان و قەشەنگ.

بنەمالّەکەی فیودۆر دۆستۆیڤسکی چوار کوڕ و سێ کچیان هێنایە بوون و دۆستۆیڤسکی منالّی دووەم بوو و دوای نۆبەرەکەیان لەدایک بووبوو. بەدوای مردنی دایکیدا، باوکی شاری مۆسکۆ جێ دێلّێت و ڕوو لە هەرێمێکی بچووکی سەر بە شاری توولا دەکات.

سالّی ١٨٣٧ فیودۆر دۆستۆیڤسکی بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەی، ڕوو لە سانتی سەر بە بیترز بیرگ دەکات. لەسەر داوای باوکیشی دەچێتە کۆلێژی ئەندازیاریی سەربازی. لە ماوەی ئەو شەش سالّەی لەو کۆلێژەدا بوو، بایەخێکی ئەوتۆی بە خوێندنەکەی نەدا و خۆی تەرخانی خوێندنەوە کرد و بە تامەزرۆییەکی فرەوە کتێبەکانی دەخوێندەوە و بووە کەسێکی دوورەپەرێز و گۆشەگیر و خۆی بەدوور گرت لە هاوڕێکانی.

هەرچەندە بایەخێکی ئەوتۆیشی بە پیشەکەی خۆی نەدابوو، بەلّام لە سالّی ١٨٤٤دا نازناوی ئەفسەری ئەندازیاری پێ بەخشرا.

لە سالّی ١٨٤٥دا یەکەم ڕۆمانی خۆی بە ناوی هەژارانەوە نووسی. دوای ئەوەی شەوێکیان نیکراسۆ و هاوڕێیەکی فیودۆر دۆستۆیڤسکی پێکەوە ئەو ڕۆمانەیان خوێندبووەوە، کاتژمێر ٤ی بەرەبەیان پێی ڕادەگەیەنن، کە کەسێکی بەهرەمەندە! ئیدی ئەمە وا دەکات کە دۆستۆیڤیسکی ناوبانگ دەر بکات.

ئەم ڕۆمانە لە سالّی ١٨٤٦ی زاییندا چاپ و بلّاو کرایەوە و دۆستۆیڤسکیی لە ئەفسەرێکی ئەندازیارییەوە گۆڕی بە نووسەرێکی مەزن! بەلّام هەر بەدوای ڕۆمانی بریتیدا، ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمە بەساردییەوە پێشوازییان لەو بەرهەمەی کرد. ئەوەیشمان بیر نەچێت، کە دۆستۆیڤسکی لەو قۆناغەی ژیانیدا بێکارە و نائارام بوو.

لە ساڵی ١٨٤٩دا بە تۆمەتی ئەندامبوونی لەو گروپە ئۆپۆزسیۆنەدا کە دژی قەیسەر وەستابووەوە، لە بەندیخانە توند کرا.

لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٤٩دا، فەرمانی لەسێدارەدان بۆ دۆستۆیڤسکی و هاورێکانی دەر چوو، بۆیە دۆستۆیڤسکی و هاورێکانی بەرەو شوێنی لەسێدارەدانەکە بەکێش کران. بەڵام لەناکاو حوکمەکەیان گۆڕین بە بەندی و کارە قورسەکانی سیبیریا و بەندکردنیان بۆ ماوەی ٤ ساڵ!

دوای بەسەربردنی ماوەی بەندبوونەکەی، هەر لە سیبریا خۆی کرد بە یەکەیەکی سەربازیی سوپادا. سەروەر بوو و توانیی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی بگێڕێتەوە و پلەی ئەفسەرییان پێ بەخشییەوە.

ئەمجا بێوەژنێکی مارە کرد و ڕێیان پێ دا بگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ڕوسیا.

ناوبانگە ئەدەبییەکەی خۆی وەدەست خستەوە و خۆی سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەوانی کرد و توانیی لەگەڵ براکەیدا گۆڤاری فریمیا دەر بکات.

ڕۆمانی بیرەوریی خانەی مردووانی نووسی. خۆشبەختانە کەڵەوەرگێڕی خۆمان حەمە کەریم عارف، بەکوردیی کردووە. ئەم بیرەوەرییانەیش لە بەندبوونی خۆی، لە گرتووخانەی سیبریاوە، سەرچاوەی گرتووە. لەو بەندیخانەیەدا بەندکراوان هەریەکە و سەر بە چین و توێژێکی کۆمەڵگە بوون و هەڵگری کولتوور و ناسنامەی چەندین نەتەوەی جیاواز. لەنێویاندا ڕەمەکی سادەی خەڵکەکە، هەر لە جووتیاری سادەوە تاکوو دزان و شۆڕشگێڕە پۆڵۆنییەکان، تا دەگاتە پیاوانی قەوقازییان تێدا بوو.

دۆستۆیڤسکی لە نێوەندە ئەدەبییەکاندا بە کەسێتییەکی سەرکەوتووی خاوەن داهاتووی مەزن ناو دەبرا. بەڵام لەناکاو و لە ساڵی ١٨٦٣دا، دەوڵەت گۆڤارەکەی - کە بە ناوی فریمیاوە بوو - داخست. ئەوەیش بە هۆی بڵاوکردنەوەی نووسینێکەوە بوو، کە دەوڵەت بە ڕووخێنەری دەسەڵاتەکەی قەیسەری لەقەڵەمی دابوو.

دوای تەقەللایەکی فرەی خۆی و براکەی، توانییان گۆڤارێکی تر دەر بکەن بە نێوی سەردەمەوە. بەڵام هێندەی نەبرد و بە هۆی مایەپووچبوونی سەرمایەکەیەوە، ئەویش

داخرا.

دوای ئەوەی براکەی دۆستۆیڤسکی دەمرێت و هێندەی پێ ناچێت هاوسەرەکەیشی کۆچی دوایی دەکات. ئیدی بژێویی خێزانی براکەیشی دەخاتە ئەستۆی خۆی.

ناچار دۆستۆیڤسکی دەکەوێتە فرەنووسین، بەڵکوو بتوانێت بژێویی خۆی و براژن و برازاکانی دابین بکات.

قەرزاری ناچاری هەڵاتنی دەکات! ساڵی ١٨٦٥ ڕوو لە هەندەران دەکات و تاکوو ساڵی ١٨٧١ ئاوارە و دوورەوڵات دەبێت.

هەر لەو ماوەی ئاوارەبوونەیدا، قەشەنگترین بەرهەمی خۆی، کە ڕۆمانی تاوان و سزا بوو، لە ساڵی ١٨٦٦دا نووسیی. ڕۆمانی گەمژەیشی لە ساڵی ١٨٦٨دا نووسیی و بەدوایدا چەندین نووسینی تریش.

بۆ جاری دووەم هاوسەرگیریی کرد و هاوسەرە گەنجەکەی یارمەتییەکی فرەی دا لە ڕێکخستنی دارایی و خەرجیی ماڵدا و بە یارمەتیدانی لە کۆپیکردنەوەی نووسینەکان و بەرهەمەکانی و سەرپەرشتیکردنیدا.

لەم هاوسەرەی چوار منداڵی بوو و دووانیان هەر بەمنداڵی مردوون. ئیدی ئەم نووسەرە گەیشتە لووتکە و قۆناغی نەبوونی و هەژاریی تێپەڕان. لە ساڵی ١٨٧٣دا بیرەوەریی ڕۆژانەی نووسەری بڵاو کردەوە و بیروڕا فەلسەفی و ڕامیارییەکانی خۆی و پێشبینیی بۆ داهاتووی ڕوسیای تێدا دەر خست. بەڵام دواترین ڕۆمانی بە نێوی برایانی کارامازۆڤەوە بوو، کە بە قەشەنگترین داهێنانی دۆستۆیڤسکی دادەنرێت. ئەم ڕۆمانەی لەنێوان ساڵانی ١٨٧٦-١٨٨٠دا نووسی و ڕەخنەگران وا بۆی چوون کە لەم ڕۆمانەیدا، دۆستۆیڤسکی تیلەچاوی خۆی بۆ ژیان دەر دەخات، بەتایبەتییش ئەو ڕوانینەی کە بۆ ئایین هەیبوو و تاکوو مردیش لەسەری سەرومڕ بوو.

لەبەر ئەوەی قۆناغی تەمەنی هەرزەکاریی دۆستۆیڤسکی زۆر سەخت بووە و ڕووبەڕووی گرتن و هەژاری و نەبوونی و ئاوارەبوون بووەتەوە، بۆیە نووسینەکانی درامای ڕەوانی مرۆڤایەتی بوون. واتا جۆرێک، کە مرۆڤ خۆی دەبینێتەوە، چواردەوری بە کێشە و ئازار و ململانێ دەورە دراوە و لە خۆکوشتن بەولاوە، چارەیەکی تری بۆ نەماوەتەوە. بەڵام

لە دواجاردا دەللاقەیەکی دەربازبوون بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، کە بەبێ هاتنەخوارەوەی کەسێتیی ڕزگار ببێت. ئەمەیش بە گوێرەی بیروبۆچوونی دوستۆیفسکی، با بە تاوانی کوشتنیش بێت. ئەمەش هەر وەکوو ئەو چارەسەرەی کە دوستۆیفسکی خۆی بۆ ڕاسکۆلینکۆفی پاڵەوانی ڕۆمانی تاوان و سزای داناوە. یان ئەو چارەسەرەی بۆ سەربازەکەی نێو ڕۆمانی بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی خانەی مردووانی داناوە.

پاڵەوانانی ڕۆمانەکانی دۆستۆیفسکی وەکوو پاڵەوانەکانی سەدەکانی پێش خۆی بیر ناکەنەوە. فرە سەختە خوێنەر بتوانێت پاڵەوانێکی ڕۆمانەکانی ئەم کەڵەنووسەرە بە کەسێکی هەڵسوکەوت گونجاو، یان بە کەسێکی هەڵسوکەوت نابەجێ دابنێت! هەروەها سەختیشە کە پاڵەوانانی ئەم نووسەرە بە بلیمەت یان بە هێڕ و کاڵفام دابنرێت. یان بە نیان و چاکەخواز! یان بە کەسانێکی دەروونڕەش و شەڕخواز!

پاڵەوانانی ڕۆمانەکانی دۆستۆیفسکی چاوەڕوانی کاری پاڵەوانانەیان لێ دەکرێت و خۆ بکەنە قوربانی و لە هەمان کاتدا تاوانی گەورەیش بکەن. بەڵام هەمیشە پاڵەوانەکانی ئەم کەڵەنووسەرە ڕوویان لە ئاسۆی ڕاستیخوازی و خێر و چاکەیە. ژیانی تێکڕای پاڵەوانانی دۆستۆیفسکی والای بەردەم ترس و هیوا و ئومێدن. ئەو پاڵەوانانە، وەکوو دەروونیشیان سیخناخی ئامادەباشییە بۆ بەهاناوەچوونی کەسانی ترەوە، لە هەمان کاتیشدا ئارەزووی ئازاردانیشیان دەکەن! هەر بۆیەیش سەختە خوێنەری ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرە، پێشبینیی هەڵسوکەوتی پاڵەوانەکانی نێو ڕۆمانەکان بکات.

ڕۆمانەکانی دۆستۆیفسکی تەمومژەکانی نەفسی مرۆڤ دادەماڵێت و ڕاستییەکان بە هەموو ئاڵۆزییەکانیانەوە دەخاتە ڕوو. ئەو پاڵنەرە خێر و شەڕانەیش کێومال دەکات، کە مرۆڤ خۆیشی دانیان پێدا نانێت! یان کە بڕێ جار مرۆڤەکان خۆیشیان پەیی پێ نابەن! هەر بۆیە ڕۆمانەکانی دۆستۆیفسکی لاکردنەوەیەکی ڕاستەقینە بوو، بۆ ئەو بیروبۆچوونەی زانایانی دەروون و کۆمەڵناسی، لەوەیاندا کە وایان دانابوو گەر مرۆڤ بارودۆخ و ژینگەی سروشتیی لەباری بۆ ڕەخسا، ئیدی دەتوانێت پاڵنەرە ناوەکییە نەستییەکانی خۆی پوختە بکاتەوە و تۆوی شەڕ و خراپە لە

دەروونی خۆی دەر هاوێژێت*.

نەدیم جەعفەر لە نووسینێکیدا بە نێوی لەنێوان کۆمیدیای دانتی و کارامازۆڤ و دیۆستۆفسکیدا** نووسیویەتی: ئەوەی لە ڕۆمانی بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی خانەی مردووانـدا پێی سەرسام دەبین، هەر ئەو وێناکردنانەی سزای جەستەیی و نەفسیی بەندییە تاوانبار و نەناسراوەکانی ئەو دۆزەخی گرتووخانەیە نییە و ڕسوابوونی ڕۆژانەیان و دیمەنی لەسێدارەدان و گوللەبارانکردنی بەندکراوەکان و توانای بەرگەگرتنی بەندییەکان، بەڵکوو سەرسامبوونە بە سووربوونی مرۆڤە بەندکراوەکان لەسەر مانەوە و درێژەدانیان بە ژیان و لە تونێلێکی تاریک و ئەنگوستەچاوی وەکوو ئەو بەندیخانەیەدا!

هەر کە کوڕی ئیمپراتۆری ڕوسی ئەو ڕۆمانە دەخوێنێتەوە، فرە تووڕە دەبێت و باوکی لەو کارەساتانەی نێو بەندیخانەکان ئاگادار دەکاتەوە و داوای لێ دەکات سنوورێک بۆ ئەو سووکایەتیکردنانە بە مرۆڤ، لە بەندیخانەکاندا، دابنێت! ئیمپراتۆریش فەرمانی دەر کرد کە سزادانی نێو بەندیخانەکان ڕابگیردرێت و نابێت هیچ بەهانە و بیانوویەکیش بۆ ئەو کارە بهێنرێتەوە.

ئەم کەڵەنووسەرە خامە بەبڕشتە، لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٨١ی زایینیدا کۆچی دوایی کرد.

ئەم چیرۆکەی بەردەستتان، کە ڕۆمانی قومارچییە، تەقەللایەکی لەو جۆرەی دۆستۆیڤسکیی کەڵە نووسەری ڕوسییە و شۆڕبوونەوەیە بە ناخی مرۆڤدا و گرفت و پەرۆشی و سەرکێشیی مرۆڤی قومارچی دەخاتە ڕوو و بێ ڕوتووش و جوانکردن و پفدانی مرۆڤ و هەستەکانی. دۆستۆیڤسکی خۆیشی لە قۆناغێکی ژیانیدا قومارچی بووە و پەنجەی لەگەڵ قوماری ڕۆلێتدا نەرم کردووە. هەر بۆیە شارەزایانە، هەستو نەستی نەنێی وێنا کردووە.

لەمەیش پتر لە ڕۆمانی قومارچی نادوێم و بیروبۆچوونەکان لەبارەیەوە، بۆ خوێنەرانی جێ دێڵم. بەختەوەریشم بەوەی

---

* دوستویفسکی، عندما یمتلک بطل الروایة بعدا رابعا، جریدة مناراتو العدد ٢٣١١، ٢٣ /ت ٢ / ٢٠١١.

** بین کومیدیا دانتی و کرامازوف و دوستویفسکی، بقلم ندیم جعفر، سەرچاوەی پێشوو.

جەوهەر مەحمود داراغا

تەمەن و زەمەن ڕێیان پێ دام و ئەم ڕۆمانی قومارچییەم بە کوردی کرد، توانیم بەم کارە بچکۆلەیەیشم، دەللاقەیەکی تر والآ بکەم بە ڕووی خوێنەرانی کورددا، تاکوو بە هۆیەوە بەسەر گوڵزاری ئەدەبی باڵا و کولتووری ڕوسدا بڕوانن.

جەوهەر مەحمود داراغا
سلێمانی، بەکرەجۆ
٢٧/ ٩/ ٢٠١٢
٧/ ڕەزبەر/ ٢٧١٢

# بەشی یەکەم

ئەوە دوای پازدە ڕۆژ دووركەوتنەوە، گەڕامەوە. هاوڕێكانیشم - كە من پێم وا بوو بەتامەزرۆییەوە چاوەڕانم دەكەن - سێ ڕۆژ بوو گەیشتبوونە ڕۆلتنبێرگ و من بەهەڵەدا چووبووم.

ژەنەڕاڵی ڕووكراوەیش بەلووتبەرزییەوە پێشوایی لێ كردم و ناردمی بۆ لای خوشكەكەی خۆی. لەوەیش دەچوو كەسانێكیان دەست كەوتبێت، كە قەرزی لێ بكەن و تەنانەت ژەنەڕاڵیش پێوەی دیار بوو كە لە بینینم بێزارە!

ماری فلیپۆڤنایش شپرزە بووبوو. چەند وشەیەكی كەمی لەگەڵ وتم و كەوتە بژاردنی پارەكە و گوێگرتن لە ڕاپۆرتەكەم.

ئەوان لەسەر سفرەی نانی ئێوارە، لە چاوەڕوانیی میزتنۆف و فەرەنسییە چكۆلە و پیاوێكی ئینگلیزدا بوون، چونكە نەریتی ڕوسییەكان بوو، هەر كە پارە و سامانێكیان دەست بكەوتایە، خەڵكی دەوروبەریان بانگهێشتی سفرە و خوانی نانی ئێوارە دەكرد.

هەر كە پاولین ئەلكسەندرۆڤنایش منی بینی، لێی پرسیم، كە بۆچی ئەو ماوە دووورودرێژە نەبینراوم؟

كەچی لەسەر وەڵامدانەوەم نەوەستا و لێی دا و ڕۆیشت. دیار بوو ئەوەیشی بەئارەزوو كرد، بۆیە دەبوو لەو كارەی ڕابمایە. ئیدی منیش لای خۆمەوە گەلێك پێی سەغڵەت بووم.

لە نهۆمی چوارەمی ئوتێلەكە ژوورێكیان پێم دا. خەڵكەكە دەیانزانی لە كەسانی دەرباری ژەنەڕاڵم. هاوڕێكانم پێیانەوە دیار بوو، كە من بووبوومە جێی سەرنجیان. ئەوان ژەنەڕاڵیان بە یەكێك لە هەرە دەوڵەمەندەكانی ڕوسیا

دادەنا. ژەنەراڵ پێش نانی ئێوارە چەند ئیشێکی پێ سپاردم، لەوانە، گۆڕینەوەی دوو سەد دۆلار بوو بە پارەی خۆمان و هەر سەد دۆلارێک بە هەزار فرەنک بوو و منیش هەر لە نووسینگەی ئوتێلەکە گۆڕیمەوە. ئێستایش و تا دوو هەفتە دواتریش، خەڵکەکە بە ملیۆنەرمان تێدەگەیشتن.

گەڕام بەدوای میشیا و نادیادا، تاکوو بیانبەم بۆ گەڕان. لەو کاتەدا کە بە پلیکانەکەدا دەچوومە خوارەوە، ژەنەراڵ ناردی بە دوومدا. چونکە پێی وا بوو کە وا باشە بزانێت منداڵەکان بەرەو کوێ دەبەم. گومانی نەبوو کە ئەو پیاوە نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ چاو لە چاوانم ببڕێت و گەر حەزی بکردایە لێم بڕوانێت، هەموو جارێک بەسووکایەتییەوە لێی دەڕوانیم و منیش، دەبوومە هۆی ئەوەی ئارامیی لەبەر هەڵبگرم!

دوای گفتوگۆیەکی سەخت و کۆتا، بوو بە ژاوە و قرەقر، ڕای سپاردم منداڵەکان ببەم بۆ باخچەی نزیک بە گازینۆیەکە.

قسەکەی بەتووڕەبوونەوە بڕییەوە و وتی، "یان نیازت بوو بیانگەیەنیتە قومارخانەکە و لای ڕۆلێتەکە! ببوورن کە ئەمەم وت، چونکە ئاگام لێیە سەرکێشییەکانی خۆت هێشتا وەلاوە نەناوە و زووزوو خۆت دەدەیت بەدەم چێژی ئەو قومارەوە! بە هەرحاڵ دەزانم من ئەو کەسە نیم بتوانم ڕێنوێنیی تۆ بکەم، هەرگیز ئەوەیشم نەویسستووە. بەڵام منیش مافی خۆمە کە ناوبانگ و کەسێتیی خۆم بپارێزم."

منیش لەسەرخۆ وتم، "بەڵام تۆ زۆر چاک دەزانیت ئێستا بێپارەم. ئاخر پێویستە مرۆڤ پارەی هەبێت، بۆ ئەوەی لە قوماردا بیدۆڕێنێت."

ژەنەراڵ سوور هەڵگەڕا و وەڵامی دایەوە، "هەر ئێستا پارەیشت دەدەمێ."

ئەمجا کەوتە گەڕان بەنێو چەکمەجەکاندا و دەفتەرێکی ژمێریاریی بەردەست کەوت و بۆی دەر کەوت نزیکەی ١٢٠ ڕۆبڵێک قەرزارمە.

بۆیە لە خۆمی پرسی، "پێت باشە چۆنچۆنی ئەم بڕەپارەیەت پێ بدەمەوە؟ دەبێت بۆت بکەم بە تالیرە، ئێستا ١٠٠ تالیرەت پێ دەدەم و لە قەرزەکەی دەر دەکەم و دواتر باقییەکەیت پێ دەدەمەوە."

منیش بێدەنگ پارەکەم لێ وەر گرت.

ئەمجا لەسەری ڕۆیشت، بە قسەکانی من زویر مەبە و وەکوو هۆشدارییەک ئەوەم وت و تۆیش بڕێک دڵت ناسکە. پێیشم وایە لەسەرمە ئامۆژگاریت بکەم."

بەر لە ڕۆژئاوابوون، منداڵەکانم گەڕاندەوە و لە ڕێدا کۆمەڵێک سوارەم بینی. تومەز هاوڕێکانم بوون و چووبوونە بینینی ناوچەیەکی شوێنەواری. دوو گالیسکەی گەورە و چەند ئەسپێکی قەشەنگیان پێ بوو و مادمۆزێل بلانش و ماری فیلیپۆڤنا و پاولین لە یەکێک لەو گالیسکانەدا بوون. فەرەنسییە چکۆلە و پیاوەی ئینگلیز و ژەنەڕاڵی هاوڕێمان بەسواری بەدوای گالیسکەکانەوە بوون و چاودێرییان دەکردن. ڕەوتەنییانی لاڕێکانیش هەڵوێستەیان دەکرد و لێیان دەڕوانین، چونکە ئەو کارەیان کاریگەریی خۆی لە نێوەندەکەدا جێ دەهێشت. دواتریش شوێنەواری خراپی بەسەر ژەنەڕاڵەوە دانا.

وام دانابوو بەو ٤٠٠٠ فرەنکەی پێم بوو و ئەو بڕەی پێیان قەرز کرابوو، کە دەگەیشتە حەوت بۆ هەشت هەزار فرەنکێک، زۆر کەمتر بێت بۆ کەسێکی وەکوو، مەدمۆزایل بلانش.

ئاخر مەدمۆزایل بلانش و دایکەکەیشی، هەر لەو ئوتێلەدا دەمانەوە کە ئێمە و فەرەنسییە چکۆلەیش تێیدا نیشتەجێ بووین. خزمەتکارانی نێو ئوتێلەکەیش بە کۆنتی ڕێزدار بانگی ئەو پیاوە فەرەنسییەیان دەکرد. بەڵام بلانش نێوی خۆی بە خاتوو کۆنتیس دەهێنا. بە هەرحاڵ، کێ دەڵێت خۆی و هاوسەرەکەی، لەڕاستیدا هەم کۆنت و هەم کۆنتیسیش نەبوون؟

من لەو بڕوایەدام کە لەسەر خوانی ئێوارە کۆ بووینەوە، خاتوو کۆنت نامناسێتەوە. دیاریش بوو ژەنەڕاڵ هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتبوو منی پێ بناسێنێت. یان لانی کەم، سەرنجی ئەو بۆ لای من ڕابکێشێت. کۆنت لە ڕوسیادا ژیابوو و دەیزانی گەر بویسترێت لە پلەی کەسێک کەم بکرێتەوە، ئەوا وەکوو ئۆتشیتل، واتا، لەلەی منداڵان، بە بەرامبەرەکەی دەناسێنرێت. بەڵام من لەوە بێخەم بووم، چونکە کۆنت زۆر باش منی دەناسی. بەڵام ئەوەی من چاوەڕوانی نەبووم، ڕووی دا و ژەنەڕاڵ بیری چووبوو، فەرمانی چوونی من بۆ سەر خوانی ئەو ئێوارەیە و خزمەتکردنی میوانان دەر بکات. بۆیە منیش

هـەر لەخۆمـەوە و بـێ ئـەوەی داوای ڕێپێدان بکـەم، چوومـە سـەر خوانی ئـەو ئێوارەیـە! ژەنـەڕاڵ بەبێزارییەوە لێی ڕوانیم، بـەڵام مەردانـە مـاری فیلیپۆڤنـا بەهانامـەوە هـات و هـەر زوو شوێنێکی پیشان دام و لێی دانیشتم. هەر بە ئاشنابوونیشم بە بەڕێز ئاستلی، وای کرد لـەو تەنگژەیـە ڕزگارم ببێت و ئیدی منیش بوومـە یەکێک لـە کەسانی بانگهێشتکراوی ئاهەنگەکە.

بۆ یەکـەم جار و لـە پروسیا، بـەم پیاوە هەڵسوکەوتناجۆرە ئاشنا بـووم. کاتێک لەسـەر دوو سـەکۆی بەرامبـەر بـە یەکـی، یەکێک لـە ژوورەکانـی شـەمەندەفەرێکدا دانیشتبووین. جارێکی تریش ئـەو ڕۆژە بـوو، کـە سـەفەری گەیشتنەوەم بـە هاوڕێکانم دەکـرد، لەسـەر سـنووری فەرەنسـا ئـەوم بینییـەوە. دوایین جاریش لە سویسرا ئـەوم بینی. واتـا لـە پانزە ڕۆژدا دوو جار ئـەوم بینـی. ئەوەتـا وا ئێستایش لـە ڕۆلتنبێـرگ دەیبینمـەوە. هەرگیـز لـە ژیانمـدا کەسـێکی تـرم بـەو شـەرمنییەی ئـەو نەبینیبوو! شـەرمنێکی فرە سـەیر بـوو! خۆیشـی ئـەوەی بـاش دەزانـی... لەگـەڵ ئـەو شـەرمنییە فرەیەیشـیدا، بێـوەی و نیـان بـوو و،هەرگیـز کەسـێکی گێلیش نەبـوو.

هـەر لـە یەکـەم گەیشتنمدا بـەو، هێنامـە قسـە و ئـەوەی بـۆ گێڕامـەوە، کـە ئـەو هاوینە سـەردانی باکووری کردووە. زۆریش ئارەزوویەتـی پێشـانگەی نیجنـی نۆڤجـورووت ببینێـت. بـەڵام ئـەوەم نەدەزانـی چۆنچۆنـی ناسـیاویی لەگـەڵ ئـەم ژەنەڕاڵـەدا پەیـدا کـردووە؟ پێـم وا بێـت دڵـی بـۆ پاولینیـش لێـی دەدا و خۆشـی دەویسـت. چونکـە هـەر کـە پاولیـن هاتـە ژوورەوە، ئـەو سـوور هەڵگـەڕا! ئـەو پیـاوە زۆر بـەوە خۆشـحاڵ بـوو، کـە لەسـەر ئـەو ئێوارەخوانـە، لەتەکیدا بـووم. لەوەیـش دەچـوو بـە یەکێک لـە هـەرە هـاوڕێ ئازیزەکانـی خـۆی داناب‌ووبێتـم.

فەرەنسـییە چکۆلەیـش سـەرقاڵی هێنانەئـاراوەی بارێکـی وا بـوو، کـە خـۆی پێـوە هەڵبکێشـێت. هەڵسـوکەوتی لەتـەک خەڵکەکـەدا ڕێزدارانـە نەبـوو و ئەوانـی بـەلاوە سـووک بـوو. بیرمـە لـە مۆسکۆیشـدا هێنـدە زۆرزان بـوو، خۆڵـی لـە چـاوان دەکـرد.

درێژەی بـە قسەوباسـەکانی، لەبارەی ئابووری و سیاسـەتی ڕوسـییەوە، دا و یـەک-دوو جارێـک ژەنـەڕاڵ بەنیانییـەوە بەرهەڵسـتی بیروڕایەکانـی وەستایەوە و بـە شـێوازێکی وا، کـە هەسـتی نەڕووشـێنێت و لـە کەسـێتیی کـەم نەبێتـەوە. منیـش

لای خۆمەوە، لە بارێکی دەروونیی نامۆدا بووم و هێشتا نانخواردنەکەم بە نیوە نەگەیاندبوو، کە ئەم پرسیارە نەمرەم لە خودی خۆم کرد، ئاخۆ ئەوە چی بێت کە وا من کێشی دوای ئەم ژەنەراڵە دەکات؟ چونکە دەبوو هەر لە زووەوە خۆم لەم ژەنەراڵە بەدوور بگرتایە!

جارجارەیش، بەدەم پرسیارلەخۆکردنەوە، لە پاولین ئەلکسەندرۆڤناشم دەڕوانی. وایش بۆی چووم، کە ئەویش لای خۆیەوە هیچ بایەخێکم پێ نادات. دووکەڵی بۆنی گوڵەزەردەی خەرتەلەکەیش بەو ناوەدا بڵاو بووەوە و خۆی بە لووتی منیشدا کرد. ویستم هەرایەک بنێمەوە و بۆ ئەمەیش، بێ وەرگرتنی مۆڵەت لە کەسیان و لەناکاو و بە دەنگی بەرز، خۆم هەڵقورتانە مشتومڕیانەوە. بەتایبەتییش نیازی بەگژاچوونەوەی فەرەنسییە چکۆلەکەم بوو. بێ هیچ پێشەکییەک، ڕووم لە ژەنەراڵ کرد و بە دەنگی بەرز پێم وا بێت قسەیشم بە ژەنەراڵ بڕیبوو - وتم، "مەحاڵە لێرە بەدواوە ڕووسەکان بۆیان بلوێت، کە ژەمە خۆراکەکانیان لەسەر سفرە و مێزی خوان بخۆن!"

ژەنەراڵ کە ئەمەی لە من بیست، بەسەرسووڕمانەوە سەرنجی دام!

منیش درێژەم دایە، "ئەوەیشی ڕێزی خۆی بگرێت، هەر ڕووبەڕووی بێزارکردن دەبێتەوە و سووکایەتیی پێ دەکرێت.

"لە پاریس و لەسەر کەناری ڕووباری ڕاین، تەنانەت لە سویسرایش، مێزگەلێکی فرەی خوان ڕازاوەتەوە و سیخناخە بە پۆڵۆنییەکان و هاوشێوەیان و توێژی خوارووی فەرەنسییەکانیش بە شێوەیەکە، کە تۆ وەکوو ڕووسییەک ناتوانیت، وشەیەک چییە، بدوێیت!" ئەم قسانەم بە زمانی فەرەنسی وت. میر واقی وڕ مابوو و نەیدەزانی ئاخۆ خۆی تووڕە بکات یان بەو سەرسامییەی خۆیەوە بمێنێتەوە! بەرامبەر بەو بیرچوونەوەیەی خۆم و تا ئەو ڕادەیەیش! فەرەنسییە چکۆلەیش بە بێزاریو بێبایەخییەوە، وتی، "پێدەچێت کەسێک تەمبێی کردبێت و وانەیەکی باشی دادابێت!"

منیش وەڵامیم دایەوە، "یەکەم جار و لە پاریسدا لەگەڵ پۆڵۆنییەک بەشەڕ هاتم. دواتریش لەگەڵ ئەفسەرێکی فەرەنسی، کە دەیویست پشتی پۆڵۆنییەکە بگرێت."

هـەر کـە ئەوەیشـم بـۆ گێڕانـەوە کـە ویسـتوومە تفێـک بکەمـە قـاوەی یەکێـک لـە گـەورە قەشـەکانەوە، کـە مۆنسـینیۆر بـوو، بەشـێکی فـرەی فەرەنسـییەکان پشـتگیرییان کـردم.

ژەنـەڕاڵ بەسەرسـامییەوە چـاوی بـە ژوورەکـەدا گێـڕا و فەرەنسـییەکەیش بەئاگاییـیـەوە لێـی ڕوانیـم و پرسـیی، "تـف؟" منیش وتم، "بەڵێ... تف!"

"تـا ٤٨ کاتژمێریـش، لـەو بڕوایـەدا بـووم پێویسـتە بـۆ ئـەم کێشـەیەمان ڕوو لـە ڕۆمـا بکـەم. بۆیەیـش خـۆم گەیانـدە باڵیۆزخانەی پاپاوی و داوام کرد ڤیزە بدرێت لە پاسپۆرتەکەم. قەشـەیەکی کورتەبـاڵای پەنجاسـاڵانەی لـەڕولاواز پێشـوازیی لێ کردم و دوای ئـەوەی گوێـی لـێ گرتـم، بە شـێوازێکی نیانی وشـک تـکای لـێ کـردم چـاوەڕوان بـم. هەرچەنـد بەپەلەیـش بووم لـەو کارەم، بـەڵام بەناچاری لێی دانیشـتم و ڕۆژنامەیەکی ئۆپینیـۆن ناشیونالـم، لـە گیرفانـدا بـوو و دەرم هێنـا و دەسـتم کـردە خوێندنـەوەی وتارێـک، کـە هێرشـێکی لاقرتێئامێزانـە بـوو بـۆ سـەر ڕوسـیا. لـەو کاتەیشـدا گوێـم لـە تەپـەی پێـی کەسـێک بـوو، کـە بـەرەو ژوورەکـەی مۆنسـینیۆر دەچـوو و قەشـە کورتەباڵاکە بـە چەنـد جۆرێـک بـۆی نووشـتایەوە و ڕێـزی لـێ نـا! منیـش داواکـەم لێـی دووبـارە کـردەوە. ئەویـش جارێکـی دی تکای لـێ کـردم چـاوەڕوان بـم. بـەڵام ئـەم جارەیـان بـە کەمێـک زبـری و وشـکیی فرەتـرەوە.

"دوای کەمێـک، یەکێکـی دی هاتـە سـەردان و پێدەچـوو نەمسـاوی بێـت. دوای ئـەوەی گوێیـان لـە قسـەکانی گـرت، خێـرا بردیانـە سـەرەوە. لێرەدا هەسـتم بـە تووڕەبـوون کـرد. لـە جێـی خـۆم هەسـتام و بـەرەو قەشـەکە بوومـەوە.

"بەتونـدی پێـم وت، مـادام مۆنسـینیۆر پێشـوازی لـە کەسـانی دی دەکات. کـە وا بـوو، دەتوانێـت داواکـەی منیـش جێبەجـێ بـکات.

"قەشـەکە بەسەرسـووڕمانەوە بـەلای منـدا لای کـردەوە. ئـەوەی پـێ سـەیر بـوو، کـە چـۆن ڕوسـییەک دەتوانێـت خـۆی بـە میوانەکانـی تـری مۆنسـینیۆر بـەراورد بـکات!

"لـە تەوقـی سـەرمەوە بـۆ بـەری پێـم کەوتـە پیاهەڵڕوانینـم و زۆر ناشـیرینانە کەوتـە قیـژە و هـاوار و وەکـوو ئـەوەی بیەوێـت سـووکایەتیم پـێ بـکات، وتـی، "'نەدەبـوو پێـت وا بێـت کـە مۆنسـینیۆر لەبـەر خاتـری بەڕێـزت دەسـت لـە فنجانـە قاوەکـەی

بەردەمی هەڵدەگرێت!

"هێندەم ئاگا لە خۆ بوو، کە بە دەنگێک لەوی ئەو بڵندتر هاوارم بەسەریدا کرد، "'زۆر باش ئەوە بزانە، تفیش ڕۆ دەکەمە فنجانە قاوەکەی مۆنیسیۆرەوە و سووک و ڕسوایشی دەکەم. گەر هەر ئێستایش پاسپۆرتەکەم بۆ واژۆ نەکات، خۆم بۆی دەچمە ژوورەوە!

"قەشەیش بەرەو دەرگا داخراوەکە ڕای کرد و بەشڵەژاوییەوە، وەکوو خاچێک دوو باسکی درێژ کردنەوە و منی تێگەیاند کە داپلۆسینی خۆی بەلاوە باشترە، تا چوونەژوورەوەی من.

"منیش پرسیم، 'ئاخۆ من زندیق و دڕندەم، کە ئاوا بۆم نییە لەبەرامبەر ئەم قەشەو مۆنیسۆرانەدا بوەستم؟'

"ئیدی تێم گەیاند کە کۆڵ نادەم.

"قەشەکەیش بە تووڕەبوونێکی فرەوە لێی ڕوانیمەوە. پاسپۆرتەکەی لە چنگم دەر هێنا و لەگەڵ خۆی بردیە سەرەوە. خولەکێکی نەبرد و لەوسەرەوە هاتەوە و کارەکەی بۆ ڕایی کردبووم. ئەوەتا... ئێستایش پاسپۆرتەکەم پێیە و دەتوانیت بیبینیت."

پاسپۆرتەکەم دەر هێنا و بەو واژۆ پاپەوییەوە کە لێی درابوو، پیشانم دا.

ژەنەڕاڵ هاتە قسە و وتی، "لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا..."

فەرەنسییە چکۆلە قسەکەی پێ بڕی و بەپێکەنینەوە وتی، "ئەوەی تۆی ڕزگار کردووە لەو بارەدا، دانپێدانانی ئەوە بووە کە وتووتە زیندیق و دڕندەم! ئەو قسانەیشت لە گیلیی خۆت نەکردووە*".

منیش هەڵم دایە، بە هەرحاڵ، منیش وەکوو ئەو ڕوسانەی هاوڕێی تۆم بۆ ناکرێت، کە لەئاستی ڕووداوە ناجۆرەکاندا دەستەوسان دەوەستن و ئەنگۆ هەڵناهێننەوە و ناوێرن هیچ بڵێن. ئاخر ئەوان گەر بۆ قوتاربوونیان پێویستیان بوو، نکوولی لە نیشتمانەکەی خۆیشیان دەکەن."

بە هەرحاڵ، دانیشتووانی ئوتێل پاریس تا فرەتر

---

* سەرەتا دۆستۆیڤسکی ئەم ڕۆمانەی ناو نابوو *ڕۆلتنبێرگ*، بە ناوی ئەو شارەوەی لە سالانی ١٨٦٣ بۆ ١٨٦٥دا تێیدا هەر خەریکی قوماری ڕۆلێت بوو. بەلام لەسەر سووربوونی داوای چاپکەر و بلاوکەرەوەی ئەم ڕۆمانە، ناچار بوو ناوی ئەم ڕۆمانە بگۆڕێت بە *قومارچی*!

بەگژاچوونەوەکانی خۆمم بۆ بگێڕانایەتەوە لەبارەی ئەو قەشەیەوە، فرەتر ڕێزیان لێم دەنا. بەڵام لەنێو کەسانی دەوروبەری مێزی خوانەکەدا، ئەوەی لە هەمووان ڕەق و زبرتر بوو بەرامبەرم، بەڕێزێکی پۆڵۆنیی کەتە بوو، ئەویش لە دەوروبەرم نەمابوو. ئەوەیش بە هۆی ئەوەوە بوو، کە لەبارەی ئەو ڕاوچییە فەرەنسییەوە بۆم گێڕانەوە، کە هەر بۆ خۆشیی خۆی و تاقیکردنەوەی تفەنگەکەی، ساڵی ١٨١٢ فیشەکێکی نابوو بە منداڵێکی دە ساڵانی خێزانێکەوە، لەو خێزانانەی دەرفەتیان بۆ نەڕەخسابوو وەکوو زۆرینەی دانیشتووانی مۆسکۆ ڕەو بکەن... کەسیان بەرەنگارم نەبوونەوە و ناڕەزاییان دەر نەبڕی.

کەچی فەرەنسییە چکۆلە هاواری کرد، "مەحاڵە سەربازێکی فەرەنسی هەبێت، قەرەوڵ ئاڕاستەی منداڵێکی دە ساڵانە بکات و ئەو کارە نەشیاوەی لێ بوەشێتەوە!"

منیش وتم، "لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوەی گێڕامەوە ڕووی دابوو! نەقیبێکی بەڕێزی خانەنشین ئەمەی بۆ گێڕامەوە و ئەویش پێی وتم، کە بە چاوی خۆی ئەو چاڵەی بینیبوو، کە بەو فیشەکە لەسەر لێوی منداڵەکە دروست بووبوو!"

فەرەنسییەکە بەپەلە دەدوا و ژەنەڕاڵ دەیویست پشتگیری لە قسەکانی بکات. بۆیە ئامۆژگاریی ئەویشم کرد، کە بیرەوەرییەکانی ژەنەڕاڵ پیرۆڤسکی* - ئەو ژەنەڕاڵەی کە ساڵی ١٨١٢فەرەنسییەکان بەندیان کردبوو – بخوێنێتەوە، تا ئەم ڕاستییەی بۆ دەر بکەوێت. ئەوە بوو ماری فیلیپۆڤنا کەوتە قسە و قسەی بەبەردا هێنا. ژەنەڕاڵیش لێم پڕ و بێزار بوو. ناحەقیشی نەبوو، چونکە گفتوگۆیەکەی من و فەرەنسییە چکۆلە، شێوەیەکی نزیک بە سەرکۆنەکردن و جنێوی وەر گرتبوو. هەرچی ئاستلی ڕێزداریش بوو، پێوەی دیار بوو کە خۆشیی لە شەڕەقسە جنێوئامێزەکەمان دەهات. تەنانەت دواتر بانگهێشتی پێکێکی مەییشی کردم! چۆنم ئارەزوو دەکرد، وا کەوتەوە، توانیم ئەو ئێوارەیە، بۆ ماوەی چارەکەسەعاتێک و بەدەم پیاسە کردنەوە، لەگەڵ پاولین ئەلکسەندرۆڤنادا گفتوگۆ

---

* ساڵی ١٨٦٥ ئەو کتێبەی بڵاو کردەوە و تێیدا ئەوەی دەر خستبوو، کە چۆن بە چاوی خۆی بینیویەتی سەربازە فەرەنسییەکان تەقەیان لەو بەندییانە کردووە، کە لە کاتی ڕۆیشتنی ڕیزەکانیاندا نەیانتوانیوە گورج و خێرا بڕۆن بەڕێوە!

بکەم. ئامادەبووانی بانگهێشتەکە، بە ڕێگەی باخەکەدا بەرەو گازینۆکە چوون و پاولینیش لەسەر سەکۆیەک و بەرامبەر گۆمەئاوێک لێی دانیشت و نادیا چکۆلەیشی نارده نێو چەند منالێکی نزیک بە خۆیەوە بۆ گەمەکردن و خۆم و خۆی بەتەنیا ماینەوە.

سەرەتا لەبارەی کارەوە دواین. زۆر لەوە پەست بوو، کە لەبری بە ڕەهندانانی پارچەئەلماسەکەیدا، تەنیا ٧٠٠ فلۆرینی پێ درابوو، چونکە لەو بڕوایەدا بوو ئەگەر من ئەو کارەم بۆ بکردایە، دەمتوانی بەو ڕەهنکردنە ٢٠٠٠ فلۆرینی بۆ وەر بگرم.

هەر بۆیەیش پاولین وتی، "پێویستم بە پارەیە و گەر بڕێکی تریش نەیەتە دەستم، تیا دەچم!"

کە لێیشم پرسی کاتێ لەوێ نەبووم چی ڕووی داوە، وتی، "هیچێک. تەنیا دوو هەواڵمان لە بێترزبۆرگەوە پێ گەیشت. یەکەمیان باری دروستیی نەنکم بوو کە زۆر خراپ بوو. دووەمیشیان، کە دوای دوو ڕۆژ پێمان گەیشت و گریمانی مردنی بوو."

لەسەری ڕۆیشت، "ئەو هەواڵی دووەمەیشمان لە تیمۆتی پیترۆڤتشەوە پێ گەیشت. ئەویش پیاوێکی ورد و ڕاستگۆ بوو لە هێنان و بردنی هەواڵەکاندا. ئێمەیش چاوەڕوانی پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵەی بووین."

منیش وتم، "کە وا بوو، هەموو ئەمانەی لێرەن، لە چاوەڕوانیی ئەوەدان؟"

ئەویش وتی، "بەڵێ، هەمووان لەو چاوەڕوانییەدان. ئەوە شەش مانگە مردنی ئەو پیرەژنە جێگەی هەموو ئومێدێکی گرتووینەتەوە."

منیش پرسیم، "تۆیش بەئومێدی ئەو هەواڵەیت؟"

وەلامی دایەوە، "من بە خزمایەتی پێی ناگەمەوە. تەنیا خزمی ژەنەراڵم. بەڵام لێم ڕوونە لە وەسیەتنامەکەیدا منی بیر ناچێتەوە."

منیش پێم وت، "پێم وا بێت تۆیش پارەیەکی فرە و مۆڵت بەو هۆیەوە دەست دەکەوێت!"

ئەویش وتی، "خۆیشم هەر وای بۆ دەچم. چونکە نەنێ منی زۆر خۆش دەوێت. بەڵام ئەی تۆ پشت بە چ بەڵگەیەک دەبەستیت، بۆ ئەو بڕوابوونەت بەوەی منیش پارەیەکی فرەم

لەو میراتییە بەر دەکەوێت؟"

منیش بە پرسیارێک وەڵامم دایەوە و پرسیم، "پێم بڵێ ئاخۆ مرێکیزیش لە نهێنییەکانی بنەماڵەکە بەئاگایە؟"

ئەویش پرسیی، "زۆر مەبەستتە وەڵامی ئەم پرسیارە بزانیت؟"

پاولین بە وشکی و ساردییەکەوە لێی ڕوانیم و وتی، "پێم وا بێت لە نهێنییەکان بەئاگایە. گەر بەهەڵەدا نەچووبم، ژەنەڕاڵ دەستی خۆی هەر زوو وەشاندووە و بڕێک پارەی لێ قەرز کردووە."

منیش بۆچوونەکەیم پشتڕاست کردەوە، "قسەکەی تۆیە و ئەوە ڕاستە."

"بۆچی ئەگەر بە کێشەی ئەو پیرەژنەی نەزانیبایە، هەرگیز ئەو قەرزەی دەکرد؟"

"ئەی سەرنجی ئەوت دا کە لەسەر مێزی خوانەکە، سێ جاران لە گفتوگۆکانیدا بە بابۆلنکا* ناوی هێنا؟ ئای کە خۆشویستنێکی هەوانتە بوو!"

پاولینیش وتی، "بەڵێ، بەڵێ ڕاست دەکەیت. ئەو زۆرزانە هەر بەوەی زانی کە میراتیم لە سامانەکەی ئەو پیرەژنە بەر دەکەوێت، کەوتە خوازبێنیکردنم! بۆیە ئارەزوومەندە بزانێت ئاخۆ پشکم لەو میراتییەدا هەیە؟ جا وا نییە؟"

منیش پرسیم، "بۆچی ئێستایش هەر لە قۆناغی بیرکردنەوەدایە لە داواکردنت؟ خۆ من پێم وا بوو، لەمێژە خۆی بە دەزگیرانی تۆ ناساندووە."

پاولینیش بەتووڕەییەوە وتی، "بۆخۆت ئاگاداریت، کە هەرگیز وا خۆی دەر نەخستووە."

دوای بێدەنگییەکی کەم لێی پرسیم، "ئەمە لەکوێ ئەو کەسە ئینگلیزەت ناسی؟"

منیش وتم، "لێم ڕوون بوو کە ئەم پرسیارەم هەر لێ دەکەیت!"

ئەمجا گەیشتنەکانی خۆمم لە سەفەرکردنمدا، بە بەڕێز ئاستلی، بۆ گێڕایەوە.

دواتر لەسەری ڕۆیشتم، "پیاوێکی شەرمن و ڕۆمانسییە. گومانیشی تێدا نییە، کە بووە بە داوی خۆشەویستیی تۆوە!"

* بابۆلنکا: کورتکراوەی زاراوەی بابکایە، واتا نەنک. بۆ خۆشویستن کورت کراوەتەوە و دەکاتە نەنێی زمانی کوردیی خۆمان.

ئەویش وتی، "بەڵێ، پێوەی دیارە، کە منی خۆش دەوێت."
منیش وتم، "دەڵێن دە هێندەی فەرەنسییەکی سادە دەوڵەمەندە. بڵێی ئەو فەرەنسییە لە ڕاستیدا سامانێکی هەبێت و هەبوونەکەی جێی گومان نەبێت؟"
پاولینیش وەڵامی دامەوە، "هەرگیز! دوێنێ ژەنەڕاڵ پێداگریی ئەوەی دەکرد، کە کۆشکێکی جوانی هەیە! هێندە بەس نییە بۆت، تا گومانەکەت بڕەوێتەوە؟"
منیش هەڵم دایە، "من لە جێی تۆ بوومایە، شووم بەو ئینگلیزە دەکرد."
هەر کە ئەمەم وت، لێی پرسیم، "لەبەر چی؟"
منیش بەبڕوابەخۆبوونەوە وەڵامیم دایەوە، "فەرەنسییەکە لاوێکی قۆز و قەشەنگە. بەڵام ڕسوا و تاوانکارە. بەڵام ئینگلیزەکە کەسێکی مەرد و بەئابڕووە، سەرباری ئەوەیش، دە هێندەی فەرەنسییەکە هەبووە و دەوڵەمەندیشە."
ئەویش لەسەرخۆ وتی، "ڕاست دەکەیت. بەڵام فەرەنسییەکە مارێکیزێکی ڕۆحسووک و زیرەکترە."
منیش بە هەمان ڕەزمی قسەکانی ئەو وتم، "جا لێت ڕوونە بەو شێوەیەیە؟"
ئەویش هەڵی دایە، "زۆر باشیش لێم ڕوونە."
پرسیارەکانم، تا دەهات، پتر پاولینی بێزار دەکرد. هەستم کرد بەرەو ئەوە دەچێت، کە ڕقی لێم هەڵبستێت. هێندەی پێ نەچوو، ئەم ڕاستییەم تێگەیاند.
لە وەڵامدا وتی، "ڕاست دەکەیت. منیش لای خۆمەوە چێژ لە تووڕەکردنت دەبینم. هەر بە هێندەی کە ڕێت پێ دەدەم پرسیار بکەیت و لەسەریشتە بۆ ئەم ڕێپێدانەت، شاباشیشم بکەیت."
منیش لەسەرخۆ وتم، "منیش بە ڕەوای دەزانم، کە پرسیاری خۆم بکەم. ئامادەیشم باجی قسەکانم بدەم. چونکە هێندە گوێ بە ژیانی خۆم نادەم."
پاولین لە قاقای پێکەنینی دا و وتی، "بیرت ماوە، ڕۆژێکیان بە چیای شلانگبێرگەوە بووین، پێت وتم کە ئامادەیت بە یەک فەرمانی من، سەرت نەوی بکەیت و خۆت لەو بڵندییە هەزار پێییەوە بەر بدەیتەوە؟ کە ئەمەیشت پێ دەڵێم، متمانەت پێم بێت و هەموو کاتێک سوور دەبم لەسەر ئەمە." لەسەریشی ڕۆیشت، "بۆیەیش ڕقم لێت دەبێتەوە، چونکە کاتی خۆی

ڕێم پێ دایت هەموو ئەو شتانە بڵێیت. هەر لەبەر ئەوەیشە ڕقئەستوورتر دەبم، جا لەبەر ئەوەی ناشتوانم دەستبەردارت ببم، ناچارم لە خۆمت زیز نەکەم."

هەستا و لەوە دەچوو جڵەوی خۆی لەدەست دابێت. بەم دواییانەیش گفتوگۆمان هەمیشە بە توندی و ڕق و لاقرتێوە کۆتا دەبوو. منیش نەمویست هەر وا و بەبێ ڕوونکردنەوەی فرەتر دەرباز ببێت، بۆیە پرسیم، "ڕێم دەدەیت پرسیاری ئەوەت لێ بکەم، کە کچە بلانش کێیە؟"

ئەویش وتی، "خۆت باش دەزانیت هیچی نوێ ڕووی نەداوە و گومانی تێدا نەماوە، گەر هەواڵی مردنەکەی نەنێ ڕاست دەر بچێت، ئەوا کچە بلانش دەبێتە هاوسەری ژەنەڕاڵ. چونکە بلانش و دایکی و مرێکیزی ئامۆزای، سوور دەزانن کە ئێمە هیچمان بەدەست نییە."

منیش پرسیم، "جا ژەنەڕاڵ هێندە عاشقیەتی؟"

ئەویش هەڵی دایە، "ئەوە بابەتێکی ترە. ئێستا بەباشی گوێم لێ بگرە. ئەم حەوت سەد فلۆرینەم لێ وەر بگرە و برۆ قوماری ڕۆلێتی پێوە بکە. تەقەلالای بردنەوەیەکی فرە بدە، چونکە پێویستم بە پارەیە. جا بە هەرشێوەیەک بێت.

ئەمجا بەرەو گازینۆیەکە ڕۆیشت و بانگی نادیای چکۆلەی کردەوە. منیش ڕۆیشتم و خۆم بە یەکەم کۆلانی لای چەپدا کرد.

بەدەم ڕێوە و سەرسامانە، هەر بیرم لەو دەکردەوە و بە خۆم وت، "ئەم فەرمانەی بە قومارکردنم، لەسەر ڕۆلێت، لە خۆیدا وەکوو زللەیەک بوو بۆم. لەوەیش سەیرتر، لەگەڵ ئەو هەموو سەرقاڵییەمدا بەم کێشەیەوە، بیریشم هەر بەلای سۆزی خۆمەوە بوو بەرامبەر پاولین! هەرچەند لە ڕاستیدا ئەو پازدە ڕۆژەی لێی دوور بووم، هەستم بە لەشسووکی و بارسووکی دەکرد. بە شێوەیەک، بە گەڕانەوەم، ئەو بارسووکییەم نەما. بەڵام بەو سەفەرەم ئازارێکی فرەم چەشت. هەر وەکوو جنۆکە لە لەشمدا بێت، هەمیشە جێم بە خۆم نەدەگرت! تەنانەت لە خەونەکانیشمدا، لەبەر دەممدا قوت دەبووەوە."

جارێکیان لە سویسرا بە دەنگی بڵند ئەوم دواند و سەرنشینانی شەمەندەفەرەکە دایانە قاقای پێکەنین! جارێکی دی ئەم پرسیارەم لە خۆم کردەوە، بڵێی خۆشم بوێت؟

جارێکی تریش وەڵامی ئەم پرسیارەم بۆ نەدرایەوە! یان وای دابنێ کە بە سەدان جار وەڵامم بە نەرێنی داوەتەوە و وتوومە ڕقم لێی دەبێتەوە! ساتانێک بەسەرمدا بوردووە، کە حەزم کردووە دەستبەرداری ژیانی خۆم ببم و دەست لە قورگی بنێم و بیخنکێنم! بەتایبەتی لە کۆتاییی گفتوگۆکانمدا لەگەڵ ئەو. پێیشم وا بوو بەوە چێژم وەر دەگرت، کە خەنجەرێکی دەمگرنج لە سنگی بچەقێنم. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، سوێند دەخۆم بە پیرۆزترین شت بەلامەوە، کە ئەگەر لە بڵندترینی ئەو شوێنەی کێوی شلانگبێرگ بەلای خەڵکەکەوە، داوا بکات لێم خۆم بەر بدەمەوە، ئەوا گورجێ خۆم بەر دەدەمەوە! بەو کارە هەست بە گەشکە دەکەم! خۆیشم ئەمەم باش دەزانی! دەبوو بە هەرشێوەیەک بێت، ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت. ئەو کچەیش لای خۆیەوە ئەوەی زۆر باش دەزانی، کە وایشی زانیبا دەستم پێیدا ناگات و مەحاڵە. ئەو ئارەزووەم نایەتە دی. چێژێکی فرەی بەوە وەر دەگرت. خۆیشم بڕوام بەو چێژوەرگرتنەی لەو مەحاڵبوونە هەبوو. جا ئەگەر وا نەبووایە، بەو هەموو وریاییەی خۆیەوە، چۆن ڕاستگۆیانە بەرامبەرم دەدوا و ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵ دەکردم؟ وا بە خەیاڵمدا دەهات، وەکوو ئەو خاتوونە ئیمپراتۆرە کۆنە لێم بڕوانێت، کە لە بەرچاوی یەکێک لە کۆیلەکانی خۆی، بەرگەکانی بەری لا دەبات و ڕووت دەبێتەوە، وەکوو ئەوەی هەر بە پیاویشی نەزانێت! بەڵێ، زۆر جاران هەر بە پیاویشی دانەدەنام!

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، ئەمڕۆ کارێکی گرنگی پێ سپاردووم، ئەویش ئەوەیە، بە هەرشێوەیەک بووە، دەبێت قوماری ڕۆلێتی بۆ بکەم و براوەیش بم. مۆڵەتی ئەوەیشی پێ نەداوم کە بپرسم، ئاخۆ بۆچی دەبێت براوەیش بم؟ تا ماوەی چەندیش دەبێت براوە بم؟ بارە نوێیەکانی ئەم کەللەسەرە کارایەی من، دەبێت ئاراستەی بیرکردنەوەکانی چیی بەسەردا بێت؟ دوای ئەمەیش ئەوەم لێ ڕوونە، لەو پازدە ڕۆژەی لای ئەو نەبووم، ڕووداوگەلێکی فرە ڕوویان داوە و لەسەرمە ڕووناکییان بخەمە سەر و بەخێراییش. بەڵام کارم پێ سپێردراوە و دەبێت بچم بۆ ڕۆلێتەکە.

# بەشی دووەم

هەرچەند خۆیشم حەزم لە قومارکردن بوو، بەڵام ئەم فەرمانەی بێزاری کردم. خۆیشم پێشبینیی ئەوەم نەکردبوو قومار بۆ کەسێکی دی بکەم! بۆیە هەستم بە سەرسوورمان کرد. ئەوە بوو بە کەمێک بێزارییەوە خۆم بە هۆڵی قومارخانەکەدا کرد. هەر لە یەکەم سەرنجمدا لە شتەکان، بێزار بووم. نەمدەتوانی بەرگەی وتارەکانی نێو ڕۆژنامەکان بگرم، بەتایبەتی ئەوانەیان لە ڕۆژنامە ڕوسییەکاندا دەنووسران. ئەوانەیان کە هەموو ساڵێک و لە سەرەتای بەهاراندا نووسەرەکانیان بابەتیان تێیدا تاووتوێ دەکرد، کە یەکەمیان دەستبڵاوی و زێدەڕەویی خەرجی بوو، لە هۆڵەکانی قومارخانەی، شارانی سەر ڕووباری ڕایندا. دووەمیشیان ئەو کۆمەڵە زێڕانە بوون، کە وا بڵاو بوو لەنێو خەڵکیدا، کە لەسەر مێزی قومار هەڵدەدرانەوە. سەیرەکەیش لەوەدا بوو، نووسەرانی ئەو وتارانە خۆبەخش بوون و پارەیەکیشیان بۆ نووسینەکانیان پێ نەدەدرا!

ئەو هۆڵانەیش لە خۆیاندا هیچ ڕازاوەیی و جوانیی پێوە دیار نەبوو و زێڕیش - وەکوو ئەوان دەیانوت - لەسەر مێزی قومارچییان کەڵەکە نەکرابوو. بەڵکوو بینینیشی لەو شوێنانەدا دەگمەن بوو. گومانی تێدا نییە، کە جاروبارێک کەسانی دەروونئاڵۆزی ریزپەڕ، زێڕیان لەسەر مێزی قومار بەکار هێنابوو. بەڵام بەو شێوەیەیش، بەکارهێنانی بەربڵاو نەبووە، کە لەو وتارانەدا بڵاو دەبوونەوە، کە کەسێکی ئینگلیزی یان ئاسیایی (وەکوو تورکەکەی ئەم هاوینە)، کە لە قومارکردنەکەدا، لە ماوەیەکی کورتدا، بڕێکی فرە دەدۆڕێنێت،

یان دەباتەوە! بەڵام قومارچییانی دی، بە پارەیەکی کەمەوە قومار دەکەن. بۆیە زۆربەی کاتەکان لە بڕێکی کەمی پارە بەولاوە، هیچی تر لەسەر مێزی قومارەکان نابینیت.

هەر کە بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا خۆم کرد بە هۆڵی قومارخانەکەدا، بۆ چەند ساتێک لە دڵەڕاوکێدا مامەوە و ڕاڕا بووم. سەرباری ئەوەیش، لەبەر قەرەباڵغی ڕێی جووڵەکردنیشم ئاستەنگ بوو. کە خۆیشم وا بە تاک بینییەوە، وای بۆ چووم پێش دەستپێکردنی قومارەکە، ئەو شوێنە جێ بهێڵم باشترە. دڵم کەوتە پەلە و بڕوام بە خۆم نەمابوو و ئارامیم لەبەر بڕابوو.

دەمێک بوو گەیشتبوومە ئەوەی چۆن هاتبوومە ڕۆڵتنبێرگ، هەر وایش لێی ناچمە دەرەوە! خۆیشم ئەو بڕیارەم دابوو. هەر دەبێت ڕووداوێک خۆی بە داهاتوومدا بکات و چارەنووسم بگۆڕێت. دەبێت ئەمە ڕوو بدات و هەر ڕوویش دەدات. هەرچەندە ئەو ئومێدەی من بەم قوماری ڕۆڵێتەم بەستبوو، ئومێدێکی پووچ و ڕسوا و پێکەنیناوی بوو. منیش لای خۆمەوە پێم وایە، ئەوەی کە ڕەمەکیی خەڵکەکە لەسەری کۆکن، گوایە قومار کارێکە پشتی پێ نابەسترێت و چاوەڕێی باشەی لێ ناکرێت، لە ڕاستییەوە دوورە و پێکەنیناوییە. بۆ دەبێت قومار لە هۆیەکانی تری کاسبی و پارەپەیداکردن خراپتر بێت؟ بۆ نموونە، بۆ دەبێت قومارکردن لە بازرگانی کردن نالەبارتر بێت؟ ڕاستە لە سەددا یەکی قومارچییەکان بڕاوە دەبن. بەڵام ئەوە بە من چی؟

بە هەرحاڵ، بڕیارم دا یەکەم جار و ئەو ئێوارەیە، فرە گوێ بە قومارەکەم نەدەم. گەر هەرچییەکیش ڕووی دا، ئەوە بەڕێکەوت دەبێت. هەر بەو نیازەیش بووم. لەسەروو ئەوەیشەوە، دەبوو کۆڵینەوە بۆ خودی قومارەکە خۆیشی بکەم، چونکە هەرچەند فرەیشم لەبارەی قوماری ڕۆڵێت و شێوەیەوە خوێندبووەوە و تامەزرۆیشی بووم. بەڵام هیچم لەبارەی کردنی ئەو قومارەوە نەدەزانی و دەبوو بە چاوی خۆم ئەو یارییەم ببینییایە.

لە سەرەتادا یارییەکەم بە شتێکی قێزەون زانی. لە ڕووی ڕەوشتیشەوە بە قێزەون و ڕسوام بینی. نامەوێت لەبارەی ئەو دەیان و سەدان ڕوخسارە چڵێسی پارە و ڕاڕایانەوە بدوێم، کە بەدەوری مێزی قومارەکەوە بوون. من

دەستخستنی پارەیەکی فرە، بە ماوەیەکی کەم، بە خراپ نابینم. ئەوەیش چونکە من وەکوو ئەو ئامۆژگار و ڕێنماکارانە بیر ناکەمەوە، کە پێویستی بە پارە و سامان نەماوە و لە وەڵامی ئەوانەدا کە وتبوویان قومارکردن بە برەپارەیەکی کەمەوە ڕەوایە. وتبوویشیان ئەمەی دەیڵێن خراپتر و نالەبارترە، چونکە ئەوەیش لە چاوچنۆکییەکی بچووکەوە سەرچاوەی گرتووە! وەکوو ئەوەی چاوچنۆکیی بچووک و چاوچنۆکیی گەورە، دوو شتی جیاواز بن و هەر یەک شت نەبن! بارەکە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەیە. ئەوەی لە تیلەچاوی ڕۆتشیڵدەوە بچووک و کەمە، بەلای منەوە دەڵەمەندی و فرەیییە. ئەوەیشی بەلای خەڵکەکەوەیە لەبارەی بردنەوە و دۆڕاندنەوە، نەک هەر لە قوماری ڕۆلێتدا، بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی تریشدا تەنیا یەک پاڵنەریان هەیە، ئەویش بردنەوە و بردن و سەندنی شتە لە کەسێکی دی. ئاخۆ بردنەوە و سووکردن لە خۆیاندا قێزەون بن؟ ئەوەیان شتێکی دییە. بەڵام بۆ ئەمەیان خۆم قسەم لەسەری هەیە، کە خۆم یەکێک بم ئارەزووی ئەوپەڕی سوود و بردنەوەم هەبێت، ئەوا ئەو چاوچنۆکییە هەمووی، بەڵکوو ئەم ڕسوایی چاوچنۆکییە - گەر ئێوە ئەو وەسفەیتان پێ باش بوو - فرە بە گیانم خۆشە و هۆگری بووم و هەر لەو کاتەوەی چوومە نێو هۆڵەکەوە، هیچ شتێکیشم هێندەی ئەوە بەلاوە خۆش نەبوو، کە مرۆڤ بێ سەغڵەتبوونی لەنێو خەڵکیدا، لەو هۆڵی قومارە بچێتە دەرەوە. بەڵکوو ڕاستگۆیانە و بێ لەمپەر و بەربەست بۆی دەر بچێت. جا بۆچی مرۆڤ خۆی فریو بدات؟ ڕسوایی و بێبایەخبوونیش شتێکە، تەنیا مرۆڤ خۆی پێوە سەرقاڵ دەکات. لەگەڵ ئەوەیشدا و لەنێو ئەو قەرەباڵغییەدا، یەکەم شتێک کە لە یەکەم سەرنجیدا مرۆڤ قێزی لێ دەکاتەوە، ئەو جیددیبوون و ڕێز و بایەخەیە، کە خەڵکی نێو ئەو هۆڵە بە مێزەکانی قوماری دەدەن. لەبەر ئەمە، پێویستە ئەم مێزانەی قومار، کە مەزنیی لەم شێوەیەیان هەیە، لەو مێزانە جوێ بکەینەوە کە قومارکردن لەسەریان پۆخڵە و نرخ و بەهای کۆمەڵایەتییان تێدا ونە. دوو جۆر قومارکردن هەیە، قوماری تایبەت بە خەڵکە خانەدانەکان و قوماری ئاستنزم و پڕ بە ژاوەژاو. سنووری نێوانیشیان ڕوون و ئاشکرایە، لە ڕاستیدا خەوشەکانی ئەمە چییە؟ پیاوە بەرەوشتەکە دەتوانێت بە

پێنج یان دە لیرەی زیوینەوە سەرکێشی بکات. فرە کەمیش بە پتر لەو بڕەوە سەرکێشی دەکەن. خۆ گەر ئەو پیاوە دەوڵەمەندیش بوو، ئەوا بە هەزار فرەنکەوە سەرکێشی لە قومارەکەدا دەکات. بەلام خۆ ئەوە تەنیا و تەنیا بۆ یارییەکە ئەوە دەکات، ئەوە بۆ چێژوەرگرتن دەکات، بۆ ئەوەی خۆی بدات بەدەم ڕەوی سوود یان زیانەکەیەوە. ئەگەر براوە بوو، بۆ نموونە، پڕ بە زاری پێدەکەنێت. سەرنجەکانیشی بۆ کەسانی دەوروبەر بخاتە ڕوو. بەڵکوو جارێکی دی قومارەکە دەکات و ڕەنگە ئەم جارەیان سەرکێشییەکەی بە پارەکەیەوە دوو هێندە ببێت! بەلام ئەمەی تەنیا بۆ ئاگابوونە لە بەختی خۆی و بزانێت ئاخۆ چۆن دەگوزەرێت، نەکوو لەبەر ئەوە بێت کە حەزی لە بردنەوەیە. ئەمەیش هەر لەسەر مێزی قوماری ڕۆلێتەکەوە، تا سی و چلەکە وا دەبینێت، کە تەنیا بۆ کاتبەسەربردن و چێژوەرگرتن دانراون. تەنانەت نابێت وا بیر بکاتەوە، کە ئەو هەڵنانەی سەر مێزی قومارەکە و ئەو داو و تەلانەیش بەدەوری بانکی قومارەکەوە نراونەتەوە، بۆ قومارچییان کارگەلێکی خراپن. بەڵکوو بۆ قەشەنگترکردنی یارییەکەیە، دەبێت وا ببینرێت، هەموو کەسەکانی تر لە قومارچییان و ئەوانەی لەپێناو فلۆرین - پوولێکدا دەلەرزن، کەسانێکی بەڕەوشت و دەوڵەمەندی وەکوو خۆین، بۆ چێژوەرگرتن و کاتبەسەربردنیش قومار دەکەن. ئەم بێئاگاییە لە واقیع و بیروڕا سادە و گێلانەیەی نێو مرۆڤەکان، لە بالاترینی شتە ئەرستۆکراتییەکانەوەیە.

دایکانێکم بینیوە، پاڵ بە کچانیانەوە دەنێن بۆ پێشەوە، کچانێکی لاوازی بێگەرد و تەمەن پازدە و شازدە سالان و چەند پارچە پارەیەکی زێڕینیان پێ دەدەن و بەڕێوەچوونی یاریی قومارەکەیان فێر دەکەن. ئەگەر کچە بیباتەوە، یان بیدۆڕێنێت، بەسەرنجکێشییەوە پاشەکشە لە یارییەکە دەکات و لە هەردوو بارەکەدا یەک جۆرە بزە سەر لێوانی دەخات.

ژەنەڕاڵەکەمان بە بڕوابەخۆبوونێکی بەهێزەوە بەسەر مێزەکەدا داموکایەوە و خزمەتکارێک بەپەلە خۆی گەیاندێ و کورسییەکی بۆ ڕاکێشایە دواوە. بەلام ئەو ئاگای لەوە نەبوو و جزدانەکەی دەر هێنا و بەئارامی ٣٠٠ فرەنکی لێ دەر هێنا و خستیە سەر ڕەشەکە و براوە بوو. پارەکە و پارە براوەکەی هەڵنەگرتەوە و لە جێی خۆیدا جێی هێشت

و جارێکی دی ڕەشەکە براوە بوو! بۆ جاری سێیەمیش پارەکەی لە هەمان شوێنی خۆی جێ هێشتەوە و ئەم جارەیان سوورەکە براوە بوو و ژەنەڕاڵ ۲۲۰۰ فرەنکی دۆڕاند! ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە پاشەکشەی کرد و بەباشییش خۆی کۆنترۆڵ کردبوو. من لێم ڕوونە تووشی دڵەخورپە بووە. گەر قوماری بە دوو هێندەی برەپارەکەی خۆیەوە، یان سێ هێندەیەوە نەکردایە، بەو شێوەیە فێری دانبەخۆدا گرتن نەدەبوو و شڵەژانی پێوە دیار دەبوو.

لە لایەکی تریشەوە، فەرەنسییەکم لاوە بوو، یەکەم جار بردییەوە و دواتر نزیکەی ۳۰۰۰۰ فرەنکی دۆڕاند! کەچی ڕوخساری هەڵچوونی پێوە دیار نەبوو! ئەرستۆکراتییەکان، ئەگەر هەموو سامانەکەیشیان دۆڕاندووە، بۆیان نییە بهەژێن. دەبێت پارە سامان لە خوار ئەرستۆکراتییەکانەوە بن، وەکوو ئەوەی نە بە بوونی دڵخۆش بن و نە بە نەبوونیشی پەرێشان بن! ئەرستۆکراتی ئەوەیە کە بێئاگا بێت لەو قوڕ و زەلکاوەی خەڵکەکەی دەوروبەری شڵەژاندووە. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەندێ جار هەڵوێستی پێچەوانەیە و بەهادارە و بەهەند وەر دەگیرێت. هەر وەکوو هەڵوێستی یەکەم و پێچەوانەکەی لێ دێتەوە. سەرنجی ئەو هەموو مێروانە بدەیت، بەڵکوو ئەگەر بە دووربینیش بووە، چاودێرییشیان بکەیت. بەو مەرجەی تەنیا وەکوو جۆرێک لە کاتبەسەربردن زیاتر، لەنێو قوڕاوەکەدا سەرنجیان نەدەیت. وەکوو ئەوەی هەر بۆ دەرکردنی بێتاقەتی لە جەنتڵمان، ئەو دیمەنانە هاتبنە ئاراوە. ڕەنگە وا خۆت بکەیت بە نێو خەڵکەکەدا و لێیان بڕوانیت و خۆیشت وا قاییل کردووە، وەکوو ئەوەی تۆیش بینەرێک بیت و هیچی تر. نە تۆ وەکوو ئەوانیت و نە ئەوانیش لە شێوەی تۆدان. هەروەها جوانیش نییە کە زۆر بەوردی و بایەخەوە بڕوانیت، چونکە ئەمە بۆ جەنتڵمانێک شایستە نییە. لەبەر ئەوەی ئەو دیمەنە هێندە بایەخدار نییە و ناکرێت بۆ ماوەیەکی فرە سەرنجت ڕابکێشێت. زۆر کەمیش ڕێک دەکەوێت دیمەنێک بەرچاو بکەوێت، کە بۆ ماوەیەکی زۆر سەرنجکێش بێت. بەڵام بەلای خۆمەوە، وا هەستم دەکرد هەموو دیمەنەکان دەیانهێنا سەرنج بدرێن. بەتایبەتییش ئەوانەی هەر بۆ ئەوە نەهاتبوون تێکەڵ بە بینەرانی قومارەکان ببن، بەڵکوو تا خۆیان بدەنە پاڵ جەماوەرەکەیش. بە هەرحاڵ، ئەمانەی کە

دەیڵێم، تەنیا بۆ سووککردنی باری ویژدانی خۆمە، بەڵام دەبێت ئەمەیش بڵێم، کە بەم دواییانە هەست بە قێزەونییەکی فرە دەکەم، بەوەی کردەوە و بیروڕاکانم ڕکێفی پێوەرە ڕەوشتییەکان ببێت! چونکە ئێستا بە ئاڕاستەیەکی تردا بڕاوم. ئەم خەڵکە نزمەیش بەڕاستی بە شێوەیەکی پۆخڵ، قومار دەکەن. بە دووریشی نازانم، لێرە دزییەکی ئاساییی فرەیش لە دەوروبەری مێزی قومارەکە بکرێت. ئەوانەی چاودێریی ئەو بڕەپارانە دەکەن کە بۆ قومارەکە دادەنرێن و کرۆپییان پێ دەوترێت، کارێکی پڕووکێنەر دەکەن. ئای، چۆن دزێکن! زۆربەی ئەمانە فەرەنسین! ئەمانەی من لەم بارەیەوە دەیڵێم، وەنەبێت بمەوێت بە ڕۆلێتەکەدا هەڵبدەم، بەڵکوو تەنیا خۆم لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەگونجێنم، تاکوو منیش ڕێی داهاتووی خۆم بدۆزمەوە. بۆ نموونە، ئەوە سەرنجی ڕاکێشام، کە لەناکاو دەستێک بۆ سەر مێزی قومارەکە درێژ دەبێت و هەموو ئەوەی تۆ بردووتەوە، کۆی دەکاتەوە، کە ئەمەیش شەڕکردن و قیژەقیژ و هاوارکردنی بەدوای خۆیدا دەهێنا. گرەوی ئەوەیشم لەگەڵ دەکردیت، کە نەتدەتوانی بیسەلمێنیت تۆ پارە کۆکراوەکەت بردووەتەوە! ئەم گاڵتەجارییە، بەلای منەوە، مەتەڵێکی هەڵنەهاتوو بوو! بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوە فێر بووم، کە مرۆڤ گرەو لەسەر ژمارەکان دەکات، ئیدی تاک بن یان جووت. هەروەها گرەو لەسەر ڕەنگەکانیش دەکات.

بڕیارم دا ئەو ئێوارەیە سەرکێشی بە ١٠٠ فلۆرینی پاولین ئەلکسەندرۆڤناوە بکەم، بەڵام بەوەیش بێزار بووم، کە قومارەکە بۆ خۆم نەکەم و بۆ کەسێکی تری بکەم. ئەمە هەستێکی خەماویی سەخت بوو تا ئەوپەڕی سەختی. ئاواتەخوازی ئەوەیش بووم، کە هەرچی زووترە، کۆتا بێت. بە درێژاییی کاتی قومارەکە، وا هەستم دەکرد بە قومارکردنم بۆ خاتوو پاولین، بەختی خۆم دادەڕووخێنم. ئاخۆ ئەوە مەحاڵە کەسێک سەری بەسەر مێزی قومارێکدا شۆڕ بکاتەوە و پەتای بڕوابوون بە خورافات، هەر زوو دزەی نەکردبێتە دەروونییەوە؟

بۆ ئەوەی دەست پێ بکەم، پێنج فریدریکم* دەر هێنا،

* پێنج فریدریک: پارچەپارەیەکی نەختینەی ئەڵمانیی سەردەمی خۆی بووە و بەرامبەر بە ١٠-١١ تالیر فلۆرین بووە.

کە دەیکردە ٥٠ فلۆرین. خستمە سەر ژمارەیەکی جووت. ڕۆلیت خولایەوە و بەسەر ژمارە ١٣ەوە، گیرسایەوە. کە وا بوو، من دۆڕام. ئازارێکی فرەم چەشت. جا بۆ ئەوەی لەم کێشەیە ڕزگارم ببێت و زوو بۆی دەر بچم، پێنج فریدریکی ترم خستە سەر ڕەنگی سوور. سوورەکە براوە بوو! ئەمجا هەر دە فریدریکەکەم لەسەر سوورەکە هێشتەوە... دیسان ئەو سوورە براوە بوو. ئەم جارەیش هەموو بڕەکەم لەسەر سوورەکە هێشتەوە و بۆ جاری سێیەم، سوورەکە براوە بوو! ٤٠ فریدریکم هەڵگرتەوە و ٢٠ فریدریکیم خستە سەر ١٢ ژمارەکەی ناوەڕاست، بێ ئەوەی بزانم ئەو ژمارانە سوودەکانیان چەندە؟ دواتر ٣ هێندەی ئەو بڕە پارەیەیان پێ دام. لەناکاو ١٠ فریدریکەکەم بووە ٨٠. ئەوکات هەستێکی نامۆم لا دروست بوو و بەرگەیم نەگرت و چوومە دەرەوە. وا هات بە خەیاڵمدا، کە ئەگەر قومارەکەم بۆ خۆم بکردایە، بردنەوەکەم بەم شێوەیە نەدەبوو! لەگەڵ ئەوەیشدا، ٨٠ فردریکم خستە سەر یەکێک لە ژمارە جووتەکان و ژمارە ٤ براوە بوو. ئەوە بوو ٨٠ فردریکی تریان خستە سەر بڕەپارە دانراوەکەم. هەر ١٦٠ فردریکەکەم لە گیرفان نا و ڕۆیشتم و دەستم کردە گەڕان بەدوای پاولین ئەلکسەندرۆڤنادا.

هەمووان لەنێو باخەکەدا پیاسەیان دەکرد و تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە ئەوم نەبینییەوە. ئەم جارەیان فەرەنسییەکە لەسەر خوانی ئێوارەکەمان نەبوو و ژەنەڕاڵ ئازادیی خۆی وەر گرتبوو. بە ئەرکی خۆی زانی ئاگادارم بکاتەوە لەوەی ئیدی لەسەر مێزی قومار من نەبینێت. چونکە دۆڕاویی من لە قوماردا، بەلای ئەوەوە داکشانی ناو و ناوبانگی ئەو بوو.

بە دەنگێکی گریش پێی وتم، "ئەگەر فرەیش بە قومار ببەیتەوە، دیسان بۆ نێو و نێوبانگی من هەر خراپە. بێگومان من بۆم نییە کردەوەکانی تۆ ڕکێف بکەم، بەڵام دەبێت خۆت بگەیتە ئەوەی..."

هەر وەکوو پێی ڕاهاتبوو، هێشتا قسەکانی کۆتا نەکردبوو، کە جێی هێشتین. منیش بە شێوازێکی وشک، تێم گەیاند، کە من پارەیەکی فرە کەمم هەیە و ئەگەر قوماریش بکەم، بڕێکی هێندە مەزن نادۆڕێنم، کە زۆر بەدەرەوە بێت. کە چوومە سەرەوە بۆ ژوورەکەی خۆم بۆم ڕەخسا و دەستی بە پارە براوەکەم بۆ پاولین درێژ کرد و پێم وت کە جارێکی

دی یاریی قوماری بۆ ناکەم.
ئەویش بەدڵەڕاوکێوە لێی پرسیم، "بۆ؟"
بەسەرسامییەوە لێم ڕوانی و وەڵامم دایەوە، "چونکە ئەو کارە بێزارم دەکات و دەمەوێت هەمیشە یاری بۆ خۆم بکەم."
پاولینیش هەڵی دایە، "کە وا بوو، تا ئێستایش هەر پێت وایە قوماری ڕۆلێت تەنیا فریادڕەسی تۆیە! هەر ئەویش ڕزگارکەری تۆیە.
ئەمەی بەلاقرتێوە پێ وتم. منیش زۆر بەجیددییەوە وەڵامم دایەوە، کە ئەوەی ئەو دەیڵێت، ڕاستە. بەڵام ئەوەی کە هەر دێت براوە بم، من بۆ خۆم لەو بڕوایەدام. با ئەمەیشم پێکەنینهێن بێت. تەنیا ئەوەم دەوێت، کە کۆڵم لێ بدەن.
هەرچەند پاولین ئەلکسەندرۆڤنا زۆری تەقەللا دا کە پارە براوەکەم لەگەڵ بەش بکات و دەستی بە ٨٠ فریدریکەوە بۆ درێژ کردم، تا لێی وەر بگرم و لەمەودوا قومار بۆ ئەو بکەم. بەڵام من ئەوەم ڕەت کردەوە. پێداگریی ئەوەیشم کرد، کە لەبەر ئەوە نییە نامەوێت قومار بۆ ئەو بکەم، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە، کە لەو بڕوایەدام زۆربەی جارەکان دۆڕاو دەبم.
ئەویش کە فرە بەئاگا نەبوو لە خۆی، وتی، "لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا کە دەیڵێیت، منیش لە قوماری ڕۆلێت بەولاوە، ئومێدێکی ترم نەماوە. لەبەر ئەوە، لەسەرتە لەسەر یاریکردن سەرومڕ بیت و قازانج بە نیوەیی. بێگومان بەقسەم دەکەیت! تێگەیشتیت؟"
ئەمەی وت و منی جێ هێشت و گوێی بۆ بیانووەکانم شل نەکرد.

# بەشی سێیەم

لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا، بە درێژاییی دوێنێ، بۆ جارێکیش لەبارەی قوومارکردنەوە نەیدواندم! خۆیشی لەوە دەبوارد، کە رووم تێ بکات و بمدوێنێت. شێوازی هەڵسوکەوتیشی لەگەڵم نەگۆڕیبوو. خۆ گەر رووبەڕوویشی ببوومایەوە، ئەوا بە هێمنی و بڕێک بێزارییشەوە پێشوازیی لێ دەکردم.

هەرچۆنێک بێت، خۆبەدوورگرتنیشی لە من نەدەشاردەوە. ئەمەیشی فرە بەڕوونی پێوە دیار بوو. بەڵام ئەوەیشی لێ نەدەشاردمەوە، کە پێویستیی بە منە. ئەو بە هەر هۆیەکەوە بێت، کە من بۆخۆم نازانم! من لە خۆی دوور ناخاتەوە. چەند پەیوەندییەکی نامۆ لەنێوانماندا پەرەی سەندووە و کە بۆخۆیشم فرە بەسەختی لە زۆرێکیان دەگەم! ئەمەش بە بەراورد بەو وشکی و ناجۆری و لەخۆڕازیبوونەی بۆ پێشوازیی خەڵکی تر، دەیکرد. ئەوەیشی باش بۆ دەر کەوتبوو، کە سەرکێشانە خۆشم دەویست و شێت و هاری بووم. تەنانەت مۆڵەتی بۆ دەرەخساندم، کە خۆشەویستیی خۆمی بۆ دەر ببڕم. جا چی لەمە باشتر بوو، بۆ ئەوەی لاقرتێم پێ بکات؟ باشترین کارێکیش بۆ ئەوە، رێپێدانی بوو بە من، تا بە ئارەزووی خۆم و بێ سڵکردنەوە و بەربەست، خۆشەویستیی خۆمی بۆ دەر ببڕم. هەر وەکوو ئەوەی بیەوێت تێم بگەیەنێت و بڵێت، هێندە خۆشحاڵ نیم بە سۆز و خۆشەویستییەکەت، تا بایەخ بە قسەکانت بدەم. یان بەو خۆشەویستی و سۆزەی بۆم دەر دەبڕیت.

جاران قسەی لەبارەی کارەکانیەوە بۆ دەکردم. بەڵام رۆژێک لە رۆژان دڵسۆز و راستگۆ نەبوو لەگەڵمدا. لە کاتی

لاقرتێپێکردنمدا شارەزایانە دەدوا و کاری بۆ دەکرد. وای دابنێ ئەو لەوە بەئاگا بوو من لە باریێ لە بارودۆخەکانی ژیانی بەئاگا بووم. گەر گریمانی ئەوەی ببووایە من مایەی مەترسیم بۆی، لەخۆوە برێک شتی دەهێنا و بۆی دەگێڕامەوە، بەو ئامانجەی منی پێ بکاتە کۆیلە و خزمەتکاری خۆی! ئەوەیشی کە فرە پێویست نەبووایە، پێی نەدەوتم. مەگەر بۆ جێبەجێکردنی کارێکی خۆی و پێویست بووایە، شتەکەی بۆ باس بکردمایە. ڕووداوەکانی لە بێئاگاییی مندا دەهێشتەوە. لەوەیش گەیشتبوو ئازارەکانی وا دەکەوێتەوە، کە دەبێت منیش ئازار بدات.

لێنەبڕا ئاسوودەم بکات و ڕاستگۆیانە وەکوو هاوڕێی خۆی دڵنیام بکاتەوە. لەگەڵا ئەوەیشدا، دەمبینی هەندێک جار برێک کاری گرنگ و وردەکار و مەترسیدارم پێ دەسپێرێت. بۆیە ناچار دەبوو ڕاستگۆ بێت بەرامبەرم. بەڵام ئاخۆ وا دەکەوتەوە، کە بە سۆز و خۆشەویستییەکەم خۆشحاڵ ببێت؟ یان بایەخی بە بەخەمبوونەکەی من دەدا بۆ ئەو مەترسییانەی خۆی بۆی باس دەکردم؟ یان بەو دڵەڕاوکێیانەی بە هۆی خەمەکانی خۆیەوە تووشی منی دەکرد، کە زۆر جاران قورسایی و گرانییەکەی دوو هێندە و سێ هێندەی خۆی لەسەر من دەکەوت!

ئەوە سێ هەفتە بوو هەستم کردبوو حەز بە یاریی قوماری ڕۆلێت دەکات. تەنانەت داوای ئەوەیشی لێ کردم، من قومارەکەی بۆ بکەم. چونکە بۆ ئەو جوان نەبوو ئەو یاریی قومارە بکات. بە قسەکانیدا بۆم دەر کەوت، شتێکی گرنگ بیروهۆشی سەرقاڵ کردووە، کە تەنیا و تەنیا حەز بە یارییەکە ناکات و بەس. تەنیا مەبەستیشی پارە نییە و بەس، گومانی تێدا نییە، بارودۆخێک هاتووەتە پێشەوە بۆی، کە منیش دەتوانم بیخەملێنم. بەڵام تا هەنووکەیش لێم ڕوون نییە. ئەوەیش ڕوونە کە ئەو بارودۆخی بەکۆیلەکردن و ڕسواکردنەم، وەکوو زۆر جارانی پێشوو، ئەوەی بۆ ڕەخساندبووم کە بێ ڕووپێچانەوە و پێچوپەنا پرسیاری لێ بکەم. مادام بوومەتە کۆیلەی ئەو و بوونێکم لە بیروهۆشی ئەودا نییە، ناکرێ ئەویش لای خۆیەوە، کاتێک من لە کاتی دواندنیدا سنوورەکانی ڕەوشتم دەبەزاند، ئەویش هەست بە سووکایەتی بکات. لەگەڵ ئەوانەیشدا، هەرچەند ڕێیشی

دەدا هەر جۆرە پرسیارێک، کە بمەوێت، لێی بکەم، بەڵام وەڵامی نەدەدایەوە، بەڵکوو بڕێک جار، هەر بایەخیشی بە پرسیارەکانم نەدەدا. ئیدی پەیوەندیی نێوانمان ئا بەم شێوەیە بوو.

دوێنێ فرە لەبارەی برووسکەیەکەوە دوان، کە چوار ڕۆژ لەمەوبەر نێردرابوو بۆ بیترزبۆرگ و تا ئێستا وەڵامەکەی نەهاتووەتەوە. بەڕوونی شپرزەیی و سەرقاڵی بە ژەنەڕاڵیشەوە دیار بوو. هەمان شپرزەییش بە فەرەنسییەکەوە دیار بوو. دوای خوانی ئێوارەیش و بۆ ماوەیەکی فرەیش، هەردووکیان گفتوگۆیان بوو و دیار بوو قسەکانیشیان جیددییەتی پێوە دیار بوو. فەرەنسییەکە بارودۆخێکی لووتبەرزیی وای دروست دەکرد، کە بە ژیریی کەسدا نەدەهات و ئەم پەندەی بەسەردا، دەسەپێت، "تۆ بانگهێشتی خوانی خۆتی دەکەیت و ئەو پێیەکانی لە شوێنی دەستەکانی دادەنێت*!

تەنانەت لەبەرامبەر پاولینیشدا، وشک و زمانزبر بوو. دەبێت ئەوەیش بڵێم، کە بەشداریی سەیرانەکانی باخی نێو گازینۆکەی دەکرد و ئەو پیاسانەی بەسواری بەرەو دەوروبەری شار دەچوون. دەمێک بوو بەئاگا بووم لەو بارودۆخەی وای کردبوو ئەو فەرەنسییە پەیوەندیی لەگەڵ ژەنەڕاڵدا هەبێت.

ئەوان نیازیان بوو پێکەوە کارگەیەک لە ڕوسیا دابنێن، کە نازانم ئاخۆ تاکوو ئێستایش لەو بارەیەوە قسە دەکەن، یان ئەو پڕۆژەیەیان پشتگوێ خستووە؟ ئەوەیشی لەسەر بێت، کە منیش واژۆی پەیماننامە و بەشێک لە نهێنیی بنەماڵەی هەردووکیانم کردووە.

پارساڵ فەرەنسییەکە ژەنەڕاڵی لە کێشەیەک هێنابووە دەرەوە و ڕزگاری کردبوو، بەوەی ٣٠٠ ڕۆبڵی بەقەرز دابووە ژەنەڕاڵ و ئەویش بەو پارەیە بڕی ئەو قەرزەی دابووەوە، کە قەرزاری تاج بوو، ئەو دەمەی کارکەناریی لە پێگەکەی کرد. ئێستا ژەنەڕاڵ کەوتووەتە چنگی فەرەنسییەکەوە، بەڵام ئەوە خاتوون بوو ڕۆڵی بنەڕەتیی لەو هەموو گاڵتەجاڕییەدا دەگێڕا. لێیشم ڕوونە، کە من لەم بۆچوونەمدا بەهەڵەدا

* خۆیشمان دەڵێین، بەخۆوە نەدیو دەمقاڵیی دەوێ... لە سەرخۆش گەڕێ، ئەو خۆی دەکەوێ. (پیرەمێرد)

نەچووم.
کە وا بوو، مادمۆزێل بلانش کێیە؟ لای ئێمە دەڵێن فەرەنسییەکی پایەدارە و سەفەرەکانی لەگەڵ دایکیدایە و سامانێکی فرەی هەیە. دەیشڵێن گوایا بەخزمایەتییش بە مرێکیز دەگاتەوە. دەشگێڕنەوە، پەیوەندییەکانی مادمۆزێل بلانش بە مرێکیزەوە، تا ئەو دەمەی منیش سەفەری پاریسم کرد، قەشەنگ و لە بڕەودا بوو، بەڵام ئێستا هاوڕێیەتی و خزمایەتییان زۆر لە خزمایەتییش گەرموگوڕترە. ڕەنگە بارودۆخی ئێستای ئێمە وا نالەبار بێت، کە وایان لێ بکات تەنیا وا پیشان بدەن، کە خزمن و بایەخ بە یەکتر دەدەن.
دوێنێ سەرنجی ئەوەم دا، کە چۆن بەڕێز ئاستلی سەرنجی مادمۆزێل بلانش و دایکی دەدا. پێم وایە هەر بە ناسین هەردووکیان دەناسێت. تەنانەت پێیشم وا بوو ئەم فەرەنسییەی هاوڕێمان، زووتر بە بەڕێز ئاستلییش گەیشتووە و ناسیاویی کۆنیان هەبووە. هەرچۆنێک بێت، بەڕێز ئاستلی هێندە شەرمن و کەمدووە، کە پشتی پێ نابەسترێت. هەر وەکوو ئەو پەڕۆ پۆخڵەی لێ هاتووە، کە شتومەکی ماڵی پێ خاوێن دەکرێتەوە. فەرەنسییەکەیش نە فرە بەبایەخەوە چۆن و چاکیی لەگەڵ دەکرد و نە هێندە بایەخیشی پێ دەدا؛ بە واتایەکی دی، لێی نەدەسڵەمییەوە. ئەوە شتێک بوو، منیش پێم زانیبوو. بەڵام مادمۆزێل بلانش بۆچی خۆی لەمە گێل دەکرد؟ بەتایبەتییش کاتێک مرێکیز لە دەمی دەر چوو - بیرم نەماوە لە کام بۆنەدا بوو - و وتی، کە بەڕێز ئاستلی فرە دەوڵەمەندە و سامانەکەی بێسنوورە! هەر لەو ساتەدا دەبوو مادمۆزێل بلانش لە بەڕێز ئاستلی بڕوانێت! ژەنەڕاڵ لە دڵەڕاوکەدا بوو. بێگومان هەست بەوە دەکەیت، کە هاتنی برووسکەیەک لە مۆسکۆوە تێیدا مردنی پوورەی خوشکی باوکە ڕابگەیەنرێت، چ مەترسییەکی دەبێت! هەرچەند لێم ڕوون بوو کە پاولین بە ویستی خۆی، خۆی بەدوور دەگرت لە گفتوگۆ لەگەڵ مندا. خۆی وا دەر دەخست گوێ بە هیچ نادات و خەمسارد خۆی پیشان دەدات. منیش لای خۆمەوە وام دانابوو، کە لەناکاو دێت بۆ لام، بە پێچەوانەیشەوە، دوێنێ و ئەمڕۆ هەموو سەرنجی خۆم ئاڕاستەی مادمۆزێل بلانش کردبوو. ئەو ژەنەڕاڵەیش فرە داماوە! بێگومان هەر بە ونبوون ون بووە. ئەو پەرۆشییەکی ئەوتۆی نەبوو و

تەمەنیشی پەنجاوپێنج ساڵێک دەبوو، کە ئەمەیش بۆخۆی بەڵایەک بوو بۆی. سەرباری ئەوەیش، بێوەپیاوییەکەی و منداڵەکانی و ئەو ویرانییەی ئەوی تێ کەوتبوو و قەرزەکانی سەری، دواتریش ئەو ئافرەتەی بیر و ژیریی داگیر کردبوو، هەموویان کێشە بوون بۆی.

مادمۆزێل لەگەڵ ئەوەیشدا کە قەشەنگ بوو، بەڵام نازانم خوێنەر لێم تێدەگات، گەر بڵێم ڕوخساری لەو ڕووانە بوو، کە ترسی لە دڵدا دەبزوواند! بە لایەنی کەمەوە خۆم یەکێک بووم لەوانەی هەمیشە لەو جۆرە ئافرەتانە دەترسام! ئەو ئافرەتە تەمەنی بیستوپێنج ساڵێک دەبوو، باریکەلەیەکی کەڵەگەتی ناوشانجوان بوو. سنگ و مەمک و گەردن پڕ و پێستێکی برۆنزی و پرچڕەشێکی ئەبەنووسی چڕی بوو و بە هێندەی دوو کەللەسەر قژی پێوە بوو. چاوەکانی ڕەش و سپێنەکەی شینباو بوو و بوێرانە دەیڕوانی. لەشولاریشی ڕێک و بۆنێکی مسکئاسای لێ دەهات. دەوڵەمەندێکی دەستبڵاو بوو و زۆر باش دەیزانی بەرگەکانی بەری خۆی هەڵبژێرێت. دوو پووز و قۆڵ و مەچەکیشی فرە جوان بوون. دەنگی خۆش و ئاوازدار بوو. جاری وا بوو لە قاقای دەدا و هەموو ددانەکانی دەر دەکەوتن، بەڵام فرە کپ و کەمدوو بوو و بێدەنگییەکی پۆخڵانەیشی بوو، لایەنی کەم لە بەردەم پاولین و ماری فیلیپۆڤنادا. دەنگۆیەکیش بڵاو بوو، کە گوایا ماری فیلیپۆڤنا بە نیازی گەڕانەوەیە بۆ ڕوسیا. پێم وایە مادمۆزێل ئاستێکی باشی ڕۆشنبیریی نییە. تەنانەت کەمێک گێلیش دەر دەکەوێت! بەڵام لەگەڵ ئەمانەیشدا، فێڵبازێکی گوماناوی و سرک بوو. پێیشم وایە، ژیانی لە سەرەڕۆیی و هەڵەشەیی بەتاڵ نەبووە! فرەیش ڕێی تێدەچێت کە خزمایەتیی لەگەڵ مرێکیز هەر نەبووبێت. ڕەنگە دایکەکەیشی، دایکی ڕاستەقینەی خۆی نەبێت! بەڵام لەوە دەچێت خۆی و دایکی هەر لەو بەرلینە بووبن، کە ئەوانم لێ بینیبوو و پەیوەندیی باشم لەگەڵیاندا بوو. بەڵام بۆ مرێکیز، تا ئێستایش بەگومانم لەوەی کە مرێکیز بێت. بەڵام بەوەی سەر بە چینی باڵا و پەرەگرتووی کۆمەڵگە بێت، ئیدی کۆمەڵگەی خۆمان بێت، لە مۆسکۆ یان ئەڵمانیا. ئەمەیان جێی گومان نییە! نازانم ئەو لە فەرەنسا چیی هەبووە! دەیانوت گوایا لەوێ کۆشکێکی بووە. گەیشتبوومە ئەوەی ئەو لەوێنەبوونەی من و بۆ ماوەی

پـازده ڕۆژ، ئاویکـی فـره بەژێـر پردەکانـدا ڕۆیشـتووە، بـەڵام بـەوردی نازانـم، ئاخـۆ ژەنـەڕاڵ و مادمۆزێل بلانـش بـە هـۆی قسـەکانیانەوە نهێنییەکانیـان کەوتووەتـە ڕوو، یـان نـا؟

هەرچۆنێک بێت، هەمـوو شـتێک بـە بارودۆخـی خۆمانـەوە بەسـتراوەتەوە. واتـا بـە بـڕی ئـەو پارەیـەوەی کـە ژەنـەراڵ دەتوانێت بـە ڕوویانـدا بریقوباقـی پـێ بـکات. خـۆ ئەگـەر لێـی ڕوون بێت، نەنـێ هێشـتا زینـدووە. گومانـم نییە کـە وا مادمۆزێل هەر زوو خۆی ون دەکات و لەو ناوە نامێنێت. هەسـت بە خۆم ناکـەم کـە چەنـد سـەیر و پێکەنینهێنـە، مـرۆڤ هێنـدە زەمکـەر و خـراپ بێـت. ئەمـە وام لـێ دەکات بێـزم لـە خـۆم ببێتـەوە. ئـای کـە دڵخـۆش دەبـم، کاتێـک لەمانـە و گۆبەندەکانیـان دوور دەکەومـەوە، بـەڵام ئاخـۆ دەتوانـم لـە پاولینیـش خـۆم بـەدوور بگـرم؟ دەتوانـم بەدەوریـدا نەخولێمـەوە و لـەدەوری نەگەڕێـم؟ هەرچەند ئـەوە ڕاسـتە چاودێریکردنـی خەڵکـی ناشـیرینە، بـەڵام مـن گوێـی پـێ نـادەم و چاودێریـی پاولیـن هـەر دەکـەم.

دوێنـێ و ئەمڕۆیـش هەڵسـوکەوتی بەڕێـز ئاسـتلییشـم بـەلاوە نامـۆ بـوو، بەڵـێ بـڕوام بـەوە هێنابـوو، کـە ئەویـش پاولینـی خـۆش دەوێـت. ئـەو کەسـێکی ڕووخـۆش و نیـان بـوو و سـەرنجەکانی زۆر جـاران سـەرنجی کەسـێکی عاشـقانە بـوو. بـە کەسـێکی فـرە شـەرمنیش ناسـرابوو و وەکـوو نەخۆشـی، ئـەو سیفەتی شـەرمنییەی پێوە دیـار بـوو. پێیشـی بـاش بـوو بـە زەویـدا بچێتـە خـوارەوە و خـۆی بـە وشـەیەکیش دەر نەخـات و ئاشـکرا ببێـت! زۆر جـاران بەڕێز ئاسـتلیمان لـە کاتـی پیاسـە و سـەیراندا دەبینـی و لـە شـوێنی خـۆی دەهاتـە دەرەوە و زۆری حـەز بـە تێکەڵبـوون بـوو بـە ئێمـە. خواخـوای ئـەوەی بـوو، کـە فەرمـووی لای خۆمانـی لـێ بکەیـن، ئیـدی شـوێنی حەوانـەوە بێـت یـان گازینـۆ، یـان هۆڵـی تیپێکـی میوزیـک، یـان بـەردەم حـەوز و فوارەیـەک. خـۆ گـەر بـە دەمیشـیەوە نەچووینایـە، لـە نزیکمانـەوە لێـی دادەنیشـت. ئێمـە لـە باخێکـدا بووینایـە یـان لـە دارسـتانێکدا بووینایـە، یـان لـە کێوەکانـی شـلانگنبیرگ، هێنـدە بـەس بـوو چاوێـک بگێڕیـن بـە دەوروبـەری خۆمانـدا و بەڕێـز ئاسـتلیمان لەنزیـک ڕێگەکـەوە، یـان لەنێـو دەغڵێکـدا دەبینـی! پێـم وا بێـت هەمیشـە لـە هـەل دەگـەڕا تـا قسـەمان لەگـەڵ بـکات، بەتایبەتـی لەگـەڵ مـن.

ئـەم بەیانییـە یەکمـان بینـی و پێکـەوە قسـەمان کـرد، هەنـدێ

جاریش چەند قسەیەکی پچڕپچڕی دەکرد. بەر لە وتنی بەیانیباشیش، هاواری لە من کرد، "ئای...! کچە بلانش! ئافرەتگەلێکی فرەی وەکوو کچە بلانشم بینی!"
ئەمەی وت و بەوردی لێی ڕوانیم. نازانم ویستی بەو قسانەی چیم تێبگەیەنێت؟ ئەو کاتەی لێم پرسی، "دەتەوێت چی بڵێیت؟"
ئەویش سەرێکی فێڵبازانەی بادا و وتی، "ئاوا! ئاخۆ کچە پاولین گوڵی خۆش دەوێت و حەزی لێیەتی؟"
منیش وتم، "نازانم!"
ئەویش بەسەرسووڕمانەوە هاواری کرد، "چۆن نازانیت؟ تەنانەت ئەوەیش دەربارەی ئەو کچە نازانیت؟"
منیش هەڵم دایە و ئەمەم بەپێکەنینەوە پێ وت، "نەخێر، نەخێر! ئەوە نازانم و هەرگیز گوێیشم پێ نەداوە."
ئەویش وتی، "ئەمە بیرۆکەیەکی لا دروست کردم." ئەمەی وت و سەری سڵاوی بۆ نەوی کردم و ڕۆیشت بە ڕێی خۆیەوە. بە هەرحاڵ، بەختەوەری بە ڕوخسارییەوە دیار بوو.
هەردووکیشمان ئەمانەمان بە زمانی فەرەنسی دەوت.

# بەشی چوارەم

ڕۆژێکی پێکەنینهێنی هیچ بوو. ئێستایش کاتژمێر ١١ی ئێوارەیە. منیش لە ژووره بچووکەکەی خۆمدام و خەریکی کۆکردنەوەی بیرەوەرییەکانمم. شتەکانی ئەم بەیانییەیش وا دەستی پێ کرد، دەبوو من بچم بۆ قومارخانەکە و یاریی ڕۆلێت بۆ پاولین ئەلکسەندرۆڤنا بکەم. ٦٠٠ فریدرکەکەیشم بە دوو مەرج لێ وەر گرتبوو. یەکەمیان، پەسەندیی ئەوەم نەکرد گەر براوە بووم قازانج بەنیوەیی بێت و هیچ بڕەپارەیەک بۆ خۆم هەڵناگرم؛ دووەم، دەبێت پاولین ئێوارە پێم بڵێت، کە بۆچی هێندە پێویستیی بە پارە براوەکەیە؟ ئەو بڕەپارەیەیش چەندە، کە خوازیارە بۆی ببرێتەوە؟

نەمدەتوانی وای دابنێم، تەنیا مەبەستیەتی بەو قومارە پارە بباتەوە. بەڕوونی پێوەی دیار بوو، کە فرە پێویستی بە پارە بوو. بەڵام نەمدەزانی بۆ چیی بوو؟ دوای ئەوەی پەیمانی پێم دا کە بۆم ڕوون بکاتەوە، منیش ڕۆیشتم.

خەڵکەکە بە جۆرێک جەنجاڵییان لەنێو هۆڵی قومارەکەدا دروست کردبوو، کە یەکتریان دەشێلا. ئاخۆ ئەمەیش پۆخڵی و دڕەندەییی خەڵکی نێو هۆڵەکە نییە؟ هەرچۆنێک بێت، زۆر بەزەحمەت دڕم بە خەڵکەکە دا و خۆم نزیک کردەوە. بە شەرمێکەوە یاری دەستی پێ کرد. سەرکێشی بە دوو لیرە، یان سێ لیرە فرەتروە ناکەم. لەو ماوەیەیشدا تەنیا چاودێری دەکەم و سەرنج دەدەم. پێیشم وا بوو کە ئەوەیش بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو. ئەو کارە هێندەیش مەترسیدار نییە، وەکوو ئەوەی زۆرێک لە یاریکەران بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەوان لەوێ دانیشتوون و کاغەزێکی پڕ لە ژمارەیان بە دەستەوەیە.

ئەوان لیدانەکانی یارییەکە دەنووسن و گریمانەکانیان تۆمار دەکەن. دوایین کردەی ژمێرەییی بۆ دەکەن، ئەمجا گرەوەکە دەکەن، کەچی هەر دۆڕاویش دەبن و وەکوو ئەوانی تریان لێ بەسەر دێت، کە خۆیان بەو نووسین و ژمارەی فرەی قومارەکە و گریمانەکانەوە ماندوو نەکردووە. لەبەرامبەردا ئەنجامێکم وەدەست کەوت و ڕەنگە ڕاستیش بێت، ئەویش ئەوەیە، کە بەختی بردنەوەیش ڕکێفی ڕێکخەرێک دەبێت، ئەگەر یاسایش نەبێت، بێگومان ئەمەیش لەخۆیدا شتێکی نامۆیە! بۆ نموونە، ڕێک دەکەوێت کە بەدوای ١٢ ژمارەی نێوەندددا، ١٢ ژمارەی کۆتای ڕۆلێتەکە دەر بچێت! بۆیە پێدەچێت دوو جاران ئەمە دووبارە ببێتەوە. لە یەکەم جاردا قومارەکە ١٢ ژمارەی دواوە براوە دەبێت، ئەمجا بردنەوەکە دەگوێزێتەوە بۆ ١٢ ژمارەی یەکەم، کە ئەویش کۆتا بوو، دەگەڕێتەوە بۆ ١٢ ژمارەی ناوەند، سێ یان چوار جاران و بەدوای یەکدا لە ژمارە ناوەندەکان بۆی دەر دەچێت. ئەمجا لە ١٢ ژمارەکەی دواوە، سەرلەنوێ بۆی دەر دەچێت. دوای دوو فرەی قومارەکە، دەگەڕێتەوە کۆمەڵە ژمارەی یەکەم، کە تەنیا یەک جار دەر دەچێت، ئەمجا بەدوایدا کۆمەڵە ژمارەی ناوەند، سێ جاران دەیباتەوە، ئەمەیش سەعات و نیوێک یان دوو سەعات دەخایەنێ. یەک... سێ... دوو. دیسان یەک... سێ... دوو. شتێکی فرە سەیروسەمەرەیە! لە یەکێک لە ڕەش و سوورەکەوەو، بێ هیچ یاساوڕێسایەک! لە هەرساتێکدا ڕەنگەکان، یان دوو جار بەدوای یەکدا براوە دەبن، یان سێ جاران. جا هەر کە کات بووە ئێوارە، دەبینیت سوورەکە بۆی دەر دەچێت، کە ڕێک دەکەوێت ٢٢ جار بەدوای یەکدا بۆی دەر دەچێت، ماوەیەک بەو شێوەیە سەرومڕ دەبێت. ڕەنگە بە درێژاییی ڕۆژەکە بەو شێوەیە بێت. من قەرزارباری بەڕێز ئاستلیم، چونکە زۆرێک لەم سەرنج و ڕوونکردنەوانەم لەو وەر گرتووە و ئەو پیاوە بێ ئەوەی قوماریش بکات، بۆ ماوەیەکی فرە بەدیار مێزی ئەو قومارەوە بووە!

با بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە بەسەر خۆم هاتووە. منیش لە ماوەیەکی فرە کەمدا، تا دواقروشی پارەکەم دۆڕاند! لە دەستکردنەکەم بە قوماردا، ٢٠ فریدریکم خستە سەر ژمارەیەکی جووت و براوە بووم. جاری دووەمیش بە هەمان شێوە پارەکە و قازانجەکەیم دانایەوە و براوەیش بوومەوە.

دوو-سێ جار بەو شێوەیە بوو، گەر بەهەڵەدا نەچووبم، لە ماوەی ٥ خولەکێکدا، ٤٠٠ فریدریکێکم پێ بوو. دەبوو هەر ئەو ساتە ئەو شوێنەم جێ بهێشتایە، بەڵام هەستێکی نامۆ زەوتی کردم و بەگژ چارەنووسی خۆمدا چوومەوە و لە لچولێویم دا و زمانم، بستێک لێ دەر کێشا! سەرکێشیم بە زۆرترین برەپارەوە کرد، کە ٤٠٠٠ فلۆرین بوو و دۆڕاندم! سەرم گەرم بوو و هەرچی پارەیەکم پێ مابوو، دەرم هێنا و خستمە سەر هەمان ئەو شوێنەی برەپارەکەی پێشووم لەسەری دۆڕاندبوو، ئەویشم دۆڕاند! هەر وەکوو کارەبا لیی دابم، مێشک لە سەرمدا نەمابوو و چوومە دەرەوە. هەرچەندم کرد، بڕوام بە خۆم نەکرد کە بەو مەرەدە چووم!

تاکوو کەمێک پێش ئێوارە، کەوتنەکەی خۆم بە پاولین ڕانەگەیاند. کاتی بەر لە خۆرئاوابوونیشم بە هاتن و چوون بە باخەکەدا بەسەر برد. ئێوارەیش وەکوو سێ ڕۆژ لەمەوپێشم، پەشۆکابووم. فەرەنسییەکە و، کچە بلانشیش، وەکوو جارانیان نانی ئێوارەیان لەگەڵ خواردین. وا ڕێک کەوت، کە کچە بلانش سەرلەبەیانی لە گازینۆکە بوو و بینیبووی چیم بەسەر هاتبوو. ڕوانیم بە بەهاپێدانێکی فرەترەوە پێم، دەمدوێنێت! بەڵام فەرەنسییەکە، بە هەنگاوی خێراتر بۆ کێشەکەم چوو و بێ پێچوپەنا، پرسیی کە ئاخۆ ئەو پارەیەی دۆڕاندوومە، پارەی خۆم بووە؟ پێم وا بێت، لای خۆیەوە وای دانابوو، پارەکە پارەی پاولین بووە و برنجەکە، پیازێکی تێدایە*! منیش بێ ئەوەی بۆی ڕابمێنێم، وەڵامم دایەوە کە بڕی پارە دۆڕاوەکە هیی خۆم بووە. ژەنەڕاڵ فرە سەری سووڕ ما و پرسیی کە ئەو برە زۆرەی پارەیەم لەکوێ بووە؟ منیش بۆم گێڕایەوە، کە یەکەم جار بە بڕی ١٠ فردریک قومارم کردووە. کاتێک شەش تا حەوت جار، بڕی ئەو پارەیەی کە بردمەوە، ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ هەزار فلۆرینێک بوو، کەچی دواتر، هەموو بڕی پارەکە بە یەک تا دوو فرەی قومارەکە دۆڕاند!

ئەم هەموو قسانەم جێی بڕواپێکردن بوو، هەرچەند هەموو جارێکیش بەدەم قسەکردنەوە لە پاولینیشم دەڕوانی، بەڵام هیچم لە ڕوخساریدا بۆ نەدەخوێنرایەوە. ئەویش

* کوردان بۆ هەمان مەبەست وتوویانە، ئەم ماستە موویەکی تێدایە.

نـە قسـەی پـێ بڕیـم و نـە هیـچ. بـەو هەڵوێسـتەیدا بـۆم دەر کەوت، پێویستە لەسـەر درۆکردنـی خـۆم سـەرومڕ بم و ئـەوە لـەوان بشـارمەوە، کـە قومـارم بـە پـارەی پاولینـەوە کـردووە. هەرچییـەک دەبێـت، قیریسـیا.

بـە خۆیشـم وت، "بـەڵام پاولیـن لەسـەریەتی پەیمانەکـەی ئەو شـەوەی خۆی بەجێ بێنێت و ئـەم بەیانییە هەمـوو شـتێکم بۆ بگێڕێتـەوە."

وام بـۆ خۆمـم دانابـوو، ژەنـەڕاڵ ئامۆژگارییـەک یـا هۆشـدارییەکم پـێ بـدات، کەچـی بێدەنگیـی لـێ کـرد! بـەڵام تێبینیی ئەوەیشـم کرد، پەشـۆکاوی بـە ڕوخسـاریەوە دیـار بوو. ڕەنگـە لەگـەڵ تەنگوچەڵەمەکانـی خۆیشـیدا ئـەم خەمەیشـی لـە خـۆی بـار کردبێت، کـە بـەو شـێوەیە یەکێـک بـۆی دەگێڕێتـەوە، کـە لـە چارەکەسـەعاتێکدا، زۆر بەئاسـانی خەرمانێـک زێـڕ بـە سەرکێشـییەک دەخاتـە بـەردەم کەسـێکی تـرەوە!

زیاتـر لـەوە دەچـوو، دوێنـێ ئێـوارە مشـتومڕێکی تونـد لەنێـوان ئـەو و فەرەنسـییەکەدا ڕووی دابێـت و دوای ئـەوەی دەرگای ژووریـان لەسـەر خۆیـان داخسـتبێت و، قسـەگەلێکی تونـد و گەرمیـان لـەو مـاوە زۆرەدا کردبێـت. فەرەنسـییەکە بەتوڕەییـەوە لـە کۆبوونەوەکـە هاتبێتـە دەرەوە، بێگومانیشـم بـۆ بەیانیـی ڕۆژی دواتـر، هـەر زوو خـۆی گەیاندووەتـەوە ژەنـەڕاڵ و مشـتومڕەکەی دوێنـێ شـەوی لەگەڵـدا درێـژە پـێ داوەتـەوە.

هـەر کـە فەرەنسـییەکە بـە دۆڕاندنەکـەی منـی زانـی، بـە لاقرتێ و کەمێک نیازپیسییەوە هۆشـداریی پێ دام، کە پێویستە مـرۆڤ کەمێـک لـە ژیرییـەوە نزیکتـر بێـت و بەرچاوڕوونیـی هەبێت. ئیدی هـەر تێنەگەیشتم بۆچی لەنێو قسـەکانیدا ئـەوەی وت، کـە گوایـا هەرچەند ڕوسییەکان، قومارێکی فرەیش دەکەن، کەچـی هـەر فێری نابن و قومـار نازانـن؟

منیش وتـم، "من پێم وایـە لەبـەر خاتری ڕوسـەکان و هـەر بۆ ئەوانیش قومـاری ڕۆلێت داهێنرابێت!"

کاتێک فەرەنسییەکەم بینی قاقـای پێکەنینی گاڵتەپێکردنم بە گوێدا دەدات، ئەویش لەخۆیـەوە گەیشتە ئـەوەی کـە قسـەکەی مـن ڕاسـتە! چونکـە پێـی وا بـوو ئـەوەی مـن وتـم، لـە لاقرتێوە نزیکتـرە، تاکـوو هەڵدان بـە شـان و باهـووی ڕوسـەکاندا. بۆیـە وای پـێ بـاش بـوو هـاوڕام بێـت.

ئەمجا لێی پرسیم، "بۆ ئەم قسەیەت پشت بە چ بەڵگەیەک دەبەستیت؟"

منیش وتم، "لەسەر ئەو بنەمایەی بۆ یەکەم جار بیرۆکەی سەرمایە خۆی کرد بە تۆماری کارە چاکەکاندا، بۆ مرۆڤە ڕۆژئاواییەکان و بۆ تایبەتمەندییەکانیان بووە، بگرە بووە خاڵی سەرەکیی تۆمارگەکەیان. ڕوسەکانیش هەر بەوەوە نەوەستان ناجۆر بن لە کۆکردنەوەی سەرمایەدا. ئەو سەرمایەیشی دەیانبێت، تەخشانوپەخشانی دەکەن، بێ ئەوەی هەست بەوە بکەن، کە چی باشە و چی خراپە!

"بە هەرحاڵ، ئێمەیش پێویستمان بە سەرمایە هەیە. بۆیە بە تامەزرۆیی و هەناسەسوارییەوە شوێن هۆیەکانی وەدەستخستنی کەوتووین، وەکوو ڕۆلێت و شتەکانی تر، تاکوو بتوانین بەبێ ماندووبوون و لە ماوەیەکی دوو سەعاتیی کەمدا، سامانێکی فرە کۆ بکەینەوە، هەر ئەمەیە هەڵمان دەنێ و بۆی شێت و هار دەبین! کاتێکیش گێلانە قومار دەکەین و بێئاگایانە پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەین، خراپمان لێ بەسەر دێ و دەدۆڕێین."

فەرەنسییەکە بەخۆبادانەوە پشتگیریی قسەکانی کردم و وتی، "ئەمەی دەیڵێیت، شتێک لە ڕاستیی تێدایە."

ژەنەڕاڵیش بە زمانێکی زبر و دەنگێکی بەرزەوە وتی، "بەڵام ئەوەی ئەو دەیڵێت، هەڵەیە. شوورەییە بۆ تۆ کە بەم جۆرە دەدوێیت لەبارەی نیشتمانەکەتەوە."

منیش بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە، "ببوورە... ئێمە دیسانیش نازانین کامیان خراپترە: دەستبڵاویی ڕوسەکان؟ یان ئەو شێوازی کۆکردنەوەیەی ئەڵمانییەکان، کە بە خۆماندووکردنی ڕەوشتەکییانەوە دەستی دێنن؟"

ژەنەڕاڵ بەسەرسامییەوە هاواری کرد، "ئای کە بیرۆکەیەکی بێشەرمانەیە!"

فەرەنسییەکەیش قیژاندی، "بەڕاستی بیرۆکەکە ڕوسییە!"

منیش پێدەکەنیم. زۆریش تامەزرۆی نقورچگرتن و لاقرتێپێکردنیانەوە بووم و وتم، "من ژیانێکی کۆچەری و دەشتەکی و ژیان لە دەوارێکی کەرخیزیدام پێ باشترە، لە کۆیلایەتیکردن بۆ ئەڵمانەکان...!"

ژەنەڕاڵ، دوای ئەوەی تووڕەبوونی لێ دەر کەوت، وتی، "کام پەرستراوییەک و فشارێک؟"

منیش وتم، "ئەو شێوازەی کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی سامانەی ئەڵمانەکان پێوەی سەرقاڵ دەبن.

"زۆر دەمێک نییە کە لێرەم، بەڵام بەم ماوە کەمە لەوە تێگەیشتووم و وای لێ کردووم بەربەریانە بیر بکەمەوە و فێرە سەرپێچی و هەڵگەڕانەوەیشی کردووم. سوێند دەخۆم کە ئەو شتە چاکانەم هەر بۆ خۆم ناوێت، دوێنێ دە فرسەخم بڕیوە لە شەقامەکانی دەوروبەری شار. ئەوەی بینیم، هەر ئەوە بوو کە لە کتێبۆکە ئەڵمانییەکاندا دەیخوێنینەوە و هەموویان پڕن لە ڕەوشتە جوان و پەسەندیدە و وێنە جوانەکان.

"لێرە هەر ماڵێک ڤاتێرێکی* هەیە و فرە بەقورسی شەرەف و کارە پەسەندیدەکانی لەخۆ گرتووە. بە جۆرێک، کە مرۆڤ دەترسێ، خۆی لێ نزیک بکاتەوە. من لە بینینی ئەو کەسە بەشەرەفانە خۆشیم نایەت، کە خەڵکی لێیان دەترسن.

"هەر باوکی ڕۆحییەکیش خێزانێکی هەیە و ئەندامانی ئەو خێزانە بە دەنگی بەرز کتێبگەلێک دەخوێننەوە، بۆ ڕۆشنبیرکردنی خۆیان و بەسەر خانووە چکۆلەکەیشیانەوە خشەی گەڵا و لقەدارەکانی دارەڕەش و داربەڕوو دەبیسترێت و بەدوایدا زەردەپەڕ و باڵندەکانی سەر گوێسەبانەی ئەو خانووە دەبینرێت... ئەم دیمەنانەیش کاریگەریی خۆیان بەسەر کەسەکانەوە جێ دەهێڵن... ژەنەراڵی بەڕێز توورە مەبە و ڕێم بدە لەبارەی ئەو شتانەوە بۆت بدوێم، کە کار لە دڵ و دەروون دەکەن. لەبیرمە کە خوالێخۆشبووی باوکیشم کتێبی لەم جۆرەی بۆ دەخوێندینەوە. ئێواران و لە باخە بچکۆلە و ژێر دارە زەیزەفونەکاندا، بۆ خۆم و دایکمی دەخوێندەوە. کە وا بوو، دەتوانم بیروڕای جوێکەرەوە لەم بوارە بدەم.

"هەر بنەماڵەیەک و باوکی ڕۆحییەکی هەبوو و ئەو باوکە بەرپرسی خواپەرستی و ڕێوڕەسمی بۆنە ئایینییەکانیان بوو. هەریەکەیان وەکوو گای نێڵە بەسەر کار دەکەن و ماندوو دەبن و وەکوو جوولەکەیش پارە پاشەکەوت دەکەن. وای دادەنێین بابە بڕێک پارەی پاشەکەوت کردبوو، دەیەوێت کوڕە گەورەکەی جێی بگرێتەوە و کارەکەی باوکی بکات،

* ڤاتێر:لە بنەڕەتدا ئەم زاراوەیە ئەڵمانییە و بە واتای باوکی ڕۆحی دێت.

یان زەوییەکەی بەمیراتی پێ ببەخشێت. جیازیی ئەو کچەی ئامادە ناکات، کە هەرگیز بەنیازی شووکردن نییە. بۆ کوڕە پاشەبەرەکەیشیان، خزمەتکارێک دەفرۆشن و بۆ میراتییەکەی دادەنێن.

"ئەوەی وتم ڕاستە و هەر ئەوەیش ڕووی دەدا. سەرچاوەی هەموو ئەمانەیش، دڵسۆزی و دەستبڵاویش بوو تا ئەوپەڕی. تەنانەت ئەو کوڕە پاشەبەرەیەیشیان - کە فرۆشتبوویان - زۆر بڕوای بەم بۆچوونە بوو. کە وا بۆ خاتری شەرەف و دڵسۆزی، فرۆشتوویانە. کە بەڕاستی ئەمەیش نموونەی پەندی باڵا بوو، کاتێک بەشادییەوە قوربانی بەرەو بەقوربانبووەکەی خۆی دەچێت، ئیدی چی دەمێنێتەوە؟ ژیانی کوڕە گەورەیش دڵخۆشکەرە نابێت، کاتێک کچێک هەیە و پڕ بە دڵ خۆشی دەوێت، بەڵام ناتوانێت مارەی بکات، چونکە هێشتا فلۆرینێکی هێندە فرەی کۆ نەکردووەتەوە، تا ئەوەی بۆ دەستەبەر بکرێت. ئەوەتا خۆیان بە تانوپۆی پەسەندیدەیی و دڵسۆزیدا هەڵواسیوە و بەزەردەخەنەوە بەرەو خۆقوربانکردن دەڕۆن. ڕوخساری کچەیش، بە بایەکی سارد سڕ دەبێت و وشک هەڵدێت.

"دواجار و دوای بیست ساڵ، سامان و پارەیان فرە دەبێت فلۆرینەکانیان بە دڵسۆزی و پەسەندیدەیی لەسەر یەک کەڵەکە دەبێت. باوکی ڕۆحی، کوڕە گەورەی چل ساڵانە و کچە سیوپێنج ساڵانەکە پیرۆز دەکات، ئیدی کچەیش سینە و مەمکی کەمێ پووکاوەتەوە و لووتی سوور هەڵگەڕاوەتەوە. باوکیشی بە بۆنەی تێگەیشتنی باری جەرگەکەیەوە، بەهەناسەهەڵکێشانەوە، بۆی دەگری. تێدەگات وا کوڕە گەورەکەیشی دەبێتە باوکی ڕۆحی و هاکا وتاری ڕەوشتی و پەسەندیدەیی بۆ کەسانی دی خوێندەوە!

"ئەم چیرۆکە چەندبارە دەبێتەوە. تا ئەو دەمەی تەمەنی دەگاتە پەنجا بۆ شەست ساڵێک و کوڕەکەی کە باوکی ڕۆحییە، سەرمایەیەکی مەزنی کۆ کردووەتەوە و ئەویش بەمیراتی بۆ کوڕەکەی خۆی جێ دەهێڵێت. ئیدی دوای پێنج وەچە، یان شەش بارون ڕۆتشیلدێکی تر، یان بانکی هوب و هاوبەشەکانی هۆب و هاوبەشەکانی: بانکێکە لە ئەمستردام. نازانم... ڕەنگە شەیتانێک دەر بچێت! دەی ئەمە گۆشەنیگا و گرتەیەکی مەزنی قەشەنگ نییە، کە وا یەک-دوو سەدە لە

کاری سەخت و ئارامگرتنی سەرومڕ و بلیمەتییەکی پڕچالاکی و دڵسۆزییەکی بێکەموکورتی و وزەیەکی نەبڕاوە و بڕوایەکی تۆکمە و بەرچاوڕوونیی دواڕۆژ بەدەست دێت؟ ئەمانە لەمە زیاتر چییان دەوێت؟ خۆ ئیدی لەمە باڵاتر و قەشەنگتر لە جیهاندا نییە! سەیرەکەیش لەوەدایە، کە سزای تاوانبارانیش دەدەن. لەوانەی کەمترین و سادەترین جیاوازییشیان لەبەرامبەریاندا هەبێت!

"من لاقرتێکردن بە شێوازە ڕوسییەکەی و پارە و سامانکۆکردنەوە بە قوماری ڕۆلێت، فرە بە گیانم خۆشە، دڵیشم پێی خۆش دەبێت. حەزیش بەوە ناکەم دوای پێنج نەوە و وەچە، ببمە هۆب و هاوبەشەکانی! من خۆم پێویستم بە پارەیە و بۆخۆم خۆیشم بە سەرمایە پێوانە ناکەم. ئەوەیش دەزانم قسەی شلۆق و هەڵەجوبەڵەجم کردووە. بەڵام شتێک نییە، ئەمە بیروڕایەکانمە."

ژەنەراڵیش بەپەشۆکاوییەوە وتی، "نازانم... بڵێی قسەکانت شتێک لە ڕاستیی تێدا بێت؟ بەڵام شتێک هەیە کە تییدا بەگومان نیم، ئەوەیش ئەوەیە کە تۆ بڕێکی وا لە لووتبەرزیت تێدایە، کە بەرگە ناگریت! بەتایبەتی ئەو دەمانەی بەرت لێ ناگیرێت و بە ئارەزووی خۆت دەڕوانیت."

ژەنەراڵ قسەکانی تەواو نەکرد و وەکوو جارانی خۆی هەر باسێک لە گفتوگۆی ئاسایی قووڵتر بووایە، لەسەری نەدەڕۆیشت. فەرەنسییەکەیش، کە ئەبڵەق بووبوو، بابەتەکەی وێڵ کرد. پاولینیش لووتبەرزانە، هەر وەکوو ئەوەی هیچی لەسەر ئەو مێزی خوانە نەبیستبێت، گوێی بە بابەتەکە نەدا.

# بەشی پێنجەم

لە جاران نەدەچوو و فرەتر بیری دەکردەوە و سەرقاڵی زیندەخەونی خۆی بوو. کەچی هەر لەسەر خوانەکە هەستاین، داوای لێ کردم کەمێک پیاسەی لەگەڵ بکەم. دەستی منداڵەکانمان گرت و بەرەو باخ و حەوز و فوارەکە رۆشتین.

هێندە هەژا بووم، کە فرە گێلانە و بەخێرایی پرسیارم لێ کرد، "بۆچی مریکیز دی جریوی* هاوڕێمان، فەرەنسییە چکۆلە، وێڵ دەکات و هاوڕێیەتیی نەک هەر ناکات، بەڵکوو جاری وایش هەیە بۆ چەند رۆژێکیش نەک هەر نایدوێنێت، بەڵکوو یەک وشەیشی لەگەڵ نالێت؟"

ئەویش بە دەنگێکی نامۆ وەڵامی دامەوە. "چونکە ئەو فەرەنسییە چکۆلەیە کەسێکی تووڕە و زبرە."

هەرگیز لەوەوپێش لێم نەبیستبوو، کە بەم جۆرە لەبارەی دی جریووەوە دوابێت! کتوپڕ بێدەنگ بوو، چونکە ترسی ئەوەی بوو، هۆی ئەو تووڕەیی و رقبوونەوەیەی تێبگەم.

منیش وتم، "تۆیش سەرنجی ئەوەت دا، کە ئەمڕۆ بیروڕای لەگەڵ بۆچوونەکانی ژەنەڕاڵدا یەکی نەدەگرتەوە؟"

ئەویش بە شێوازێکی وشک و تووڕە وەڵامی دامەوە. "خۆت دەزانیت ئەو قەرزێکی فرەی داوە بە ژەنەراڵ، تا لە بەرامبەر ئەوەدا کە موڵکەکانی رکێفی رەهن نەکەوێت. خۆ ئەگەر نەنێ نەمرێت، ئەوا هەموو ئەو موڵکانەی ژەنەراڵ بۆ

---

* مریکیز دی جریو – فەرەنسییە چکۆلە: دۆستۆیڤسکی لێرەدا ئەم ناتۆرەیەی لە ئامۆزای مادمۆزێل بلانش ناوە، کە ناوی پاڵەوانی رۆمانی *مانۆن لیسکۆیە* و گوایا دۆستی مادمۆزێل بلانش بووە.

ئەو فەرەنسییە دەبێت و دەبنە موڵکی خۆی."
منیش پرسیم، "جا کە وا بوو، ئەوە ڕاستە کە هەموو شتێکی خۆی ژێر ڕەهن خستووە؟"
زووتر ئەمەم بیستبوو. بەڵام فرە بڕوام پێی نەبوو.
ئەویش وتی، "بەڵێ!"
منیش وتم، "کە وا بوو، خواحافیز لە تۆیش، ئەی مادمۆزێل بلانش. ئیدی ئەویش نابێتە هاوسەری ژەنەڕاڵ."
وا بۆی دەچم، تامەزرۆییی ژەنەڕاڵ بۆ کچە بلانش، گەیشتووەتە ڕادەیەک، گەر جێی بهێڵێت و پشتی تێ بکات، خۆی دەکوژێت! خۆشەویستیی هێندە بەتەوژمیش بۆ کەسانی ئەو تەمەنەی ئەو، پڕمەترسییە!
پاولین ئەلکسەندرۆڤنا بەبیربڵاوییەوە وتی، "منیش پێم وایە شتێکی خراپی هەر لێ بەسەر دێت."
ئەمجا هەر خۆی هاواری کرد، "ئای ئەمە لە خۆیدا چەندە قەشەنگە! چ شتێک لەم کێشەیە زیاتر هەیە بیسەلمێنێت، کە ڕازیبوونی بە هاوسەرگیری، تەنیا لەپێناوی سامان و پارەکەیدا بووە؟ ئەوان تەنانەت پەیڕەویی ڕەوشت و ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتییشیان نەدەکرد! ئەمە شتێکی قەشەنگە! دوای ئەوە، ئەمە چییە هێندە پشتیان بەو نەنییە بەستووە؟ جا لەوە ڕسواییتر هەیە برووسکەیەک لێ بدەن و بپرسن ئاخۆ نەنێ مردووە؟ ئەو مردووە؟ هەر بەڕاستی مردووە؟ ئاخر پاولین ئەلکسەندرۆڤنا، تۆ خۆت بیت چی دەڵێیت؟"
بەقێزلێبوونەوەوە قسەکەی پێ بڕیم، "ئەمانە هەموو قسەگەلێکی هیچ و بێبایەخن! من پێم سەیرە کە بەم شێوەیە دڵت پێیان خۆشە! ئاخر دڵ بە چی خۆش دەکەیت؟ بەوەی پارەکەی منت دۆڕاندووە؟"
منیش لێم پرسی، "باشە تۆ بۆچی ئەو پارەیەت دا بە من، تا بەو شێوەیە بیدۆڕێنم؟ خۆ من پێم وتیت کە حەز ناکەم لە خۆم بەولاوە قومار بۆ کەس بکەم. لەپێش هەمووانەوە تۆ! من هەمیشە گوێلەمستی تۆ بووم و فەرمانەکانی تۆم جێبەجێ کردووە، سەرەڕای هەموو ئەوانەیش، هۆشداریشم پێت دا و تێم گەیاندی ئەنجامی ئەمە خێر نابێت. بەڵام پێم بڵێ، ئاخۆ دۆڕاندنی ئەم بڕەپارە فرەیە کارت تێ دەکات؟ ئاخر ئەو پارەیە بەکەڵکی چیت دەهات؟"
ئەویش پرسیی، "ئەم پرسیارانەت لە چی؟"

منیش وتم، "بەڵام تۆ پەیمانت پێم دابوو شتەکانم بۆ بگێڕیتەوە... گوێ بگرە، من لەو بڕوایەدام کە ئەگەر بە دوانزە فریدریکەکەی خۆمەوە ئەم جارە قومار بکەم، براوە دەبم. ئیدی هەرچەندێکت پارە بوێت، دەتدەمێ."

بەتووڕەییەوە لێی ڕوانیم و منیش درێژەم بە قسەکانم دا، لەسەر ئەمەی خستمە بەردەستت، لێم تووڕە مەبە. ئەوەندە لێت پڕم، بۆیە ئەوەم پێ وتیت. تۆ منت سفر کردووەتەوە و پارە لە من وەر ناگریت. ئەگەر پارە یان دیارییەکت پێشکەش بکەم، پێی سووک نابیت. خۆ ئەوەتا من پارەی تۆم بەفیڕۆ داوە."

سەرنجێکی خێرای دام و هەستم کرد بێزارم کردووە و قسەم بەبەردا هێنا و وتم، "هیچم نییە بەلای تۆوە بایەخی هەبێت. ئەگەر هەر دەتەوێت بزانیت، ئەوا پێت ڕادەگەیەنم کە منیش قەرزارم، منیش پارەم قەرز کردووە. زۆریش حەز دەکەم قەرزەکانم بدەمەوە. بیرۆکەیەکی شێتانەی سەرسووڕهێنەرانە کەوتووەتە سەرمەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەر لێرە و لەم قومارەدا براوە دەبم. بۆچی؟ خۆیشم نازانم! هێندە دەزانم کە براوە دەبم. کێ دەزانێت! ڕەنگە ئەم ئومێدەیش لە ناخمدا بۆیە جێگیر بووبێت، چونکە چارەیەکی ترم نییە. قوماریش دوایین بەختی منە، کە پشتی پێ ببەستم."

لەسەری ڕۆیشتم، "یان لەبەر ئەوەیە، کە پێویستە بە هەرنرخێک بێت، براوە بم. هەر وەکوو ئەو خنکاوەی نێو دەریام لێ هاتووە، کە لە کاتی خنکاندنیدا پەلاماری چڵەپووشێک دەدات. بۆچی تۆ پێت وایە خنکاوەکە ئەو چڵە پووشە بەقەدی درەخت دەزانێت؟"

پاولینیش بەسەرسووڕمانەوە لێی پرسیم، "چۆن؟ بۆچی تۆیش بردنەوەت بە خەیاڵدا نەهاتبوو؟ خۆ پانزە ڕۆژ لەمەوپێش بە جۆرێک لە بردنەوەی خۆت دەدوایت و زۆریش بڕوات بە خۆت بوو، کە لەو قوماری ڕۆلێتەدا، براوە دەبیت. تکای ئەوەیشت لێم کرد، کە وەکوو شێتێک لێت نەڕوانم. کە وا بوو، ئەوانەی پێت وتبووم، تەنیا گاڵتە بوو؟ بەڵام خۆ من هێشتا لەبیرم ماوە کە هێندە سوور بوویت لەسەر قسەکانت، مەحاڵ بوو بە گاڵتەت بووبێت."

منیش دوای بیرکردنەوە وتم، "ئەوە ڕاستە. ئێستایش لەو بڕوایەدام هەر دەبێت براوە بم. بڕوایش ناکەم بەرەو

ئەوەم ببەیت، کە لە خۆم بپرسم ئاخۆ بۆچی ئەو دۆڕاندنە گێلانەیەیش تۆزقاڵێک کاری تێ نەکردم و گومانی نەخستە ئەو بڕوا تۆکمەیەمەوە؟ ئێستا بێگومانم لەوەی گەر قومار بۆ خۆم و بە پارەی خۆم بکەم، براوە دەبم."

ئەویش پرسیی، "ئاخر بۆ ئەم هەموو بڕوایەت بە خۆت هەیە؟"

منیش وتم، "لە ڕاستیدا خۆیشم نازانم بۆچی! بەڵام ئەوەندە دەزانم، کە هەر دەبێت ببیەمەوە! تەنیا ئەو بردنەوەیەیش من ڕزگار دەکات. ڕەنگە هەر ئەمەیش منی خستبێتە سەر ئەو بڕوایەی کە هەر دەبێت لەو قومارەدا براوە بم."

ئەویش هەڵی دایە، "جا کە وا بوو، بە هەرنرخێک بێت، بەم بڕوا تۆکمەیەیشەوە پێویستە لەم قومارەدا براوە بیت."

منیش وتم، "گرەو دەکەم لەسەر ئەوەی هێشتا بەگومانیت لەوەی من فرە پێویستم بە پارە بێت، وا نییە؟"

پاولینیش لەسەرخۆ وتی، "ئەمەی دەیڵێیت، بەلای منەوە بایەخێکی نییە. بەڵام لەبەر ئەوەی پرسیارت لێم کرد، دەڵێم، بەڵێ، گومانم هەیە، لەوە بەگومانم کە لە ژیانتدا شتێک هەبێت خەمی فرەی لێ بخۆیت! ڕەنگە بڕێک بێزار بیت، بەڵام هیچکات هێندە مەترسیدار نابێت. تۆ کەسێکی شپرزەیت و ناجێگیر، چ پێویستییەکت بە پارەیە؟ هەموو ئەوانەیشی ئەو ڕۆژە بۆت گێڕامەوە، بایەخێکی ئەوتۆیان نەبوو."

منیش قسەکەم پێ بڕی، "هەر بەم بۆنەیەوە وتت، کە زۆرت پێویست بە پارەیە، تا قەرزەکانت بدەیەوە. پێم وایە ئەو قەرزەی لەسەرتە، بڕێکی زۆرە."

ئەویش وتی، "چییە! ئەمڕۆ لێمان بوویتە سوارچاک! بڵێی سەرخۆش نەبیت؟"

منیش وەڵامم دایەوە، "خۆت دەزانیت قسەم لەڕووە و هەموو شتێک دەڵێم. زۆر جارانیش پرسیاری ڕاستەوخۆ دەکەم و کۆیلەی خۆتم. کەسیش شەرم لە کۆیلەی خۆی ناکات و ڕقیشی لە کۆیلەی خۆی نابێتەوە."

پاولینیش وتی، "ئەم قسە قۆڕانە چین! من بەرگەی ئەم تیۆریی کۆیلایەتییە ناگرم، کە تۆ باسی لێوە دەکەیت!"

منیش پێم وت، "بڕوانە! من بۆ ئەوە لە کۆیلایەتییەوە نادوێم، کە حەز بکەم ببمە کۆیلەی تۆ، کە ئەم قسەیەیشم

کرد، چونکە دوور لە ویستی خۆم بوو."
ئەویش پرسیی، "ڕاشکاوانە پێم بڵێ، تۆ چ پێویستییەکت بە پارەیە؟"
منیش لێم پرسی، "باشە ئەی تۆ بۆ دەتەوێت ئەمە بزانیت؟"
ئەویش بە لووتبەرزییەوە سەری با دا و وتی، "تۆ ئازادیت..."
منیش وتم، "بەرگەی تیۆریی کۆیلایەتی ناگریت، بەڵام خەڵکی کۆیلایەتیت بکات، بێ ئەوەی لەسەری بڕۆیت. ئەمە قسەی ئێستای تۆیە. دەی با قسەی تۆ بێت، بۆچی من پێویستم بە پارەیە؟ ئەمە بوو پرسیارەکەت. ئای لەم پرسیارە. ئاخر پارە... هەموو شتێکە..."
ئەویش هەڵی دایە، "تێگەیشتم، بەڵام خۆ ناکرێت مرۆڤ بەم شێوەیەیش شێت و هاری پارە بێت! ئەوەتا تۆ دەبینم وڕێنە بە پارەوە دەکەیت... دیارە شتێک هەیە، ئامانجێکت هەیە. بێ پێچوپەنا قسە بکە، تەنیا ئەوەم لێت دەوێت."
بەڵام ئەو تووڕە بوو. تامەزۆری ئەو پرسیارە تووڕانەی بووم، کە بەتووڕەییەوە لێی دەکردم.
منیش وتم، "گومانی تێدا نییە، کە ئامانجی خۆم هەیە. بەڵام نازانم چۆنت بۆ شی بکەمەوە، کە ئەو ئامانجە چییە. ئەوەی دەیزانم، بە هۆی پارەوە دەبمە پیاوێکی دی، تەنانەت بەلای تۆیشەوە و ئیدی بەکۆیلەیی نامێنمەوە."
پاولینیش وتی، "ئاخر چۆن؟ چۆن دەگەیتە ئەو بڕوایە؟"
منیش پرسیم، "چۆن دەگەمە ئەو بڕوایە؟ تۆ تەنانەت لەوەیش تێناگەیت، کە لە توانامدایە بگەمە ئەوەی ببمە مرۆڤ و وەکوو کۆیلە سەیرم نەکەیت! ئەمەیش شتێکە، کە من حەزی پێ ناکەم. من ئەو سەرسووڕمان و سەرسامییەم پێ نامۆیە!"
پاولین وتی، "تۆ پێت دەوتم کۆیلایەتی چێژێکی شیرینت پێ دەبەخشێت و منیش بڕوام پێ کردیت!"
منیش کە هەستم بە چێژێکی نامۆی ناوازە کرد، هاوارم کرد، "جا تۆیش بڕوات بەو قسانەم کرد؟ بە خوا سادەییەکی قەشەنگە! بەڵێ، ئەو کۆیلایەتییەی تۆ منی پێ ژێر ڕکێف دەخەیت و بەلامەوە چێژێکی خۆی هەیە. مرۆ چێژ لە نزمترینی پلەکانی داکشان و ڕسوایەتی وەر دەگرێت!"

هەر بەم شێوەیە هەرزەگۆییم کرد. "کێ دەزانێت؟ ڕەنگە مرۆ دیسان چێژ لەو پیاکێشانەیش ببینێت، کە بە هۆیەوە دەکەوێتە زەوی و پێستی دەگروون... بەڵام ڕەنگە هەست بە چێژیەلێکی تریش بکەم، کەمێک لەمەوپێش میر لەلای تۆدا سەرکۆنەی کردم بۆ خاتری ٧٠٠ ڕۆبڵ، کە ڕەنگە هەر وەریشی نەگرم. مرێکیز دی جریویش بڕۆکانی لێ بڵند کردمەوە و وای پیشان دا کە گوێ بە بوونیشم نادات. لە کاتێکدا ڕەنگە لای خۆمەوە تامەزرۆی ئەوە بووبم، کە لە بەردەم تۆدا قورقوڕاگەی بگرم."

ئەویش هەڵی دایە، "ئەمانە قسەی منالانێکی هەڵەشەن! لە هەموو بارێکدا، مرۆڤ دەتوانێت کارێکی وا بکات، ڕەوشت و کەسێتیی خۆی بپارێزێت. خەباتکردن کەسێتیی مرۆڤ بەرەو هەڵکشان دەبات، نەکوو داکشان."

منیش وتم، "ئەمە قسەگەلێکی بەتوێکڵ و چرواتایە، کە تۆ قسەی پێ دەکەیت! تۆ ئەو گریمانەت بۆ من داناوە، کە حەزم لەوە نییە وەکوو پیاوێکی نانبدە و باش دەر بکەوم. نازانم وا هەڵسوکەوت بکەم، کە ڕەوشتی خۆم بپارێزم. پێت وایە ڕەنگە ئەمە وا بێت. ڕوسەکان هەموویان بەم شێوەیەن، چونکە ڕوسەکان زوو دەگەنە باشترین بەهرەکانی خۆیان. بەڵام دەستەوسانن لەوەی هەر زوو شێوەیەک لەخۆ بگرن، کە گونجاو بێت بۆیان. بەڵام لێرە ڕووکەشیان بەلاوە گرنگە. ئێمەی ڕوس، زوو دەگەینە بەهرە هەرە باشەکانمان. بەڵام پێویستمان بە بلیمەتی هەیە، تا شێوازی شیاوی خۆمان بدۆزینەوە. زۆر جاریش لە بلیمەتیمان کەمە، چونکە بلیمەتییش بە شێوەیەکی گشتی فرە ناوازە و کەمە. ڕووکەش بەلای فەرەنسی و ڕەنگە ئەورووپییەکانیشەوە، دەگاتە لووتکە، گەر ئەو کەسە بتوانێت بە بەخشندە و بدەیی خۆی پیشان بدات، با دوورترین کەسیش بێت لە سیفەتی بەخشندە و بدەییەوە، هەر ئەمەیشە ڕووکەشی بەم شێوەیە لایان باخدار کردووە و ئەم گرنگییە فرەیەی پێ دەدەن."

"پێدەچێت فەرەنسییەکان بەرگەی هەر سووکایەتییەک بگرن و تەنانەت بڕۆی تووڕەبوونیشیان یەک نەهێننەوە بۆی. با سووکایەتییەکەیش قووڵ و ڕاستیش بێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناتوانن بەرگەی ئەوە بگرن، کە پەنجە بۆ لووتیان ببرێت، چونکە ئەوە پێچەوانەی دابونەریتی باوە، کە

دەبینین فەرەنسییەکان بەخت یاوەریانە و کچانمان وەدەست دەخەن و لەو کارەدا سەرکەوتوون. ڕەنگە شێوە قەشەنگە دەرەکییەکەیشیان بە هۆی ڕووکەشییانەوە بێت.

"بەڵام من لای خۆمەوە، وای نا بینم و وەک کەڵەشێرێکی وڵات دەیانبینم! هەرچەند ئەوەیش نیم، کە بەجوانی لەمە گەیشتبم، چونکە خۆ من کچ نیم. ڕەنگە کەڵەشێرانیش شتی باشیان هەبێت و من پێم نەزانیبێت، بەڵام ئەوەتا، من قسەی هەڵیتوپەڵیت دەکەم و تۆیش بێدەنگم ناکەیت، کاتێک قسەت بۆ دەکەم، حەز دەکەم هەرچییەک لە مێشکمدایە، پێتی بڵێم. هەمووی... هەر هەمووی. بۆیە سنووری قسەکردنیش دەبەزێنم. دان بەوەیشدا دەنێم، نەک هەر سنووری قسەکردن دەبەزێنم، بەڵکوو شێوازی گفتوگۆیش. ئەوەیشت لێ ناشارمەوە، کە هیچ سیفەتێکی گفتوگۆیشم تێدا نییە. هەموو شتەکان لە دەروونمدا بەستوویەتی. خۆیشت هۆیەکەی دەزانیت. بیرۆکەیەک چییە، لە هزرمدا نەماوە. بەگشتی لە مێژە ئاگام لە دەوروبەر و جیهان نەماوە، بەتایبەتی لە ڕوسیایش بێئاگام.

"بۆ نموونە، چوومە شاری دریسدن و ئەوەم بیر چووبووەوە، کە ئەو شارە لە چی دەچێت؟ بۆخۆیشت دەزانیت نوقمی چی بووم... ئەگەر ئومێدبڕاو بووم، گەر بەلای تۆوە هیچ بووم، ئەوەتا، ڕاستەوڕاست دەدوێم و دەڵێم، لە تۆ زیاتر کەسی دی نابینم. بێ لە تۆ، شتەکانی دی بەلامەوە وەکوو یەکن.

"بۆچی خۆشم دەوێیت؟ چۆن خۆشم دەوێیت؟ خۆیشم نازانم! ڕەنگە هیچیشت لە جوانی تێدا نەبێت! ئاخۆ ئەوە دەزانیت، تاکوو ئێستایش نازانم ئاخۆ جوانیت یان نا؟ تەنانەت لە ڕوخساریشتدا! بەڵام دەزانم دڵت خراپە، بەڵام بیرو هزرت، ڕەنگە لە باڵایی و مەردایەتییەوە دوور بێت! ڕەنگە لەبەر ئەوەی بڕوات بە مەردایەتی و وەجاخزادەیی من نەبێت، بۆیە پەنا بۆ پارە و سامان دەبەیت، تا منی پێ بکڕیت... وا نا؟ هەموو ئومێدێکیشت بەم کڕینەیە."

منیش هەڵم دایە، "شتەکە بەم شێوەیەیش نییە. خۆ من پێم وتیت کە ناتوانم بەجوانی ئەمەت بۆ شی بکەمەوە. تۆ منت بە شکاندن تێک شکاندووە. لە چەنەبازییەکەم تووڕە مەبە. خۆ لەوە تێدەگەیت، کە نابێت لێم زیز ببیت.

من شێتم و ئەمە هەموو شتەکەیە. ئەمە بۆ خۆم شتێک نییە. ئەگەر توانیت، لێیشم زیز ببە. هێندەم بەسە کە لە ژووره بچکۆلەکەی خۆمدام و لە نهۆمی سەرەوەم. بیری ئەوەم ببێت، کە هەر گوێم لە خشەی بەرگەکانی بەرت بوو، ئامادەی کرۆشتنی پەنجەکانی خۆم بم.

"ئاخر بۆچی لێم زیز دەبیت؟ هەر لەبەر ئەوەی بۆم ئاشکرا کردوویت کە دەتپەرستم؟ بە ئارەزووی خۆت سوود لەو کۆیلایەتییەم ببینە. سوودی لێ ببینە! ئاخۆ ئەوە دەزانیت، ڕۆژێک دێت کە بتکوژم؟ نە لەبەر ئەوەی غیرەت لێ دەکەم، نە لەبەر ئەوەیش کە دەستم لە خۆشەویستیت شتووە! نەخێر. تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەی هەندێ ڕۆژ، پڕ بە دڵ حەز دەکەم بتخۆم... چییە، دەڵێی پێم پێدەکەنیت؟"

ئەویش بە تووڕەیییەوە وتی، "پێناکەنم، بەڵکوو فەرمانت پێ دەکەم دەمت دابخەیت."

بێدەنگ بووەوە، بەڵام فرە تووڕە بوو. بەو خوایە ئێستایش نەمزانی ئاخۆ جوانە یان نا، بەڵام ئەوەم دەزانی، کە زۆر ئارەزوومە لەو جۆرە هەڵوێستانەیدا هەر لێی بڕوانم. بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدەم تووڕەی بکەم. ڕەنگە خۆیشی هەستی پێ کردبێت. بۆیە بەئەنقەست خۆی تووڕە دەکرد.

بەبێزارییەوە هاواری کرد، "ئای لەم بێوڵەتییە!"

منیش لەسەری ڕۆیشتم، "بۆ من وەکوو یەکە... ئەوەیش بزانە، گەشت و پیاسەکردنت لەگەڵ من، مەترسیدارە. جاری وا هەیە ئارەزوو بە شێوەیەکی وا دام دەگرێت، کە خۆم بۆ ڕکێف نەکرێت و لەوەیە لێت بدەم و ڕوخسارت بشێوێنم. یان هەر بە خنکاندن، بتخنکێنم. پێت وایە هێشتا تووڕەییم نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیە؟ تۆ ڕقم هەڵدەستێنیت. یان پێت وایە لە ئابڕووچوونی خۆم دەترسم؟ یان پێت وایە لە لاقرتێپێکردنت دەترسم؟ لاقرتێکردنەکەیشت بە هیچ دەزانم! بێئومێدانە خوشم دەوێیت، ئەوەیش دەزانم خۆشەویستییەکەم هەزار هێندە دەبێتەوە، ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان تۆم کوشت، ئەو کات دەبێت خۆیشم بکوژم. بەڵام هێندەی بۆم بکرێت، کوشتنەکەی خۆم دوا دەخەم. تاکوو دابڕانت تووشی خەمێکم بکات، کە بەرگە نەگیرێت! ئاخۆ تۆ بڕوا بەوە دەکەیت، کە ئەمەم لە خۆیدا جێی بڕواپێکردن نییە؟ هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژەکەی پێش خۆی زیاترم خۆش

دەوێیت! کە ئەمە لەخۆیدا مەحاڵە! دوای ئەمانە، دەشتەوێت بڕوام بە چارەنووس نەبێت؟ ئەوەت لەبیر بێت، کە پێری و ئەو دەمەی بەسەر شاخی شلانگنبێرگەرەوە بووین، بە دەنگێکی فرە نزم پێم وتیت، 'تەنیا بە یەک وشە فەرمانم پێ بدە و خێرا خۆم فڕێ دەدەمە خوارەوە.' کە وا بوو هەر ئەو ڕۆژە ئەو وشەیەت بوتایە، بێگومان خۆم فڕێ دەدایە خوارەوە. ئێستا بڕوام پێ دەکەیت، وا نا؟"

ئەویش قیژاندی، "ئەمەی تۆ دەیڵێیت، فرەوێژییەکی هەڵیتو پەڵیتە!"

منیش وتم، "قسەکانم گێلانە بێت یان نا، هیچ جیاوازییەکی نییە! من لەوە گەیشتووم کە ئەو دەمانەی لەگەڵ تۆ دەبم، پێویستم بەوەیە بڵێم و بڵێم و بڵێم... دەکەومە وتن. کە لەتەک تۆدا دەبم، خۆویستیم دەتۆڕێ! ئەمەیشم بەلاوە گرنگ نییە."

ئەویش بە دەنگێکی گڕ و لاقرتێوە وتی، "ئاخر بۆ دەبێت ناچاری خۆخستنەخوارەوەت بکەم لە شاخی شلانگنبیگەرەوە؟ خۆ ئەو کارە سوودێکی نییە!"

منیش هاوارم کرد، "قەشەنگە! ئەوەتا، هەر بۆ سووکایەتیکردنت بە من، ئەو شرۆڤەیەی سوودێکی نییەت بەکار هێنا. بەوە خۆت دەر خست، دەڵێیت سوودێکی نییە. بەڵام هەمیشە چێژبردن لەخۆیدا سوودە! دەستڕۆیشتوویی بێسنووریش، جۆرە چێژێکی ترە. با دەستڕۆیشتنەکەیشت بەسەر مێشێکیشدا بێت، مرۆڤ بە سروشتی خۆی ستەمکارە و حەزی بە ئازاردانە. تۆیش ئەمەت لە هەموو شتێکی تر پێ خۆشترە."

هێشتایش بیرم ماوە کە چۆن دەیڕوانی پێمدا. بێگومان کە لە ڕوخسارمدا هەست بە هەستگەلێکی سەیر و ئەو ڕسوایەتییە دەکرا، کە ئەو دەمە هەستم پێ کردبوو. ئێستایش بیرم ماوە، گفتوگۆکەمان هەر ئەو جۆرە قسانە بوو، کە ئێستا لێرەدا دەیگێڕمەوە. چاوانم سوور بووبوون، لێوانیشم کەفی چەراندبوو، بەڵام ئەو چیرۆکەی کێوی شلانگنبێرگە ڕاستە و بە شەرەفم، ئێستایشی لەگەڵ بێت، تەنیا فەرمانی بدایە، خۆم فڕێ دەدایە خوارەوە! تەنانەت گەر بەگاڵتەوە و بەلاقرتێیشەوە و بە دەمیشیەوە تفی لێ بکردمایە، هەر خۆم فڕێ دەدایە خوارەوە.

پاولینیش وتی، "نا! بۆ دەبێت بڕوات پێ بکەم؟"

بە شێوازێک ئەمەی وت، کە هەر خۆی دەزانێت پێی بدوێت. بە شێوازێک بوو، کەیلی ڕق و مەکربازی و لووتبەرزی بوو و هاندەر بوو بەوەی هەر لەو ساتەدا بیکوژم! هەر بە ڕاستییش خۆی خستە هەڵوێستێکی لەو جۆرەوە! بەڵام منیش کە ئەوەم پێ وتبوو، خۆ درۆم لەگەڵ نەکردبوو.

لەناکاو پرسیی، "جا ترسنۆک نەبوویت و نەدەترسایت؟"

منیش وتم، "خۆیشم نازانم، لەمێژ بوو ئەمەم لە خۆم نەپرسیبوو، بەڵام ڕەنگە هەر وایش بووبێت و ترسابێتم!"

پاولینیش پرسیی، "وای دابنێ پێم وتیت ئەو پیاوە بکوژە. ئاخۆ دەیکوژیت؟"

منیش پرسیم، "ئەو کەسە کێیە، کە دەتەوێت بکوژرێت؟"

ئەویش وتی، "هەرکەسێک کە خۆم بمەوێت."

منیش پرسیمەوە، "فەرەنسییەکە؟"

پاولین وتی، "تۆیش پرسیار مەکە و وەڵامی من بدەوە. هەرکەسێکم ویست، بۆم دەکوژیت؟ دەمەوێت بزانم سوووریت لەسەر ئەوەی کەمێک لەمەو پێش وتت؟" هێندە پەلە و بەپەرۆش بوو، بۆ وەڵامەکەی، تووشی سەرسامیی کردم!

منیش هاوارم کرد، "تۆیش پێم ناڵێیت هەر ئێستا لێرە چی ڕوو دەدات؟ ئاخۆ لێم دەترسیت؟ من هەموو ئاڵۆزییەکان لەنێو گێژەڵووکەکەدا دەبینم. تۆ خزمی پیاوێکی شێتی کاولکەریت. ئەو شێتوهاربوونەی بۆ ئەو شەیتانە تێکی داوە، کە کچە بلانشە. دواتر ئەوە فەرەنسییەکەیشە و هیچ دەسەڵاتێکت بەسەریدا نییە. ئا ئەوەتا، کەمێک لەمەوپێش ئەو پرسیارەت لێ کردم. لانی کەم با شتێک بزانم. ئەگەر نا، هاکا شێت بووم و کارێکی هەڵەشەی وام کرد، کە خۆیشم نەزانم چۆن دەکەوێتەوە! یان شەرم دەکەیت ڕاستگۆیانە پێم بڵێیت؟ بەڵام نابێت لە ڕووی مندا شەرم بتگرێت."

ئەویش وتی، "هەرگیز لەو بارەیەوە قسەت بۆ ناکەم. من پرسیارێکم لێ کردیت و چاوەڕوانی وەڵامەکەیم."

منیش پێیدا تەقیمەوە و وتم، "بێگومان، کێت بوێت بۆت دەکوژم، هەرچەند ڕێی تێ دەچێت فەرمانی کاری لەم جۆرەم بەسەردا بدەیت، بەڵام ئاخۆ کەسەکە شیاوی کوشتنە؟"

ئەویش وتی، "چاوەڕواننەکراوە، بە هەرحاڵ، ئەمە دەکەم بە ماڵ بەسەرتەوە، بەڵام فەرمان دەکەم بەسەرتدا و خۆم بەدوور دەگرم. ئاخۆ دەتوانیت بەرگەی ئەوە بگریت؟ من

پێم وا نییە، چونکە تۆ ئەوە نیت! دەگەڕێیتەوە سەر خۆم و دەمکوژیت. چونکە پڕکێشیم کردووە و تۆم ناردووە ئەو تاوانە بکەیت."

وام هەست کرد، بەو قسانەی، زللەیەکی لێ داوم. بێگومان تا ئەو کاتە قسەکانی ئەو بەلامەوە نیوەی بە حولحولیم دادەنا و نیوەکەی تریشی بە قسەی بەزۆراندراو. بەڵام ئەم جارەیان زۆر بەجیددی قسەی دەکرد و بەو جۆرە قسەکردنەی سەرسامی کردم! پێی لەسەر ئەوە داگرت، کە مافی خۆیەتی وا بخورێت بەسەرمدا. دانی بەوەیشدا نا، کە ئەو دەسەڵاتەی بەسەر مندا هەیە.

بێ پێچوپەنا وتی، "تۆ ماندوو دەبیت و منیش دووربەدوور لێت دەڕوانم."

لەو قسانەدا سەرەڕۆیی و ڕاستگۆییەکی ئەوتۆی تێدا بوو، کە لە سنووری خۆی چووبووە دەرەوە. دوای ئەوەی فەرمانەکەی خۆی تێدەپەڕێنێت، ئاخۆ دەبێت چۆن ببینم پەنجەم لەگەڵ نەرم بکات؟ ئەمە سنووری نزمبوونەوەی کۆیلایەتی تێدەپەڕێنێت. ئەم شێوازی ڕوانینە بۆ شتەکان، بەرەو ئاستی خۆی هەڵکشانم بۆ دەکات. هەرچەند قسەکانی نێوانیشمان بێمانا و ئاستنزم بێت، کە بڕوا نەکرێت. وا هەستم کرد کە خەریکە دڵم دابکەوێت. لەناکاو دایە قاقای پێکەنین. لەسەر کورسییەکی درێژ و بەرامبەر مناڵانی سەرقاڵی یارکردن دانیشت، کە هەر ڕێک بەرامبەر شوێنی وەستانی گالیسکەکان بوو و ئەو شوێنەی سەرنشینەکانیان تێیدا دادەبەزین و بە کۆڵانەکەدا دەهاتن و خۆیان دەکرد بەم گازینۆیەدا.

لەناکاو هاواری کرد، "ئەو ژنە بارۆنە کەتەیە دەبینیت؟"

"ئەوە بارۆنە ڤۆرمۆ هلمە. ئەوە سێ ڕۆژە لێرەیە. سەیری مێردەکەی بکە. ئەو پرووسییە باریکەلە سەرڕووتاوەیەی کە گاڵۆکەکەی بە دەستەوەیە. بیرتە پێری چۆن پێیاندا هەڵدەڕوانین؟ بارۆنەکە حەقی خۆی بوو. خۆتی پیشان بدە و بەفەرەنسی بڕێ قسەی بۆ بکە."

"بۆچی؟"

"تۆ سوێندت بۆ خواردم کە گەر فەرمانت پێ بدەم، خۆت لەسەر شاخی شلانگنبێرگەرەوە فڕێ دەدەیتە خوارەوە. کە وا بوو، وا من ئەم فەرمانەت بۆ دەر دەکەم، تۆیش ئەمڕۆ

سوێندت بۆ خواردم کە ئامادەی کوشتنی هەرکەسێکیت، گەر من فەرمانت پێ بدەم. لەبریی ئەو تاوانە کارەساتبارە، دەمەوێت ئەمڕۆ کەمێک ڕاببوێرم. دەمەوێت بارۆنە پیاوەکەی بەتەکیەوەیە، بە گالۆکەکەی دەستی بڕێک لێت بدات."

منیش وتم، "چییە؟ ڕووبەڕووم دەبیتەوە؟ بۆچی پێت وایە ئەوە ناکەم کە فەرمانت پێ داوم؟"

پاولینیش وتی، "بەڵێ، ڕووبەڕووت دەبمەوە. بڕۆ لای ئەو ژنە و ئەمە ویستی منە."

منیش وتم، "زۆر باشە، وا دەڕۆم. بەڵام ئەمەی تۆ سەرکێشییەکی فرە نامۆیە. پێویستە ئەمە فڕوفێڵێک بۆ ژەنەراڵ نەهێنێتە بوون. بڕێک فێڵبازییش بۆ تۆ فەراهەم نەکات. سوێند دەخۆم، من ترسی خۆمم نییە، بەڵکوو ترسی تۆ و... ترسی ژەنەراڵمە. ئەمە چ بیرۆکەیەکی نامۆیە کە من بڕۆم و سووکایەتی بە ژنێک بکەم!"

ئەویش بەتوندی وتی، "کە وا بوو، لە چەنەبازێک زیاتر، وەکوو دەیبینم، هیچی دی نەبوویت. کەمێک پێش ئێستا و لە کاتی نانخواردندا، تەنیا چاوانت سوور هەڵگەڕابوو، کە ڕەنگە بە هۆی فرەخواردنەوە و بەدمەستیتەوە بووبێت. خۆیشم دەزانم ئەوەی من لێت داوا دەکەم بیکەیت، شتێکی هیچە و ڕیسوایەتییە، ژەنەراڵیشی پێ تووڕە دەبێت. بەڵام خۆم دەمەوێت کەمێک ڕاببوێرم. ئەمە هەموو شتەکەیە. تۆیش پێویستت بە سووکایەتیکردن نییە بە ژنێک. ڕەنگە پێش ئەوەی بەو کارە هەڵبستیت، بشڵەژێیت."

بێ ئەوەی هیچ بڵێم هەستام تا کارەکە بەجێ بێنم. دیار بوو ئەوە کارێکی هیچ بوو، نەیشمدەتوانی خۆمی لێ بدزمەوە، بەڵام بیرمە کاتێک لە ژنە بارۆنەکەوە نزیک دەبوومەوە، دەروونم وا تاوی سەندبوو، کە حەز بە کارێکی قێزەونی سەرکێشانە بکەم! دواتر هێندە هەژابووم، وەکوو سەرخۆشم لێ هاتبوو.

# بەشی شەشەم

ئەمەی ڕووی دا، دوو ڕۆژ لەمەوپێش بوو. ئای کە ڕۆژێکی گێلانە بوو! ئای کە دەنگی تێدا بەرز کرایەوە! کە ژاوەژاوی تێدا بوو! کە شوێنکەوتن و لاقرتێی تێ کەوت! تەنیا خۆیشم هۆی ئەو شڵەژان و ژاوەژاوە بووم، کە لانی کەم بەلای خۆمەوە کارەکە گاڵتەجاڕ و پێکەنینهێن بوو. خۆیشم نازانم چیم بەسەر هاتووە؟ بڵێی لە بارێکی پەرۆشی و هەستیاریدا بم؟ یان مرۆڤێکی لەڕێدەرچووم؟

هەندێک جار وا بە خەیاڵمدا دەهات، کە بەرەو شێتبوون دەچم. بڕێ جاریش وا بۆی دەچووم، کە قۆناغی منالّیی خۆمم تێنەپەڕاندووە! ئەو دەمەی هەر هێندە بوو، تا لە خوێندنگە دەچوومە دەرەوە. ئیدی دەکەوتمە کاری توندوتیژیی منالانە.

هەڵەکە هەڵەی پاولین بوو، هەموو تاوانەکانیش لە ئەستۆی ئەوە. ڕەنگە ئەگەر ئەوم نەدیبایە، ئەو کارە منالانەیەم نەکردبایە. بە هەرحاڵ، کێ چووزانێت چۆن دەکەوتەوە؟ ڕەنگە لە پرزەبڕاویی خۆم ئەوانەم کردبێت، (ڕەنگیشە ئەم جۆرە پاساوە، بۆ ئەو کارە خراپانە، گێلانەیش بێت).

خۆیشم تێنەگەیشتم... لەوە تێنەگەیشتم ئەو کچە چ تایبەتمەندییەکی هەبوو! ڕەنگە لانی کەم پێم وا بووبێت کچێکی جوان بوو. منیش تەنیا کەسی شێت و هاری ئەو نەبووم. بالاڕێک، ڕوخسار قەشەنگ و جوان، بەڵام فرە باریکەلە بوو. بە چەشنێک، کە پێم وا بوو مرۆڤ لە توانایدایە بالاکەی گرێ بدات! یان چوارقەدی بکات. قژەکەی بەسەر سووردا دەیڕوانی، چاوەکانیشی هەر لە چاوانی پشیلە دەچوو. ئای کە بەخێرایی ئەو چاوانەی ئەو، لووتبەرزی و سەرکێشییان

لەخۆ دەگرت!

چوار مانگێک بوو کارم بۆ دەکردن و تازە بووم لایان، کە ئێوارەیەکیان لەنێوان ئەم کچە و دی جریودا و لە هۆڵەکەدا دەمەبۆڵە دروست بوو و زۆر بە هەڵچوون و گەرمییەوە دەدوان. پاولین فرە بەقووڵی لێی دەڕوانی، بەتایبەتی ئەو دەمەی من چوومە سەرەوە، تاکوو لێی بخەوم و وا بە بیرمدا هات، ڕەنگە زللەیەکیشی لێ بدات! ئاخر تازەبەتازە زللەیەکی لێ دابوو. ئێستایش ئەو لەبەرامبەری وەستاوە و لێی دەڕوانێت. هەر بۆ ئێوارەی ئەو ڕۆژە، منیش کەوتمە داوی عەشقیەوە.

با بگەڕێینەوە سەر ئەوەی ڕووی دابوو...

بە دەربەندێکی بچووکدا ڕۆیشتم، کە دەچوووەوە سەر ڕێگەکە. لە ناوەڕاستیدا وەستام و چاوەڕوانی بارۆن* و خاتوونی بارۆنی هاوسەریم کرد. هەر کە پێنج هەنگاوێکیان مابوو بۆ لای من، ڕووبەڕوویان وەستام و سڵاوم لێ کردن. بیرمە خاتوونی بارۆن بەرگێکی ئاوریشمیی خۆڵەمێشیی هێندە پان و دەڵبی پۆشیبوو، کە هێڵی چنراوی مووی تێدا بوو و بەلای بینەریەوە سەیر بوو! کورتەبنەیەکی فرە قەڵەو بوو. لاجانگێکی لۆچ و ڕوخسارێکی سوورباوی چاوبچووکی پۆخڵی نالەبارانەی بوو.

پیاوەکەیشی کەڵەگەتێکی وشکی زبر و دەموچاو ورد. چاویلکەی لەسەر لووت نابوو و وەکوو باوی نێو ئەڵمانییەکان، هەر وا ٤٥ساڵێک تەمەنی بوو. لاقەکانی هێندە درێژ بوون، کە خەریک بوون ڕاستەخۆ لە سنگیەوە دەر بچن! وەکوو تاوس لووتبەرز و بەخۆناز بوو. قورس و کەمێکیش لە مەڕ دەچوو، ئەگەر گوێ بە لەوچوو و لێچوونی واتا بدەین. ئەمانەیشم لە چەند چرکەیەکدا هەست پێ کرد.

یەکەم جار هێندە گوێیان بە سڵاوەکە و کڵاوبەسنگەوەگرتنەکەی من نەدا. بارۆن برۆکانی کەمێک یەک هێنایەوە، بەڵام بارۆنە خان هەنگاوی بەرەو من نا و نازدارانە دەڕۆیشت بەڕێوە.

منیش بۆی داموکامەوە و بە دەنگێکی بڵند پێم وت،

---

* بارۆن: نازناوێکی ئینگلیزەکانە و بە خانەدانەکان دەبەخشرێت. هەمیشە ئەم نازناوە دەکەوێتە پێش ناوی خاوەنەکەیەوە.

"خاتوونەکەم! بارۆن خان! سەربەرزییە بۆ من کۆیلەییت* بکەم." ئەمجا کڵاوەکەم لەسەر نایەوە و چووم بەلای بارۆنی مێردیەوە. بزەیەکی ناسکی پڕ لە سۆزم بۆ ئەویش کرد.

پاولین فەرمانی پێ دابووم خۆمیان پیشان بدەم، بەڵام خۆبەکەمگرتن و ڕەفتارە منالانەکەم لەخۆمەوە بوو. خوا خۆی نەبێت، کەس نەیدەزانی ئەمەم بۆچی کرد؟ هەر وەکوو لە کێوێکەوە بەرم بدەنەوە وا بوو. خاڵە بارۆن لای کردەوە و وا بانگی کرد، یان ڕوونتر بڵێم، وا لووراندی، "هۆو...!

هەر وشک بووم و لام کردەوە و چاوەڕوانی ئەوە بووم کە ڕوو دەدات. سەرومڕیش بووم لەسەر ڕوانینێکی بەبزەوە. پێوەی دیار بوو کە حەپەساو و بێزارە. چەند کەسێکی ڕەوتەنیی سەر ڕێگەکەیش کەوتنە چاودێریکردنمان و بڕێکیان وەستان تا لێمان بڕوانن. جارێکی دی خاڵە بارۆن بە تووڕەیی و دەنگی بەرزترەوە لووراندیەوە، "هۆو...!"

منیش چاوم بڕیبووە چاوانی و بەدوایدا وتم، "یا ڤۆول**..."

ئەویش گاڵۆکەکەی لێ ڕاوەشاندم و وتی، "ئەرێ ئەوە شێت بوویت***؟"

ڕەنگە بەرگەکانی بەرم وای لێ کردبێت بەو شێوەیە بلەرزێت، چونکە منیش لە خانەدانەکان دەچووم، بە هەموو توانای خۆمەوە قیژاندم، "یا ڤۆول!"

هەر وەکوو بەرلینییەکان، واوەکەیم فرە درێژ کردەوە.

بارۆن و خاتوو بارۆن پێکەوە بەلای مندا ئاوڕیان دایەوە، هەر بەڕاکردن دوور کەوتنەوە و فرەیش ترسان. ڕەوتەنییەکانیش کەوتنە چرپەچرپ! بڕێکیشیان بەسەرسامییەوە لە منیان ڕوانی! بە هەرحاڵ هەڵوێستەکەم باش بیر نەماوە. لەسەرخۆ بەرەو دواوە و لای پاولین ئەلکسەندرۆڤنا گەڕامەوە، بەڵام نزیکەی ١٠٠ مەترێکم مابوو بۆ کورسییەکەی. ئەوم بینی لەگەڵ مناڵەکاندا بەرەو ئوتێلەکە

---

* ئەم ڕستەیە، بارۆن خان سەربەرزییە بۆ من کۆیلەییت بکەم، شێوە ئەڵمانییەکەیەتی، خۆیشمان دەڵێین نۆکەرتم!

** یا ڤۆول: زاراوەیەکی ئەڵمانییە و واتا بێگومان بەڵێ.

*** ئەرێ ئەوە شێت بوویت؟ بە شێوە ئەڵمانییەکەیش هەر ئەم ڕستەیە دەوترێت.

بـووەوە.

لـە بـەردەم پلیکانـەی ئوتێلەکـەدا پێی گەیشـتم و پێم وت، "ئـەوە ئـەو فەرمانـە پرووپووچەیشـتم جێبەجـێ کـرد."

ئەویش وتی، "لە ئێستایش بەدواوە، کار بۆ خۆت بکە."

ئیدی بـێ ئـەوەی ئاوڕیـش بداتـەوە، بـە پلیکانەکانـدا سـەر کـەوت. تـا درەنگانـی ئـەو شـەوە، مـن لـە باخەکـەدا هاتوچـۆم کرد. ئەمجا باخەکەم تێپەڕاند و گەیشتمە یەکێک لە گوندەکان. لەگـەڵ چەنـد جووتیارێکـدا نـان و هێلکـە و مەیـم خـوارد و خواردەوە. ئـەم چیرۆکـە شـاعیرانەیە تالیـر و نیوێـک لەسـەرم کـەوت.

سـەعات ١١ی شـەوی ڕۆژی دواتـر گەڕامـەوە. هـەر کـە گەیشـتمەوە، ژەنـەراڵ بانگـی لای خـۆی کـردم.

هاوڕێیانـم دوو شـوقەیان لـە ئوتێلەکـەدا بەکـرێ گرتـووە. کـە دەکاتـە چـوار ژوور. ژووری یەکەمیـان هۆڵێکـی پانوپـۆڕ بوو و بە پیانۆیـەک ڕازاندوویەتیـەوە، ئەو هۆڵـەش دەچووەوە سەر ژوورێکی پانوپۆڕی دی و نووسینگەکەی ژەنـەراڵ. هـەر لـەم ژوورەیانـدا ژەنـەراڵ جۆرێکـی فـرە مـەزن و لووتبەرزانـە وەسـتابوو و چاوەڕوانـی دەکـردم. دی جریویـش سسـت و خاووخلیچکانـە لـە دیوەخـان لێـی ڕاکشـابوو.

ژەنـەڕاڵ دەسـتی پـێ کـرد، "ڕێـم پـێ دەدەیـت، تـا لێـت بپرسـم چیت کردووە؟"

منیش وەڵامـم دایـەوە، "پێـم خۆشـە، ئـەی ژەنەڕاڵی بەڕێز، ڕاسـتەوخۆ بچیتـە بابەتەکـەوە. ڕەنگـە لـەو بارەیـەوە کـە مـن کەمێـک لەمەوپێـش گەیشـتم بـە ئەڵمانییـەک، قسـەم لەگـەڵ بکەیـت."

ئەویش پرسیی، "ئەڵمانییەک؟"

"ئەو ئەڵمانییە، قوربان... بارۆن ڤۆرمەر هلم بوو."

"ئـەو کەسـایەتییەکی مەزنـی ناسـراوە. تـۆ فـرە توندوتیـژ بوویـت بەرامبـەر ئـەو و خاتوونـی بارۆنـی هاوسـەری."

منیش هەڵم دایە، "هەرگیز!"

دیسـان ژەنـەڕاڵ هـاواری کـرد، "بەڕێـز... تـۆ ئەوانـت تۆقانـدووە!"

منیـش وتـم، "مـن هەرگیـز ئەوانـم نەتۆقانـدووە. ئـەو دەمـەی لـە بەرلیـن بـووم، هەمیشـە زاراوەی یـا ڤۆولـم لـە باسوخواسـەکاندا دەبیست! دوای چەند وشـە، ئەم زاراوەیەیان

دەوتـەوە! فرە نەخوازراوانەیـش درێژدادڕییـان دەكـرد. منیـش كە بەرێكـەوت بارۆنـم بینـی و لەنـاو دارودرەختەكانـدا، كتوپڕ ئـەو زاراوەیـەم وەبیـر هاتـەوە و خۆیشـم نازانـم بۆچـی؟ ئەمـە منـی بزووانـد... لەسـەرروو ئەمانەیشـەوە، زووتـر سـێ جـاران خاتوونـی بارۆنیشـم بینیبـوو. وا بـەرەو ڕووم دەهـات، وەكـوو ئـەوەی مـن كرمێكـی زەوی بـم و بمخاتـە ژێـر پێڵاوەكانیـەوە و تێكـم بشـكێنێت. خـۆ دەبێـت تۆیـش بـڕوات بـەوە ببێـت، كـە منیـش مرۆڤـم و كەرامەتـی خۆمـم هەیـە."

ئیـدی كڵاوەكـەم لەسـەرم داگـرت و پێـم لەسـەر ئـەوە داگرتـەوە، كـە فـرە بـە ڕەوشـتێكی جوانـەوە پێـم وت، "بـارۆن خـان... سـەربەرزییە بـۆ مـن كۆیلەیەتیـت بكـەم!"

"خاڵە بارۆنیش لای كردەوە و هاواری كرد، 'هۆو!'

"ئیدی منیش فرە وە گیانم خۆش بوو بقیژێنم، 'یاڤۆول.'

"دوو جـار ئـەو زاراوەیـەم وتـەوە... جارێكیـان بەسـادەیی و جارەكـەی دی زۆر درێـژم كـردەوە. ئەمەیـش هەمـوو بابەتەكـە بـوو.

"دان بەوەیشـدا دەنێـم، كـە ئـەو شـیكردنەوەیەی خـۆم - وەكـوو بەدڵبوونـی كەسـێكی ناشاییسـتە - فـرە بـەدڵ بـوو، تامـەزرۆی ئەوەیـش بـووم، كـە ئـەم چیرۆكـە بـە ناجۆرتریـن شـێوەی گونجـاو بهۆنمـەوە، تـا بیریشـم لـێ بكردایـەوە، چێژوەرگرتنیشـم بـەرەو بانتـر دەچـوو.

ژەنەراڵ هاواری كرد، "لەوە دەچێت پێم ڕاببوێریت!"

ڕووی كـردە مرێكیـز و بەفەرەنسـی كەوتـە كۆڵینـەوە لـە بابەتەكـە و وای تێگەیانـد، كـە گومانـی تێدا نەبـووە، كـە گوایا مـن ویسـتوومە كێشـەیەك بنێمـەوە. دی جریـو شـانەكانی هەڵتەكانـد و بزەیەكـی لاقرتێئامێـزی خسـتە سـەر لێـوان.

منیـش هـاوارم كـرد، "بـڕوا بـەو قسـانە مەكـە، هەرگیـز ڕووداوەكـە بـەو شـێوەیە نییـە. ڕاسـتە جووڵانەوەكـەی مـن بێزاركـەر بـوو، ڕاسـتگۆیانە ئەمـە دەڵێـم. شیاویشـە ئەمـە بـە كارێكـی سـووكایەتی بزانرێـت، كـە كارێكـی منالانـە و گێلانەیـە و هیچـی دی. ئەوەیـش بزانـە، ژەنەڕاڵـی بەڕێـز، كـە هەسـت بـە پەشـیمانی دەكـەم، بـەوەی كـە لای منـەوە ڕووی دا. هەرچەنـد لـە بارێكیشـدا بـووم، كـە چـاو لـەو پەشیمانییەیشـم دەپۆشـێت.

"منیـش بـەم دواییانـە و ١٥ ڕۆژێـك، یـان ٣ هەفتـەی بـەر لـە ئێسـتا، وا هەسـت دەكـەم دروسـتیم خراپـە. نەخۆشـم و تونـد

و ناجۆر. زوو هەڵدەچم و داڵغەم زۆرە، تەنانەت لە هەندێک بۆنەدا ڕکێفی خۆیشم لەدەست دەدەم و کارم لەبەر نارِوات. بەڕاستیشمە! بۆ نموونە، چەند جارێک هاتووە بە خەیاڵمدا بۆ مریکیز دی جریو هەڵبستم، بەڵام قسەکردن سوودی نییە، ئاخر میر بەم قسانە هەست بە سووکایەتی دەکات و هەڵدەچێت و تووڕە دەبێت، ئەمانە کۆمەڵە دیاردەیەکی نەخۆشین. ئیدی نازانم ئاخۆ خاتوو بارۆن ڤۆرمەر کاتێک من داوای لێبووردنی لێ بکەم، حیساب بۆ ئەمانە دەکات؟ هەرچەند زیاتر لەوە دەچێت کە شتی وا نەکات. بەڵام من بەنیازم داوای لێبووردنیشی لێ بکەم، بەتایبەتی بەم دواییانە، هێندەی من پێم زانیبێت، لە دنیای دادوەریدا خراپ بەکاری دەهێنن. پارێزەرانیش لە کەیسی کەتنەکاندا پاساوی تاوانی ئەو کەسانەی بەرگرییان لێ دەکەن بۆ بێئاگاییان لەوەی دەیکەن دەگێڕنەوە. ئەمەیش نەخۆشییەکە لە نەخۆشییەکان.

"بۆ نموونە، ئەو پارێزەرانە دەڵێن، دەستی وەشاندووە... بەڵێ! بەڵام ئێستا هیچی لەو بارەیەوە بیر نەماوە. ژەنەڕاڵی بەڕێز، تۆش ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت، کە دروستی و پزیشکانیش پشتگیریی ئەوان دەکەن. ئەو ئەوە دەکات بە هەڵا، کە لەو جۆرە نەخۆشییەیش هەیە. شێتبوونی کاتییش هەیە و بۆ چەند ساتێک وا لە مرۆڤ دەکات هۆشی لای خۆی نامێنێت و نیوەی ئەو کارەساتەی وەبیر دێتەوە، کە خۆی هۆکاری بووە. خاڵە بارۆن و خاتوو بارۆن لە نەوەیەکی کۆنن. سەرباری ئەمەیش، لە خانەدانە برووسییەکانن و لادێیشن. ئەوان تا ئێستایش نەیانزانیوە کە بواری پزیشکی شەرعی و دروستی پەرەگرتنی وای بەخۆوە دیوە، هەر بۆیەش بەم شیکردنەوەیەی من قایل نابن.

"ئەی ئاخۆ بیروڕای ژەنەراڵ لەم بارەیەوە چی بێت؟"

ژەنەراڵ توندبوونەکەی خۆی شاردەوە و وتی، "بەسە... بەڕێز... بەسە...! منیش لای خۆمەوە تەقەللا دەدەم بۆ تا هەتایش خۆم لەو کردەوە مناڵانەیەت ببوێرم. پێویستیش ناکات داوای لێخۆشبوون لە بارۆن و خاتوونی بارۆن بکەیت، پەیوەندیکردنیشت بەو دووانەوە، با تەنیا بۆ لێبووردنیش بێت، بە مەزنترین سووکایەتیی دەزانن، هەر هێندەیش بارۆن بزانێت تۆ یەکێکیت لە ئەندامانی ماڵی ئێمە، لە گازینۆیەکە منی دواند و خەریک بوو داوا لە من بکات دڵی تۆ بدەمەوە

و تۆ لە خۆی ڕازی بکات. ئەوە خۆیشم بەرامبەرت دانم بەمەدا نا. دەزانیت بەڕێز ناچاری چیت کردم؟ ناچار بووم داوای لێبووردنی لێ بکەم و پەیمانی شەرەفی لێ وەر گرتم، کە لەمڕۆوە تۆ یەکێک نەبیت لە ئەندامانی ماڵەکەمان..."

منیش وتم، "ڕێم بدە، ڕێم بدە، ژەنەڕاڵ. ئەو داوای لە تۆ کرد کە چیی دی من سەر بە ماڵی ئێوە نەبم و هەر لە ئەمڕۆوە، وەکوو خۆت دەڵێیت؟"

ئەویش وتی، "نەخێر، بەڵام هەستم کرد کە ناچارم کێشەکە بەم شێوەیە چارەسەر بکەم. بێگومان سروشتییە کە خاڵە بارۆنیش ئاسوودەیی خۆی دەر ببڕێت. ئێستایش هەر هێندەم لەسەرە، کە چوار فریدرکا و سێ فلۆرینت بدەمێ. ئەمەیش پارەکەت و حیساب و کتابت، بۆیشت هەیە پێیدا بچیتەوە. ئیدی خوات لەگەڵ و بووینە نامۆ بە یەک و یەکدی ناناسین. من لە سەرئێشە و شلۆقیی دەروونی بەولاوە، هیچی دیم لە تۆ وەدەست نەکەوتووە. شاگرد ئوتێلەکەیش دواتر بانگ دەکەم و تێی دەگەیەنم کە لێرە بەدواوە پارەی ئوتێلت بۆ نادەم و ئەرکی خەرجیی تۆ ناکێشم. بۆیە خوات لەگەڵ."

پارە و کاغەزی حیسابەکەم لێ وەر گرت، کە بە قەڵەمی دار نووسرابوو. پاشان سڵاوم لە ژەنەڕاڵ کرد.

زۆر بەسووربوونەوەوە وتم، "نابێت ئەمە هەر وا بەئاسانی تێبپەڕێت! ئەی ژەنەڕاڵ. بەداخەوەم کە بارۆن وەها سەرنجێکی بێزارکەری بۆ تۆ دەر خستووە، بەڵام ڕێم پێ بدەن بڵێم هەڵەکە، هەڵەی خۆت بووە. بۆچی لە بەردەم بارۆندا خۆت کردووە بە بەرپرسی من و لە شوێنی من قسەت کردووە؟

"دوای ئەوە، ئەمە چ قسەیەکە من کەسێکی ماڵەکەتان بم؟ من تەنیا مامۆستای منداڵەکانم و هیچی تر، نە کوڕتم و نە تۆیش بەخێوکەری منیت، نەیشدەبوو لەسەر کردەوەکانی من بەگیروگازت بێنن. من کەسێتیی یاسایی خۆم هەیە و ٢٥ ساڵم تەمەنە و دەرچووی زانکۆیشم، خانەدانیشم، هیچ خزمایەتییەکیشم لەگەڵ تۆ نییە، فرەیش بە تۆ نامۆم. متمانەت پێم هەبێت کە هێندە ڕێز لە تایبەتمەندییەکانت دەگرم، کە سنووری نییە و ئەوەیش وام لێ دەکات داوا نەکەم ئەو هەڵوێستەت ڕاست بکەیتەوە، کە بەو شێوەیە ڕێت بە خۆت

داوە و بوویتە بەرپرسی من."
ژەنەڕاڵ هێندە بەگوژم تووشی شۆک بوو، کە باسکەکانی بەر دانەوە. لەناکاو ڕووی لە فەرەنسییەکە کرد و بەکورتی تێی گەیاند، کە گوایا وا خەریکم داوای زۆرانگرتنی لێ دەکەم! فەرەنسییەکەیش لە قاقای پێکەنینی دا.
بەئارامی و بێ ئەوەی بهێڵم قاقایەکەی دیی جریو کاریگەریی ببێت، وتم، "بەڵام حیسابم لەگەڵ خاڵە بارۆندا ڕاست نەبووەتەوە، لەبەر ئەوەی پەسەندت بوو گوێ لە سکاڵای بارۆن بگریت و گوێ بە کاروباری بدەیت، کە وا بوو، بە شێوەیەک لە شێوەکان تێکەڵی کێشەکە بوویت، بۆیە بەشانازییەوە، ئەی ژەنەڕاڵی بەڕێز، پێت ڕادەگەیەنم کە هەر سبەینێ بە ناوی خۆمەوە بانگی خاڵە بارۆن دەکەم، کە شیکردنەوەیەکی جوێکەرەوەم بداتێ، بەوەی بۆ ئەوانەی بە تۆی وتووە و ڕاستەوخۆ بە خۆمی نەوتووە؟ هەر وەکوو ئەوەی بۆخۆم نەتوانم بەرپرسیارێتیی خۆم هەڵبگرم! یان وەکوو ئەوەی خۆم شایستەی ئەم بەرپرسیارێتییەی خۆم نەبم!" ئەوەی خۆم چاوەڕوانی بووم، ڕووی دا! ئەوە بوو ژەنەڕاڵ لەو قسە هیچوپووچانەی من بۆم کرد، ترس دای گرت.
هاواری کرد، "چییە، دەڵێی بەنیازیت چەند شەقاوێکی دی بەم کێشەیە ببڕیت؟ ئەمەیش هەر بۆ ئەوەی هەڵوێستی منی پێ لێژ بکەیت و سەغڵەتم بکەیت! بەڵام بەڕێز، ئاگات لە خۆت بێت، ئاگات لە خۆت بێت!... ئەگەر نا، بە ناموسم... ئاگادار بە لەم وڵاتەدا دەسەڵاتیش هەیە... منیش... بەکورتی... لەبەر پۆستی خۆم... لەبەر پۆست و پلەوپایەی بارۆنیش... بەکورتییەکەی، پۆلیس دەستبەسەرت دەکات، شاربەدەریشت دەکەن، تەنیا بۆ ئەوەی تاوان ئەنجام نەدەیت. ئەم قسانەم لە مێشکی خۆتدا هەڵبگرە... وا هۆشداریم پێت دا."
لەگەڵ ئەوەی ژەنەڕاڵ فرە تووڕە و فرەیش ترسابوو، منیش بەئارامییەوە وەڵامم دایەوە، "ژەنەڕاڵی بەڕێز، بەر لە نانەوەی ئاژاوە، کەس ناگرن! خۆ منیش تا ئێستا ئەم کێشەیەم لای بارۆن باس نەکردووە! تا ئێستایش لەوە بەئاگا نیت، کە من بەنیازم لە چ ڕوویەکەوە ڕووبەڕووی کێشە و ئاژاوەکە دەبمەوە، دەمەوێت لەسەر کام بنەما چارەسەری بکەم، هەموو ئەوەیش کە من دەمەوێت، ئەو تەمومژە

بڕەوێنمەوە، کە بووەتە مایەی سووکایەتییەکی مەزن بە من، کە ئەوەیش ئەوەیە منیش بەرپرسێکم هەیە و فشار دەخاتە سەر ویست و ئارەزووەکانم، کەواتە تۆ لەخۆڕا و بێ ئەوەی پێویست بکات، خۆت تووشی دڵەخورپە کردووە."

ژەنەراڵ باری لووتبەرزییەکەی کتوپڕ گۆڕی و شێوازی قسەکانی بۆ پاڕانەوە گۆڕی و دەستەکانی گرتم و وتی، "تکای خوات لێ دەکەم! تکای خوات لێ دەکەم! ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش گیان، کۆڵ لەم پڕۆژە هیچوپووچە، دوورەدەستە بدە! ئەوە بێنەوە بەرچاوی خۆت، کە بە هۆیەوە ڕوو دەدات. شتی قێزەونی نوێی تر دێتە ئاراوە.

"سەرنج بدە، لە ئێستاوە دەبێت خۆم بە شێوەیەکی تایبەتمەند پیشان بدەم، بەتایبەتی ئێستا... هەر ئێستا. ڕەنگە بەتەواوی لە بارودۆخەکە بەئاگا نەبیت، من ئامادەم هەرکاتێک لەم شوێنە گواستمانەوە، بتگێڕمەوە سەر کاری خۆت. بەڵام ئێستا کێشەکە ڕووکەشییە.

"بەکورتییەکەی، خۆت هۆیەکانی ئەم هەنگاوەی من دەزانیت..."

ئەمجا بەم شێوەیە بانگی کردم، "ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش... ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش."

منیش داوام لێ کرد خۆی تووشی دڵەخورپە نەکات و پەیمانم پێ دا کە بارودۆخەکە بە ئاقارێکی باشدا ببەم. دواتر بەپەلە ژوورەکەم جێ هێشت.

هەندێ جار ڕوسەکان، کە دووری وڵاتی خۆیان دەبن، زێدەڕەوی لە ترسنۆکیدا دەکەن. زۆر خەمی ئەوەیانە کە لە بارەیانەوە دەوترێت و سەرنجی ئەو خەڵکەیش کە لەسەریانە، بەتایبەتییش ئەوانەیان چاویان بڕیوەتە ئەوەی ببنە کەسێکی ناسراو و باڵا، سووریشن لەسەر ئەوەی خزمەت بکرێن، تا ڕادەی کۆیلایەتییش. ئەمەیشیان پێشوەخت لە بەرچاو گرتووە، جا لە ئوتێلەکاندا بێت یان لە گەشتەکانیاندا و یان لە سەفەر و کۆبوونەوەکانیاندا، بەڵام ژەنەراڵ لە دەمی دەر چوو و باسی بارودۆخێکی کرد، کە ناچاری کردووە بە شێوەیەکی تایبەت خۆی پیشان بدات! بۆیە لەناکاو هەستی بەو هەموو ترسە کرد. شێوازی قسەکردنەکەی لەگەڵم گۆڕی، هەر زوو هەستم بەوە کرد، کە لەوە ترسنۆکترە پەنا بۆ حکومەت و دەسەڵات بەرێت، بۆیە پێویستە منیش بەئاگا

و ئارام و لەسەرخۆ بم.

هیچ ئارەزوویەکم لەوە نەبوو، کە ژەنەڕاڵ تووڕە بکەم. ئەوە ئەو پاولینە بوو و خوازیاری ئەوە بووم هەر ئێستا بیخنکێنم. لە مامەڵەکردنمدا هێندە توند و زبر ببووم، پاڵی وا پێوە دەنام، کارێک بکەم پاولین خۆی تکام لێ بکات کۆڵ لەم کێشەیە بدەم. لەوە بوو ئەو هەڵسوکەوتە منالانەیەم کار لە کەسێتیی ئەویش بکات. دواتر چەند حەز و ویستی دی لە دڵمدا سەریان هەڵدا، کە ویستەکانم بەرامبەری پەرشوبڵاو بووەوە، ئەمە واناگەیەنێت کە لەبەرامبەر خەڵکیدا وەکوو مریشکێکی تەڕم. تەنیا میریش بە تووڵێکەوە فێرە ڕەوشتم ناکات. کاتی خۆی دەمویست گاڵتە بەو هەموو خەڵکە بکەم، چەند سەرکەوتنێکی جەنگی تێیاندا وەدەست بێنم، دەیشبینن شتێک نییە لێی بترسین، بە هەرحاڵ، دەمبینیت کە وەکوو مریشکێکی تەڕ نیم...

ئەمەیش هەواڵێکی سەرسووڕهێنە، کە پێش ساتێک لەو کارەکەرەی سەر پلیکانەکانەوە، زانیم کە وا ماری فلیپۆڤنا، ئەمڕۆ و بەتەنیا و بە شەمەندەفەری ئێوارە، سەفەری لای کچە ئامۆزای کردووە.

ئەمە واتای چی دەگەیەنێت؟

کارەکەرەکە وتی، کە ماری فیلیپۆڤنا دەمێکە نیازی بووە سەفەر بکات. کە وا بوو، چۆن کەسێک بەوە بزانێت؟

بە هەرحاڵ، ڕەنگە من تەنیا کەسێک بوو بێتم، کە ئەمەم نەزانیبێت. کارەکەرەکە ئەوەی تێگەیاندم، کە پێری ماری فلیپۆڤنا لەگەڵ ژەنەڕاڵ تووشی شەڕەدەنووکێکی توند بووە. تێگەیشتم کە بێگومان خۆی بووە، مادمۆزێل بلانشە، بەڵێ، شتێکی گرنگی جوێکەرەوە ڕوو دەدات.

# بەشی حەوتەم

ئـەم بەیانییـە خزمەتـکاری ئوتێلەکـەم بانـگ کـرد و پێـم وت، کـە بەجیـا و دوور لـە بنەماڵەکـە حسـابی مـن بنووسـن. کرێـی ژوورەکـەم هێنـدە فـرە نەبـوو کـە چۆڵـی بکـەم و ئوتێلەکـە جـێ بهێڵـم.

شـازدە فریدریکـم پـێ بـوو، لەوێیـش... لـەوێ ڕەنگـە سـامانێکی فـرە مـەزن چاوەڕوانـم بێـت. چەنـد شـتێکی نامۆیـە! هێشـتا نەمبردبـووەوە، بـەڵام بـە شـێوەیەک هەڵسـوکەوتم دەکـرد، وەکـوو ئـەوەی پیاوێکـی دەوڵەمەنـد بـم! نەیشـمدەتوانی بـەو شـێوەیە لـە خـۆم نەڕوانـم.

هەرچەنـد بەیانییەکـی زوویـش بـوو، بەڵام نیـازم بـوو خـۆم بگەیەنمـە بەڕێـز ئاسـتلی، کـە نیشـتەجێی ئوتێـل ئینگلتـەرەی نزیـک بـە ئوتێلەکـەی خۆمـان بـوو، کەچـی لەنـاکاو دی جریـوم بینـی خـۆی کـرد بـە ژوورەکەمـدا! کـە هەرگیـز پێشـتر شـتی لـەو جـۆرە ڕووی نەدابـوو! لەوەیـش زیاتـر ئـەوە بـوو، کـە پەیوەندیـم لەگـەڵ ئـەو بەڕێـزە و بـەم دواییيانـە ئاڵـۆز و لاواز بـوو، فرەیـش ناڕێـک بـوو، تەنانـەت سـووکایەتیکردن و ڕقبوونـەوەی لـە مـن نەدەشـاردەوە، بەڵکـوو تەقەلـلای خسـتنیشـی دەدام، منیـش لای خۆمـەوە، فاکتـەری وام هەبـوو، کـە خۆشـم نەوێـت. تەنانـەت دەتوانـم بڵێـم، ڕقیشـم لێـی دەبـووەوە. هـەر بۆیـەش هاتنیـم بـەلاوە سەرسـووڕهێن بـوو! هـەر زوویـش هەسـتم کـرد شـتێکی نائاسـایی ڕوو دەدات.

فـرە لەگەڵـم نیـان بـوو و کەوتـە هەڵـدان بـە ژوورەکەمـدا، کـە بینیشـی کڵاوەکەمـم بـە دەسـتەوەیە و بەنیـازم بـەم سـەرلەبەیانییە بچمـە گەشـت و پیاسـە، سـەری سـووڕ مـا!

پێم وت کە دەچم بۆ لای بەڕێز ئاستلی بۆ هەندێک کاری پێویست، کەمێ بیری بڵاو بوو و خەمێکی توند بە ڕوخسارییەوە بینرا. دی جریویش وەکوو فەرەنسییەکان بوو، کەسێکی دڵپیس و هەرکاتێک بیویستایە و سوودی بۆی ببووایە، ڕووخۆش بوو. بەڵام بێزارکەر و کەم ڕێک دەکەوێت فەرەنسییەکان لە یەکەم بینیندا نیان و خۆشەویست بن، بەڵام بە یاساوڕێسای تایبەت خۆیان شیرین دەکەن. ئەگەر پێی باش بوو لە شێوازی ئاسایی خۆی دەر بچێت، بۆ نموونە، شوێن ئارەزووی خۆی بکەوێت و لە یاسا دەر بچێت و بە هەڵسوکەوتی تاک بکەوێتەوە، ئەوا ڕەوشی ڕیزپەڕیی سەیری لێ دەبینرێت! بەڵام گەر واز لە خۆی بێنێت و سروشتی بێت، ئەوا بۆرژوایەکی سووک و ڕسوا و بێتامی لێ دەر دەچێت! دەبێتە بێزارکەرێک، کە لە جیهاندا وێنەی نەبێ. مەگەر تەنیا کچە ڕوسەکان بە فەرەنسییەکان سەرسام بن. کەسێکی پێگەیشتوو نییە، دوای برێک سەرنجدان لەو نیانییە دەستکردە چەندبارەبووەوەیە، لە هۆڵی قژبڕینەکان بێزار نەبێت و ڕقی نەبێتەوە.

سەرەتا بەوە دەستی پێ کرد و بە ڕێزێکی فرەوە وتی، "ئەمڕۆ من بۆ کارێک هاتووم، لێیشت ناشارمەوە، لەلایەن ژەنەڕاڵەوە نێردراوم و نوێنەری ئەوم. تا ئێستایش زۆر بەڕوونی لەو گفتوگۆیەی دوێنێی نێوان ئێوە تێنەگەیشتووم، چونکە زمانی ڕوسی زۆر باش تێناگەم، بەڵام دان بە ئەوەدا دەنێم، کە ژەنەڕاڵ بەدووروودرێژی بۆی گێڕاومەتەوە..."

منیش قسەکەم پێ بڕی و وتم، "دی جریویی بەڕێز، گوێ بگرە، ئا ئەوەتا... لەم کێشەیەیشدایت و کەوتوویتە نێوانمانەوە. من لە مامۆستایەکی منالان بەولاوە، هیچی تر نیم. ڕۆژێک لە ڕۆژان بانگەشەی دۆستی و نزیکیم بەمماڵەوە نەکردووە، حورمەتی پەیوەندییەکی تایبەتم بەمماڵەوە نەبووە، هەر بۆیە بارودۆخێک هەیە و من لێی بێئاگام، بەڵام ئادەی پێم بڵێ، ئێستا تۆ بوویتە ئەندامێکی تەواوی ئەم بنەماڵەیە؟ چونکە دەبینم فرە بایەخیان پێ دەدەیت و دەبیتە ناوبژیوان لە هەموو کێشەکانیاندا!..."

پرسیارەکەم بێزاری کرد. لەبەر ئەوەی پرسیارەکەم بێپێچوپەنا بوو، ئەوی بێزار کرد. ئاخر ئەو نەیدەویست پێی بزانرێت.

ئەویش بە ڕەقی و زبرییەوە وتی، "لە لایەکەوە کار بۆ ژەنەڕاڵ و لە لایەکی ترەوە بارودۆخی تایبەتی. ئا ئەوەتا ناردوومی، تاکوو تکات لێ بکەم لەوەی دوێنێ وتبووت، پاشگەز ببیتەوە. ئەوانەی بە خەیاڵیشتدا هاتبوون، گومانی تێدا نییە قەشەنگ بوون. ژەنەڕاڵ تکای ئەوەی لە من کردووە، کە سەرنجی ئەوە بدەیت، کە وا ئەوەی تۆ بەنیازیت بیکەیت، هیچ ئەنجامێکی نابێت. لەوەیش زیاتر، خاڵە بارۆن پێشوازیت لێ ناکات و بە هەرحاڵ، هەموو هۆیەکی هەیە، کە بە هۆیەوە بتوانێت خۆی لەو شتە بێزارکەرانە بپووێرێت، کە لە تۆوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. تۆ خۆیشت بڕوات بەمە هەیە کە دەیڵێم. کە وا بوو، ئەم کەللەڕەقییەی بۆچییە؟ لە کاتێکدا ژەنەڕاڵیش پەیمانی ئەوەت دەداتێ، کە لە هەلی ڕەخساودا وەرت بگرێتەوە و بچیتەوە سەر کارەکەی خۆت. تا ئەو کاتەی گەڕانەوەت بۆ سەر کارەکەت، مانگانەکەت لێ نابڕێت و پارێزراو دەبێت، ئاخر ئاخۆ ئەمەی پێشکەشت دەکات، بە سوودی تۆ نییە؟"

بەئارامی وەڵامم دایەوە، کە ئەو کەمێک بەهەڵەدا چووە، خاڵە بارۆنێش ڕەنگە دەرم نەکات، بەڵکوو گوێیشم بۆ شل دەکات، تکایشم لێ کرد ڕاستەوڕاست پێم بڵێت، بۆ ئەوە هاتووە تاکوو بزانێت بەنیازم چی بکەم!

ئەویش وتی، "لەبەر ئەوەی ژەنەڕاڵ ئەم هەموو بایەخەی بەم کارە داوە، ئەڵبەتە پێیشی خۆشە بزانێت چی دەکەیت. ئەمەیش سروشتییە."

من کەوتمە شیکردنەوە و ئەویش لە کورسییەکەدا پاڵی دابووە و کەمێک بەلای مندا سەری داهووکاندبووەوە و گوێی گرتبوو. لە چاوانیشیدا گاڵتەپێکردن بەڕوونی دیار بوو و بۆی نەدەشاردرایەوە. بە واتایەکی دی، بەلووتبەرزییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردم.

هێندەی بۆم لوا، وام دەر خست کە کێشەکە فرە مەترسیدارە. وتیشم بارۆن لای ژەنەڕاڵ سکاڵای کردووە، لە بەهای کەسێتیی هێناومەتە خوارەوە و سووکی کردووم و هەر وەکوو ئەوەی خزمەتکاری بەردەستی ئەو بم. دووەمیش، وەکوو کەسێک مامەڵەی لەگەڵ کردووم، کە نەتوانم بەرپرسیارێتیی کارەکانی خۆم لەئەستۆ بگرم، بەڵکوو بەکەڵکی دواندنیش نایەم! سووکاتییەکی گەورەی پێ کردووم!

بـەڵام لەبـەر جیاوازیـی تەمـەن و پێگـەی کۆمەڵایەتـی... هتـد. لـە وتنـی ئـەم ڕستـەیەدا خـۆم پـێ نەگیـرا، پێنەکەنـم! تەقەلـلای کاری سەرکێشـانە نـادەم، واتـا بـە ڕوون و ئاشـکرایی، شـتە خراپـەکان ناخەمـە بەردەمـی و داوا ناکـەم ڕاسـتیان بکاتـەوە. هەرچۆنێـک بێـت، مـن لەسـەرمە داوای لێبووردنـی لـێ بکـەم، بەتایبەتییش لە خاتوونی بارۆن، چونکە بەم دواییانە هەستم بە نەخۆشبوونی خۆم و داڕووخانی دەروون و هەڵسوکەوتی نامـۆ کـردووە، گـەر دروسـتم وتبێـت...! بـەڵام گـەر بـارۆن خۆیشـی بـەو کارە هەڵبسـتایە، کـە سـووکایەتی بـوو بـە مـن، لای ژەنـەڕاڵ سـووریش بووایە لەسـەر دەرکردنـم لـە کارەکـەم، چـی دەبـوو؟ هـەر ئەمەیـش بـوو خستمیە بارێکـەوە، کـە مەحـاڵ بێـت داوای لێبووردن لـەو و لـە خاتوونـی بـارۆن بکـەم، ئەگـەر داوای لێبووردنـم بکردایـە، بـارۆن و خاتوونـی بـارۆن و هەمـوو خەڵکەکـە پێیـان وا دەبـوو، کـە لـە ترسـدا ئـەوە دەکـەم، تاکـوو بمگێڕنـەوە سـەر کارەکـەم. ئەوەتـا ئێسـتا وا کەوتووەتـەوە، کـە بەوپـەڕی سـادەییەوە مـن ئـەو ناچـار بکـەم، کـە لەپێشـدا ئـەو داوای لێبووردن لـە مـن بکات. بـۆ نموونـە، ئەوەیـش بڵێـت کـە هەرگیـز نەیویسـتووە سووکایەتیم پـێ بکات. خـۆ ئەگـەر بـارۆن بەمـە ڕازی بـوو، ئـەوا دەسـتمی لـە یەخەیـان کردووەتـەوە. ئیدی منیش لـە قووڵاییی دڵمـەوە داوای بەخشینی لـێ دەکـەم.

بـەم ڕستەیەیش کۆتاییم بـە قسـەکانم هێنـا، "هەمـوو ئـەوەی مـن دەمەوێـت، ئەوەیـە بـا دەسـتم لـە یەخەیان بکاتـەوە!"

ئەویـش هەڵـی دایـە، "هێـی... ئەمـە چ هەستەگییەکە* ئـای لـەم کارامەیییـەت! ئاخـر بـۆ داوای لێبـووردن بـکات؟ دەی... دەڵێـی چـی بەڕێـز، ئـەی بەڕێـز... تـۆ ئـەم داوایانـەت بـۆ بێزارکردنـی ژەنـەڕاڵ ڕێـک خسـتووە... ڕەنگـە ئامانجـی تایبـەت بـە خۆیشـت هەبێـت، بەڕێـز... هـەی بەڕێـز... ببـوورن، ناوەکەتـم بیـر چـووەوە... بەڕێـز ئەلکسـی، ناوەکەتـم بەدروسـتی وت، وانـا؟"

منیـش هەڵـم دایـە، "بـەڵام ڕێـم بـدە، مریکیـزە ئازیزەکـەم، ئەمـە بـە تـۆ چـی؟ ئەمـە چ زیانێـک بـە ژەنـەڕاڵ دەگەیەنێـت؟ دوێنـێ بـە خۆمـی وت کـە ناچـار کـراوە وا خـۆی پیشـان بـدات منیـش ئـەو کاتـە هیچـی لـێ تێنەگەیشـتم."

دی جریـو بـە شـێوەی پاڕانـەوە و کەمبوونـەوەی

---

* هەستەگی: حەساسیەت

تووڕەبوونەکەی وتی، "کە وا بوو، شتە پاڵنەرە شاراوەکەی ئەو، هەر لێرەدایە... تۆ خۆیشت مادمۆزێل دی کۆمانگ، ئەو خاتوونەی دایکی کچەکەیە، تۆ خۆیشت پێت وایە کە ژەنەراڵ... مەبەستم... ژەنەراڵ شەیدای بووە... تاکوو ئەوەی... تاکوو ئەوەی... هاوسەرگیرییەکەیش هەر لێرە بەڕێوە دەچێت. ئەمجا ئەو سووکایەتییە بێنەوە بەرچاوی خۆت و کێشەکانی لەو بۆنەیەدا...!"

منیش هەڵم دایە، "من نە کێشە و نە سووکایەتی لەو هاوسەرگیرییەدا نابینم."

ئەویش وتی، "بەڵام بارۆن پیاوێکی تووڕە و تڕۆیە و زوو هەڵدەچێت. هەر وەکوو خۆت دەزانیت، خوو و خدەیشی پروسیاییانەیە. ئەمە شەڕێک دەنێتەوە، هەروەها ئەڵمانییەکەیش..."

منیش وتم، "ئەوە کاری خۆمە، پەیوەندیی بە ئێوەوە نییە. چونکە ئێستا من کەسێکی ئەوماڵە نیم. ئەمجا ویستم ئەوپەڕی گێلێتیی خۆم پیشان بدەم، بەڵام ڕێم بدە... هەر بەم شێوەیە بڕیاری لێ دراوە، مادمۆزێل بلانش شوو بە ژەنەراڵ دەکات. کە وا بوو، چاوەڕوانی چین؟ مەبەستمە بڵێم، بۆ ئەمە دەشارنەوە؟ لانی کەم لە ئێمەی بۆ دەشارنەوە؟ ئێمەیەکی سەر بەم ماڵەیش؟"

ئەویش وتی، "من ناتوانم... بە هەرحاڵ، هێشتا هیچ شتێک ڕوون نییە، لەگەڵ ئەوەیشدا، بۆخۆت دەزانیت ئەوان لە چاوەڕوانیی هەواڵدان لە ڕوسیاوە. هەروەها پێویستە ژەنەراڵیش کارەکانی خۆی ڕێک بخاتەوە..."

منیش هەڵم دایە، "ئێ... ئێ... نەنێ ئازیزەکەیە!"

دی جریو سەرنجێکی بێزراوانەی دام و قسەکانی پێ بڕیم، "من پشتم بەو هەستناسکییەی تۆ و بلیمەتی و زەوقەت بەستووە، لێیشم ڕوونە لەبەر خاتری ئەم بنەماڵەیەی کە تۆی فرە بەڕێزەوە لەخۆ گرتووە. بە ویستی ئەوان کار دەکەیت."

منیش هەڵم دایە، "ڕێم پێ بدە... ئەوان منیان لە کارەکەم دەر کردووە! تۆیش هەر قسە لە ڕووکەشی بابەتەکە دەکەیت. بەڵام پێویستە لەگەڵ مندا بڕوا بەوە بێنیت، کە ئەگەر یەکێک گوێی ڕاکێشایت و پێی وتیت نامەوێت گوێت ڕابکێشم، بەڵام لەبەر ڕووکەش ڕێم بدە ئەو کارە بکەم،

بێگومانم لەگەڵ مندایت کە جیاوازی لەنێوان کردن و نەکردنی گوێڕاکێشانەکەدا نییە!"

ئەویش بە شێوازێکی لووتبەرزی و هەڵەشانە وتی، "ئەگەر وەکوو ئەوە بێت کە تۆ دەیڵێیت، گەر ئومێدی هیچیشت لێ ناکرێت. ئەوا لێت ڕوون بێت ڕێ و شوێنی تایبەت دەگیرێتە بەر. ئاخر خۆ شار بێ شا نییە! لە ئەمڕۆ زووتر نییە، کە دەرت دەکەن... شتێکی سەیرە...! ئاخر لاوێکی ئاغری وەکوو تۆ، شیاوە پەنجە لەگەڵ کەسێکی وەکوو ژەنەراڵدا نەرم بکات؟ دوای ئەوە، هەر وا بەئاسانی کوڵت لێ دەدەن؟ بڕوا بکە لێرە کەسێک نییە لێت بترسێت! کە ئەم تکایەیشم لێ کردیت، لەخۆمەوە بوو. چونکە تۆ ژەنەراڵت تووشی خورپە کرد. چۆن پێت وایە بەتەنیا فەرمانێکی سادە و لە خزمەتکارێکەوە ژەنەراڵ دەرت ناکات؟"

بەئارامی و لەسەرخۆ وتم، "بەڵام من خۆم ناچم بۆ لای خاڵە بارۆن. بەڕێز دی جریو، تۆ هەڵەیت. بەو شێوەیە نابێت، کە تۆ باسی لێوە دەکەیت."

کاغەزێکی نووشتاوەی مۆرکراوی لە گیرفانی دەر هێنا و دەستی بۆ درێژ کردم. نامەکە لە پاولینەوە بوو. بە دەستخەتی خۆی نووسیبووی:

بیستوومە بەنیازیت شوێن ئەو ڕازە بکەویت. تۆ کەسێکی لووتەلایت. دەستت کردووە بە یاریی منالان. بەڵام بارودۆخی تایبەت هەیە، ڕۆژێک دێت کە بۆت باس بکەم. تکات لێ دەکەم کەمێک ژیر بیت و کۆڵا بدەیت، ئای چەندە شتێکی هیچوپووچیت! من پێویستم پێتە! تۆیش پەیمانت پێم داوە کە هەمیشە لە قسەی من دەر نەچیت. چیاکەی شلانگبێرگت بیر ماوە؟ داوات لێ دەکەم گوێڕایەڵ بیت، بەڵکوو گەر پێویستی کرد، بێ سڵاوکردنەوەیش، ئەوا فەرمانت بەسەردا دەدەم.

دڵسۆزی خۆت

پ...

تێبینی: ئەگەر بە هۆی ئەوەی دوێنێوە لێم تووڕەیت، ببوورە.

کە ئەمەم خوێندەوە، هەموو شتەکان لە بەرچاوم سەمایان دەکرد! لێوانم زەرد هەڵگەڕان و مووچڕکە بە لەشمدا دەهات.

فەرەنسییە نەفرەتییەکەیش، هەر وەکوو ئەوەی زۆر گوێی بەمە نەدابێت، ڕووی لێ وەر گێڕام، وەکوو ئەوەی نەیەوێت پەشۆکاوییەکەم ببینێت. منیش ئەوەم پێ باشتر بوو، کە لە قاقا بدا.

وتم، "زۆر باشە، بەو خاتوونە بڵێ، با ئارام ببێتەوە و بێخەم ببێت."

ئیدی هێندەی پێ نەچوو، لەناکاو وتم، "بەڵام ڕێم بدە بپرسم، بۆچی درەنگانێک ئەم نامەیەت پێ دام؟ خۆ دەکرا - ئەگەر تۆ بۆ ئەم کارە هاتبای - هەر لە سەرەتای قسەکردنەکەدا و لەبریی ئەو هەموو قسە پڕوپووچانە، ئەم نامەیەت پێ بدامایە."

ئەویش وتی، "منیش دەمویست... بە هەرحاڵ، ئەم کارە هێندە سەرسووڕهێنە، دەمویست لە دەمی خۆتەوە بیبیستم، تا بزانم نیازت چییە؟ بە هەرحاڵ، نەمدەزانی نامەکە چیی تێدا نووسراوە! پێیشم وا بوو کاتی فرەم بەدەستەوەیە، تا ئەم نامەیەت بدەمێ."

منیش وتم، "ئێستا تێگەیشتم. فەرمانی ئەوەیان پێ داویت، کە لە کاتی پێویستدا نەبێت، ئەو نامەیەم نەدەیتێ. گەر بە ئامۆژگارییەکانت کارەکەت بۆ کرا، ئەم نامەیەم نەدەیتێ... وا نا؟ دی جریوی ڕێزدار، بەڕاستی وەڵامم بدەوە!"

سەیرێکی کردم و وای پیشان دا کە سڵ دەکاتەوە و وتی، "ڕەنگە وایش بووبێت..."

من شەبقەکەم هەڵگرت، ئەویش بەسەر داموکانەوەیەک ڕێزی لێ نام و چووە دەرەوە. پێم وا بێت بزەیەکی لاقرتێئامیزیشم بە لێوانیەوە بینی. جا بۆ نا؟

بەبۆڵەبۆڵ بە پلیکانەکاندا هاتمە خوارەوە و لەبەر خۆمەوە وتم، "هێشتایش ئەم بگرەوبەردەیەی نێوانمان هەر ماوە، ئەی خۆ بە پیاوی پیاوانە زانەکە، دواتر خۆت براوە و دۆڕاوت بۆ دەر دەکەوێت."

تا ئەو کاتەیش، بیری بڵاوم بۆ کۆ نەکرابووەوە. هەر وەکوو کوتەکێکیان بە سەرمدا کێشابێت، وا بوو. بەڵام شنەبا پوختە شێدارەکە چاکەی خۆی لەگەڵم کرد و کەمێک بە خۆمیدا هێنامەوە.

دوای دوو خولەکێک، بیرکردنەوەم کەوتەوە گەڕ. دوو بیرۆکەی ڕوونم بۆ هات. یەکەمیان، یارییەکی منالانە بوو،

هەندێک هەڕەشەی خەیاڵی بوو، کە لاوێک بەبای دا و ترسێکی مەزنی بەرپا کرد؛ دووەمیش، ئای لە مەزنیی ئەو دەسەڵاتەی کە بەسەر پاولیندا هەیەتی! یەک وشەی ئەو، وای لێ دەکات کە هەرچییەکی بوێت، بۆی بکات. نامەی پێ دەنووسێت و بەوەیشی دەگەیەنێت، تکام لێ بکات. ئەوە ڕاستە کە پەیوەندیی ئەو دووانە، بەلای منەوە، وەکوو مەتەڵێکی گران بوو، بەڵام لەم ڕۆژانەی دواییدا، هەستم دەکرد پاولین خۆی بەدوور دەگرێت لێی و چارەی ناوێت، بگرە ڕقیشی لێی دەبێتەوە.

هەرچیی ژەنەڕاڵیشە، نە لای لێ دەکاتەوە و نە لێیشی دەڕوانێت، تەنیا و تەنیا زبر و توند بوو لەتەکیدا، منیش ئەو ڕەفتارەیم هەست پێ کردبوو، تەنانەت خۆیشی لە دەمی دەر چوو و بێزاریی خۆی لە ژەنەراڵ دەر بڕی و تا ئەوپەڕی سنووری بێزارییش بیزار بوو. کە وا بوو، ژەنەڕاڵ دەستی بەسەر پاولیندا گرتووە، پاولینیش چووەتە ژێر ڕکێفی ژەنەڕاڵەوە.

# بەشی هەشتەم

لـه سـەیرانگە و ئـەو شـەقامەی ئەمبـەر و ئەوبەرەکـەی ڕیزەدرەختی داربـەڕوو بـوو، بە هـاوڕێ ئینگلیزەکـەم گەیشتم.

هـەر کـە منی بینی، هـاواری کرد، "ئۆوا ئۆوا وەکوو مـن بـۆ لای تـۆ هاتـم، تۆیـش هـەر بـۆ لای مـن دەهاتیـت! کەواتـە هاوڕێکانـت لەبـەر بینینـی مـن جـێ هێشـتووە؟"

منیش بەسەرسـامییەوە لێم پرسـی، "لەپێشـدا پێم بڵێ، چۆن ئەمانـەت زانـی... بڵێی هەموو خەڵکەکە بەمەیان زانیبێت؟"

ئەویـش وەڵامـی دایـەوە، "نـا بابـە... نـا... ئـەم بابەتـە ئـەوە ناهێنێت، هـەر کەسـیش باسـی نـاکا."

منیش پرسیم، "ئەی کە وا بوو، ئەمەت چۆن زانی؟"

ئەویـش وەڵامـی دایـەوە، "ئیدی پێـم زانـی، یـان وای دابنـێ سـەرپێییانە پێم زانیوە. ئێسـتا تـۆ بـۆ کـوێ دەچیت؟ مـن لای خۆمـەوە هەسـت بـە هاوڕێیەتیت دەکـەم. هـەر بۆیەیـش بـۆ لای تـۆ هاتـم."

سـەرم لـەوە سـووڕ مابـوو، کـە بـەو شـێوەیە لـە کێشـەکە بەئـاگا بـوو، وتـم، "ئاسـتلیی ڕێزدار، تـۆ پیاوێکـی مەردیت، مـن هێشـتا قاوەکەمـم نەخواردووەتـەوە و پێـم وا بێت تۆیش هێشـتا نانـی ئێوارەت نەخـواردووە. کـە وا بـوو، بـا بڕۆیـن بـۆ گازینـۆ و لـەوێ سـەروجگەرەیش دەکێشـین و هەمـوو شـتێکت بـۆ دەگێڕمـەوە... ڕەنگـە تۆیش چەند شـتێکم هـەر بـۆ بگێڕیتـەوە..."

گازینۆیەکـە هـەر ۱۰۰ مەترێـک دوور بـوو لێمانـەوە. خواردمانـەوە و بـە کەماڵـی ئیسـتراحەت لێـی دانیشـتین. مـن لای خۆمـەوە جگەرەیەکـم داگیرسـاند، بـەڵام بەڕێـز ئاسـتلی جگەرەکێـش نەبـوو. ئـەوە بـوو خـۆی ئامـادەی گوێگرتـن

کردبوو.
منیش بەم شێوەیە تێ هەڵچووم، ڕوو لە هیچ شوێنێک ناکەم و لێرە دەمێنمەوە."
ئەویش بە شێوەیەکی پشتگیریکردنم وتی، "منیش هەمان پێشبینیم بۆ تۆ هەبوو." بۆ لای بەڕێز ئاستلی چووم، بەنیازی قسەکردن نەبووم لەبارەی خۆشەویستییەکەمەوە بۆ پاولین، بەڵکوو بەنیاز بووم خۆم لەو باسە ببووێرم. بە درێژاییی ئەو چەند ڕۆژەی دواییش، یەک وشە چییە لەو بارەیەوە لە زارم نەهاتە دەرەوە. دوای ئەوە، ئەو پیاوێکی فرە شەرمنیش بوو. هەستم بەوەیش کردبوو، کە قسەکانی پاولین کارێکی زۆری دەکاتە سەر. کەچی ڕۆژێ لە ڕۆژان، وشەیەک چییە لە بارەی پاولینەوە، نەیدرکاند. ئەوەی لەخۆیدا سەیروسەمەرە بوو، هەر لەو کاتەوەی بەڕێز ئاستلی چاوی لە چاوانم بڕیبوو، خۆیشم نەمدەزانی بۆچی دەروونم هەژا و پەلەی ئەوەی بوو و ئارەزوویشی بوو هەموو شتێکی بۆ بگێڕمەوە! یان هەموو وردەکارییەکانی ئەو خۆشەویستییەی من بۆ پاولینم هەبوو، بۆی بگێڕمەوە؟
نیوسەعاتێک لەو بارەوە بۆی دوام و دواتر هەستم بە حەوانەوەیەکی فرە مەزن کرد. ئەوە یەکەم جار بوو ئاوا سنگی خۆم بۆ کەسێکی دی بکەمەوە و چی لە مێشکمدایە، هەڵی بڕێژم. هەستم کرد ئەویش لە شوێنە هەستیار و گەرمەکانی نێو قسەکانمدا دەشڵەژێت! منیش هەر بە ئارەزوو هێندەی تر باسەکەم گەرموگوڕ دەکرد. ئەوەیشی کە لێی پەشیمان بووم لەو قسانەمدا، ئەوە بوو کە زیادلەپێویست باسی فەرەنسییەکەم کرد.
بەڕێز ئاستلی بەرامبەرم دانیشتبوو و بەوردی گوێی لێ گرتبووم. کپ و بێدەنگ و یەک پیت چییە نەدوا. چاوی بڕیبووە چاوم و هەر کە ناوی فەرەنسییەکەم هێنا، کتوپڕ قسەکەی پێ بڕیم و پرسیی، ئاخۆ ڕەوایە ناوی ئەو فەرەنسییە، کە ئەوە باسێکی لاوەکییە، بهێنمە ناوانەوە؟
بەڕێز ئاستلی لە پرسیارکردندا شێوازێکی سەیری هەبوو!
منیش وتم، "ڕاست دەکەیت، خۆیشم خەمی ئەوەمە، کە ڕەوا نەبێت بۆ من."
ئەویش هەڵی دایە، "لەبارەی مرێکیز و کچە پاولینەوە شتێکی دیاریکراو و ورد نییە تاکوو بیڵێیت. قسەکانیشت تەنیا

وەکوو گریمانێکە و هیچی تر."

منیش پشتگیریم کرد و وتم، "بەڵێ، هیچ هەواڵێکی ورد و دروستم پێ نییە، ئەوە ڕوون و ئاشکرایە."

ئەویش وتی، "کە وا بوو، نەک هەر باسکردنەت هەڵە بوو و بەس، بەڵکوو تەنیا بیر کردنەوەشت لەوان، دیسانەوە هەڵە بووە!"

منیش قسەکەم پێ بڕی و بەسەرسامییەوە لە دڵی خۆمدا وتم، "باشە... باشە... منیش هاوڕاتم."

ڕازەکەی دوێنێم وەکوو خۆی بۆ گێڕایەوە: هەڵەشەییی پاولین، هەڵەشەیییەکەی خۆم بەرامبەر خاڵە بارۆن، دەرکردنم لەسەر کارەکەم، ئەو ترسنۆکییە لەڕادەبەدەرەی ژەنەڕاڵ. بەدووروودرێژییش سەردانی فەرەنسییەکەم بۆ گێڕایەوە. کۆتاییی قسەکانیشم بەوە هێنا، ئەو نامەیەم پیشان دا، کە پاولین بۆی نارد بووم.

ئەمجا لێم پرسی، "لەمانەی کە بۆم گێڕایتەوە، چیت بۆ دەر کەوت؟ هەر بۆ ئەوەیش هاتووم، تا بیروڕای تۆ لەم بارەیەوە وەر بگرم. بەڵام بەلای منەوە، لاریم لەوە نییە ئەو فەرەنسییە چکۆلەیە بکوژم. ڕەنگە ڕۆژێک بێت و ئەو کارە بکەم."

بەڕێز ئاستلییش وتی، "منیش وەکوو تۆ بیر دەکەمەوە، بەڵام لە بارەی کچە پاولینەوە، خۆت دەزانیت، ئێمە ئەگەر پێویست بوو، پەیوەندییەکانمان بە کەسانێکیشەوە دەبەستین، کە ڕقیشمان لێیان ببێتەوە. ڕەنگە پەیوەندیگەلێک ببێت و تۆ لێی بێئاگا بیت. چەند پەیوەندییەک، کە بە چەندین بارودۆخی لاوەکیی ناکاوەوە بووبێت. تۆ دەتوانیت لەم بارەیەوە خەیاڵت ئەرخەیان بێت. ئەڵبەت بڕێک ئەرخەیان ببیت، بەڵام لەبارەی هەڵەشەیییەکەی دوێنێی ئەو کچەوە، دیار بوو نامۆ بوو. هەر بەوەیش نا، بەوەی کە ویستوویەتی بە ناردنت بۆ بەردەم گاڵۆکەکەی خاڵە بارۆن لەناوت ببات. (پێیشم سەیرە چۆن گاڵۆکەکەی تیدا نەشکاندوویت؟). بەڵکوو بەوەیش، کە هەڵەشەیییەکی لەو جۆرە و لە کچێکی ناسراوی پایەداری وەکوو ئەوەوە، کە لەخۆیدا بێئەدەبییشە، بەڵام زیاتر لەوە دەچێت بەو جۆرەت دانەنابێت، کە تۆ فەرمانەکەی ئەو وەکوو خۆی جێبەجێ دەکەی...!"

لە کاتێکدا لە بەڕێز ئاستلیم دەڕوانی، هاوارم کرد،

"دەزانیت، من وا هەست دەکەم تۆ تەواوی ئەم ڕازەت بیستووە؟ دەزانیت لە کێت بیستووە؟ لە کچە پاولین خۆیت بیستووە!"

لەپێشدا بەڕێز ئاستلی بەسەرسامییەوە لێی ڕوانیم، دواتر هێور بووەوە و وتی، "چاوانت دەبریسکێتەوە، وای دەبینم بەهەڵەدا چوویت. ڕەوایش نییە گومانەکەت پێوە دیار بێت. من دان بە ڕەوایی ئەو کارەتدا نانێم. فرە بەتوندییش وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت ڕەت دەکەمەوە."

بەئاگا هاتمەوە و فرە شڵەژابووم، نەمزانی چۆن ئەوە هات بە خەیاڵمدا و وتم، "زۆر باشە، ئێستا ئەوە وەلاوە بنێ. ئێستا ئەمە سوودێکی نییە." بە هەرحاڵ، ئەمە کەی و لەکوێ و چۆن دەبێت پاولین هانای بۆ بەڕێز ئاستلی بردووە و ئەم نهێنییانەی خۆی بۆ گێڕاوەتەوە؟

ئەمجا لەم چەند ڕۆژەی دواییدا، بەڕێز ئاستلیم نەدەبینی. هەرچییی پاولینیش بوو، مەتەڵێکی وا بوو، کە هەمیشە ژێریمی سەرسام کردبوو. بۆ نموونە، تەنانەت تا ئێستایش کە بڕیارم دا هەموو چیرۆکی خۆشویستنەکەی خۆمی بۆ بگێڕمەوە، کە دەستم پێ کرد، هەستم کرد بڕێک وردەکاریی دیاریکراوم بیر ناکەوێتەوە لەو پەیوەندییانەی بەومەوە هەبوو، بە پێچەوانەیشەوە، شتەکان لە خەیاڵ و نامۆیی و هەڵوەشاوەیییەوە نزیکتر بوون؛ نە لە هیچ دەچوو و نە هیچیش لەو دەچوو.

بۆیە بەهەناسەسوارییەوە وتم، "باشە، باشە، لە بابەتەکەیش چوومە دەرەوە. زنجیرەی باسەکەیش بچڕا... شتگەلێکی فرەی تر هەن، کە ناتوانم ئێستا هەر بیریشیان لێ بکەمەوە، هەرچۆنێک بێت، تۆ کەسێکی مەردیت. ئێستایش پرسیارت لێ دەکەم و داوای ئامۆژگاریت لێ ناکەم، بەڵکوو داوای بیروڕای تۆ دەکەم."

بۆ ساتێک کپ بووم و دواتر پرسیم، "بەلای تۆوە، هۆی چییە کە ژەنەراڵ ئەو هەموو ترسەی هەیە؟ بۆچی ئەم کارە منالانەیان هێندە قەبە کرد و کردیانە کارەساتێکی ترسناک؟ وا ئەم کارە منالانەیان بە مەترسیدار چواندووە، کە دی جریو ناچار بکات خۆی دەست لە کێشەکە وەر بدات. (ئەوێک کە گەر کێشەیەک زۆر مەزن و مەترسیدار نەبێ، دەستی تێ وەر نادات). ئیدی بەڵێ! هاتە سەر زمانم.

ئەمجا کەوتـە تکاکـردن و پاڕانـەوە لێـم. ئـەو دی جریـوە خۆی! لـە دواییدا هەستی کـرد، کـە پێش سـەعات نـۆ هاتـووە و کاغەزەکـەی پاولینیشـی پـێ بـووە. مـرۆڤ بـۆی هەیـە لـە خۆی بپرسێت، کەی ئەو نامەیەی نووسیوە؟ بڵێی پاولینیان بۆ نووسینی ئەو نامەیە لە خەو ڕاپەڕاندبێت؟ منیش بەدەر لەوەی گەیشتوومەتە ئەوەی کچە پاولین بەکۆیلە کراوە (مادام داوای ئـەوەم لـێ دەکات کـە لێـی خـۆش ببـم و لێـی ببوورم.) دەپرسم، ئاخۆ ئەو چ کارێکی بە هەموو ئەمانەوەیە؟ بۆ بەو ڕێژەیـە پاولیـن بایەخـی پـێ دەدا؟ بۆچـی لـە یەکـەم بارۆنێـک کـە دێتـە ڕێیـان، دەترسـن؟ هەمـوو ئەوانـە چ کاریگەرییەکیـان بەسـەر هاوسـەرگیریی ژەنـەڕاڵ و مادمۆزێل بلانشـەوە هەیـە؟ ئەوان دەڵێن کـە پێویستە ژەنـەڕاڵ بـە شـێوازێکی تایبـەت دەر بکەوێت. ئەویش بە هۆی ئـەم بـارەوە، بـەڵام خۆ ئـەوە بارێکی تایبەتـی زیادلەپێویسـتە. ئاخـۆ تۆیـش هـاوڕام نیت؟ بیـروڕای تۆ چۆنـە لـەم بارەیـەوە؟ مـن لـە چاوانتـدا ئـەوە دەخوێنمـەوە، کـە تـۆ فرەتـر لـەم بارەیـەوە لـە مـن دەزانیت."

بەڕێـز ئاسـتلی بزەیەکـی هاتـە سـەر لێـوان و سـەرێکی بـا دا و وتـی، "بەڵـێ، خۆیشـم پێم وایـە لـەم بابەتـەدا لـە تۆ فرەتـر دەزانـم. کێشـەکە هەمـووی بەتەنیـا بـە مادمۆزێـل بلانشـەوە بەسـتراوەتەوە. پێیشـم وایـە هـەر ئەمـە ڕاسـتییەکە بێـت!"

ئارامیـم لـێ بـڕا و کتوپـڕ حـەزم کـرد شـتێک لەبـارەی پاولینـەوە بزانـم و هـاوارم کـرد، "مادمۆزێـل بلانـش چیـی بەسـەر ئەمەوەیـە؟"

ئەویـش وتـی، "پێـم وایـە ئێسـتا لـە بەرژەوەندیـی بلانشـە، بە هـەر ڕێگەیـەک بێت، لـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ بـارۆن و خاتوو بارۆنـدا خـۆی بەدوور بگرێت، نەخوازەڵڵا پێکگەیشتنێکی بێزارکەرانەیـش، جـا چۆنـە گـەر ڕووبەڕووبوونەوەکەیـش ئابڕووبەرانـە بێـت؟"

ئینجا وتی، "ئێستا ئەوە، وەلاوە بنێ..."

منیش هەڵم دایە، "ئەوە دوو ساڵیش بوو کچە بلانش لێرە و لـە ڕۆڵتنبێرگ بـوو... ڕێکەوت وا بـوو، کە منیش هـەر لێرە بـووم. ئـەوکات نـاوی مادمۆزێـل دی کۆمنـگ نەبـوو، بێوەژنـە کۆمنگ لـەو کاتـەدا بوونـی نەبـوو و دی جریویـش هـەر لـەوێ نەبوو. مـن لـەو بڕوایەدام، کـە نـەک هـەر خـزم نین، بەڵکوو بەم دواییانەیـش نەبێـت، یەکترییـان نەبینیـوە. زۆر دەمێکیـش نییـە

دی جریویش بووەتە مریکیز. بارودۆخێکی دیاریکراو وای کردووە، ئەمەم لێ ڕوون بێت. کە بەم دواییانە خۆی ناو ناوە دی جریو. کەسێکیش دەناسم بە ناوێکی ترەوە بانگی دەکرد." ئەمجا لەسەری ڕۆیشتم، لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، لە بازنەیەکی تۆکمەی پەیوەندیدایە."

ئەویش وتی، "ئۆو!... ئەوە زۆر شیاوە وا بێت، ڕەنگە مادمۆزێل بلانش خۆیشی پەیوەندیگەلێکی هەبێت، بەڵام هەر ئەم مادمۆزێل بلانشە بوو، کە دوو ساڵ لەمەوبەر، بە هۆی سکاڵای ئەو خاتوونی بارۆنەوە، پەلکێشی دادگا کرا. دواتر داوایشی لێ کرا شار بەجێ بهێڵێت و جێیشی هێشت."

منیش وتم، "جا ئەوە چۆن بووە؟

ئەویش وەڵامی دایەوە، "یەکەم جار دەستی بە دەستی پیاوێکی ئیتالیاییەوە بینرا، میرێکی مێژوویی بوو، باربینی، ناوێکی لەم جۆرە بوو، پیاوێک بوو، ئەو خاتوونەی نوقمی ئەڵقە و موستیلەی ئەڵماس کردبوو، بە گالیسکەیەک پیاسەیان دەکرد، جۆرێک دەبریسکایەوە، کە ئاوی چاوی دەبرد! مادمۆزێل بلانش یاریی قوماری سی و چلەکەی کرد و تێیدا براوە بوو، دواتر، هێندەی من بیرم ما بێت، ئەستێرەی بەختی کەوتە تاریکییەوە و ئێواریەکیان بڕێک پارەی خەیاڵیی دۆڕاند، بەڵام لە هەمووی خراپتر ئەوەبوو، کە ئەو میرە ئیتالییە لە بەیانییەکدا ون بوو و ئێستایش کەس نازانێت بەرەو کوێ؟ ئەسپەکان و گالیسکەکە ون بوون و هیچ شتێک دیار نەما! کچەیش بڕێکی فرە پارەی ئوتێلەکە قەرزار بوو، ئیدی مادمۆزێل زەلما، کە لەناکاو ناوی باربینی بە مادمۆزێل زەلما گۆڕا، فرە غەمگین و بێورە دەبینرا، دەگریا و هەنسک و تووڕەییی، ئوتێلەکەی پڕ کردبوو. لە ڕق و تووڕەییی خۆیدا، یەخەی خۆی دادەدڕی. هەر لەو ڕۆژانەیشدا کۆنتێکی پۆلۆنیایی لەو ئوتێلەدا بوو. پۆلۆنییەکانیش لە گەشتەکانیاندا بە کۆنت بانگ دەکرێن، کە ئەم کۆنتە مادمۆزێل دەبینێت، بەرگەکانی بەری خۆی دادەدڕێت و دەموچاوی خۆی بەو دەست و پەنجە ناسک و جوانانەی، وەکوو پشیلە، دەڕنێتەوە. کار لە دەروونی دەکات و دەکەوێتە دواندنی.

"دەمەوئێوارە زەلما کپ بووەوە و بۆ ئێوارەیش قۆڵی لە قۆڵی پۆلۆنییەکەدا بوو و وەکوو جاران کەوتەوە قاقالێدان، خەڵکەکەیش ئەمەیان بەئاشکرا بینی. ئیدی کرانەوەی فرەتر

بە کردەوەکانیەوە دەبینرا، هەر زوویش بووە یەکێک لەو ئافرەتانەی قوماری ڕۆلێتیان دەکرد. گەر یەکێک لەو ژنانە بیانویستایە بچنە بازنەی یاریکەرانی مێزێکی قوماری ڕۆلێتەوە، دەبوو پیاوێک هەڵبستێنن و لە شوێنەکەی دای بنیشێنن، ئەمەش یەکێکە لە قەشەنگی ئافرەتان، بێگومان ئەمە سەرنجی تۆیشی ڕاکێشاوە."

منیش وتم، "منیش لەوە بەئاگام."

ئەویش وتی، "ئەمە ئەوە ناهێنێت. خەڵکی ئێرە بەتاسەوەن بۆ ئەو کارە. لانی کەم لەبەر ئەوە شان دەدەنە بەر ئەو کارە، تاکوو هەزار فرەنکییەکانیان بۆ ورد بکەنەوە. دواتر ئەوانیش دەکەونە تکاکردن لێیان، تاکوو ئەو ژنانەیان لێ دوور بخەونەوە.

"مادمۆزێل زەلما کەوتە وردکردنەوەی هەزار فرەنکییەکان، بەڵام تا دەهات، بەختی خراپ و خراپتر دەبوو. سەرنجی ئەوەیشی دابوو، کە زۆرێک لەو ئافرەتانە بەخت یاوەریان دەبوو لەو قومارەدا. ئاخر خاتوونەکان خۆیان زۆر باش بۆ ڕکێف دەکرا.

"لێرەدا چیرۆکەکە کۆتا دەبێت و هەر وەکوو چۆن میر ون بوو و سەری خۆی هەڵگرت، کۆنتیش بە هەمان شێوە ون بوو!"

ئەو ئێوارەیە زەلما، هەر خۆی، بەتەنیا هات بۆ قومارەکە. ئیدی کەسێک نەچووە ژێر ئەو بارە و قۆڵی نەکرد بە قۆڵیدا، هەر دوای دوو ڕۆژ، هەرچییەکی پێ مابوو، لەدەستی دا، چونکە قوماری بە دوایین لیرەی زێڕینی خۆیەوە کرد و دۆڕاندی. ئەمجا بە دەوروبەری خۆیدا ڕوانی و بارۆن گۆرمەر هلمی بینی و بۆی دەر کەوت ئەو پیاوە لێی دەڕوانێت و خستوویەتیە ژێر چاودێرییەوە، لەنێو چاوانیشیدا، بێزاریی دەبینی، بەڵام مادمۆزێل زەلما بێزارییەکەی ئەوی بەهەند نەگرت و بە بزەیەک ڕووبەڕووی بووەوە و تکای ئەوەی لێ کرد، کە ١٠ لیرەی زێڕی بۆ بخاتە سەر سوورەکە. ئیدی بەدوای ئەوەدا، لە ئەنجامی ئەو سکاڵایەی خاتوو بارۆنی خێزانی بارۆن لێی کرد، داوای لێ کرا جارێکی دی خۆی بەو گازینۆیەدا نەکات و قومار نەکات.

"ئەگەر ئەم زانیارییە سووکەڵانەیەی منیشت پێ سەیرە. ئەوە بزانە، کە منیش لە بەڕێز ڤیدەرەوە وەرم گرتووە.

ئەو کەسە یەکێکە لە خزمانم و ئەو ئێوارەیە خۆیشی بە گالیسکەکەی زەلمای گەیاندبووەوە سپا. کە وا بوو، لەوە تێبگە کە مادمۆزێل بلانش دەیەوێت ببێتە هاوسەری ژەنەراڵ، زیاتر بۆ ئەوەیە جارێکی دی کەس داوای نەکات، هەرچەند ئێستا خۆی قومار ناکات، بەڵام بەڵگەکان دەیسەلمێنن کە ئەو ئافرەتە سەرمایەی هەیە و بە قەرزی سوو* دەیدات بەم و بەو، تاکوو قوماری پێوە بکەن، کە ئەمەیان ژێریی مرۆڤ دەیبرێت. پێم وا بێت ژەنەراڵی داماویش یەکێک بێت لە سەرمایەی قەرزارەکانی، ڕەنگە دی جریویش قەرزاری بێت، خوا خۆیشی دەزانێت، کێ دەڵێت شەریکیشی نییە؟

"کە وا بوو، تێبگە کە بۆچی مادمۆزێل بلانش نایەوێت هاوسەرگیری بکات، یان بارۆن و خاتوو بارۆن پێی بزانن، ئەمە ڕسواییە و ڕەنگە لەم بارودۆخەی ئێستایدا، بۆ ناو و ناوبانگی ئەم کچە، لە هەموو کاتێکی دی خراپتر بێت. تۆ سەر بە بنەماڵەکەی ئەویت و ڕەنگە کردەوەکانت ببێتە مایەی ئاژاوە بۆ ئەوان، بەتایبەتییش لە ئێستایدا، کە بە بەرچاوی خەڵکەوە هەموو ڕۆژێک قۆڵ دەکات بە قۆڵی ژەنەراڵدا، یان کچە پاولین. ئێستا تێگەیشتیت؟"

هێندە توند بۆکسم بە مێزەکەی بەردەممدا کێشا، شاگردەکە بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە ئێمە و هاوارم کرد، "نەخێر... تێنەگەیشتم..."

منیش کە فرە تووڕە بووم، لەسەری ڕۆیشتم، بەڕێز ئاستلی ئەگەر زۆر باش مادمۆزێل بلانش دی کومانگت دەناسی، چۆن بوو کە ئاگادارت نەکردینەوە؟ نە منت ئاگادار کردەوە و نە ژەنەراڵ و نە کچە پاولین. کە وا لە گازینۆکەدا و بە بەرچاوی خەڵکەوە قۆڵی بە قۆڵی مادمۆزێل بلانشدا دەکرد؟ ئا ئەمەی کردووتە، ڕێی تێ دەچێت؟"

بەڕێز ئاستلییش لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە، "نەمدەتوانی ئاگادارتان بکەمەوە. چونکە نەتاندەتوانی کارێکی بۆ بکەن. دواجار لە چی ئاگادارتان بکەمەوە؟ ڕەنگە ژەنەراڵ خۆیشی لە من بەئاگاتر بووبێت. ئەمجا ئەمەیش نەدەبووە ڕێگر لە بەردەم ئەوەدا، کە پیاسە لەگەڵ ئەو و کچە پاولین بکات،

---

* سوو، سوود، الفائدە: بڕێک پارەیە و دەخرێتە سەر بڕی قەرزەکە و دواتر قەرزدەر وەری دەگرێتەوە. (و. ک.)

ژەنەڕاڵ کەسێکی بەدبەختە. دوێنێیش مادمۆزێل بلانشم بینی بەسەر پشتی ئەسپێکی قەشەنگەوە غاری دەکرد و دی جریو و میرە ڕوسییە کوڵەبنەیشی لەگەڵدا بوو. ژەنەڕاڵیشم بینی بەسەر پشتی ئەسپێکی بۆرەوە بوو. بۆ بەیانییەکەی، هەر هاواری ئازاری لاقەکانی بوو. ئەوەتا، ئێستایش لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا نیشتووەتە کۆڵی ئەسپێکەوە!"

لەو کاتەدا منیش وا هات بە خەیاڵمدا، کە ژەنەڕاڵ پیاوێکە بۆ تا هەتایە و بەڕاستی تیا چووە! هەرچەند من دەربەستیشی نیم و دەمێکیش نییە بە ناسینی کچە پاولینیش شەرەفمەند بووم. هەرچەند بەڕێز ئاستلی کپ ببووەوە، بەڵام فرەی پێ نەچوو وتی، "دواتر لە پێشەوە پێم وتیت، هەرچەند خۆیشم بە هاوڕێیەکی دڵسۆزت دەزانم، ڕێت پێ نادەم بڕێک پرسیارم لێ بکەیت..."

منیش بەدەم هەستانەوە پێم وت، "هێندە بەسە بۆ من. ئێستا بەڕوونی دەزانم، کچە پاولینیش دەیەوێت چی بزانێت لەبارەی مادمۆزێل بلانشەوە. بەڵام نایشتوانێت لە فەرەنسییەکەیش جیا ببێتەوە. هەر لەبەر ئەوەیشە ڕازییە بە پیاسەکردن لەتەکیدا. بڕوات هەبێت، شتێکی دی نییە بتوانێت زۆری لێ بکات، تاکوو گەشت لەگەڵ مادمۆزێل بلانش بکات. هەر ئەمەیشە وای کردووە نامەیەکم بە دەستخەتی خۆی بۆ بنووسێت و تێیدا لێم بپاڕێتەوە، تا دەست بۆ خاڵە بارۆن نەبەم. لێرەوەیە دەستی بەسەریدا دەڕوا و هەموو جارێک کڕنووشی بۆ دەبات! لەگەڵ ئەمانەیشدا، خۆی ڕووبەڕووی بارۆنی کردمەوە! سەیرە! شتیەلێک هەن، مرۆڤ تێیان ناگات...!"

ئەویش وتی، "یەکەم، تۆ ئەوەت بیر دەچێت، کە مادمۆزێل دی کۆمانگ دەزگیرانی دیاریکراوی ژەنەڕاڵە. دووەم، کچە پاولین کچێکی بچکۆلەی لە ژنەکەی پێشووی ژەنەڕاڵ لەلایە. لەگەڵ خۆشک و برایەک، کە لە خۆی منداڵترن. ئەمانە دوو منداڵی ئەو ژەنەڕاڵە شێتەن، هەردووکیان پشتگوێ خراون و بێگومان لە کاولبووندان."

منیش وتم، "بەڵێ! بەڵێ! ئەمە ڕاستە. گەر پشتگوێیان بخات، وێڵ و دەربەدەر دەبن، مانەوەیشیان بەرگریکردنە لە بەرژەوەندییەکانیان، ڕەنگە بڕێک لە سامانەکەیشیان بۆ کۆ بکرێتەوە."

"بەڵێ! بەڵێ! ئەوانە هەموو ڕاستن. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا، لەگەڵ ئەوەیشدا...!"

"ئۆو...! ئێستا تێگەیشتم بۆچی ئەم هەموو گرنگییە بە نەنێ دەدەن!"

ئەویش پرسیی، "بە کێ؟"

منیش وەڵامم دایەوە، "بەو پیرەژنە خەرەفاوەی، لە مۆسکۆ دادەنیشێت و هێشتا بڕیاری گیاندەرچوونی نەدراوە. ئەوان چاوەڕوانی ئەو برووسکەیە دەکەن، کە مردنی ئەو پیرەژنەی تێدا ڕاگەیەندرابێت."

ئەویش وتی، "بێگومان بایەخەکان لەو پیرەژنەدا چڕ بوونەتەوە. هەموو شتەکان بەو وەسیەتنامەیەوە بەستراونەتەوە. کەی وەسیەتنامەکە کرایەوە و خوێندرایەوە، ئەو دەمە ژەنەڕاڵ هاوسەرگیری دەکات، پاولینیش دەستی کراوە دەبێت و بەسەر دی جریویشدا زاڵ دەبێت..."

منیش پرسیم، "دی جریو چی دەتوانێت؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە، "کە قەرزەکانی وەر بگرێتەوە، خۆ هەر چاوەڕوانی ئەوەیشە."

منیش پرسیم، "تۆ لەو بڕوایەدایت کە تەنیا چاوەڕوانی ئەوە دەکات؟"

دوای بێدەنگییەکی قووڵ، وەڵامی دامەوە، "لێرە بەدواوە هیچی دی نازانم."

منیش بەتووڕەیییەوە، چەندبارەم کردەوە، "خۆیشم دەزانم... خۆیشم دەزانم... ئەویش چاوەڕوانی میراتییەکەیە. چونکە پاولینیش مارەیی و جیازیی بەر دەکەوێت. هەرکاتێک ئەوەی دەستکەوت، بە ملدا دەکەوێتەوە. ژنان هەموو یەک جۆرن. کامەیان زۆر لووتبەرز و بەخۆنازن، دەبنە رسواترین کۆیلەی سامان! پاولینیش، فرە بە توندی و پەرۆشەوە نەبێت، کەس ناتوانێت خۆشی بوێت، ئەمە شتەکەیە. هەر ئەمەیش بیروڕای منە! تۆ هەر وا لێی بڕوانە، بەتایبەتییش ئەو دەمانەی هەر خۆی بەتەنیا دانیشتووە و بیر دەکاتەوە، هەر دەڵێی بەدبەختیی بۆ نووسراوە و بەنەفرەت کراوە. بۆیشی نووسراوە، کە تووشی ببێت بە تووشی هەموو نەهامەتییەکانی ژیانەوە!"

منیش بەو شێوەیە هاوارم کرد، "ئەو... ئەو... بەڵام ئەوە کێیە بانگی من دەکات. ئەوە کێیە دەقیژێنێت؟"

گوێم لە یەکێک بوو، بەڕوسی بانگی کردم... ئەلیکسی ئیڤانۆڤیتش... ئەوە ئافرەتێکە بانگم دەکات.

"گوێ بگرە! گوێ بگرە!"

لەو کاتەدا لە ئوتێلەکەمان نزیک دەبووینەوە. دەمێکیش بوو گازینۆکەمان جێ هێشتبوو و بە خۆمان نەزانیبوو.

بەڕێز ئاستلی دەستی بۆ درێژ کرد و وتی، "گوێم لە ئافرەتێک بوو هاواری دەکرد. بەڵام نەمزانی کێیە؟ بەڕوسیی دەدوا، بەڵام ئێستا دەزانم ئەو دەنگە لەکوێوە دێت، ئەوە هەر ئەو ئافرەتەیە، کە لەسەر کورسییە ناوازەکە دانیشتبوو و ئەو هەموو خزمەتکارە هەڵیان گرت و بردیانە بانیژەکە. ئەوە ئێستایش جانتاکانی بۆ هەڵدەگرن و بەدواوەیەوەن. کە وا بوو، شەمەندەفەرەکە گەیشتووە."

منیش پرسیم، "بەڵام ئاخۆ بۆچی من بانگ دەکات؟ ئەوە دەستی بە بانگکردنم کردەوە. بڕوانە! ئەوەتا ئاماژەیش بە ئێمە دەدات."

بەڕێز ئاستلییش وتی، "بەڵێ، دەیبینم."

لە بانیژەی ئوتێلەکەوە، ئەم هاوارهاوارە دەگەیشتە ئێمە، "ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش! ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش! ئۆوا چەندە گێلە!"

تا پلیکانەی چوونەژوورەوەی ئوتێلەکە ڕامان کرد. هەر بۆشاییەکەم تێپەڕاند، لە سەرسامیدا، باڵەکانم بەر دانەوە و لاقەکانم لە جێی خۆیان وشک بوون و لە جووڵە کەوتن.

# بەشی نۆیەم

لە پانتاییی سەرەوەی پلیکانە پانوپۆڕەکەدا، کارەکەر و خزمەتکارێکی فرە و بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری ئوتێلەکە وەستابوون و لە چاوەڕوانیی گەیشتنی خاتوونی پایەبەرز، خۆی و کۆمەڵێک کەسی دەوروبەری و چەندین سندوق و جانتای کەڵەکەبوودا بوون.

نەنێیش سەر کورسیی پاشایەتیی خۆی نیشتبوو... بەڵێ، خۆی بوو، ئانتۆنین ڤاسیلڤنا تراڤیتش بوو. ئەو تۆقێنەرە دەوڵەمەندە ٧٥ ساڵە خۆی بوو. خاتوونێکی خاوەن موڵک و یەکێک لە مەزنەکانی مۆسکۆ بوو. ئەو چەقی هاتوچۆیەی برووسکەی هەواڵی مردنەی بوو، کە هێشتا زیندووە! بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختیش، کەسێتیی خۆی لەنێوماندا نواند. لاقەکانی لە جووڵە کەوتبوون و پێنج ساڵیش بوو بە کورسییەکەیەوە هەڵیان دەگرت و دەیانگواستەوە، بەڵام خوو و خدەی نەگۆڕابوو و لووتبەرزی و قنج و قیتی و بزێوییەکەی و زمانتیژی و نەرەنەرەکەی، هەر وەکوو خۆی مابووەوە و بەقیژەقیژ فەرمانی دەر دەکرد، لاقرتێیشی بە هەموو کەس دەکرد، واتا هەر وەکوو ئەو دەمەی من تازە بە مامۆستای منالەکانیان و لە ماڵی ژەنەڕاڵ دامەزرابووم و دوو جاران دیبووم، مابووەوە. ئاسایی بوو بەسەرسامییەوە لە بەردەمیدا وشک ببم. ئەویش ئەو کاتەی بە کورسییەکەیەوە بە پلیکانەکەدا دەیانگواستەوە، منی بینی. ناسیمیەوە و بە ناوە کورتکراوەکەمەوە و ئەمجا بە ناوە باوکییەکەمەوە بانگی کردم، ئەو دوو ناوەمی بۆ تا هەتایە لەبەر کردبوو و، بێگومان بە بیرتیژییش ناسرابوو!

منیش ئەم پرسیارە هات بە خەیاڵمدا، "ئەمە لەو ژنانەیە، کە بەو ئومێدەوەن لە گۆڕدا ببیننەوە و چاویان لە میراتەکەی بڕیوە. بڵێی ئەو ئێمە و دانیشتووانی ئوتێلەکە لە کفن نەنێت؟ خوایە... ئاخۆ ئەوانی دی ئێستا چییان بەسەر هاتبێت؟

ئاخۆ ژەنەراڵ چی بکات؟ ئەو ماڵەکە هەڵدەگێڕێتەوە و ژێرەوژووری دەکات!

نەنێ دەستی کردەوە بە قیژەقیژ، "هێی... ئازیزەکەم! ئەوە بۆچی لە شوێنی خۆتدا بەو شێوەیە وشک بوویت و چاوەکانت زەق بوون؟ ئەرێ ئەوە نازانیت وەڵامیش بدەیتەوە؟ نازانیت بەیانیباشیش بکەیت؟ ئاخۆ ئەمەیش نازانیت؟ یان خۆت لەوە بە مەزنتر دەزانیت، کە ئەمە بکەیت؟ یان ئەوەتا نامناسیتەوە؟ پۆتاپتیش... دەمبیستیت؟"

ئاوا دەستی بە قسەکردن کرد و بەلای ئەو پیرەمێردە کورتەبنە سەرسپییەیشدا لای کردەوە، کە بەرگی چوونەدەرەوەی لەبەردا بوو و بۆینباخێکی سپیی بە ملیدا هەڵواسیبوو. سەرێکی ڕووتاوەی سووری گوڵئاسای هەبوو. ئەو پیرەیش سەرکاری خزمەتکارانی بوو و هەمیشە لە گەشتەکانیدا لەگەڵ خۆی دەیبرد.

درێژەی دایە، "پۆتاپتش، گوێت لێمە؟ ئەو نامناسێتەوە! لە گۆڕیشیان نام و لێبوونەوە! برووسکە بەدوای برووسکەدا دەیاننارد و دەیانپرسی، "ئاخۆ مردووە؟ یان هێشتا ماوە؟ خۆم هەموو شتێک دەزانم. ئەوەتا خۆیشت دەبینیت، کە هێشتا خوێنم دەبزووێت!"

منیش بە شێوازێکی نیان وتم، "ئانتۆنین ڤاسیلیڤنا، ببوورن. بۆ دەبێت نزای خراپت بۆ بکەم... تەنیا ئەوە بوو، سەرسام بووم!... ئاخر چۆن سەرم سوور نەمێنێت؟ خۆ هاتنی تۆ کارێکی چاوەڕوانکراو نەبوو...!"

نەنێیش پرسیی، "چی سەرسامت دەکات؟ سواری شەمەندەفەر بووم و گەشتم کرد. شەمەندەفەرەکەیش تا بڵێی خۆش و ئارام بوو، نە هەڵبەزودابەز و تاسە و نە ماندووبوون. ئەی تۆ لەکوێ بوویت؟ تۆیش لە گەشت بوویت؟"

منیش وەڵامیم دایەوە، "بەڵێ، منیش لە گازینۆکە بووم."

نەنێیش بە دەوروبەری خۆیدا ڕوانیی و وتی، "مرۆڤ

لێرە دەحەوێتەوە، کەشوهەوا فێنکە و دارودرەختەکان جوان و قەشەنگن! منیش هەر ئەمانەم پێ خۆشە! ئاخۆ کۆمەڵی خۆمان لەوێن؟ ژەنەراڵیش لەوێیە؟"

منیش وەڵامیم دایەوە، "بەڵێ، ئەویش لە شوێن و جێی خۆی ماوەتەوە. ئێستا هەموویان هەر لەوێ کۆ بوونەتەوە؟"

ئەویش وتی، "ئێ... لێرەیش دیسان... ژووان ڕێک دەخەن و ڕێنماییەکان پەیڕەو دەکەن و یاساگەلی بۆ دادەنێن. پێیشیان وتووم ئەو ئاغا ڕووسییانە گالیسکەیشیان هەیە! دوای ئەوەی سامانەکانیان تەفروتوونا کرد، دزەی هەندەرانیشیان کردووە. ئاخۆ پراسکۆڤیایشیان لەگەڵدایە؟"

وەڵامیم دایەوە، "بەڵێ، پاولین ئەلکسندرۆڤنایشیان لەگەڵدایە."

دیسان پرسیی، "ئەی فەرەنسییە کورتەبنەکە؟ بەڵام خۆ هەر خۆیشم هەموویان دەبینم. ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش، بمبە بۆ لای ژەنەراڵ. ئەی خۆت؟ تۆ کاروبارت لێرە باشە؟"

وەڵامیم دایەوە، "خراپ نییە، خاتوو ئانتونین ڤاسیلیڤنا."

ئەویش هەڵی دایە، "تۆ ئەی پۆتاپتیش، بەو خزمەتکارە قەبە و زەبەلاحە بڵێ، لە شوقەیەکی لەبار و خۆشدا دام بنێت و هەر لە نهۆمی یەکەمیدا، هەر زوویش شتومەکەکانم بگەیەننە ئەوێ، بەڵام بۆ هەموو پەلەیانە لە هەڵگرتنم؟ ئاخر بۆ هێندە پەلەیانە؟ ئای کە ئەمە سووکایەتییە...!"

جارێکی دی ڕووی تێ کردمەوە و پرسیی، "ئەی ئەو پیاوەی لەگەڵ تۆیە کێیە؟"

وتم، "ئەوە بەڕێز ئاستلییە."

پرسییەوە، "بەڕێز ئاستلی کێیە؟"

منیش وەڵامیم دایەوە، "گەشتیارێکە لەو گەشتیارانە و بووەتە چاکترین هاوڕێم. ئەویش ژەنەراڵ دەناسێت."

دیسان پرسییەوە، "دیارە کەسێکی ئینگلیزە؟ چونکە دەمی کردووەتەوە و هیچ نالێت. بە هەرحاڵ، من ئینگلیزەکانم خۆش دەوێت. زۆر باشە، ئێستا سەرم بخەنە سەرەوە. بەپەلە بمگەیەننە شوقەکەی ئەوان. ئەوان لە کوێ نیشتەجێن؟"

نەنێ هەستا و منیش پێشیان کەوتم و بە پلیکانە پانوپۆڕەکەدا سەر کەوتم. کۆمەڵەکەمان وا دەبریسکانەوە، ئاوی چاویان دەبرد! لە ڕێدا بە هەرکەسێک دەگەیشتین، دەوەستا و بەووردی لێی دەڕوانین. ئەو ئوتێلەی ئێمەی تێدا

بووین، فره قەشەنگ بوو و لە خۆشترین ئوتێلەکانی شار و لە ڕووی مانەوەوە تێیدا، گرانترینیان بوو، بۆیە ئەرستۆکراتییانە بوو. ئیدی هەمیشە لەسەر پلیکانە و ڕاڕەوەکانیدا، بە ئافرەتانی جوان و قەشەنگ دەگەیشتیت و خاتوونانێکی فرە جوان و نازدار! لەگەڵ خاتوونگەلێکی ئینگلیزی نەرمونیان ڕووبەڕوو دەبوویتەوە. زۆرێک لەوانەیش لەبارەی ئەم خاتوونەی ئێمەوە، لە بەڕێوەبەری ئوتێلەکەیان دەپرسی. تەنانەت بەڕێوەبەری ئوتێلەکەیش سەرسامی خاتوونەکەی ئێمە بووبوو! ئەڵبەتە هەموو جارێک وەڵامی وای دەدایەوە، کە خاتوونەکەمان بیانییەکی ناسراوی چینە باڵاکانە! کۆنتیسەیەکی ڕوسییە، خاتوونێکی دەستڕۆیشتووە و ئەو هەر لەو بەشەی ئوتێلەکەدا دەمێنێتەوە، کە خاتوونە دۆقی (ن)ی مەزنی زووتر تێدا بوو. ئەو سیما بڕوابەخۆبوونە و توندییەی و جیددییەتەکەی بەسەر عەرشەکەیەوە هێشتبوویەوە و ببووە هۆی سەرنجی دەوروبەرەکەی. ڕووبەڕووی هەرکەسێک ببووینایەتەوە، ئەو بەو سەرنجە پشکنەرەی لە سەرتاپای دەڕوانی. کۆڵیشی نەدەدا و بە دەنگی بەرز پرسیارگەلێکی فرەی لەبارەیانەوە لە من دەکرد. نەنیێ میزاجێکی بەهێزی هەبوو، هەرچەند لە کورسییەکەی جوێ نەدەبووەوە، بەڵام هەرکەسێک بیبینیایە، لەوە بەئاگا دەهاتەوە، کە ئەو ژنە کەڵەگەتە! چونکە قنجوقیت بەسەر کورسییەکەوە دادەنیشت و ڕێک وەکوو پیتی ئەلف و شانی لەسەر دانەدەدا! سەروقژە سپییەکەی ڕێک دەگرت. سیمایەکی بەدەرەوەبووی هەبوو و کە ڕووبەڕووی دەبوویتەوە، وەکوو ڕکابەرێک لێی دەڕوانیت! لە هەمان کاتدا هەستت بەوەیش دەکرد، کە ڕوویەکی سادە و بێ زۆرلەخۆکردنی هەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا، کە ٧٥ ساڵی تەمەن بوو، کەچی تەڕوبڕی و ناسکی بە ڕوخسارییەوە دیار بوو! تەنانەت ڕیزە ددانەکانیشی فرە ناشیرین نەبووبوون، بەرگێکی ئاوریشمینی ڕەشی پۆشیبوو و شەپقەیەکی بچکۆلەی سپیی بەسەرەوە بوو.

بەڕێز ئاستلی، کە لەتەنیشتمەوە بە پلیکانەکەدا سەر دەکەوت، وتی، "بەڕاستی چێژێکی فرە لە بینینی ئەم نەنێیە وەر دەگرم!..."

منیش لە دڵی خۆمدا وتم، "نەنیێ لە ناردنی برووسکەکان بەئاگایە و دی جریویش دەناسێ، بەڵام لەوە دەچێت تا ئێستا

مادمۆزێل بلانش نەناسێت! هەر زوویش ئەمەم لە بەڕێز ئاستلی گەیاندووە، بەتەریقییەوە دان بەوەیشدا دەنێم، کە هەر سەرسامییەکەی یەکەمین جارم ڕەوییەوە، بەو لێدانەی لە ژەنەڕاڵی دەسرەوێنین، هەستم بە خۆشی و پەرۆشییەکی مەزن کرد. هەر ئەمەیش کاری تێ کردم و بە دڵێکی خۆشەوە هەنگاوم هەڵدەهێنا."

هاوڕێیانمان شوێنی خۆیان لە نهۆمی سێیەمدا کردبووەوە. منیش هەر کە گەیشتم، نە ئاگادارم کردنەوە و نە هیچ، دەرگاکەم خستە سەر پشت. نەنێیش وەکوو کەسێکی زاڵ چووە ژوورەکەوە.

هەموویان لەوێ بوون و هەر وەکوو خۆیان ویستبێتیان لە ژووری ژەنەڕاڵ کۆ ببنەوە، هەرچەند نیوەڕۆ بوو، ئەوان میوانیشیان هەبوو، بەڵام لەوە دەچوو بەنیازی گەشتێکی بەکۆمەڵ بووبن، جا چ بە گالیسکە بێت، یان بە سواری ئەسپەوە. سەرەڕای ژەنەڕاڵ و پاولین و منداڵەکان و خزمەتکارەکەیان، دی جریو و مادمۆزێل بلانیشیشی لێ بوو و تەنوورەیەکی سوارەیی لەبەردا بوو. لەگەڵ بێوەژنە دی کۆمینگی دایکی و میرە کورتەبنە و زانایەکی ئەڵمانییش، کە تەنیا جارێکی تر لای ئەوان بینیبووم.

هەرسێ هەنگاوێک لە ژەنەڕاڵەوە دوور و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا کورسیی نەنێم دانا، تا لە ژیاندا بم، کاریگەریی ئەو چوونەژوورەوەیەم بیر ناچێتەوە!

لە چوونەژوورەوەی ئێمەدا، ژەنەڕاڵ شتێکی بۆ دەگێڕانەوە. دی جریویش هەر لەو بارەیەوە گفتوگۆی بوو لەگەڵیدا، پێویستە ئەوەیشم بیر نەچێت، کە مادمۆزێل بلانش و دی جریو ئەوە دوو ڕۆژ بوو، دەوروخولی میرە کورتەبنەیان دابوو و بە لاولوویدا دەهاتن و بە بەرچاوی ژەنەڕاڵی داماویشەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمەڵەکە شێوازێکی زۆرلەخۆکردوویان بەکار دەهێنا، کەچی فرە نیان و پڕخۆشەویستییش دەیاننواند!

هەر کە ژەنەڕاڵ نەنێی بینی، وشەکەی بۆ تەواو نەکرا و حەپەسا و دەمی داپچڕی! بە چاوانی ئەبڵەقەوە، هەر وەکوو دێوێکی بینیبێت، لێی ڕوانی!

نەنێیش، بێ ئەوەی هیچ بڵێت، چاوانی تێ بڕیبوو. بەڵام وەکوو ڕوانینەکەی ئەوی بەدڵ نەبوو، سەرکەوتووانە و

لاقرتێئامێزانە لێی ڕوانی.

بەو شێوەیە بۆ نزیکەی دە چرکەیەک بێ ئەوەی هیچ بڵێین پێکیاندا هەڵڕوانی! لە سەرەتادا دی جریو نەحەپەسا! بەڵام هەر زوو پەشۆکاوییەکی فرە بە ڕوخساریەوە دەر کەوت، بەڵام مادمۆزێل بلانش برۆکانی بەرز کردەوە و دەمی داپچڕی! گێلانە کەوتە هەڵڕوانین بە نەنێدا!

میر و زاناکەیش بە سەرسامی و شڵەژانەوە لەو هەڵوێستانەیان ڕوانی، لە سەرنجەکانی پاولیندا، سەرسامی و پەشۆکاوییەکی مەزن دەخوێنرایەوە! دواتر هێندەی پێ نەچوو، وەکوو بەفر سپی هەڵگەڕا! بەڵام هەر زوو خوێن بەچڕی گەڕایەوە بۆ ڕوخسار و لێوانی و سووری هەڵگێڕانەوە. بەڵێ، گەڕانەوەی نەنێ لەخۆیدا بۆ هەمووان کارەسات بوو! منیش لەوە زیاتر کە چاوم بە نەنێ لە لایەک و ئامادەبووان لە لایەکی تردا گێڕا، هیچی ترم بۆ نەکرا.

بەڵام بەڕێز ئاستلی، وەکوو جارانی خۆی، بەدوور بوو و ڕێزدار و هێمنیش بوو. لەناکاو نەنێ تەقیەوە و بێدەنگییەکەی ڕەواندەوە و وتی، "بەڵێ، ئەمە خۆمم! لەبریی برووسکەکە، خۆم هاتووم! چاوەڕوانی هاتنی من نەبوون! وا نا؟"

هەرچەند نەنێ گەر چەند چرکەیەکی دی خۆی بگرتایە و بێدەنگ بمایەتەوە، لەوە بوو ژەنەڕاڵ دڵی لە لێدان بکەوتایە... بەڵام هەڵی دایە، "ئەی ئەنتۆنین ڤاسیلیڤنا، پوورە نیانەکەم... ئای کە ئەمە ڕێکەوتێکی سەیر بوو!"

نەنێ هەڵی دایە، "ڕێکەوتی چی؟ سواری شەمەندەفەر بووم و هاتم. جا گەر ئەمە نەبوایە، ئیدی هێڵی شەمەندەفەر چ سوودێکی دەبوو؟ یان ئێوە چاوەڕوانی ئەوە بوون، کە من بەسەر دارەمەیتەوە لە ماڵەکەم بێمە دەرەوە و میراتیتان لەپاش خۆم بۆ جێ بهێڵم؟ ژەنەڕاڵ، دەزانم برووسکەیەکی فرەت لێداوە و فرەیش کەوتووە لەسەرت. کرێی برووسکەلێدانی ئێرەیش هەرزان نییە. بەڵام ئەوەتا، گوڕم بە خۆم دا و بۆخۆم هاتم. ئا ئەمە فەرەنسییەکەیە؟ پێم وا بێت دی جریوی ڕێزدارە؟"

دی جریویش وەڵامی دایەوە، "بەڵێ، خاتوونەکەم، بڕوات پێم هەبێت، شادمانم بە بینینت و زۆریش. هەر فرەیش پەرۆشی تۆ بووم، شادمانم کە بەم شێوەیە دروستیت بۆ گەڕاوەتەوە."

نەنیێ هەڵی دایە، "قەشەنگە! بەڵێ، ئەوە ڕاستە و قەشەنگە! من چاکت دەناسم، هەی ئەکتەری کۆمیدی! بە هێندەی سەرەپەنجەیەکیش،" دەستی ڕاکێشا و پەنجەتووتەی پیشان دا، "بڕوات پێ ناکەم."

دەستیشی بۆ مادمۆزێل بلانش ڕاکێشا و پرسیی، "ئەی ئەمەیان کێیە؟"

ئەو کچە فەرەنسییەیش بە پۆشینەکەیدا دەر دەکەوت، کچێکی بزێو و هەڵەشەیە و تەنوورەیەکی سوارەیی لەبەردا بوو و قامچییەک بە دەستیەوە بوو و ئاوی چاوی نەنیێ بردبوو.

نەنیێ لەسەر پرسیارەکانی ڕۆیشت، "خەڵکی ئێرەیە؟"

منیش وتم، "ئەویان مادمۆزێل بلانش دی کۆمینگە. ئەوی تریشیان دی کۆمینگی دایکیەتی. ئەوانیش نیشتەجێی ئەم ئوتێلەن."

خاتوونی پیرەژنیش بێ شەرمکردن پرسیی، "ئاخۆ شووی کردووە؟"

منیش بەوپەڕی ڕێزەوە، دوای چاوداگرتنم لە کچەکە، وەڵامم دایەوە، "نەخێر...! ئەو هێشتا کچە."

پیرەژنە درێژەی دایە، "ئاخۆ کچێکی کراوە و ڕووخۆشە؟"

لە ڕاستیدا لە پرسیارەکەی نەگەیشتم.

نەنیێ ڕوونتری کردەوە و پرسیی، "مرۆڤ بە هاوڕێیەتیکردن و تێکەڵیی ئەم کچە، هەست بە بێزاری ناکات؟ ئاخۆ زمانی ڕوسی دەزانێت؟"

ئاخر دی جریو لە مۆسکۆ بڵمەبڵمی بە چەند وشەیەکەوە دەکرد، ئەوەیشم بۆیە پێ وت، چونکە مادمۆزێل دی کۆمینگ هەرگیز گەشتی ڕوسیای نەکردووە.

نەنیێ بێ هیچ پێشەکی و لەناکاو، ڕووی لە مادمۆزێل بلانش کرد و وتی، "بەیانیت باش!"

ئەویش کە زووتر خۆی بۆ پێداهەڵدانی ئامادە کردبوو و بەئەدەبەوە سەرسامی خۆی لەو پرسیارە نامۆیە و نائاساییەی پیشان دا و وەڵامی دایەوە، "بەیانیی تۆیش باش، خاتوونەکەم."

نەنیێ هەڵی دایە، "ئۆو، خۆ چاوانیشی دادەخات و بە خاوەن ڕەوشت خۆی پیشان دەدات! هەر زوو وا لە مرۆڤ دەکات، کە تێبگات لەگەڵ چ باڵندەیەک ڕەفتار دەکات! خۆ

ئەمیش ئەکتەرێکە بۆخۆی."
لەناکاو بەرەو ژەنەراڵ چوو و درێژەی دایە، "ئاخر دەبێتە هاوسێ و دراوسێمان! تۆ پێی خۆشحاڵ دەبیت، یان نا؟"
ژەنەراڵ وەڵامی دایەوە، "ئۆو نەنێ، بڕوات هەبێت لە ناخەوە پەرۆشی ئەوەم و خۆشحاڵ دەبم، هەرچەند ژەنەراڵ بەسەلیقە بوو و دەیزانی لە شوێنی پێویستی خۆیدا قسە بکات و پەرۆشی ئەوەیش بوو کە قسەکانی کاریگەریی خۆی لەسەر بەرامبەری ببێ، بەڵام بە خۆیدا هاتەوە و کەوتە فرەبێژی و ڕازاندنەوەی ڕستەکانی و لەوانەی وتنی، "ئەوەی کە فرە ئازاری پێ بەخشین، هەواڵی نەخۆشییەکەی تۆ بوو... چەندین برووسکەمان پێ گەیشت و ئەوەی فرە بێتاقەتی کردین... کتوپڕ..."
هەر زوو نەنێ قسەکەی پێ بڕی و وتی، "تۆ درۆ دەکەیت... درۆ دەکەیت...!"
ژەنەراڵیش لای خۆیەوە قسەکەی پێ بڕی و وەکوو ئەوەی قسەکەی ئەوی نەبیستبێت، پرسیی، "ئەوە چۆن بوو کە بڕیاری گەشتێکی لەم جۆرەت دابوو؟"
بێگومان تۆیش هاوڕای منیت، کە گەشتێکی لەم جۆرە و لە تەمەنێکی وەکوو ئەوەی تۆ و بەو بارە دروستییەی تۆوە، کە نەخۆشیت، لەخۆیدا لە چاوەڕێی سەرسووڕمان بەولاوە، هیچی تری لێ نایەتە ئاراوە! لەگەڵ ئەمانەیشدا،" بزەیەکی خستە سەر لێوانیشی،" من خۆشحاڵم بە گەیشتنەئێرەی تۆ. ئێمەیش لای خۆمانەوە،" بزەیەکی خستە سەر لێوان، کە هێمای پێخۆشبوون بوو "تەقەللا دەدەین مانەوەت لامان، فرە بەچێژ و سوودمەند بێت..."
نەنێ قسەکەی پێ بڕی، "کۆڵ لەم جۆرە قسانە بدە، چونکە ئەمەیشت وەکوو قسەکانی ترت بێسوود و هەڵەجوبەڵەجن. خۆم دەزانم چۆن چێژ لە کاتەکانی مانەوەم وەر بگرم. ئەوەیش بزانە کە لێت تووڕە نیم، کەسێکی کینەلەدڵیش نیم، لێت پرسیم، ئەوە چۆن بوو بڕیاری ئەم گەشتەت دا؟ ئەم کارەم هەر زۆر سادە بوو. جا ئیتر بۆچی هەمووان سەراسیمەن؟"

بەیانیت باش... پراسکۆ* تۆ چی دەکەیت لێرە؟"

پاولینیش هاتە نزکتریەوە و وتی، "بەیانیت باش نەنێکەم، گەشتەکەتان فرەخایەن بوو؟"

نەنێیش وەڵامی دایەوە، "ئەمە پرسیارێکی زیرەکانەیە و لانی کەم لەو هەموو ئاخهەڵکێشان و ئاخوئۆفە باشترە. بەم شێوەیە، ماوەیەکی زۆر لە جێگەدا مامەوە و چارەسەری پزیشکیم بۆ نەخۆشییەکەم وەر گرت. دواتر هەموو پزیشکەکانم دەر کرد و مجێورێکی کڵێسای قدیس نیکۆلام بانگ کرد، چونکە ئەو پیاوە ژنەنەخۆشێکی تری لەم جۆرەی منی بە دەرمانی گژوگیا چاک کردبووەوە. ئیدی ئەو دەرمانە نەخۆشییەکەی منیشی سووکتر کرد. نیوەڕۆ هەموو جەستەم نیشتە سەر ئارەقە، هەستام و ئەڵمانییان هاتن و دوای ئەوەی چاویلکەکانیان سەر لووت نا و دوای ڕاوێژکردن، پێکەوە وتیان، 'ئەگەر بەنیازی سوودوەرگرتنن لە ئاوی کانزاییت، ئەوا گەشتی هەندەران بکەن، تا تەنگبوونەوەی خوێنبەرت نەمێنێت.' منیش بە خۆم وت، 'ئەی بۆ نا؟' ئەندامانی بنەماڵەیش کردیانە هاتوهاوار و وتیان، 'چوونت بۆ ئەوێ، کارێکی هەڵەشە و شێتانەیە.'

بەڵام من گوێم پێ نەدان. ٢٤ سەعاتی بەسەردا تێنەپەڕی و من شتومەکم کۆ کردەوە. کارەکەرێک و پۆتاپێتش و دواتر ڤیدۆر، ئەوەی لە بەرلینەوە هێنامەوە و هیچ پێویستییەکیشم پێی نەبوو و هێنام، چونکە دەمتوانی بەتەنیا گەشت بکەم، ژوورێکی تایبەتم لە شەمەندەفەرەکەدا بەکرێ گرت. ئای کە حەماڵێکی فرە لە وێستگەی شەمەندەفەرەکاندا هەبوو! ٢٠ کۆبیک دەدەیت و بۆ هەرکوێیەک بچیت، دەتگەیەنێت."

نەنێ لە دەوروبەری خۆی ڕوانی و بەم شێوەیە کۆتایی بە قسەکانی هێنا، "شوقەیەکی قەشەنگتان هەیە، ئازیزەکەم، پارەت لەکوێ بوو؟ گەر بەهەڵەدا نەچووبم، هەموو شتەکانت لە ڕەهندایە. خۆ ئەو فەرەنسییە کۆڵێک پارەی لای تۆیە. ئاخر من ئاگاداری هەموو شتێکم... لێم مەگرە... ئاگاداری هەموو شتێکم."

---

* زۆر جاران منداڵانی ڕوس لەوانەی پەروەردەیان بیانییە، بە نازناوێکی نزیک بە ناوی خۆیانەوە بانگ دەکرێن، ئەوەتا ناوی پراسکۆڤیا بووەتە پاولین.

ژەنەڕاڵیش فرە پەشۆکابوو، کە وتی، "پووری، من سەرم سووڕ ماوە! وای دابنێ بەبێ چاودێریی هیچ کەسێک دەتوانم... دواتر خەرجکردنم لە وەدەستهێنانم کەمترە. ئێمە لێرە..."

نەنێ هەڵی دایە، "بڕی خەرجکردنەکانت کەمترە لە وەدەستهێنانت؟ بەڕاستی چاوقاییمیت! بێگومان لەگەڵ ئەوەیشدا کە بەخێوکەریانیت، منداڵەکانی خۆتت بێ پارە کردووە!"

ژەنەڕاڵ تێ هەڵچووەوە، "دوای ئەوە... دوای ئەو قسەیەی تۆ کردت... نازانم بڵێم چی..."

نەنێ وتی، "چی نازانیت؟ من وام داناوە تۆ کۆڵت لە قوماری ڕۆلێت بۆ نادرێت! کەواتە ئێستا تۆ مایەپووچیت...!"

ژەنەڕاڵ تووشی شۆک بوو و بەهەناسەسوارییەوە پرسیی، "من دەچم بۆ قوماری ڕۆلێت؟ من؟ کەسێک هەیە لە پلەوپایەی مندا بێت و قوماری ڕۆلێت بکات؟ پوورەی خۆم، کەمێک وەرەوە سەر خۆت... ئاخر تۆ هێشتا لە نەخۆشییەکەت چاک نەبوویتەتەوە."

نەنێیش تەنگە گرتی و وتی، "ئەوانەی دەیڵێیت، درۆن! گرەو دەکەم لەسەر ئەوەی مەحاڵە تۆ بتوانیت خۆت لە قوماری ڕۆلێت بەدوور بگریت! تۆ وڕێنە دەکەیت! خۆم هەر ئەمڕۆ دەچم، تا بزانم سیحری ئەم قوماری ڕۆلێتە چییە؟"

ڕووی لە پاولینیش کرد و وتی، "پراسکۆڤیا، تۆیش ئەو شتانەم پیشان بدە، کە شایانی سەردانیکردنن. ئەلکسی ئیڤانۆڤیتشیش پێشم دەکەوێت و دەمباتە ئەو شوێنانە... پۆتاپیتش، تۆیش لیستێک لە ناوی ئەو شوێنانە پێک بێنە، کە دواتر سەردانیی دەکەین. ئەرێ ئاخۆ کام لەم شوێنانەی ئێرە شایستەی بینینن؟"

پاولینیش وتی، "لەکەناری شاریش شوێنەواری کۆشکی ڕووخاو هەیە. هەروەها شلانگ بێرگیش."

نەنێیش هەڵی دایە، "ئەم شلانگ بێرگە چییە؟ دارستانە؟"

پاولینیش وەڵامی دایەوە، "کێوێکی سەختە و لووتکەی هەیە."

نەنێ پرسیی، "ئەی لووتکە لەخۆیدا چی دەگەیەنێت؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە، "بڵندترین شوێنی کێوەکەیە. قەشەنگترین شوێنێکی کێوەکەیە."

نەنێ بەسەرسوورمانەوە وتی، "جا دەکرێت بە کورسییەکەمەوە بگەمە لووتکەی ئەو شاخە؟ شتی وا دەبێت؟"
منیش وتم، "زۆر باشیش شتی لەو جۆرە دەکرێت! دەتوانین حەماڵ بەکرێ بگرین بۆ ئەو مەبەستە."
لەو کاتەدا کارەکەرە فیدۆسیا هات و منالەکانی ژەنەراڵی لەگەڵ خۆی هێنابوو و سلاوی لە نەنێ کرد.
نەنێیش وتی، "بیر لە ماچکردن مەکەنەوە، حەزم لە ماچکردنی منالان نییە، چونکە هەموویان لووتیان تەڕە! فیدۆسیا، تۆ ئێرەت پێ چۆنە؟"
فیدۆسیا وەلامی دایەوە، "خاتوون، ئێمە لێرە زۆر باشین، خاتوو ئەنتۆنین ڤاسیلیڤنای نیان، ئەی تۆ چۆنیت، خاتوونە ئازیزەکەم؟ ئێمە فرە بە خەمی تۆوە بووین."
نەنێ وەلامی دایەوە، "دەزانم، تەنیا تۆیان تێدایە ڕەوانت پاک و سادە بێت. ئاخۆ ئەو هەموو خەلکە میوانی ئێوە بوون؟"
ڕوویشی کردە پاولین و پرسیی، "ئەو بەلە باریکە چاویلکەلەچاوە کێیە؟"
پاولینیش بەچرپە پێی وت، "ئەوە نلسکییە... نەنێکەم."
پیرەژنە هەلّی دایە، "ئۆو، کە وا بوو، ئەویش ڕوسییە! منیش لای خۆمەوە پێم وا بوو لە وتووێژەکەمان تێناگات!... ڕەنگە هیچیشی لێمان نەبیستبێت. زووتر بەڕێز ئاستلیم بینیبوو."
ئەمجا بەساردییەکەوە لەسەری ڕۆیشت، "ئەوە جارێکی تریش بینیمەوە."
بەخێرایی ڕووی لە ئەویش کرد و وتی، "بەیانیت باش."
بەڕێز ئاستلییش بێ ئەوەی هیچ بلێت، کەمێک بۆی داموو کایەوە.
نەنێ وتی، "دەی، شتێکی خۆشم پێ بلێ، پاولین، تۆیش قسەکانمی بۆ وەر بگێڕە سەر زمانەکەی خۆی."
پاولینیش ئەمەی وەر گێڕا، "ئەمەوێت ئەوەت پێ بلێم، کە فرە خۆشحالّم بە بینینت. دلّخۆشیشم بەوەی هێندە تەندروستیت."
بەڕێز ئاستلییش بە هەمان شێوە دوا. بەلام ئەمیان نیانتر بوو.
پاولین ئەوەیشی بۆ نەنێ وەر گێڕا. نەنێیش پێوەی دیار

بوو کە بەو سەرسام بوو!

نەنێ وتی، "ئینگلیزەکان هەمیشە وەڵامی ئامادەیان پێیە! خۆیشم نازانم بۆچی ئینگلیزەکانم خۆش دەوێت؟ لەوەتەی هەم، خۆشم ویستوون! ئاخر ئەوان کەسانێکن، هەرگیز بە فەرەنسییەکان بەراورد ناکرێن! ئەی ئاستلیی بەڕێز، خوازیارم ناوەناوە سەرم لێ بدەیت و هەمیشە تەقەللایش دەدەم بێزارت نەکەم. ئەمەیش بۆ ئەم پیاوە وەر بگێڕە سەر زمانەکەی خۆی. ئەوەیشی تێبگەیەنە، کە من لە نهۆمی یەکەم نیشتەجێم، تێگەیشتیت؟"

بە دەستیشی ئاماژەی بە زەویی ژوورەکە دەدا.

بەڕێز ئاستلییش بەم بانگهێشتەی نەنێ فرە خۆشحاڵ بوو.

نەنێیش بەئاگاییەوە، لە پاولینی ڕوانی و هەر لە تەوقی سەرییەوە تا پەنجەی پێی سەرنجی دا.

لەناکاو بەویشی وت، براسکۆڤیا، لێرە بەدواوە تۆیشم فرە خۆش دەوێت. تۆ کچێکی ئازایت، لە هەموویشیان باشتریت، بەڵام هەر برێک لە خوو و خدەی ئەوانت تێدایە. بە هەرحاڵ خۆیشم وەکوو تۆم، ئادەی کەمێک بسووڕێ، ئەوە قژەکەی سەرت بارۆکەیە؟"

پاولینیش لە وەڵامیدا وتی، "نەخێر، نەنێکەی خۆم، ئەمە قژی ڕاستەقینەی خۆمە!"

نەنێیش وتی، سوپاس بۆ خوا، چونکە زۆرم ڕق لەو مۆدێلە هیچەی قژ دەبێتەوە. تۆ بۆخۆت کیژێکی فرە قەشەنگیت، گەر کوڕە لاو بوومایە، هەر ئێستا کەوتبوومە داوی خۆشەویستیتەوە! ئەی بۆ شوو ناکەیت؟ ئۆو! ئیدی کاتی ڕۆیشتنە. دوای مانەوەیەکی فرەم لە گالیسکەدا، ئێستا ئارەزووی پیاسە و گەڕان دەکەم."

سەرنجی ژەنەڕاڵیشی دا و لەسەری ڕۆیشت، "ها... ئێستایش هەر تووڕەیت؟"

ژەنەڕاڵیش - کە تا ئەو دەمە هاتبووەوە سەرخۆ - وتی، "تکا دەکەم، ئەی پوورەی خوشکی باوکم، هێندە و با بەس بێت، تکا دەکەم. من لە کەسانی وەک تەمەنی تۆ تێدەگەم..."

دی جریو بەچرپە وتی، "تازەبەتازە ئەم پیرەژنە مناڵ بووەتەوە!"

نەنێیش لە ژەنەڕاڵی پرسیی، "دەمەوێت هەموو شتەکانی

ئێره ببینم. ئاخۆ بۆ خاتری من دەستبەرداری ئەلەکسی ئیڤانۆڤیتش دەبیت؟"

ژەنەڕاڵیش وەڵامی دایەو، "چەندت ماوە پێویست بێت، من ئامادەم. بەڵام دەبێت هەموومان پێکەوە بین لەو گەشتەدا. خۆم و پاولین و بەڕێز دی جریو، بەختیاریش دەبین کە یاوەریت بکەین."

دی جریویش بزەیەکی ماستاوچییانەی فریودەری سەر لێوان خست و وتی، "بەڵام خاتوونەکەم، بەختەوەرییە بۆ هەموومان گەر..."

نەنێیش قسەکەی پێ بڕی، "ئەی هوو! بەختەوەرییە!... تۆ دەمخەیتە پێکەنین، ئازیزەکەم!"

ڕووی لە ژەنەڕاڵیش کرد و لەسەری ڕۆیشت، "بە هەرحاڵ، پوولێکی میراتییەکەی خۆمت پێ نادەم. ئێستایش، بمبەنەوە بۆ شوقەکەی خۆم. دەمەوێت سەرنجێکی ئەوێیش بدەم، دواتر بۆ هەموو شوێنەکان دەچین، دەی بمگوێزنەوە."

سەرلەنوێ نەنێم هەڵگرتەوە و کۆمەڵێک بەدوای کورسییەکەوە بووین و بە پلیکانەکاندا هاتینە خوارەوە.

ژەنەڕاڵ وەکوو ئەوەی تووڵێکی تەڕیان بەسەر لووتیدا کێشابێت و ئاوەزی لەدەست دا و لەدوایەوە دەڕۆیشت. دی جریویش نوقمی دەریای بیرکردنەوەی خۆی بوو.

هەرچەند لە سەرەتادا مادمۆزێل بلانش دەیویست لە ئوتێلەکەدا بمێنێتەوە، بەڵام دواتر وا بەلایەوە باش بوو شوێنمان بکەوێت. ئیدی ئەویش هات و میریش بەدوایەوە بوو، لە شوقەکەی ژەنەڕاڵدا تەنیا ئەڵمانییەکە و بێوەژنە دی کۆمینگ مانەوە.

# بەشی دەیەم

لە شارانی ئاوە کانزاییبیەکان و بگرە لە هەموو ئەورووپایشدا، بەڕێوەبەری ئوتێلان دەبینیت چۆنچۆنی و بێ ئەوەی بایەخ بە حەز و ئارەزووەکانیان بدەن، شوقە بۆ میوانانیان دیاری دەکەن. بەڵکوو تەنیا و تەنیا گوێ بە ئارەزووی خۆیان دەدەن، لەگەڵ ئەوەیشدا، دەبێت دان بەوەیشدا بنێین، کە زۆر بەکەمی هەڵە دەکەن. بەڵام ئەم جارەیان خوا دەزانێت بۆچی، شوێنێکیان بۆ نەنێ دانابوو، کە سنووری گرانیی جارانیشی بەزاندبوو. چوار ژووری ڕاخراو بە گرانترین ڕاخەر، لەگەڵ گەرماو و ژووری خزمەتکاران و کارەکەران. هەروەها ژوورێکی تایبەت بە یاوەری نەنێ... هتد.

یەکێک لە دۆقە مەزنەکان، هەشت ڕۆژ لەم شوقەیەدا مابووەوە. ئیدی بەخێرایی ئەو هەواڵەیان بەنێو دانیشتووانی ئوتێلەکەدا بڵاو کردەوە، کە شتێکی وا ڕووی داوە و هەشت ڕۆژ ئەو شوقە گرانبەهایە بەکار هێنراوە. ئەمەیش هەر بۆ ئەوەی خەڵکەکە گرنگی بەو باڵەی شوقەکان بدەن.

پیرەژنە کەوتە گەڕان بەنێو ژووری شوقەکاندا و دڵڕەقانە سەرنجی دەدان. بەڕێوەبەری ئوتێلەکەیش، کە پیرێکی بەساڵاچوو بوو، بەدوایەوە بوو و هەر بە لاولوویدا دەهات. ئەویش دەمێک لە ژوورەکانی دەڕوانی و دەمێکیش لە خاوەن موڵکەکەی. نازانم ئەو خاتوونەیان بە چی دەزانی! بێگومان بە کەسێتییەکی مەزن و بە نامێیان زانیبوو. بەتایبەتییش ئەوێک، کە فرە دەوڵەمەند و زەنگین بوو! تەنانەت لە تۆمارگەی نیشتەنییانی ئوتێلەکەیشدا نووسیبوویان، خاتوونی ژەنەڕاڵ ئەمیرە ساراسفشیڤا. هەرچەند ئەو نەنێیە بۆ ڕۆژێکیش لە

ژیانیدا ئەمیرە نەبووبوو!

گومانی تێدا نەبوو، کە فرەیی خزمەتکار و بەکرێگرتنی ئەو باڵەی شوقە گرانبەهایە و ئەو هەموو شتومەکە لوولکراوەی هێندەش پێویستیی پێیان نەبوو و ئەو هەمووە سندوقانەی لەگەڵ دابەزینی ئەو ئەمیرە داگیران، بووبووە دەستوورێک بەلایانەوە و ئەو مەزنییەیان پێ بەخشی. لەسەروو ئەمانەیشەوە، کورسییەکەی ژێری و ئەو بڕوابەخۆبوونەی و شێوازی وتوویژ و ئەو پرسیارە نامۆ و ڕووهەڵماڵراوییەی لە قسەکردنیدا هەیبوو و خۆیشی بەرگەی وەڵامدانەوەکانی نەدەگرت! هێندەی تر باڵای کرد و مەزنیی پێ بەخشیبوو.

لەناکاو فەرمانی وەستانی ئەوانەی دەدا، کە خۆی و کورسییەکەیان هەڵگرتبوو و لەبەرامبەر شتومەکێکی نێو ئوتێلەکەدا و پرسیارکردن لەبارەیەوە، وای دەکرد خاوەن ئوتێل سەرسام بکات و بە بزەیەکی مەزنراگرییەوە وەڵامی بداتەوە. لە هەمان کاتیشدا، دڵەخورپەی تووشی ئەو خاوەن ئوتێلە دەکرد.

پرسیارەکانیشی بە فەرەنسییەکی شەقوشڕ دەکرد و زۆر جار ناچاری وەرگێڕانی ڕستەکانی دەکردم! زۆرێک لە وەڵامەکانی ئەو خاوەن ئوتێلەیشی بەدڵ نەبوو، چونکە نەنێ پێی وا بوو وەڵامەکانی کورت و کەمن. دوای ئەوە، زۆر جاران پرسیارەکانی بێمانا و لەناکاو و سەمەرە بوون! بۆ نموونە، لەناکاو لە بەردەم تابلۆیەکدا دەوەستا و ئەو تابلۆیەیش بیرۆکەکەی لە ئەفسانەیەکی یۆنانییەوە وەر گیرابوو.

دەیپرسی، "کێ ئەم وێنەیەی کێشاوە؟"

بەڕێوەبەری ئوتێلەکەیش وەڵامی دەداتەوە، "ڕەنگە ئەمە ئەندێشەی کۆنتیسەیەک بێت!"

نەنێ پرسیی، "چۆن؟ بۆچی تۆ بەتەواوی ئەو ڕاستییەی نازانیت؟ نیشتەجێی ئێرەیشیت و کەچی بەجوانی لێت ڕوون نییە؟ ئەی لەبەر چی بوو کە ئەم وێنەیەت ڕێک لەم شوێنەدا هەڵواسی؟ باشە ئەم ژنە بۆچی ئاوا گێژ و حۆلانە دەڕوانێت؟"

بەڕێوەبەر نەیدەتوانی وەڵامی ئەو هەموو پرسیارانە بە جۆرێک بداتەوە، کە ئەو ڕازی بکات. تەنانەت سەریشی لێ شێوابوو.

نەنێ بەڕوسی پێی وت، "ئای... کە گێلە!"
نەنێ لەسەر پرسیارەکانی ڕۆیشت. دوای ئەوەی سەرنجێکی فرەی پەیکەرە چکۆلەی ساکسیدا، فەرمانی دا - بێ ئەوەی کەس بزانێت لەبەر چی - لەو شوێنەی خۆی بیهێننە دەرەوە. دواتر بەڕێوەبەری نوقمی کۆمەڵێک پرسیار کرد، لەوانە، "نرخی ڕاخەرەکانی ژووری خەوتن چەند بوو؟ ئەو ڕاخەرانە لەکوێ بەرهەم هێنراون؟"
ناچار بەڕێوەبەری ئوتێلەکە پەیمانی پێ دا، شوێن وەڵامی ئەو پرسیارانەی بکەوێ و زانیارییەکانی بۆ بێنێتەوە!
نەنێیش لەبەر خۆیەوە وتی، "ئای... چ کەرگەلێکن!"
ئەمجا بەلای جێگەکەدا لای کردەوە و وتی، "هەی لەم چەتری سەرجێیە! هەر دەڵێی تەختی شاهانەیە! ئادەی... هەر ئێستا بۆم هەڵبوەشێننەوە!"
هەر لەوێدا بۆیان هەڵوەشاندەوە.
نەنێ لەسەری ڕۆیشت، "دەی... دەی... هەمووی لێک بکەنەوە. پشتییەکانیش دوور بخەنەوە. لێفە و سەرچەفەکەیش."
سیسەم و جێگەکەیان هەڵگێڕایەوە و نەنێیش چێژی لە ڕوانینەکەی دەبرد.
نەنێ هەڵی دایە، "ئەوەی باشە، مێروو تێی نەداوە! دەی، هەموو سەرچەف و پۆشەرەکان لا ببەن و پشتی و شتەکانی خۆمم بۆ بخەنە شوێنیان. بە هەرحاڵ، ئەوە زێدەڕەویی و دەستبڵاویی گوزەراندنی ژیانە. ئەگەر نا، لەم تەمەنەمدا چ پێویستیم بەم شوقەیە بوو؟ ئەم تەنیابالییە مرۆڤ بێزار دەکات. هۆ ئیڤان ئیڤانۆڤیتش، هۆو... زووزوو و دوای وانەوتنەوە بە مناڵەکان، سەرم لێ بدەیت."
منیش وتم، "لە دوێنێوە ئەو کارەم لای ژەنەڕاڵ واز لێ هێناوە."
نەنێ پرسیی، "لەبەر چی؟"
منیش وتم، "ماوەیەک لەمەوپێش ئەڵمانییەک لە بەرلینەوە هات و هاوسەرەکەیشی لەگەڵ بوو. ئەو پیاوە بارۆن بوو. دوێنێ لە کاتێکدا پیاسەم دەکرد، بێ گوێدانە ڕێ و شوێنی شێوەزاری بەرلینی، ئەوم دواند."
نەنێیش هەڵی دایە، "ئەی دواتر؟"
منیش وتم، "بارۆنیش وای بۆ چوو، کە ئەوەی من کردوومە، بێوێڵی بووە و لای ژەنەڕاڵ سکاڵای لەدەست

کردم. ژەنەراڵیش هەر زوو دەری کردم."
نەنێ پرسیی، "بەڵام ئەوەی بۆ لەگەڵ تۆ کرد؟ جنێوت بە بارۆن دابوو؟ ئاخر خراپیی ئەوە لە چیدا بووە؟"
منیش وتم، "بە پێچەوانەوە! ئەو گاڵۆکەکەی دەستی لە من بەرز کردەوە."
پیرەژنە لەناکاو بە ژەنەراڵی وت، "تۆ... هەی چڵمی لووت! چۆن هێشتت بارۆن ئەو ڕەفتارە بەرامبەر پەروەردەکەری منالەکانت بکات؟ لەسەرروو هەموو ئەمانەیشەوە، لەسەر کارەکەی لای دەبەیت و دەری دەکەیت؟... من وای بۆ دەچم ئێوە ڕسوا و بێنرخ بن و بەکەڵکی هیچ نەیەن!"
ژەنەراڵیش بە هەندێک لووتبەرزییەوە وتی، "بێخەم بە، خۆم دەزانم چۆن کاروبارەکانی خۆم بەڕێوە دەبەم! ئەمجا لەوەیش دەچێت ئەلکسی ئیڤانۆڤیتشیش ڕووداوەکەی وەکوو خۆی بۆ نەگێڕابێتەوە."
نەنێیش بە منی وت، "باشە... ئەی تۆ چۆن بەرگەی ئەوەت گرت؟"
منیش وام پیشان دا کە فرە ئارامم و بەنەوازشەوە وتم، "ویستم شەڕەشیری لەگەڵ بکەم! بەڵام ژەنەراڵ ڕازی نەبوو."
پیرەژنیش پرسیی، "لەبەر چی؟"
ئەمجا بەلای بەڕێوەبەری ئوتێلەکەدا لای کردەوە و پێی وت، "ئازیزەکەم، ئێستا تۆ جێمان بێڵە و برۆ بەلای کاری خۆتەوە. کە بانگمان کردیت، بگەڕێوە بۆ لامان."
ئەمجا درێژەی بە قسەکان دا، "من بەرگەی بینینی نۆرنبێرگیەکان ناگرم. ڕوخساری ئەوان هەر لە ڕوخساری سەرخۆش و بەدمەستان دەچێت!"
بەڕێوەبەرەکە خواحافیزیی کرد و بێ ئەوەی لەو لاقرتێیە بگات، جێی هێشتن.
ژەنەراڵیش پێکەنینێکی کەمی کرد و پرسیی، "ببوورە، پوورەم! تۆ ئەو زۆرانگرتنە بە کارێکی شیاو دەزانیت؟"
نەنێ وەڵامی دایەوە، "بۆ نا؟ پیاوان وەکوو کەڵەشێرانن! هەر لەوێدا دەکەوتنە گیانی یەکتری و کارەکە کۆتا دەبوو! بەڵام خۆ ئێوە مریشکی تەڕن! ئاخۆ لەمە تێدەگەن؟ ئێوە لەوە کەمترن، تا بتوانن بەرگری لە ناموسی شارەکەی خۆێشتان بکەن. دەی... هەڵم بگرن.

"پۆتاپیتش، فەرمان دەر بکە، با هەمیشە دوو کەسم لەدەور بێت و هەر کورسییەکەم بۆ هەڵبگرن. خۆت بە کورسیکێش دایان بمەزرێنە و هەر خۆیشت مەرجەکانیان بۆ دیاری بکە، لە هەڵگرتنی کورسییەکەی ژێرم بەولاوە، هیچی ترم لێیان ناوێت! ئەویش تەنیا لە کاتی سەرکەوتنمدا بە پلیکانەکاندا. بەڵام لە زەوی تەخت و سەر شەقامەکاندا، خۆم کورسییەکەی ژێرم بەکێش دەکەم... ئەمەیان تێبگەیەنە و بڕێک پارەیشیان پێشەکی بدەرێ. ئیدی بەڕەوشتتر دەبن. خۆیشت هەمیشە نزیک بە خۆم بە.

"تۆیش ئەی ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش، پێویستە لە کاتی ئەم گەشتەمدا ئەو بارۆنەم پیشان بدەیت. دەمەوێت لانی کەم بزانم ئەو ڤان بارۆنە کێیە؟ دەی، با بڕۆین! ئەی ئەو ڕۆلێتە لەکوێیە؟"

منیش بۆم باس کرد، کە ئەو مێزی ڕۆلێتانە لە هۆڵەکانی گازینۆدا دانراون.

بەدوای ئەم قسانەمدا، نەنێ پرسیارێکی فرەی بەسەرمدا داباران.

لەوانە، "ئاخۆ مێزەکانی ڕۆلێت لە هۆڵەکەدا فرەن؟ ئاخۆ کەسانێکی فرە لەوێ قومار دەکەن؟ ئاخۆ بە درێژاییی ڕۆژ قومارکردن درێژە دەکێشێت؟ ئاخۆ نێو هۆڵەکە ڕێکوپێکە؟"

لە کۆتاییدا وا وەڵامم دایەوە، کە وا باشە بە چاوی خۆی ببینێت. چونکە تەنیا بە قسەکردن، تێگەیشتن لەو بارو دۆخە سەختە.

نەنێ هەڵی دایە، "زۆر باشە، کە وا بوو، هەر ئێستا هەڵم بگرن و ڕاستەوخۆ بمگەیەننە ئەوێ. دەی، ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش، تۆیش پێشمان بکەوە."

ژەنەڕاڵیش بەنیانی لێی پاڕایەوە، "ئەوە ناکرێت، ئەی خوشکی بابەم! پێویستە تۆ لەپێشدا سەرخەوێک بشکێنیت."

ژەنەڕاڵ کەمێک شڵەژابوو. هەموو ئەوانی تریش لە یەکتریان دەڕوانی و شڵەژاوی بە ڕوخساریانەوە دیار بوو. ڕەنگە ئەوەشیان بە هۆی ئەوەوە بووبێت، کە بە بردنی ئەو پیرەژنە بۆ ئەو گازینۆیە، بێزار ببن. چونکە دوور نییە لەوێ و بە بەرچاوی ئەو هەموو خەڵکەوە، هەڵسوکەوتێکی ڕیزپەڕ بکات. لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا، پێشنیاریان کرد وەدووی بکەون.

نەنی هەڵی دایە، "لەبەر چی بحەویمەوە! خۆ من ماندوو نیم! ئەوە پێنج ڕۆژە لێرە نەجووڵاوم. دوای ئەوێیش دەچین بۆ ئاوە کانزاییەکان... ئاوە گەرمەکان... دوای کانیی ئاوەکان، دەچین بۆ... ناوی چی بوو براسکۆڤیا؟... بۆ لووتکەکە... وا ناوم نەنابوو؟"

منیش وتم، "بە چاوان... نەنی."

ئەویش وتی، "خۆم دەگەیەنمە لووتکەکەیش... ئاخۆ لەوێ چی هەبێت؟"

پاولینیش بە کەمێک شڵەژاوییەوە وتی، "شتی زۆری لێیە."

ئەمجا نەنی ڕووی کردە ئافرەتە یاوەرەکەی و وتی، "مارتا، خۆ تۆیش ئاگات لە هیچ نییە، تۆیش لەگەڵ من وەرە."

لەناکاو ژەنەراڵیش بەدوودڵییەوە وتی، "پوورە، بۆ دەتەوێت ئەویش یاوەریت بکات و لەگەڵ خۆت بێت؟ ئەوە مەحاڵە... من گومانم هەیە ڕێ بە پۆتاپێتش بدەن بچێتە گازینۆکەوە."

نەنییش هەڵی دایە، "قسەی قۆڕ! جا شیاوە لە دەرەوەی گازینۆیەکە بەجێی بێڵین، تەنیا لەبەر ئەوەی کارەکەرە؟ ئەی ئەویش مرۆڤێکی زیندوو نییە؟ ئاخر هەشت ڕۆژە ئێمە بەڕێوەین! ئەویش حەز دەکات شتێک ببینێت. جا ئەگەر لەگەڵ من نەگەڕێت، ئەی لەگەڵ کێ بگەڕێت؟ خۆی هێندە ئازا نییە بەتەنیا بە شەقامیشدا بڕوات!"

ژەنەراڵ هەڵی دایە، "بەڵام نەنی..."

نەنییش وتی، "ڕەنگە بە یاوەریکردنم تەریق ببیتەوە، بۆیە تۆ لە شوێنی خۆت بە و داوای هیچیشت لێ ناکەم. هەرچەند پێگەی ژەنەراڵ مەزنە، بەڵام خۆ منیش ژەنەراڵم! ئەمجا خۆ پێویستیشم بەو هەموو خەڵکە نییە تاکوو بەدوامەوە بن. لەگەڵ ئەلکسیدا دەتوانم هەموو شتێک ببینم.

بەڵام دی جریو لەسەر ئەوە سوور بوو، کە دەبێت هەر هەموویان لەو گەشتەیدا شوێنی بکەون. ئەمجا بە زوبانێکی شیرین کەوتە وەسفکردن و چێژەکانی ئەو پێکەوەبوونەیان. دواتر هەموو پێکەوە ڕۆیشتن.

دی جریو بۆ ژەنەراڵی دووبارە کردەوە، "من منداڵانە ڕەفتارم کرد، گەر بەتەنیا جێی بێڵین، ئەوا کەرێتیم کردووە..."

ئیدی قسەکانی دواتریم گوێ لێ نەبوو. بەڵام گومانی

تێدا نەبوو، کە بیرۆکەیەک بە میشکیدا گەردانی دەکرد. رەنگە ئومێدەکەی هەڵی دابێتەوە..."

نێوان ئێمە و گازینۆکە، هەر وا ٥٠٠ مەترێک بوو. رێی داربەڕووەکانمان گرتە بەر و گەیشتینە شوێنە خرەکە و لەوێدا سووڕمان خواردەوە و ڕاستەوخۆ خۆمان کرد بە گازینۆکەدا.

ژەنەراڵ کەمێک هێور ببووەوە. چونکە کۆمەڵەکەمان، هەرچەند نامۆ و برێک سەیریش بوو. بەڵام سەنگینیی خۆی لەدەست نەدابوو. ئی خۆ نامۆ نییە گەر کەسێکی نەخۆش و لاواز و تووشبوو، بە ئیسکەنەرمە، سەردانی ئەو ئاوە کانزاییيانە بکات، بەڵام ئەوەی ژەنەراڵ خەمی بوو و لیی دەترسا، گازینۆکە بوو.

ئاخر بۆ دەبێت ژنێکی سەرجێکەوتووی پیر و کۆماوە بچێتە قوماری رۆلێتەوە؟

پاولین و بلانشی مادمۆزێل بەملا و ئەولای کورسییەکەوە دەڕۆیشتن. مادمۆزێل بلانش پێدەکەنی و کراوە خۆی دەر دەخست. جاروبار لەگەڵ نەنێدا سوعبەت و قسەی دەکرد. وای لە پیرەژن کرد، پێیدا هەڵبدات و وەسفی بکات.

پاولینیش بەوبەر کورسییەکەی پیرەژنەوە بوو و ناچار بوو وەڵامی ئەو پرسیارە زۆرانەی ئەو بداتەوە، کە برێکیان لەم جۆرە بوون، "ئەوەی ئێستا بەرەو ڕوومان هات، کێ بوو؟ ئەو ژنەی نێو ئەو گالیسکەیە کێیە؟ ئاخۆ ئێرە شارێکی گەورە و پانوپۆڕە؟ ئەی ئاخۆ ئەم باخە گەورە و پانوپۆڕە؟ ئەم درەختانە چین؟ ئاخۆ لێرە باز و هەڵۆ هەیە؟ ئەم میچە* پێکەنینهێنە چییە؟"

بەڕێز ئاستلییش لەلامەوە دەڕۆیشت و بەورتەورت وتی، "چاوەڕێی شتگەلێکی گەورە دەکەم، کە ئەم بەیانییە ڕوو بدات."

پۆتاپتش و مارتایش بەدوای کورسییەکەوە بوون. پۆتاپتش بەرگی فەرمیی لەبەردا بوو و بۆینباخێکی سپیی بەستبوو. کاسکێتێکیشی لەسەر نابوو. بەڵام مارتای ٤٠ ساڵانەی لێوانسوور و سەرماشوبرنج، بەرگێکی ئاوریشمیی هیندیی لەبەردا بوو و کڵاوێکی بۆنیەی لەسەر نابوو و جووتێک

---

* میچ: سطح. (و. ک.)

پێڵاوی چەرمە بزنی ڕەقی بەسەر پێوە بوو و دەڕۆیشت و تەقەی پێیەکانی دەهات. پیرەژنەیش زووزوو لای بەلای ئەودا دەکردەوە و دەیدواند. دی جریو و ژەنەڕاڵیش دوور لە یەک بوون و ڕێیان دەکرد. بەڵام وتووێژیان هەمیشە گەرموگوڕ بوو.

ژەنەڕاڵ تووشی شۆک بووبوو و ورەی ڕووخابوو. دی جریویش دڵنەوایی دەکرد و ورەی وەبەر دەهێنایەوە. دیاریش بوو کە ناوەناوە ئامۆژگاریشی دەکرد.

بەڵام نەنێ لەو کاتەدا هاواری کرد، "یەک پوول چییە، ناتدەمێ!"

لەوە دەچوو دی جریو بڕوای بە ڕاستیی ئەو قسەیە نەبێت! بەڵام ژەنەڕاڵ زۆر باش پوورەی خوشکی باوکی خۆی دەناسی. منیش لێکڕوانینە ژێربەژێرە سەرومڕەکەی نێوان دی جریو و مادمۆزێل سەرنجی ڕاکێشابووم. لەوسەری شەقامەکەیشەوە میر و ئەڵمانییەکەم بینی. کەچی ئەوان ڕێیان بۆ ئێمە چۆڵ کرد و ئاڕاستەی خۆیان گۆڕی.

نەبەزانە خۆمان کرد بە گازینۆکەدا. سویسرییەکە و دەرگاوانان، لەگەڵ ئەوەیشدا بەسەرسامییەوە لێیان دەڕوانین، بەڵام بەپەرۆشەوە پێشوازییان کردین و ئەمانیش ڕێک وەکوو کاربەدەستانی ئوتێلەکەیان لەگەڵ کردین.

یەکەم فەرمانی نەنێیش ئەوە بوو، کە چاو بە هۆڵەکانیدا بیگێڕین. جاری وا بوو، دەکەوتە پیاهەڵدانی شوێنەکە و بڕێ جاریش گوێی بە شتەکان نەدەدا، بەڵام پرسیاری لەبارەی هەموو شتێکەوە دەکرد. دواجار گەیشتینە هۆڵەکانی قومار. هەر دەرگاوانی دەرگا داخراوەکەی هۆڵ ئێمەی بینی، بە سەرسووڕمانێکی فرەوە دەرگاکەی بۆ کردینەوە. دەرکەوتنی نەنێ لە هۆڵی قومارخانەکەدا، کاریگەرییەکی فرەی بەسەر خەڵکەکەوە بوو. لەوبەری هۆڵەکەیشەوە، مێزی سی و چلەکان دانرابوو. دەوروبەری ١٥٠ بۆ ٢٠٠ قومارچییەک ڕیزیان بەستبوو. ئەوانەیان کە بە تەکاندان و خۆبردنەپێشەوە، دزەیان کردبوو و نزیک بە مێزی قومارەکە ببوونەوە، پارێزگارییان لە شوێنەکانیان دەکرد و چۆڵیان نەدەکرد. ئیدی ئەوانەی پێشەوە وا ڕاهاتبوون، تا دوا پارەی گیرفانیان نەدۆڕاندایە، ئەو جێیەی خۆیان بەجێ نەدەهێشت.

ڕێ بە کەس نەدرابوو وەکوو تەماشاچییەک لە شوێنی

چۆڵکراوی کەسە دۆڕاوەکە بوەستێت و قومار نەکات. دەبوو قومارکەرێکی دی ئەو شوێنەی بەخۆڕایی پڕ بکردایەوە. هەرچەند کورسی بەدەوری مێزەکەیشەوە ڕیز کرابوو، بەڵام قومارچییەکی کەم لەسەریان دادەنیشتن، بەتایبەتییش ئەو کاتانەی دەوروبەری مێزەکە بە خەڵکەکە سیخناخ دەبوو، چونکە وەستان و بەپێوەبوون شوێنی کەمتری داگیر دەکرد و کەسێکی فرەتر لە مێزەکە کۆ دەبوونەوە. هەروەها بۆ کەسی قومارچی ئاسانتر بوو، کە لە هەرشوێنێک بیەوێت، پارەکەی دابنێت، تا ئەو قومارچییەی لەسەر کورسیی دانیشتبوو.

خەڵکەکەیش قەرەباڵغییان لە ڕیزە وەستاوەکەی دووەم و سێیەمی دوای قومارکەرە وەستاوەکانەوە دروست کردبوو، چاوەڕوانی ئەوە بوون کەسێک شوێنەکەی خۆی جێ بێڵێت و بچنە جێی.

هەندێک جار ئەوانەی ڕیزی دووەم سەبریان دەسوا و ئارامییان لەبەر هەڵدەگیرا و لەنێوان قومارکەرانی ڕیزی یەکەمەوە دەستیان درێژ دەکرد و پارەی خۆیان دادەنا. ڕیزی سێیەمیش تەقەللای زۆریان دەدا، تا وەکوو ئەوانەی ڕیزی دووەم بکەن و گرەوی قومارەکە لەسەر مێزی سەوزی قومارەکە بکەن. بۆیەش هەرچەند پۆلیسی نێو هۆڵی قومارخانەکە زۆر بەڕێکوپێکی دانرابوون. هەر پێنج خولەک، یان دە خولەک جارێک، شەڕەجنێو و پەلاماریبەکتریدان لە لایەکی مێزەکەوە دروست دەبوو، بەڵام ئەو پۆلیسانە نەیشیاندەتوانی ژاوەژاوی نێو قومارخانەکە بوەستێنن، تەنانەت ئەو پۆلیسانە پێیشیان خۆش بوو، کە قومارخانەکە قەرەباڵغتر ببێت، چونکە ئەو قەرەباڵغییە سوودی هەبوو بۆیان.

هەشت فەرمانبەریش بەدەوری مێزی قومارەکەوە بوون و بەئاگاوە مێزی قوماری ڕۆلێتەکەیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە. هەر خۆیشیان بڕی پارە براوەکەیان دەدا بە قومارچییەکان. ئەگەر پێکدادانیش دروست ببوایە، هەر خۆیان دەکەوتنە بەینەوە و، کۆتاییان بە کێشەکان دەهێنا. ئەگەر زۆر پێویست نەبووایە، ئەو پۆلیسانە ئاگادار نەدەکرانەوە. کە دەیشکەوتنە بەینەوە، زۆر بە زوویی کێشەکانیان چارەسەر

دەکرد. ئەو پۆلیسانە بەرگی شارۆییبیان* لەبەر دەکرد و لەنێو بینەرانی قومارەکاندا دەوەستان، هەر بۆیەش بەئاسانی نەدەناسرانەوە کە پۆلیسن. کاریان ئەوە بوو چاودێریی دزە چکۆلە و دزە شارەزاکان بکەن، چونکە ئەو قوماری ڕۆلێتە پڕ بوو لەو جۆرە دزانە. ئای کە بەئاسانی ئەو دزییانەی خۆیان لەو هۆڵەدا دەکرد، چونکە دزیکردنەکەیان لە هەرشوێنێکی تردا بکردایە، دەبوو یان قوفڵ و کڵۆم بشکێنن یان دیوار ببڕن و چاڵ هەڵبکەنن! خۆ گەر سەرکەوتوویش نەبوونایە لە دزییەکانیاندا، ئەوا تووشی بگرەوبەردەیەکی فرەیش دەبوون.

بەڵام لەو هۆڵەدا دزەکە هێندەی لەسەر بوو خۆی بگەیەنێتە ڕیزی پێشەوەی قوماری ڕۆلێتەکە. ئیدی ئەویش بە شێوەی قومارچییەکانی تر پارەی دادەنا و قوماری خۆی دەکرد. دوای کەمێک پەلاماری پارەی خانە براوەکەی دەدا! کاتێک خاوەنی خانە براوەکە، دەیکردە هەرا، کە ئەو بردوویەتیەوە و پارە براوەکە هیی خۆیەتی، دەبووە بگرەوبەردە. خۆ ئەگەر قومارچییەکانی تر گومانیان لا دروست ببووایە لەوەی کامیان خاوەنی ڕاستی پارە دانراوە براوەکەیە، ئەوا بێگومان دزە ساختەچییەکە زاڵ دەبوو و پارە براوە و مایەکەی حەپەلووش دەکرد. ئەگەر پارە دانراوەکە لە خانەی قومارپێکردنەکەدا بڕەکەی زۆر بووایە، ئەوا قومارچییەکانی دەوروبەری کابرای دزێلێکراو سەرنجیان بۆی دەچوو و پێیان دەزانی کە ئەو بڕەپارە فرەیە هیی ئەوە و خاوەنیان دەناسییەوە! خۆ گەر بڕەکە کەم بووایە، ئەوا کەس گوێی پێ نەدەدان و خاوەنی ڕاستەقینەی بڕەپارە دزراوەکەیش لە ترسی سووکبوونی لەنێو ئەو خەڵکەدا، بێدەنگیی لێ دەکرد و دزەیش بە ئاواتی خۆی دەگەیشت. خۆ ئەگەر خەڵکەکەیش دزەکەیان بۆ دەر بکەوتایە و لێیان ڕوون بووایە کە ئەو کەسە دزە، ئەوا بەبێ گوێدانە هیچ، پەلیان دەگرت و دەیانکردە دەرەوە.

نەنێ لە دوورەوە هەموو ئەو کارە خراپانەی سەرنج دا. بە کردنەدەرەوەی دزەکانیش خۆشحاڵ بوو. فرە خۆشیی لە قوماری سێ و چلەکە نەدەهات، بەڵام بە قوماری ڕۆلێتەکە و یاریچییانی زۆر سەرسام بوو! بەتایبەتییش

---

* شارۆیی: مەدەنی

ئەو دەمانەی تۆپە چکۆلەکە دەسووڕایەوە. دواجار ویستی لە نزیکەوە ئەو یاریی ڕۆلێتە ببینێت. ئەمجا خزمەتکاران و بەتایبەتی ئەو پۆلۆنییانەی قومارەکە خستبوونیە سەر ساجی عەلی و مایەپووچ ببوون، کەوتنە خزمەتکردنی نەنیّ و چۆلکردنی شوێنێک لە ناوەڕاستی مێزی قوماری ڕۆلێتەکە و کورسییەکەیان بەنێو ئەو قەرەباڵغییەدا بۆ ئەو شوێنە ڕاکێشا و دواتر کرێی ئەو کارەیان لە پیرەژنەکە وەر گرت. چونکە ئەو دۆڕاوانە کردبوویان بە خوو، دوای مایەپووچبوونیان لەپێناو وەرگرتنی بڕێ پارەی کەمدا، دەکەوتنە خزمەتکردنی قومارچییە براوەکان.

ئەوەتا خەڵکێکی فرەی گەشتکارانی بینەران بەدەوری مێزەکەوەن و زۆربەیان ئینگلیزەکان و خێزانەکانیانن. ئەوان قەرەباڵغییان لەدەوری نەنیّ دروست کرد و لەسەر شانی قومارچییەکانەوە لە نەنێیان دەڕوانی.

بینەران ئومێدێکی فرەیان بە پیرەژنەکە بوو، چونکە قومارکردنی ئەویان بە کارێکی نامۆ و ڕێزپەڕ دەزانی! بەڕاستییش ئەو بۆچوونەیان ڕەوا بوو. پیرەژنێکی لەپێکەوتووی ٧٠ ساڵە بیەوێت قومار بکات! بۆخۆی ڕووداوێکی ناوازە بوو و فرە بەکەمی دووبارە دەبێتەوە!

منیش خۆم کرد بە قەرەباڵغییەکەدا و خۆم گەیاندە نزیک نەنێوە. پۆتاپیتش و مارتا لە دوورەوە و لەنێو قەرەباڵغییەکەدا بوون. پاولین و ژەنەراڵ و دی جریویش لەنێو تەماشاچییاندا مانەوە. لەپێشدا نەنیّ سەرنجی قومارچییانی دەوروبەری خۆی دا. بەچرپەیش پرسیاری کورتی بەخێرایی لە من دەکرد، "ئەم پیاوە کێیە؟ ئەی ئەو ژنە کێیە؟"

بایەخێکی فرەیشی بە کوڕێکی منداڵکار دا، کە لەوسەری مێزەکەوە بوو و، بە بڕی زۆری پارە قوماری دەکرد! ئەو هەرزەکارە بە هەزاران فرانکی دادەنا و بە گوێرەی چرپەچرپی خەڵکەکە، چل هەزار فرەنکێکی بردبووەوە! کۆمەڵە لیرەیەکی زێڕ و پارەی کاغەزیشی لە بەردەم خۆیدا دانابوو. هەرزەکارێکی ڕەنگتاریکی چاوشەڕانی بوو و دەستەکانی دەلەرزین. ئەو پارانەی بێ ژماردن و هەر بە مشت لەسەر خانەی قومارەکە دادەنا! کەچی هەر دەیبردەوە و کۆمەڵەپارەکەی بەردەمی لە گەورەبووندا بوو. خزمەتکارانی دەوروبەریشی، هەر خەریکی خزمەتکردنی بوون. ئەمیان

کورسییەکەی بۆ دەجووڵاند و ئەوی تریان شوێنەکەی بۆ فراوانتر دەکرد، تاکوو بەئاسانی جووڵەی خۆی تێدا بکات و کەس نارەحەتی نەکات، هەموو ئەمانەیشیان بۆ ئەوە بوو، بەڵکوو هەرزەکارە براوەکە خەڵاتێکیان بکات.

برێک لە قومارچییە براوەکان، بە مشت و بێ ژماردن، پارەیان بە خەڵات دەبەخشییەوە بەنێو ئەو خزمەتکارانەدا. پۆلۆنییەکیش بەتەنیشت ئەو هەرزەکارەوە بوو و جێی بە خۆی نەدەگرت و فرە بەجووڵە بوو و بەسەرومڕی چپەچپی بوو بۆ هەرزەکارەکە. بێگومان ئەو هەر خەریکی ئامۆژگاریکردنی بوو و زۆر بەڕێزەوە ئاڕاستەی دەکرد، بەو ئومێدەی خەڵاتێکی بکات، بەڵام ئەو هەرزەکارە کەمتر گوێی پێ دەدا و بە ڕاست و چەپدا پارەی دەخستە قومارکەوە و هیچ حسابێکی بۆ تەنیشتەکەی و بنەماکانی قومارکردن نەدەکرد! لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، پارەکەی بەردەمی هەر کەڵەکە دەبوو و گەورەتر دەبوو. پێوەی دیار بوو کە ژیریی خۆی تا ڕادەک لەدەست دابوو. نەنێیش هەر زوو و لە چەند چرکەیەکدا ئەم ڕاستییەی ئەو هەرزەکارە قومارچییەی بۆ دەر کەوتبوو، بۆیە پێی نا بە پێمدا و بەدزییەوە پێی وتم، "پێی بڵێ با کۆڵ بدات لە قومارکردن، ئەگەر نا، هەر زوو و لە چەند چرکەیدا هەموو پارەکانی دەدۆڕێنێت! پێی بڵێ تا زووە پارەکانی کۆ بکاتەوە و بۆی دەر بچێت و هەڵبێت!"

نەنێ هێندە هەژابوو و هەڵچووبوو، بەهەناسەبڕکێوە دەدوا.

لەسەری ڕۆیشت، "کوا پۆتاپتش، لەکوێیە؟ دەی... پۆتاپتش بنێرە بۆ لای و با ئەم ئامۆژگارییەی منی پێ بڵێت!"

ئەمجا ڕووی کردە هەرزەکارە قومارچییەکە و پێی وت، "برۆ... برۆ و لێرە مەمێنەوە!"

منیش خۆم بەلای نەنێدا لار کردەوە و پێم وت، "لێرە ڕێ بە کەس نادەن بە دەنگی بەرز بدوێت، چونکە بە ژاوەژاو حسابەکەیان لێ تێک دەچێت و لێیان دەشێوێت. دواتر ئێمەیش لە هۆڵەکە دەکەنە دەرەوە!"

ئەمجا ڕووی لە هەرزەکارەکە وەر گێڕا و سەیری لایەکی تری کرد و وتی، "بەداخەوە... گومانی تێدا نییە، کە ئەم پیاوە تیا دەچێت! بێگومان خۆیشی هەر ئەوەی دەوێت، ئیدی ناتوانم سەیری تیاچوونەکەی بکەم!... وا ڕووم لێی وەر

گێرا... ئای کە گێلە!"

لەسەرورویشەوە، لەنێو قومارچییەکاندا، کچێکی گەنج دەبینرا! پیاوێکی کورتەبالا یاوەری بوو. ئەو کورتەبالایە کێ بوو؟ من نەمدەزانی، بڵێی یەکێک بێت لە خزمانی؟ یان بۆ کاریگەرییەکەی لەگەڵ خۆی هێنابێتی؟ زووتر ئەو خاتوونەم سەرنج دابوو. ئەو خاتوونە، هەموو ڕۆژێک دەهاتە ئەو گازینۆیە. خەڵکەکە دەیانناسی. بەخێرایی کورسییەکیان دایە و لەسەری دانیشت.

کچەکە بڕێک پارەی زێڕ و پارەی کاغەزی ١٠٠٠ فرەنکیی لە گیرفانی دەر هێنا و زۆر بە ساردی و ئارامییەوە کەوتە قومارکردن. کاغەزێکیشی لە بەردەم خۆیدا دانابوو و ئەو ژمارانەی تێدا دەنووسییەوە، کە پارەکەی خۆی لەسەر دادەنا. دەیویست بەم تۆمارکردنە، ژمارەی گریمانەکان کۆ بکاتەوە.

ئەو کچە سەرکێشیی بە بڕی فرەی پارەکانیەوە دەکرد و دەیخستنە قومارەکەوە! ڕۆژانەیش ١٠٠٠ فرەنک یان ٢٠٠٠ فرەنک یان ٣٠٠٠ فرەنکێکی دەبردەوە. ئیدی زیاتری نەدەویست و بێدەنگ لە قومارەکە دەکشایەوە و لە گازینۆکە دەچووە دەرەوە.

ماوەیەکی زۆر بوو کە نەنێ چاودێریی کردبوو و وتی، "ئەو کچە هیچ نادۆڕێنێت، هەرگیز نادۆڕێت! ئەو خاتوونە کێیە؟ ئاخۆ تۆ دەیناسیت؟"

منیش لەبەر خۆمەوە و لەسەرخۆ وتم، "ئەو خاتوونە فەرەنسییە، ڕەنگە لەو خاتوونانە بێت..."

نەنێ هەڵی دایە، "باڵندە بە فڕینەکەیدا جۆرەکەی دەر دەکەوێت! لەوە دەچێت نینۆکەکانی تیژ بن! ئێستا تێم بگەیەنە، فرەی ئەم قومارە چۆنە؟ چۆنیش بەڕێوە دەچێت؟"

منیش هێندەی لەبارەی قومارەکەوە زانیم، بۆ نەنێم باس کرد. پێکداچوونە بێسنووری یارییەکە و سوور و ڕەشەکەی و ژمارە تاک و جووتەکانی... هتد. ئەمجا بڕێکیشم لە یاسا و ڕێسای ژمارەکان بۆ ڕوون کردەوە. نەنێیش زۆر بەئاگاوە گوێی لێ گرتم و هەرچییەکم دەوت، لەبەری دەکرد و پرسیارگەلێکی فرەیشی کرد و زانیاریی فرەتریشی وەر گرتەوە. منیش زۆر بەئاسانی لەبارەی هەر هەنگاوێکی قومارەکەوە نموونەم بۆ دەهێنایەوە. بەمەیش وانەکەی باشتر

بۆ لەبەر دەکرا. نەنێ زۆر دڵی بە زانیارییەکان خۆش بوو.
ئەمجا لێی پرسیم، "باشە، ئەی سفر واتای چی دەگەیەنێت؟ ئەها ئەوەتا ئەو قژلوولە هاوار دەکات، سفر! ئەی بۆچی... هەرچیی پارەی سەر مێزی قومارەکە هەبوو، هەمووی کۆ کردەوە و بردی بۆ خۆی؟ ئەمە یەعنی چی؟"
منیش وتم، "نەنێ، سفر واتا بانکەکە براوەیە. ئەگەر تۆپەکە لەسەر سفرەکە گیرسایەوە، واتە بەبێ هیچ جاوازییەک، هەموو بڕەپارە دانراوەکان بۆ بانکەکەیە. لە ڕاستیدا فرەیەکی تر بە تۆپە بچکۆلەکە لێدەدەنەوە، بەڵام لەو جارەدا بانکەکەکە خۆی هیچ نادات."
نەنێیش وتی، "سەیرە! واتا هیچ وەر ناگرم!"
منیش هەڵم دایە، "بەڵام ئەگەر زووتر پارەت لەسەر سفرەکە دانابوو، ئەوا هەر بڕەپارەیەکت لەسەر سفرەکە دانابوو، سیوپێنج هێندەت پێ دەبەخشن."
نەنێ بەسەرسووڕمانەوە وتی، "سیوپێنج هێندەی پارەکەی خۆم! باشە، بڵێی زووزوو ئەو سفرە تۆپەکەی لەسەر بگیرسێتەوە؟ باشە ئەی ئەو گێلانە بۆچی پارەکانیان لەسەر ئەو سفرە دانانێن؟"
منیش هەڵم دایە، "ئاخر نەنێ... ٣٦ گریمانی تری جیاوازی ئەو سفرە، هەیە!"
ئەویش وتی، "ئای لەو هیچوپووچییە! پۆتاپتش! پۆتاپتش! پەلە مەکە... بڕێک پارەم پێیە. بیگرە..."
پریاسکەیەکی پارەی هەڵئاوساوی دەر هێنا و فریدریکیەکی لێ دەر هێنا.
ئەمجا وتی، "ئەمە بگرە و خێرا لەسەر سفرەکە، دای بنێ."
منیش وتم، "ئاخر هەر ئێستا سفرەکە براوە بوو! تا ماوەیەکی زۆر ئەو سفرە براوە نابێتەوە! تۆ هەڵەشەیی دەکەیت... کەمێک ئارام ببەوە."
نەنێیش وتی، "قسەی پڕوپووچ دەکەیت، نەخێر، ئارام نابمەوە و پەلەمە! دەی... دای بنێ."
منیش وتم، "بە یارمەتیی خۆت، ڕەنگە ئەو سفرە تا پێش دەمەوئێوارەیش، گەر هەزار جار پارەی لەسەر دابنێیتەوە، جارێکی تر ئەو سفرە براوە نەبێت! هەموو کەسێک ئەوە دەزانێت."

نەنێیش وتی، "قسەی قۆڕ و بێمانا... ئەوەی لە گورگ بترسێت، ناچێتە دارستانەوە!"

"چی؟ دۆڕاندم؟ دەی جارێکی دی لە هەمان شوێن دای بنێرەوە."

جاری دووەمیش دۆڕاین. بۆ جاری سێیەم و لەسەر سفرەکە پارەمان دانایەوە. نەنێیش جێی بە خۆی نەدەگرت، چاوانی تۆپە بچکۆلەی سووڕاوی نێو مێزە بازنەییەکەی لەخۆ گرتبوو و لێی جوێ نەدەبووەوە.

نەنێ ئارامیی لەبەر هەڵگیرا و کە گوێی لە فەرمانبەری ڕۆلێتەکە بوو هاواری کرد، "٣٦ و سفرە چاوەڕوانکراوەکەی ئەوی نەگوت... بۆیە مشتەکۆڵەیەکی کێشا بە مێزەکەی بەردەمیدا.

دواتر بەدڵتەنگییەوە وتی، "دەی، گوێ مەدەرێ، ئەم سفرە نەفرەتییە هەر دێ براوە بێت. من تیاچوونم پێ باشترە، نەکوو کۆڵ بدەم لەم سفرە! تاوانەکە تاوانی ئەو سەرپەرشتکارە قژلوولە پیسوپۆخڵەیە. تا ئەو سەرپەرشتیی قومارەکە بکات، هەرگیز سفرەکە براوە نابێت! ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش تۆ دوو فریدریک پێکەوە، جارێکی تر دابنێرەوە. هەرچەند ئەگەر سفرە، براوەیش بێت، هەر براوە نابین."

منیش هاوارم کرد، "نەنێ!..."

ئەویش وتی، "دای بنێ! دای بنێ! خۆ پارەکە پارەی خۆت نییە...!"

منیش دوو فریدریکم دانا.

ماوەیەکی فرە تۆپە بچکۆلەکە خولی خوارد و کەوتە هەڵبەزودابەز بەسەر خانەکاندا. نەنێ داکەوت و باسکی منی توند گوشی. لەناکاو... تک... لەسەر سفرەکە وەستایەوە!

سەرپەرشتیارەکەیش هەر ئەوەی ڕاگەیاند و نەنێیش بەپەرۆشەوە وتی، "بینیت؟ بینیت؟ هەر وتم... سفرەکە هەر دەیباتەوە... پێم وتیت... خوا خستیە دڵمەوە، تاکوو ئەو دوو فریدریکە لەسەر سفرەکە دابنێم... ئێستا چەندم دەدەنێ؟ ئەرێ ئەوە بۆ پارە براوەکەم پێ نادەن؟ پۆتاپیتش، مارتا! ئەی کەواتە ئەو لەکوێیە؟ ئەی کۆمەڵەکەی ئێمە بۆ کوێ چوون؟ پۆتاپیتش... پۆتاپیتش!"

منیش کەوتمە ورتەورت و وتم، "هەر ئێستا، نەنێ. پۆتاپیتش لەدەم دەرگاکەدایە، ڕێی نادەن بێتە ئێرە. بڕوانە، وا

پارەکەت پێ دەدەن. دەی وەری بگرە."
کاغەزێکی شینی تۆخی لوولکراویان دایە دەستی، پەنجا فردریکی تێدا بوو. بە تەختەماڵە درێژەکە، پارە بەکاغەزپێچراوەکەیان پاڵ دایە بەردەمی نەنێ. لەسەروو ئەو بڕە پارەیەشەوە، بیست فریدریکی تریان بۆ ژمارد و پێیان بەخشی. ئەمجا هەر بەو تەختە پاڵدەرە درێژە، ئەو بڕەیشیان خستە بەردەم نەنێ.
سەرپەرشتیارەکە خەڵکەکەی بانگی یاریکردن کردەوە و وتی، "دەی... بەڕێزان، یاری بکەن! بەڕێزان، یاری بکەن! شتەکان کۆتا بوو."
نەنێیش هاواری کرد، "ئای خوایە، لە پارەدانان دوا کەوتین! دەی... دای بنێ. دواکەوتین لە پارەدانان! هەر ئێستا قومارەکە دەست پێ دەکاتەوە. خێرا بکە... دای بنێ."
نەنێ هێور ببووەوە و پێی بە پشتی پێمدا نایەوە.
منیش پرسیم، "باشە، پارەکە لەکوێدا دابنێم، نەنێ؟"
نەنێیش وتی، بیخەرەوە سەر سفرەکە! زۆرترین پارە دابنێ."
ئاخۆ چەندمان پێ ماوە؟ حەفتا فریدرێکێک؟ ڕەزیلی سوودی نییە و بیست فردریک بخە قومارەکەوە."
منیش وتم، "کەمێک ژیرانەتر بیر بکەرەوە، ڕەنگە تا ٢٠٠ جاری تریش ئەو سفرە براوە نەبێت. هەندێ جار وا دەکەوێتەوە! دەتوانم سوێندیشی لەسەر بخۆم! بۆیە هەموو ئایەومایەت بە گرەوکردن لەسەر ئەو سفرە دەدۆڕێنیت!"
پیرەژنەیش هێندە شڵەژابوو، گیانی دەلەرزی و وتی، "ئیتر قسەی پڕوپووچ مەکە، قسەی هیچ مەکە! زوو بکە، پارەکە دابنێ... وا جەڕەسی دەستپێکردنەوەی قومارەکە لێدرا! من خۆم دەزانم چی دەکەم!"
منیش وتم، "یاسای قومارەکە سەپاندوویەتی، کە نابێت لە ١٢ فردریک زیاتر لەسەر سفرەکە دابنرێت. ئەوەتا وا پارەکەم دانا."
سەرپەرشتیاری ڕۆلێتەکە، لەلای چەپی نەنێوە بوو و خەریک بوو تۆپەکە فڕێ بدات.
پیرەژنەیش پێیەکی تێوە ژەند و وتی، "ئەوە چۆن وا دەبێت؟ مسیۆ ئەوە ڕاستە؟ مسیۆ ئەوە ڕاستە؟ سەر سفرەکە چەندی لێ دانراوە؟ دوازدە؟ دوازدە؟"

منیش کەوتمە شیکردنەوەی بە زمانی فەرەنسی.
سەرپەرشتیارەکەیش کە تێگەیشت، بە ڕەوشتێکی نایاب وتی، "بەڵێ، خاتوونەکەم... ناتوانرێت کەس لە ٤٠٠٠ فلۆرین زیاتری لەسەر دابنێت."
ئەمجا یاسای قومارەکەی کردە پاڵپشتی قسەکانی و درێژەی دایە، "یاسا ئەمەی سەپاندووە!"
نەنێ بەناچاری وتی، "کە وا بوو دوانزە فردریک دابنێ... چار چییە!"
ئەمجا سەرپەرشتیاری ڕۆلێتەکە هاواری کرد، "یارییەکە دەستی پێ کرد."
تۆپ خولایەوە و لەسەر ژمارە ١٣ وەستا. ئێمەیش دۆڕاین.
نەنێ هاواری کرد، "دەی جارێکی تریش دای بنێرەوە. دای بنێرەوە."
ئەمجارەیان منیش بەرهەڵستیی ئەوم نەکرد. لە ڕوویدا نەوەستام. بەڵکوو بەپەلە پارەکەم دانا. دوانزە فردریکم دانا و شانم بۆی هەڵتەکاند.
تۆپەکە سووڕایەوە و پیرەژنە لەگەڵ ئەوەیشدا لە پەرۆشیدا گیانی دەلەرزی، چاویشی لەگەڵ تۆپەکەدا دەسووڕایەوە!
منیش سەیرێکی ئەوم کرد و بەسەرسامییەوە بە خۆم وت، "بڵێی بە هەموو ژیریی خۆیەوە، چاوەڕوانی ئەوە بێت سفرەکە جارێکی تر براوە بێت؟"
نەنێیش بە هەموو توانایەوە چاوەڕوانی براوەبوونی سفرەکە بوو! بەڕاستییش لەو بڕوایەدا بوو، کە سەرپەرشتیارەکە، دوای کەمێکی تر، هاوار دەکات، "سفرەکە بردییەوە!"
تۆپەکە بازێکی دا و پەڕییە خانەیەکەوە! سەرپەرشتیاریش هاواری کرد، "سفر!"
ڕوخساری پیرەژن هێماکانی سەرکەوتنی تیا دەر کەوت و وتی، "بینیت؟"
ئاخر کاتی خۆی منیش قومارچی بووم و هەر ئەو کاتە هەستی بردنەوەی ئەم سفرەم لەلا دروست بوو و دەست و لاقەکانم کەوتنە لەرزین! ئەوە کارێکی نامۆ بوو، لە دە فڕەی یارییەکەدا، سێ جاران تۆپەکە بچێتە خانەی سفرەکەوە! بەلام خۆ ئەم ڕووداوە فرە سەرسووڕهێنیش نەبوو، چونکە

هەر دوێنێ بوو بە چاوی خۆم بینیم، ئەو خانەی سفرە سێ جار لەسەریەک براوە بوو!

یەکێک لەو قومارچییانەی بەوردی خانە براوەکانی ڕۆلێتەکەی تۆمار دەکرد، بە دەنگی بەرز هاواری کرد، کە ئەم خانەی سفرە، لە هەر ٢٤ سەعاتەکەی دوێنێدا، لە یەک جار زیاتر براوە نەبووە!

بڕی پارە براوەکەیان لەگەڵ ئەو ڕیزەدا کە براوەکان پێیان دەدرێت، بە نەنێ بەخشی. ٤٢٠ فردریکیان بێ زیاد و کەم پێ دا. واتا ٤٠٠٠ فلۆرین و ٢٠ فردریک. فردریکەکانیان بە پارەی زێڕین و فلۆرینەکەیشیان بە پارەی کاغەز پێ دا. بەڵام ئەم جارەیان نەنێ پۆتاپێتشی بانگ نەکرد، چونکە شتێکی تر بە مێشکیدا هاتوچۆی بوو! ئێستا نە شڵەژان و نە لەرزینی پێوە دیارە!

بەڵام ئەگەر قسەکەم ناجۆر نەبێت، لە دەروونیدا شڵەژاو و لەرزیو بوو. هەموو هۆشوگۆشی لە خاڵێکدا چڕ کردبووەوە و وەکوو ئەو خاڵە تەنیا نێچیری ئەو بێت و مشتی لێ گرتبێت.

دواجار بڕیاری خۆی دا و پێی وتم، ئەی ئەلکسی ئیڤانۆڤتش، سەرپەرشتیاری قوماری ڕۆلێتەکە وتی کە نابێت لە ٤٠٠٠ فلۆرین پتر لە یەک کاتدا دابنێیت! وا نا؟ کەواتە ئەوە ٤٠٠٠ فلۆرین و لەسەر سوورەکە دای بنێ."

سەخت بوو بتوانرێت لە بڕیارەکانی پاشگەز بکرێتەوە! یاری دەستی پێ کرد و تۆپ سووڕایەوە.

هێندەمان زانی، سەرپەرشتیارەکە هاواری کرد، "سوورەکە... براوەیە!"

قازانجێکی نوێی ٤٠٠٠ فلۆرینی! ئێستا کۆی بڕە پارەکە بووە ٨٠٠٠ فلۆرین.

نەنێ فەرمانی پێم دا ٤٠٠٠ فلۆرینی ئەو بڕە پارەیە بدە بە من و ٤٠٠٠ فلۆرینەکەی ئەم جارەیش لەسەر سوورەکە دابنێرەوە.

جارێکی تر سەرکێشیی بە هەر ٤٠٠٠ فلۆرینەکەوە کردەوە.

دیسان سەرپەرشتیارەکە هاواری کردەوە، "سوورەکە بردیەوە!"

ئەمجا نەنێ وتی، "کۆی بڕە پارەکە بووە ١٢٠٠٠

فلۆرین. پارە زێڕەکان بخەرە نێو کیسەی پارەکەوە و پارە کاغەزەکانیش بەجیا هەڵبگرە. ئیدی ئەمڕۆ قومار ناکەین... با بڕۆینەوە بۆماڵەوە."

ئەوانیش کورسییەکەیان ڕاکێشایە دواوە.

# بەشی یازدەیەم

کورسییەکەی ژێر پیرەژنە بەرەو دەرگای هۆڵی قومارەکە بەکێش کرایەوە. ڕووی خۆش و کراوە بوو. کۆمەڵەکەی دەوروبەرمان خێرا خۆیان گەیاندە نەنێ و پیرۆزباییی ئەو بردنەوەیەیان لێ کرد.

هەرچەند هەڵسوکەوتی پیرەژنە جۆرێک نامۆییی پێوە دیار بوو، بەڵام ئەو سەرکەوتنەی لە قومارەکەدا، زۆر شتی لەبیر خەڵکی بردبووەوە. بردنەوەکە وا کەوتەوە، کە چیی تر ژەنەراڵ خەمی لەقبوونی ناوبانگ و کەسێتیی خۆی نەبوو و نگینی لەنێو خزمان و خەڵکەکەدا، بەوەی کە پیرەژنێکی وەکوو نەنێی هەڵسوکەوت ڕیزپەڕ و سەرسوورهێن خزمیەتی. تەنانەت بە بزەیەکی پڕ لە نیانییەوە، وەکوو کەسێک مناڵێک بلاوێنێت، بە پیرەژنەیشیدا هەڵدا و سۆزی خۆی پیشانی دا. لە لایەکی تریشەوە، ئەویش وەکوو ئەو تەماشاچییانەی قسەیان لەبارەی قومارکردنەکەی نەنێوە دەکرد و دەستیان بۆ ڕادەکێشا، سەرسام بوو بە سەرکەوتن و بردنەوەی قومارەکە.

تەنانەت برێک لە تەماشاچییان لە نزیکیەوە دەڕۆیشتن، تاکوو لە نزیکەوە نەنێ ببینن.

بەڕێز ئاستلییش دووربەدوور، لەگەڵ دوو هاوڕێی ئینگلیزی خۆیدا وەستابوو و لەبارەی نەنێوە قسەی بۆ دەکردن، لەولاتریشەوە، ئەوە چەند خاتوونێکی ناسراو و ناودار بوون و بەسەرسامییەوە، وەکوو لە دیاردەیەکی سەیر بڕوانن، لە نەنێیان دەڕوانی!

دی جریویش بەزەردەخەنەوە وەڵامی پیرۆزباییی

ناسیاوانی دەدایەوە.
ئەمجا وتی، "سەرکەوتنێکی مەزن بوو!"
مادمۆزێل بلانشیش بە بزەیەکی ماستاوچییانەوە هەڵی دایە، "خۆ ئەوەی تۆ کردت، خاتوونەکەم، وەکوو شەڕەگوللەی بەرامبەرێن بوو!"
نەنێیش وتی، "بەڵێ، هەر لەوەی کەم بوو، یەک... دوو... هەرسێکیی بۆ بکرێت! من ١٢٠٠٠ فلۆرینم بردووەتەوە! چاوەڕێ دەکەیت چی بڵێم؟ دوانزە هەزاااار! ئەمە بێ لە دینارە زێڕەکانیش! کە بەوانەیشەوە دەکاتە نزیکەی سیانزە هەزارێک. ئەم بڕەپارەیە بە ڕۆبڵ دەکاتە چەند؟ نزیکەی شەش هەزارێک. وا نا؟"
منیش بۆم ڕاست کردەوە و تێم گەیاند، کە نزیکەی ٧٠٠٠ ڕۆبڵێک دەکات. ڕەنگە بەم نرخەی ئێستایشی، بگاتە ٨٠٠٠ ڕۆبڵ.
نەنێیش هەڵی دایە، "٨٠٠٠ هەر وا گاڵتە نییە! ئەی ئەو دووانەتان بۆچی وەکوو سەگە سیرامیک لە شوێنی خۆتان وشک بوون؟ پۆتاپیتش و مارتا، بە چاوی خۆتان بینیتان؟"
ماتا بە پیاهەڵدانێکی ئاشکراوە هاواری کرد، "بەڵام... باشە خاتوونەکەم... ئەمەت چۆنچۆنی کرد؟ ٨٠٠٠ ڕۆبڵ..."
نەنێیش وەکوو ئەوەی هەر گوێیشی لە قسەکانی ئەو نەبووبێ، وتی، "هەردووکتان وەرنە پێشەوە، بگرن، هەر یەکە و پێنج دیناری زێڕین وەر بگرن... ها... وەری بگرن."
پۆتاپیتش و مارتا بەپەلە پەلاماری دەستیان دا و ماچیان کرد.
نەنێیش لەسەری ڕۆیشت، "با هەر حەماڵە و یەک فردریک بەخشیشی بێت... ئەلکسی ئیڤانۆڤتش، سەر و دینارێکی زێڕیان پێ بدە. ئەی ئەو خزمەتکارە بۆ کڕنووش دەبا و دەنووشتێتەوە؟ یان ئەوی تریان؟ ئاخۆ ئەوانە پیرۆزبایی لە من دەکەن؟ هەریەکە لەوانەیش دینارێکی زێڕی پێ بدە."
ئەمجا یەکێک هانای بۆ برد و پاڵتۆیەکی برجنودی لەبەردا بوو و جووتێک سمێڵی بوو و بەتەنیشت کورسییەکەی نەنێوە وەستابوو و کڕنووشی پێ لە ملیی برد و شەپقەکەی سەری بڵند کردبووەوە، "خاتوونەکەم، ئەمە کەسێکی دوورخراوەیە لە نیشتمانەکەی، ژیانێکی سەختی هەیە، میرانی ڕووسیش هەمیشە فرە بەخشندە و نانبدەن."

نەنییش فەرمانی دا، "فلۆرینێکی پێ بدە، قەیناکات دوو فلۆرینی پێ ببەخشە. ئێستایش ئیدی با بەس بێت، چونکە ئەم کێشەیە کۆتاییی نییە. براسکۆڤیا! بە کورسییەکەمەوە هەڵم بگرن و بمبەن!"

بە پاولین ئەلکسەندۆڤنایشی وت، "سبەینێ بەرگیش بۆ تۆ دەکڕم، هەروەها بۆ مادمۆزێل... ناوی چی بوو؟... مادمۆزێل بلانش، تەواوە... ناوی بلانشە... وا نا؟ هێندەی پارە پێ دەدەم، ئەویش بەرگ بۆ خۆی بکڕێت... دەی پراسکۆڤیا، ئەم قسەیەی منی بۆ وەر بگێڕە، با تێبگات!"

ئەویش وەکوو ڕێزلێنانێک بۆ نەنێ نووشتایەوە و بزەیەکی لاقرتێیشی بۆ دی جریو و ژەنەراڵ کرد و وتی، "سوپاس، خاتوونەکەم."

ژەنەراڵیش کەمێک بێزاریی پێوە دیار بوو. تا نە گەیشتینە ئەو ڕێیەی ئەمبەر و ئەوبەری داربەڕوو بوو، ڕووی گەش نەبووەوە.

نەنێ دوای ئەوەی، کارەکەری بەخێوکەری مناڵەکانی بیر کەوتەوە، وتی، "ئەگەر ڤیدوسیا ئەم هەواڵە ببیستێت، ئەوا بڕوا ناکات! پێویستە هێندەیش پارە بەو ببەخشم، کە بتوانێت جلوبەرگ بۆ خۆی بکڕێت."

سواڵکەرێکی جلوبەرگ شڕ و دڕاوی چەماوە، بە ڕێگەکەدا هات و هەر لە ئێمەی دەڕوانی.

نەنییش بانگی کردم و وتی، "هێی، ئەلکسی ئیڤانۆڤتش... ئەلکسی ئیڤانۆڤتش، بڕێک پارەیش بەو سواڵکەرە بدە."

منیش وتم، "ئاخر دوور نییە ئەمە سواڵکەر نەبێت و ڕەنگە خۆیڕی و پیاوخراپ بێت."

ئەویش لەسەر قسەی خۆی سوور بوو و وتی، "بیدەرێ... بیدەرێ... تەنیا فلۆرینێکی بدەرێ!"

منیش لە پیاوەکەوە نزیک بوومەوە و دەستی بەپارەکەم بۆ درێژ کرد و ئەویش دوای کەمێک سەرسامی، بێ ئەوەی هیچ بڵێت، پارەکەی وەر گرت. جەستەیشی بۆنی مەیی لێ دەهات.

ئەمجا ڕووی کردە منیش و پرسیی، "ئەی تۆ، ئیڤانۆڤیتش، تا ئێستا خۆت تاقی نەکردووەتەوە؟"

منیش وەڵامم دایەوە، "نەخێر، تا ئێستا خۆم تاقی نەکردووەتەوە!"

نەنێیش وتی، "سەرنجم دایت چۆن چاوانت دەبریسکایەوە!"
منیش وتم، "هەر دێ نەنێ، منیش لە داهاتوودا خۆم تاقی بکەمەوە..."
ئەویش وتی، "بێ دوودڵی پارەکەت بخە سەر سفرەکە و دەیبینیت. چەندت پارە پێیە؟"
منیش وتم، "٢٠ فردریک، نەنێ."
ئەویش وتی، "پارەیەکی زۆر نییە. ئەگەر دەتەوێت، ٢٠ فردریکت بەقەرز دەدەمێ... بگرە، ئەو لوولکراوە بگرە."
لەناکاو ڕووی کردە ژەنەڕاڵ و وتی، "بەڵام تۆ، ئازیزەکەم، خۆت مەدە بەدەست خەون و خەیاڵەوە و هیچت لە میراتیی خۆم پێ نادەم!"
هەرچەند ژەنەڕاڵ شڵەژا، بەڵام هیچی نەگوت. دی جریویش برۆکانی یەک هێنایەوە و ڕووی کردە ژەنەڕاڵ و لەژێر لێوەوە وتی، "ژنێکی نالەبارە!"
نەنێیش هاواری کرد، "سواڵکەر! سواڵکەر! سواڵکەرێکی تریش! ئەلکسی ئیڤانۆڤتش، فلۆرینێک بە ئەمیش بدە."
ئەم جارەیان پیرەمێردێکی سەرسپی بەرەو ڕوومان هات. دارشەقێکی تەختەی بەکار دەهێنا، پاڵتۆیەکی ئاودامانی ڕەشی تۆخی لەبەردا بوو، دارێکیش بە دەستەکەی تریەوە بوو و خۆی بەسەردا دەدا. لەوە دەچوو لە جەنگاوەرە دێرینەکان بووبێت، هەر هێندەی خۆش بوو، نەنێ دەستی دوو فلۆرینەکەی بۆ درێژ کرد. پیرە هەنگاوێک چووە دواوە و بەهەڕەشەکردنەوە و بەئەڵمانی پێمی وت، "ئەمە چییە؟"
ئەمجا ڕستێک جنێوی باشی پێ دام!
نەنێیش بەبێزارییەوە وتی، "ئەمە چەندە کەرە! پاڵم دەن. خەریکە لە برسا دەمرم، هەر زوو نانەکەم دەخۆم، ئەمجا کەمێک دەحەوێمەوە، تاکوو دواتر بگەڕێمەوە بۆ هەمان شوێن."
منیش بەسەرسامییەوە هاوارم کرد، "بۆچی نەنێ، دیسان دەتەوێت جارێکی تر قومار بکەیت؟
نەنێیش پرسیی، "ئەی تۆ چاوەڕێ دەکەیت چی بکەم؟ هەر خەریکی تەماشاکردنی تۆی بۆگەنکردووی جێی خۆت بم؟"
دی جریو نزیک بووەوە و وتی، "بەڵام بەدووری مەگرە، خاتوونەکەم، بەخت هەڵبگەڕێتەوە! ڕەنگە یەک لەتردانی

بەختی خراپ، ئایەومایەت پێ بدۆڕێنێت! بەتایبەتییش ئەگەر بەو شێوە ترسناکەیش یاری بکەیت!"
مادمۆزێل بلانشیش وتی، "گومانی تێدا نییە دەدۆڕێیت!"
نەنێیش وتی، "جا تۆ هەقت چییە! ئەوەی دەیدۆڕێنم، پارەی خۆمە، نەک تۆ."
ڕوویشی کردە من و پرسیی، "ئەی ئەو بەڕێز ئاستلییە لەکوێیە؟"
منیش وەڵامم دایەوە، "لە گازینۆ مایەوە نەنێ."
نەنێیش وتی، "موخابن! بەڕاستی لاوێکی کارامەیە!"
هەر کە گەیشتینەوە ماڵەوە، سەرکاری خزمەتکارانی لەسەر پلیکانەکان بینی و بەشانازییەوە بردنەوەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا ڤیدوسیای بانگ کرد و سێ فردریکی پێ بەخشی. داوایشی لێ کرد خۆراک ئامادە بکات. لە کاتی نانخواردنیشدا. ڤیدوسیا و مارتا هەر خەریکی پیاهەڵدانی نەنێ بوون.
مارتا وتی، "هەر سەیرم دەکردی و لە خۆم دەپرسی، ئاخۆ خاتوونەکەمان بەنیازە چی بکات؟ تۆیش هەر پارەکانت کەڵەکە دەکرد و دەکردەوە. ئای... پیرۆزەکانی ئاسمان... لە ژیانمدا کۆمەڵەپارەیەکی بەو قەبارەیەم نەدیبوو...! هەر پیاوان و پیاوان زیاتر، کەسی تر بەدەورتەوە نەبوو.
"منیش لە پۆتاپتشم پرسی، 'ئەو هەموو بەڕێزانە... لەکوێوە هاتن؟'
ئەمجا لەسەری ڕۆیشتم، 'دایکی پەروەردەکەر، مەریەمی پاکیزە، پشتوپەنای بێت...!'
"خاتوونە نیانەکەم، من هەر خەریکی پاڕانەوە بووم بۆ تۆ، تووشی دڵەکوتە بووم و خەریک بوو دڵم بوەستێت! وەکوو کاغەزی دەم ڕەشەبا دەهاتم و دەچووم و بە خۆمم دەوت، ئەی پەروەردگار، یارمەتیدەری بە. ئەوە بوو خوا تۆی پاراست و سەرپەرشتیارت بوو. ئێستایش لە تەوقی سەرمەوە تا پەنجەی پێم دەلەرزێت و سەرخۆم نەکەوتوومەتەوە!"
نەنێ پێی وتم، "ئەلەکسی ئیڤانۆڤتش، دوای نانخواردن خۆت ئامادە بکە. دەوروبەری سەعات ٤ دەچینەوە بۆ ئەوێ، تا ئەو کاتە، خوات لەگەڵ. بیرت نەچێت، پزیشکێکی ڕسوام بۆ بنێرە. پێویستە بە ئاوە کانزاکان چارەسەری خۆم بکەم، بڵێی بیرت بچێت ئەوە بکەیت؟"

وەکوو ئەوەی ڕکێفی خۆمم لەدەست دابێت، چوومە دەرەوە. دەمویست ئەوەی لەنێو کۆمەڵەکەمدا ڕوو دەدات، بێنمەوە بەرچاوی خۆم، بزانم ڕەوشەکە بە چ ئاقارێکدا دەڕوات؟ ئەوەم لێ ڕوون بوو، کە لە یەکەم بەرکەوتندا کاتێک بەئاگا دێنەوە، بەتایبەتی ژەنەراڵ. بەوەی لەجیاتیی گەیشتنی برووسکەی مردنەکەی - ئەو برووسکەیەی سەعات بە سەعات هەمووان چاوەڕوانی بوون - پێیان وا بوو هەموو گرێکوێرەکانیان بە هۆی خوێندنەوەی ئەو وەسیەتنامەیەوە دەکرێتەوە. ئێستا پرۆژەکانیان هەڵوەشاوەتەوە، وایان لێ هاتووە بەسەرسامییەوە چاودێریی سەرکێشیی قوماری ڕۆلێتکردنەکەی بکەن...!

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، ڕنگە شتی دووەم لەوەی یەکەم گرنگتر بێت. ئەوەیش ئەوە بوو، کە نەنێ دوو جاران وتبووی، کە ژەنەراڵ لە میراتەکەی بێبەری دەکات. لە کاتێکدا نەدەبوو ئەوی بێئومێد بکردایە. بێگومان دی جریوی هاوبەشی کارەکانی ژەنەراڵ بێئومێد نەبووبوو. مادمۆزێل بلانشیش، کە بایەخێکی فرەی بەوە دابوو (چونکە بەئومێدی ئەو میراتە، چاوی بڕیبووە شووکردن بە ژەنەراڵ، هێشتا چنگی ئومێدی لەو میراتییە گیر کردبوو و ورەی بەو میراتییە نەڕووخابوو. هەموو هەڵنان و پیاهەڵدان و نازونووکی بۆ نەنێ، بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردبوو، تا بتوانێت کار لە بیروبۆچوونی نەنێ بکات.

بەڵام پاولین پێچەوانەی بلانش بوو. سەرکێش و هەرزە بوو و هەرگیز ژێر ڕکێفی کەس نەدەچوو و موجامەلەی نەنێی نەدەکرد، تا ڕازیی بکات. بەڵام هەر ئێستا کە نەنێ ئەو سەرکێشییانە دەکات و قوماری ڕۆلێت دەکات! ئێستایەک، کە بەجوانی کەسێتیی نەنێ ڕوون و ئاشکرا بووە. (پیرەژنێکی زۆردار! ورەبەرز و گەڕاوە بۆ سەردەمی هەرزەکاری). ئەوە لەخۆیدا سەلماندی، کە ئیدی هەموو شتێکیان لەدەست داوە! چاوەڕوانی هیچ نەبن لەو پیرەژنە و ڕەنگە هەموو شتێکیان لەدەست دابێت.

پیرەژنەیش لەو کیژە قوتابییە دەچوو، کە دەمێک نەبێت ئازاد کرابێت و هێندە یاریی کردبێت، کە جەستەی سەر ئارەقە کەوتبێت.

منیش هەستم بە دڵخۆشییەکی پۆخڵ کرد و لە خوایش

پاڕامەوە کە لێم خۆش ببێت، بە خۆم وت، ئەی پەروەردگار، ئەی پەروەردگار...! هەر دینارە و کە نەنێ کەمێک پێش ئێستا سەرکێشیی پێوە کرد، چەقۆلێدانێک بوو لە دڵی ژەنەڕاڵ و چنگێک بوو لە بینەقاقای دی جریویش گیر بووبوو. مادمۆزێل کۆمینگیشی تووڕە کردبوو و لووتی تووزاندبووەوە!

شتێکی تر، نەنێ لەبەر ئەوەی فرە دڵخۆش بوو بە بردنەوەکەی و هەر خەریکی پارەبەخشینەوە بوو، هەر سواڵکەرێکی سەرەڕێیشی بدییایە، پارەی پێ دەبەخشی.

تا ئەو کاتەیش بیری نەچووبووەوە و دایەوە بە ڕووی ژەنەڕاڵدا و وتی، "بەڵام تۆ... دوای مردنم، هیچت لە میراتییەکەم نادەمێ."

ئەمەش دەری خست، کە نەنێ بڕیاری خۆی داوە و بڕاوەتەوە و سوورە لەسەری. خۆیشی ڕازی کردووە کە ئەوەی دەیڵێت، جێبەجێی بکات. کە وا بوو، ئەمە جێی ترسە... ترس!

بەدەم ڕۆیشتنمەوە بۆ پلیکانەکە و چوونەسەرەوە بۆ ژوورەکەی خۆم، ئەم بیرۆکانە بە مێشکمدا دەهاتن، ئەمە بۆ منیش فرە گرنگ بوو، هەرچەند ئەو داوە دەزووە توندوتۆڵانەی ئەم ئەکتەرانەی پێکەوە بەستبووەوە، لە بەرچاوم بوو. بەڵام پاڵنەرەکانی ئەو نواندنەیان و نهێنییەکانیانم نەدەزانی. هەرچەند وەکوو ئەوەی پاولین ناچار کرابێت، سنگی خۆی بۆ واڵا دەکردم. بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان متمانەی خۆی پێ نەبەخشیبووم. تەنانەت ئەو کاتانەیش کە کەمێک لە نهێنیی خۆی بۆ دەر ببڕیمایە، هەر زوو دەیکردە گاڵتە و لە بەهای نهێنییەکەی کەم دەکردەوە. تەنانەت شتەکانی تێکەڵوپێکەڵ دەکرد و بە ئارەزوو کوێری دەکردین لە ئاستیاندا.

بەڵێ، ئەو شتگەلێکی فرەی لێ شاردمەوە. بە هەرحاڵ، هەستم بەوە دەکرد، کە ئەو بارە نهێنییە سەرسووڕهێنە لە کۆتایی نزیک بووەتەوە. هەر یەک پێداکێشانی دەویست، تا هەموو شتێک کۆتایی بێت و دەمامکەکان ڕوخسارەکان جێ بهێڵن، بەڵام چارەنووسی منیش بەو هەموو شتانەوە بەستراوەتەوە.

ئای لەو بارە دەروونییەی منی پێدا تێدەپەڕیم! لە ٢٠ فردریک بەولاوە، هیچ لە گیرفانمدا نەبوو و لە نیشتمانی خۆمەوە دوور بووم. نە پێگە و نە داهاتێک و نە ئومێد، نە

پرۆژەیەک چییە نەمبوو. دواجار ئەمانە تووشی دڵەڕاوکێیان نەدەکردم. خۆ ئەگەر پاولین بیروهۆشی داگیر نەکردمایە، هەر زوو خۆم بە دەستی ئەو کۆتاییە گاڵتەجاڕانەیەوە دابوو کە چاوەڕوان دەکرا و بگرە پڕ بە خۆم پێیشی پێدەکەنیم، بەڵام پاولین دەروونی شڵۆق کردبووم. وا هەست دەکەم بەم نزیکانە چارەنووسی دیاری دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دان بەوەدا دەنێم کە ئەوەی سەرقاڵی کردبووم، ئەمە نەبوو. ڕەنگە خوازیاری ئەوەیش بم، کە خۆم بەنێو نهێنییەکانیدا بکەم و بێت بۆ لام و پێم بڵێت، "خۆت باش دەزانیت کە من خۆشم دەوێیت."

ئەگەر نا، ئەم بیرۆکە سەرشێتانە شیاوی وەدەستخستن نەبێت، چ شتێکی تر هەیە من حەزی لێ بکەم؟ خۆیشم دەزانم حەزم لە چییە؟ هەر وەکوو کەسێکی بێئاوەزم لێ هاتووە. هەموو حەز و ئارەزووەکەی من، ئەوەیە لێی دوور نەکەومەوە. لەو خەرمانەیەدا بم، کە دەورەی داوە. یان ئەو تیشکانەی کە لێوەی دەر دەچن و تا هەتاو بە درێژاییی ژیان، منێک کە لەوە زیاتر هیچی ترم نەدەزانی، ئاخۆ بەرگەی دووریی ئەوم دەگرت؟

هەر کە گەیشتمە نهۆمی سێیەم، هەستم کرد وەکوو ئەوەی تووشی شۆک بووبم، ٢٠ هەنگاوێک لەولامەوە پاولینم بینی بەرەو ڕاڕەوەکە ڕۆیشت، بەڵام لە پارێزمدا بوو و چاودێریی دەکردم. هەر زوو ئاماژەی پێ دام، کە لێی نزیک بکەومەوە.

منیش هاوارم کرد، "پاولین ئەلکسەندرۆڤنا..."

ئەویش خوڕی بەسەرمدا، "دەنگ بەرز مەکەوە."

منیش بەچرپە وتم، "بیهێنە بەرچاوت، هەر ئێستا کە ئاوڕم دایەوە و تۆم بینی، کە هەر دەڵێی تیشک دەهاوێژی، وەکوو ئەوەی یەکێک بە قەبرغەمدا بکێشێ وا بووا!"

پاولین - کە لەوە دەچوو گوێی لە قسەکانم نەبووبێت - بە ڕوویەکی گرژەوە وتی، "تکا دەکەم. هەر ئێستا ئەم نامەیەم لێ وەر بگرە و بیدە بە بەڕێز ئاستلی. ئەو وەڵامەکەیت ناداتەوە... ئەو..."

پاولین ڕستەکەی تەواو نەکرد.

منیش بەسەرسامییەوە وتم، "نامەکە بدەم بە بەڕێز ئاستلی؟"

بەڵام کە ڕوانیم، پاولین دیار نەماوە!

لەبەر خۆمەوە وتم، "ئەمە خۆ نامە و نامەکارییش لەنێواندیاندا هەیە!"

ئەمجا بەپەلە کەوتمە گەڕان بەشوێن بەڕێز ئاستلیدا. یەکەم جار خۆم گەیاندە ئوتێلەکە، بەڵام لەوێ نەبوو. ئەمجا خۆم گەیاندە گازینۆکە و هەر هەموو هۆڵەکانی گەڕام بەڵام لەوێیش نەبوو.

لە کاتێکدا بۆ ماڵەوە دەگەڕامەوە، تووڕە و بێورە و بێزار بووم، بەڕێکەوت لەنێو کۆمەڵێک ئینگلیزدا، کە ژنان و پیاوانێک بوون و بە سواری ئەسپەوە بوون، ئەوم بینی. ئاماژەم دایە و ئەویش وەستا و منیش نامەکەم دایە دەستی. هێندە مۆڵەتمان نەبوو، کە تەنیا وشەیەکیش بڵێین. پێم وا بێت بەڕێز ئاستلی خۆیشی ئارەزووی ئەوەی بوو، چونکە هەر نامەکەی لێ وەر گرتم، لەژێر سکی ئەسپەکەی ژێری کوتا و پەلەی کرد.

ئاخۆ غیرەکردن بوو ئازاری دەدام، یان چی بوو؟ چونکە بەتەواوی داڕووخابووم. تەنانەت سەلیقەی ئەوەیشم نەمابوو، بزانم نهێنیی ئەم نامانە چییە؟ ئەوەی کە روون بوو، ئەو هاوڕێی بوو... بەڵام لە کەییەوە؟ ئەمجا بڵێی خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەبێت؟

ژیریم پێم دەڵێت،

بێگومان نەخێر.

بەڵام لەم بارانەدا ژیری کێشی نامێنێت! چار چییە! لەسەرمە ئەمە بخەمە بەر ڕۆشنایی. وردەوردە بێزارکەرانە شتەکان ئاڵۆز دەبوون.

هەر کە خۆم کردەوە بە ئوتێلەکەدا، دەرگاوان و سەرکاری خزمەتکاران بەرەو ڕووم هاتن و پێیان وتم، کە کۆمەڵەکە داوای تۆ دەکەن، پاولینیش پرسیاری منی کردووە. تا ئێستا سێ جاران خەڵکی ناردووە بەشوێنتدا. تکای لێ کردووی کە خێرا خۆت بگەیەنیتە ماڵی ژەنەڕاڵ.

منیش دەروونم ناتەواو و شپرزە بوو. ڕوانیم ژەنەڕاڵ لەگەڵ دی جریو و مادمۆزێل بلانش، هەر خۆی و بەبێ دایکی لە ژوورەکەی خۆیدا بوو. بێگومان دایکی بلانش وا خۆی پیشان دەدا، کە لەو ڕۆژانەدا قورسایی خۆی هەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەرچیی کێش و قورسایی بێت، ئەو ژنە

نەیبوو.
ئـەو دەمـەی کێشـەیەک ڕووی بدایـە، تەنیـا مادمۆزێـل بلانش خۆی بە چارەکردنی هەڵدەستا. تەنانـەت مـن گومانـم لەوەیـش هەبـوو، کـە ئـەو دایکـە ئـاگای لـە کار و نهێنییەکانـی کچەکـەی خـۆی بێـت!
ئـەوان لـە ژوورەوە فـرە بەپەرۆشـەوە دەدوان. هەرچەنـد دەرگای ژوورەکـە بـە کلیلیـش کڵـۆم درابـوو، بـەڵام مـن کـە لێی نزیک بوومـەوە، گوێم لـە شیڕوهووڕیان بوو، گوێم لـەو شێوازە گاڵتەجاڕی و لاقرتێیـەی دی جریو بوو، کە پێی دەدوا.
گوێـم لـەو جنێوانەیـش بـوو، کـە مادمۆزێـل بلانـش دەیـدا. هەروەهـا ئـەو شـێوە گریانهێنـەی کـە ژەنـەڕاڵ پێـی دەدوا و دەویسـت بێتاوانیـی خـۆی بسـەلمێنێت.
هـەر کە خۆم کرد بـە ژووردا، هەموو ڕاچەنین و بەخۆدا هاتنـەوە و خۆیـان ڕێـک خسـتەوە. ئـەوە دی جریویـان بـوو، قژە ئاڵۆزەکـەی خۆی ڕێک خستەوە و بزەی خستەوە سـەر لێوانـی. ئـای لـەو بـزە فەرەنسـییەی ئەویـش! چەنـد رقـم لێـی بـوو!
ئەوەیـش ژەنـەڕاڵ خۆیەتـی، بیربـڵاو و مانـدوو، وەکـوو ئامێرێکی بێڕەوان ڕاست بووەوە، تەنیا مادمۆزێل نەبێت، کە تووڕەبوونەکـەی هـەر بە روخسـارەوە بوو. ئـەو بێدەنـگ بـوو و بەنائارامییـەوە لێـی ڕوانیـم. پێویسـتە لێـرەدا ئەوەیـش بڵێـم، کە فرە سـادە و بێبایەخانەیەکی وا لێی دەڕوانیم، کـە هەرگیـز ژێری نەیدەبڕی! تەنانـەت زۆر جـاران وەڵامـی سڵاوەکانیشـی نەدەدامـەوە.
ژەنـەڕاڵ ڕووی تـێ کـردم و بەگلەییـیـەوە پێـی وتـم، "ئـەی ئەلکسـی ئیڤانۆڤتش ڕێم بدە با سـەرنجت بۆ ئـەوە ڕابکێشـم و زۆر بەلامـەوە نامۆیـە، بەکورتییەکـەی، هەڵسوکەوتت بەرامبـەر خۆم و خێزانەکـەم تـا ئەوپـەڕی نامۆیـە!"
دی جریویـش بەتووڕەییـیـەوە قسـەکەی پـێ بـڕی، "ئـەوە بابەتـی ئێمـە نییـە..."
لەسەریشـی ڕۆیشـت، "بەڕێـزە ئازیزەکـەم، بەڕێـزە ئازیزەکـەم، ژەنـەڕاڵ هەڵـە دەکات، کـە بـەو شـێوازە دەدوێت."
بـە زمانـی ڕوسـی لەسـەری ڕۆیشـت، "ئـەو دەیەوێت پێت بڵێت، مەبەسـتم ئەوەیـە، دەیەوێـت ئـاگادارت بکاتـەوە، یـان وای دابنـێ تکات لـێ دەکات، کـە بـزری نەکەیـت. بەڵـێ، بـزری

نەکەیت! من بێ پێچوپەنا ئەمە دەڵێم..."
منیش قسەکەم پێ بڕی، "بەڵام چۆن؟ چۆن؟"
دی جریو بەشلەژاوییەوە وتی، "ببوورن، ئەمڕۆ ئێوە خۆتان کرد بە ڕێنیشاندەر، یان نازانم بڵێم چی، بەڵێ، بوویتە ڕێنماییکەر و چاوساغی ئەو خاتوونە پیرەژنە، ئەو پیرەژنە ترسناکەیش. ئەوەیش بزانە، کە تۆیش زیانی تێدا دەکەیت. دوا پوولیشت دەدۆڕێنیت و تووشی زیان دەبیت! خۆ بە چاوی خۆت بینیت، کە ئەو چۆنچۆنی ئەو یاریی قومارە دەکات. خۆ خۆت باش دەیناسیت، ئەگەر بدۆڕێت، هێندە ڕقئەستوور و تووڕەیە، ئیدی کۆڵ نادات و مێزەکە جێ ناهێڵێت و لەسەر قومارەکە سەرومڕ دەبێت! تەنانەت قومار بە هەموو شتەکانیشییەوە دەکات. مرۆڤ لەو جۆرە کاتانەدا ئاگای لە خۆی نامێنێت و ئەو کاتە... ئەو کاتە..."
ژەنەڕاڵ پشتگیریی قسەکانی ئەوی کرد و وتی، "ئەو کاتە... نەک هەر خۆی، بەڵکوو خێزان و بنەماڵەکە هەموویان تیا دەچن! ئێمە، خۆم و خێزانەکەم، نزیکترین کەسی میراتگری ئەوین و کەسی لە ئێمە نزیکتر بەو نییە، بێ پێچوپەنا پێت دەڵێم، کە بارودۆخم شلۆقە و هەر زۆریش شلۆقە، ڕەنگە خۆیشت شتێک لەم بارەیەی منەوە بزانیت، ئەگەر ئەو پیرەژنە بڕێکی زۆری دۆڕاند، یان هەموو سامانەکەی دۆڕاند - خوا پەنامان بدات! - کە هیچ بەدووریشی مەگرە..."
ئەمجا ڕوویشی کردە دی جریو و وتی، "ئیدی مناڵەکانم ڕوو لەکوێ بکەن...؟"
ڕووی لە بلانشیش کرد و درێژەی دایە، "ئەی من ڕوو لەکوێ بکەم؟"
مادمۆزێل بلانشیش بەتووڕەیییەوە ڕووی خۆی وەر گێڕا.
ژەنەڕاڵ ڕووی کردەوە من و وتی، "ئەی ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش، ڕزگارمان بکە."
منیش وتم، "بەڵام چۆنچۆنی ئەوە بکەم؟ پێم بڵێ چی بکەم، خۆ من هیچ دەسەڵاتێکم بەسەریدا نییە."
ئەویش وتی، "ڕەتی بکەرەوە... ڕەتی بکەرەوە... لێی دوور بکەوە و جێی بهێڵە!..."
منیش هاوارم کرد، "ئاخر کەسێکی تر پەیدا دەکات..."
دی جریو قسەکەی پێ بڕیم، "ئەمە بابەتی ئێمە نییە! جێی مەهێڵە! ئامۆژگاریی بکە. لە قومارەکەی دوور بخەوە... یان

لانی کەم مەهێڵە بڕێکی زۆر پارە بدۆڕێنێت. بە هەرشێوەیەک بووە، بێتاقەتییەکەی بڕەوێنەوە."

منیش خۆم خستە ئەوپەڕی گێلی و وتم، "بەڵام من چی بکەم؟ خۆزگا ئەمەی لە منت داوا دەکرد، لە ئەوت داوا بکردایە... ئەی دی جریو!"

ئەمەم وت و هەستم کرد مادمۆزێل بلانش بۆکڕوزی لێ هەڵدەستێت.

سەرنجێکی پرسای دی جریوی دا و وتی، "کارەساتەکە لەوەدایە، کە پێم وایە لەویشی قبووڵ ناکات!"

دی جریو خۆیشی دەستی پشتگیریی بۆ قسەکانی مادمۆزێل بلانش ڕاوەشاند و ناتوانایی خۆیی بۆ ئەو کارە ڕاگەیاند. خۆ ئەگەر... یان دواتر...

دواتر دی جریو سەرنجێکی واتاداری مادمۆزێل بلانشی دا.

هێندەم زانی، مادمۆزێل بلانش بەرەو لام هات و بزەیەکی قەشەنگی خستە سەر لێوان و هەردوو دەستی گرتم و گوشیی.

ئەمجا پێی وتم، "بەڕێز، ئەلکسیی ئازیز، پیاوێکی پیاوانە و مەرد بە!"

بلانش دەیزانی چۆن کتوپڕ ئەو ڕوخسارە شەیتانەیەی خۆی بگۆڕێت! ئێستا ئیدی ڕوخساری نیانییەکی گەورەی لەخۆ گرتبوو. بزەیەکی سادەی منالانەی سەر لێوان خستبوو، نازەکەیشی منالانە بوو، تەنانەت لە کۆتاییدا چاوێکیشی لێ داگرتم. بڵێی ویستبێتی هەر بەتەواوی داگیرم بکات؟ هەرچەند شێوازەکەی ئابڕووبەرە بوو، بەڵام خۆی دەیزانی چۆن ئەوە بکات!

دواجار ژەنەڕاڵ وشەی ئەنگۆ - بەڵێی بەپاڕانەوەوە هەڵهێنایەوە، "ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش، لەو شێوازی قسەکردنەی کەمێک لەمەوبەرم ببوورە، هەر نەمدەویست وەکوو ئەوەی وتم، بڵێم. ئێستاش وا من تکات لێ دەکەم، بەڵکوو لێت دەپاڕێمەوە و ڕوسییانە کڕنووشت بۆ دەبەم، تەنیا تۆ، تۆ و بەس، دەتوانیت ڕزگارمان بکەیت! خۆم و مادمۆزێل دی کۆمینگ لێت دەپاڕێینەوە! هانات بۆ دێنین، خۆت تێدەگەیت... خۆت تێدەگەیت... وا نا؟"

بەدەم وتنی ئەم دوایین ڕستەیەیەوە، ئاماژەی بە

مادمۆزێل بلانشیش دا! لە ڕاستییشدا جێی بەزەیی بوو و سۆزی دەجوولاند.
لەم ساتەدا زۆر بەنیانی سێ جاران لە دەرگا درا. کاتێک دەرگا کرایەوە، خزمەتکاری نهۆمی ئوتێلەکە دەر کەوت. لەدوای ئەویشەوە، بە چەند هەنگاوێک پۆتاپتش بوو. نەنێ ناردبووی و داوای لە هەردووکیان کردبوو، تا بۆ من بگەڕێن و خێرا من ببەن بۆ لای.
پۆتاپتش وتی، "نەنێ فرە تووڕەیە."
منیش وتم، "بەڵام خۆ سەعات لە سێ و نیوی تێنەپەڕاندووە!"
ئەویش وتی، "خەوی لێ نەکەوت و لەناکاو ڕاست بووەوە و داوای کورسییەکەی خۆی کرد! ئەمجا ناردی بەشوێن تۆدا. ئێستاش لەبەر دەروازەی ئوتێلەکە چاوەڕێتە."
دی جریو هاواری کرد، "ژنێکی نالەبارە."
هەر وایش بوو. پیرەژنەم بەتووڕەیی لە دالانی ئوتێلەکەدا بینی. توومەز نەیتوانیبوو تاکوو سەعات ٤ ئارام بگرێت.
هەر کە منی بینی، شیڕاندی، "دەی... بمگەیەنە ئەوێ!"
ئیدی گەڕاینەوە بۆ لای ڕۆلێتەکە.

# بەشی دوازدەیەم

نەنیٚ فرە پەرۆش بوو. پێوەی دیار بوو کە قوماری ڕۆلێتەکە بیر و هزری داگیر کردبوو. ئەو لە ڕۆلێتەکە زیاتر گوێی بە هیچ نەدەدا. لە کەسێکی فرە سەرسام دەچوو، بە بەڵگەی ئەوەی ئەم جارەیان وەکوو بەیانییەکەی تر، هیچ پرسیارێکی بەدەم ڕێوە لیٚ نەکردم.

هەر کە جووڵە و لەنجەولاری گالیسکەیەکی بەردەممانی لەسەر ڕێیەکە بینی، دەستی بڵند کردەوە و لە خاوەنەکەی پرسیی، بەڵام پێم وا بێت گوێی لە وەڵامەکەی هەر نەبوو. ناوەناوە ڕادەچەنی و ئەندێشەکەی خۆی دەپچڕاند و پێوەی دیار بوو پەتی ئارامیی پچڕابوو. جاری وا بوو کاری وای دەکرد، کە چاوەڕواننەکراو بوو.

لە گازینۆکە نزیک بووینەوە و بارۆن و خاتوونی بارۆنم بینی. ئاماژەم پیٚ دان و تێم گەیاند، کە ئەوە بارۆن و ڤۆرمەر هلمە. نەنیٚ سەرنجێکی هاکازاییانەی لە هەردووکیان دا و بایەخێکی ئەوتۆی پیٚ نەدان.

بەلای پۆتاپیتش و مارتایشدا لای کردەوە و پێی وتن، "چییە؟ ئێوە بۆ شوێنم کەوتوون؟ خۆ نامەوێت هەموو جارێک لەگەڵ خۆم بتانبەم! هەر ئێستا بگەڕێنەوە..."

دوای ئەوەی خواحافیزیی لەو دووانە کرد، بە منیشی وت، "تەنیا تۆم لەگەڵ بیت، بەسمە."

لە گازینۆکەیش لە چاوەڕوانیی ئەودا بوون و هەر کە گەیشتین، شوێنەکەی ڕۆژی پیشووتریان بۆ ساز دایەوە و لەنزیک سەرپەرشتیاری قومارەکەوە دایان نایەوە.

پێم وا بێت، هەرچەند ئەو سەرپەرشتکارانەی ڕۆلێتەکە

وایان پیشان دەدا کە بەلایانەوە گرنگ نییە بانکی قومارەکە چۆڵ بێت یان نا، بەڵام لە ڕاستیدا وا نەبوو، بێگومان فەرمانی کێشکردنی خەڵکیان پێ درابوو بۆ قومارکردن. بایەخیشیان بە بەرژەوەندیی باجەکان دەدا. بێگومان ئەوەیشیان بە چاکە بۆ دەگەڕایەوە و بەو کارەیان، خەڵات دەکران. لانی کەم وەکوو قوربانییەکی قومار لە نەنییشیان دەڕوانی.

ئەوەی کۆمەڵەکەی خۆمان چاوەڕێی بوون، ڕووی دا! وا وەکوو خۆی ڕووداوەکەتان بۆ دەگێڕمەوە:

هەر خێرا نەنێ سفرەکەی هەڵبژاردەوە و فەرمانی دا کە ١٢ فریدریکی لەسەر دابنێم، فرەی یەکەم و دووەم و سێیەمی قومارەکەیش، هەر وامان کرد. بەڵام خانەی سفرەکە، هەر دەر نەچوو! نەنییش، خێراخێرا لەژێر مێزەکەوە پێی بە پێمدا دەنا و ئاماژەی دەدا، بڕی پارەی تر لە هەمان شوێن دابنێمەوە و سەرومڕ بم. منیش دەبوو گوێڕایەڵی بم.

کەوتە دانەچیرە و فرە تووڕە و داخڵەدڵ بوو و پرسیی، "ئەرێ ئەوە چەند یاریمان کردووە؟"

منیش وەڵامیم دایەوە، "دوانزە جار! دوانزە یاریمان کردووە و ١٤٤ فردریکمان دۆڕاندووە. جارێکی تر پێت دەڵێمەوە، ئێوارە دادێت، پێش ئەوەی..."

قسەکەی پێ بڕیم، "بێدەنگ بە... پارە بخەوە سەر خانەی سفرەکە. ١٠٠٠ فلۆرینیش لەسەر خانەی سوورەکە دابنێ. ها ئەم دەستەوارە پارەیە بگرە."

سوورەکە دەر چوو و براوە بوو. بەڵام سفرەکە، ئەم جارەیش هەر دەر نەچوو!

نەنێ بەچرپە پێی وتم، "بینیت؟ خۆ بینیت؟ ئەوە ئەو بڕەمان هێنایەوە، کە دۆڕاندبوومان! دەی... پارە بخەوە سەر سفرەکە و دوای دە فرەی تری قومارەکە دەڕۆین."

بەڵام پیرەژن دوای پێنج فرەی یارییەکە، سفرەکەی پشتگوێ خست. فەرمانی پێ کردم کۆڵ لەو سفرە شوومە نەگریسە بدە! بگرە، ئەو ٤٠٠٠ فلۆرینە بخە سەر سوورەکە.

منیش لێی پاڕامەوە و وتم، "ئەو بڕە پارەیە زۆرە! ئەی ئەگەر سوورەکە دەر نەچوو چی؟"

بەڵام ئەو تووڕە بوو و خەریک بوو لێیشم بدات! خۆ شەقوەشاندنی ژێر مێزەکەیش، نیمچەلێدانێک بوو بۆ من! دەبوو منیش بەقسەی ئەوم بکردایە. ئەو ٤٠٠٠ فلۆرینەی

سەرلەبەیانی بردبوومانەوە، لەسەر سوورەکە دام نا.
تۆپەکە کەوتەوە گەردان! نەنیَ ئارام و هێمن بوو و قیت دانیشتبوو. متمانەی فرەی بە بردنەوەی خۆی بوو.
سەرپەرشتیار هاواری کرد، "سفرەکە، بردیەوە!"
لەپێشەوە تێنەگەیشت، بەڵام کە سەرپەرشتیاری قومارەکەی بینی وا هەموو برەپارە دانراوە دۆڕاوەکان و بە ٤٠٠٠ فلۆرینەکەی ئەویشەوە کۆ دەکاتەوە، تیگەیشت! ئەمجا زانیی کە ئەو سفرە نەفرەتییەی ماوەیەکە ون بووە و ئیمە نزیکەی ۲۰۰ فردریکمان لەسەر دانابوو، دەر کەوتەوە! کە هەر لەوە دەچوو، ئەو کارە ئارەزوومەندانە بووبێت!
پیرەژن قیژەیەکی سەرسامیی کرد و دوو دەستی پیکدا دا و دەنگی دایەوە، خەڵکەکە دەستیان کردە پیکەنین!
بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد، "ئەی پەرییانی بەهەشت! ئەوەتا تازەبەتازە ئەو سفرە دەر دەچێت! ئەی لەو تووتکەسەگە! هەڵە هەڵەی تۆ بوو!" ئەمەی وت و لەژێر مێزەکەوە شەقێکیشی تیَ هەڵدام. "تۆ منت لەو سفرە دوور خستەوە!"
منیش وتم، نەنیَ، من ویستم بیر بکەیتەوە، ئەمجا قومارەکەت بکەیت! خۆ من بەرپرسی بەختەکان نیم."
ئەمجا وەکوو هەڕەشەکردنێک پێی وتم، "قەینا، هەلی تریشت دەدەمیَ. دەی... با بڕۆین!"
منیش وەکوو ئەوەی پشتی تیَ بکەم، وتم، "خوات لەگەڵ، نەنیَ."
ئەویش بانگی کرد، "ئەلکسی ئیڤانۆڤتش، ئەلکسی ئیڤانۆڤتش! لەگەڵ مندا بمێنەوە. ئەوە بۆ کویَ دەچیت؟ مەڕۆ... مەڕۆ. کەمێکی تریش لام بمێنەوە. من کەر بووم! گێلیی خۆم بوو. بلیَ... ئیستا ئیمە چی بکەین؟"
منیش پێم وت، "نەنیَ، لەمەودوا من ئامۆژگاریت ناکەم، تاکوو تۆیش سەرزەنشتم نەکەیت. تەنیا و تەنیا خۆت قومار بکە. تۆ فەرمانم پیَ دەدەیت و منیش تەنیا دانانی، بڕی پارەکەم لەسەرە."
ئەویش هەڵی دایە، "باشە، باشە. تۆ ٤٠٠٠ فلۆرین لەسەر سوورەکە، دابنیَ، ها، ئەوە کیسەی پارەکەیشم." ئەمەی وت و کیسەی پارەکەی لە گیرفانی دەر هێنا و دەستی بۆ درێژ کردم. "خێرا بکە، ئەوە ۲۰۰۰۰ ڕۆبلی تێدایە."

منیش بەورتەورتەوە وتم، "نەنی، ئەمە لەخۆیدا برە پارەیەکی فرەیە!..."
کەچی ئەویش وتی، "خنکاندنی خۆمم پێ باشترە، لە گێرانەوەی ئەو برە... دەی، دای بنێ."
ئەوە بوو، پارەکەمان دانا و دۆڕاندیشمان.
نەنێ دەستی پێ کردەوە، "دیسان پارە دابنێرەوە، دەی دیسان دای بنێرەوە. ئەم جارەیان ٨٠٠٠ پێکەوە دابنێ."
منیش وتم، "نەنێ، ئەوە ڕێپێنەدراوە... نابێت لە ٤٠٠٠ زیاتر دابنرێ."
ئەمجا وتی، "کە وا بوو ٤٠٠٠ لەوێ دابنێ."
ئەم جارەیان بردمانەوە. نەنێیش، ورەی بەرز بووەوە.
بەدەم نووکەشەقێکەوە، پێی وتم، "خۆ بینیت؟ بینیت؟ ٤٠٠٠ی تر دابنێرەوە."
ئەو برەمان دانا و دۆڕاندمان، جارێکی دی دامان نایەوە و دۆڕاندمانەوە..."
منیش پێم ڕاگەیاند و وتم، "نەنێ، هەر ١٢٠٠٠ فلۆرینەکەمان دۆڕاندەوە."
بە کەمێک خۆخواردنەوەوە وتی، "ئاگام لە تیاچوونی ئەو برەیش هەیە."
وەکوو ئەوەی لە جێی خۆی وشک بووبێت و بیر بکاتەوە، بۆڵاندی و وتی، "دەزانم ئەو پارەیەم لەدەست چوو، ئازیزەکەم! دەزانم. ئاهـ...! لێرە پێستەکەی خۆیشم دەدۆڕێنم! بەڵام با وا بێت، دەی ٤٠٠٠ فلۆرینی تر دابنێ."
منیش وتم، "نەنێ، ئاخر پارەمان پێ نەماوە! تەنیا چەند چەکێکی ڕوسیی پارە لە کیسەکەتدا ماوە، کە بە سوودی ٥٪ پڕ کراوەتەوە. لەگەڵ چەند قەواڵەیەک. بەڵام وەکوو پارە، پارەی تێدا نەماوە."
ئەویش لێی پرسیم، "ئەی لە جزدانی پارەکەمدا؟"
منیش وتم، "تەنیا وردەی تێدایە..."
ئەویش وتی، "ئەی لێرە پارەگۆڕەرەوە نییە؟ بیستوومە لێرە دەتوانین هەموو چەکی پارە و قەواڵەکانمان بگۆڕینەوە."
منیش وتم، "لێرە دەتوانیت هەرچییەکت پێ بێت، بیگۆڕیتەوە. بەڵام لە گۆڕینەوەکەدا بە جۆرێک زیان دەکەیت، کە جوولەکەش دێنێتە لەرزە."
نەنێیش وتی، "قسەی هیچ! دەمەوێت پارە دۆڕاوەکانم

جارێکی تر ببەمەوە، بمگەیەنە لای پارەگۆڕەرەوەکان. دەی، ئەو بێناموسانەم بۆ بانگ بکە."

کورسییەکەی ڕاکێشرایە دواوە و حەماڵەکان گەیشتنە سەری. لە گازینۆکە چوونە دەرەوە.

خورپی بەسەرماندا و وتی، "خێراتر... خێراتر...! ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش، تۆیش ڕێنماییمان بکە و پێشمان بکەوە، بمانگەیەنە نزیکترین پارەگۆڕەرەوە... ئاخۆ لێرەوە دوورن؟"

منیش وەڵامیم دایەوە، "هەر دوو هەنگاوێکمان ماوە."

بەڵام لە پێچەکەدا، گۆڕەپانەکەمان بڕی و ڕێی داربەڕووەکانمان گرتە بەر. لووتمان بە لووتی کۆمەڵەکەی خۆماندا تەقی. ئەوان بریتی بوون لە ژەنەڕاڵ و دی جریو و مادمۆزێل بلانش و دایکی. نە پاولین ئەلکسەندرۆڤنا و نە بەڕێز ئاستلییان لەگەڵ بوو.

نەنێ هاواری کرد، "دەی وەرن... دەی وەرن... مەوەستن. چیتان دەوێت؟ کاتم بۆ ئێوە بەدەستەوە نییە!"

لەبەر ئەوەی من لەدوایانەوە دەڕۆیشتم، دی جریو خۆی بە من گەیاندەوە. منیش بەچرپە پێم وت، "هەموو ئەو بڕەی بەیانی بردبوویەوە، دۆڕاندیەوە! ١٢٠٠٠ی خۆیشی! ئێستایش دەچین چەند چەکێک بگۆڕینەوە، کە سوودەکەی ٥٪ە."

دی جریو لەقەیەکی لە زەوی دا و بەپەلە خۆی گەیاندە ژەنەڕاڵ و هەواڵەکەی پێ گەیاند. ئێمەیش هەر سەرقاڵی پاڵدانی کورسییەکەی نەنێ بووین. ژەنەڕاڵیش هێندە تووڕە بوو، وەکوو شێتی لێ هاتبوو.

بەچرپە پێی وتم، "مەهێڵە قومار بکات، مەهێڵە!"

منیش پێم وت، "وەرە... تۆ خۆت مەهێڵە و بەری لێ بگرە!"

ژەنەڕاڵیش لێی نزیک بووەوە و پێی وت، "خوشکی بابەم، پوورە نیانەکەم!... ئێمە وا دەڕۆین..." بە دەنگێکی پچڕپچڕەوە ئەمەی گوت، "دەڕۆین تا ئەسپ بەکرێ بگرین و پیاسەیەکی ئەو دەرودەشتە بکەین. لەوێ دیمەنگەلێکی قەشەنگ هەیە!... لووتکەی شاخەکان... هەر بۆ ئەوەیش هاتووین، تاکوو تۆیش بانگهێشتی ئەو گەشتە بکەین و پێکەوە بین."

پیرەژنەیش بەتووڕەیییەوە وتی، "خۆت و لووتکەی شاخەکانت بەرەو شەیتان ببنەوە!"

هەرچەند ژەنەڕاڵ، ئومێدی لێ بڕابوو، بەڵام لەسەری

ڕۆیشت، "لەوێ دێیەکی لێیە، کە گەیشتین، چاییەکیشی لێ دەخۆینەوە..."

دێ جریویش وەکوو دوژمنێکی بەزیو وتی، "شیریش لەسەر ئەو گیا پاراوە سەوزە دەخۆینەوە."

شیر، گیای پاراوی سەوز، ئەمە ئەوپەڕی خەیاڵی بۆرژوایەکی پاریسی و چێژە شیعرییەکانی بوو. هەر وەکوو خۆیشتان دەزانن، ئەمە هەموو وێناکردنەکانی بوو بۆ سروشت و ڕاستییەکان.

نەنێیش وتی، "شیرەکەی تۆ بۆ من گرنگ نییە! بڕۆ خۆت بەتەنیا بیخۆرەوە، من شیر ئازاری گەدەم دەدات. بۆ هێندە سووری لەسەری؟ من هێندەم کات نییە بۆ ئەوە!"

منیش هاوارم کرد، "نەنێ، گەیشتین!"

ئەمجا کورسییەکەیمان بەرەو نووسینگەی پارەگۆڕەرەوەکە پاڵ دا. منیش دەستم کردە گۆڕینی چەکەکان. نەنێیش لەدەم دەرگای نووسینگەکەدا چاوەڕوانی من بوو. دێ جریو و ژەنەڕاڵ و بلانش لە دوورەوە سەیریان دەکردین و خۆیشیان نەیاندەزانی چی بکەن. نەنێیش بەتووڕەییەوە لێی دەڕوانین. ئیدی هەمووان چووینەوە سەر ڕێی بەرەو گازینۆکە.

پارەگۆڕەرەوەکە نرخێکی باشی پێ دابووم. منیش ڕاڕا بووم و چوومەوە لای نەنێ، تا بزانم خۆی چی دەڵێت.

نەنێ دەستی بە دەستدا دا و هاواری کرد، "ئای! ئەمانە چۆن دزێکن! بەڵام بێسوودە... پەسەندی بکە."

ئەمجا ویستی فریا بکەوێت و وتی، "بوەستە... پارە گۆڕەرەوەکەم بۆ بانگ بکە."

منیش وتم، "هەر فەرمانبەرێکیشیان بێت؟"

ئەویش وتی، "جیاوازییەکی نییە، با یەکێک لە فەرمانبەرەکان بێت. ئاخ... هەی دزینە!"

هەر کە فەرمانبەرەکە بۆی دەر کەوت چەکگۆڕەرەوە، پیرەژنێکی خاوەن پێداویستیی تایبەتە و بێتوانایە، ڕازی بوو و چووە بەردەمی. پیرەژنەیش وتارێکی دوورودرێژی بۆ ئەو فەرمانبەرە وت. تێیدا بەوە وەسفی کرد، کە ئەو گیرفانبڕە! دزە، ئەو... وتارەکەی بە زمانی تێکەڵە بوو لە ڕوسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی، بۆیە ناچار بووم بۆ فەرمانبەرەکەی وەر بگێڕم، تاکوو تێبگات. فەرمانبەرە ڕوخسار گرژەکەیش هەر سەرنجی دەداین و سەری با دەدا و هیچی نەدەگوت. تەنانەت

بە شێوەیەکی سووکایەتیکردنیش بە پیرەژنەیدا هەڵدەڕوانی. دواتر دەستی کردە پێکەنین.

پیرەژنە هاواری کرد، "باشە... باشە... دەی... پشت بە خوا پارەکانم دەتخنکێنێت. دەی... ئەلکسی ئیڤانۆڤتش، بیانگۆڕەرەوە... کاتمان نییە. گەر لای ئەمیش نەیگۆڕین، ئەوا دەبێت بچینە لای یەکێکی تر..."

خۆ ئەمیش خۆی هەڵدەنێ، گوایە هەرکەسێکی تر بێت، لەو نرخەی ئەم کەمتر دەدات.

ئێستا بیرم نەماوە بڕەپارەکە چەندە بوو، بەڵام هێندە دەزانم، کە دەستەیەک بوو. ١٢٠٠٠ فلۆرینی زێڕین بوو و پارەی کاغەزیش بوو. منیش لیستی حسابەکەم وەر گرت و بردم بۆ نەنێ.

نەنییش دەستێکی بۆ لەقاند و وتی، "باشە... باشە... پێویست ناکات بیانژمێریت. خێرا بکە... خێرا بکە."

کە نزیک گازینۆکەیش بووینەوە، کەوتە ورتەورت، "لێرە بەدواوە، پارە ناخەمە خانەی ئەو سفرە شوومە و سوورەکە."

ئەم جارەیان منیش بە هەموو توانای خۆمەوە تەقەللام دا ڕازیی بکەم، کە لە سەرەتادا بە بڕی کەم و بچووکی پارەکەیەوە قومار بکات. هەر کە هەستمان کرد بەختیش یاوەرمانە، ئەوا بڕی پارەی قومارپێکردنەکە فرە دەکەین. هەرچەند لە سەرەتادا قسەکەمی پەسەند بوو، بەڵام لە کاتی قومارکردنەکەدا ئارامی نەگرت و هەر هێندەی خۆش بوو، ١٠٢٠ فردریکێکی بردەوە.

ئیدی لەژێر مێزەکەوە کەوتە نووکەشەقتێهەڵدانم و وتی، "بینیت؟ بینیت؟ بردمانەوە! ئەگەر لەبری ١٠ فلۆرین ٤٠٠٠مان لەو شوێنەدا دابنایە، ئێستا ٤٠٠٠ فلۆرینی ترمان بردبووەوە! کە وا بوو، تاوان تاوانی تۆ بوو."

منیش بێدەنگ بووم و لە دڵی خۆمدا بڕیارم دا هەرچەند شێوەی قومارکردنەکەیشی تووڕەم بکات، بەڵام ئیدی هەرگیز قسە لە قومارەکەیدا نەکەم. ئەوە دی جریویش لەوپەڕی هۆڵەکەوەیە و هەرسێکیان دووربەدوور وەستابوون.

سەرنجی مادمۆزێل بلانشیشم دا، بینیم خۆی و دایکی بوون و لەگەڵ کورتەباڵادا وەستابوو و بەلاولوویدا دەهات. دیاریش بوو کە ژەنەڕاڵ لەو نێوەندەدا ڕسوا و دوورخراوە

بوو. هەرچەند ئەو ژەنەڕاڵە ماستاویشی بۆ دەکرد، بەڵام مادمۆزێل هەر سەیریشی نەدەکرد.

ئای، ژەنەڕاڵ داماو بوو! زەرد و سوور هەڵگەڕابوو و دەلەرزی. تەنانەت چاودێریی قومارکردنەکەی نەنێیشی بۆ نەدەکرا. دواتر بلانش و میر پێکەوە چوونە دەرەوە و ژەنەڕاڵ بەڕاکردن شوێنیان کەوت. دی جریو بەپەشۆکاوی بە ڕوسییەکی سەقەتەوە بە نەنێی وت، "خاتوون، خاتوون... ئەم یارییە کەسی تێدا براوە نابێت! ئەوە مەحاڵە!"

نەنێیش لێی پرسی، "ئەی باشە تۆ پێم بڵێ، ئیدی من چی بکەم؟"

دی جریو ئەم جارەیان بە فەرەنسی و پەلەپەل ئامۆژگاری دوای ئامۆژگاریی دایە نەنێ. تێیشی گەیاند بۆ قومارکردنەکەی، لەسەریەتی چاوەڕێی بەختی باش و هەلی لەبار بکات. تەنانەت کەوتیشە برێک کۆکردنەوە و لێدەرکردن بۆی. بەڵام نەنێ هیچی لێ تێنەگەیشت، جارناجارێکیش لە منی دەڕوانی، تاکوو قسەکانی ئەو بۆ پیرەژنە وەر بگێرم. پەنجەیشی بۆ مێزی ڕۆلێتەکە ڕادەکێشا، تاکوو باشتر نەنێ تێبگەیەنێت. دواجار قەڵەمێکی هەڵگرت و لەسەر کاغەزێک چەند ژمارەیەکی نووسی.

پیرەژنە ئارامی لەبەر بڕا و وتی، "بڕۆ، بڕۆ! لێم دوور بە... ئای کە قسەی پڕوپووچ دەکەیت! هەر خاتوونتە! لە هیچیش تێناگەیت! دەی... بڕۆ..."

هەرچەند نەنێ وەکوو مار پێوەی دابوو، بەڵام ئەو لە خۆی نەگرت و لەسەر شیکردنەوەکەی خۆی سەرومڕ بوو و وتی، "بەڵام خاتوون..."

نەنێیش فەرمانی بە من دا، "دەی... ئەم جارەیان بەگوێرەی ئامۆژگارییەکانی ئەو، برێک پارە دابنێ و قوماری پێ بکە... ڕەنگە پلانەکەی ئەو سەرکەوتوو ببێت!"

هەموو ئامانجی دی جریو ئەوە بوو، کە نەنێ بە برەپارەی فرەوە قومار نەکات. ئەوە بوو، داوای لێ کرد برەپارەکان بەڕیز و جیابەجیا دابنێت، منیش بەقسەی ئەوم کرد و فردریکێکم لەسەر خانەی ١٢ ژمارە جووتەکانی بەشی یەکەم دانا و ٥ فردریکیشم لەسەر خانەکانی ١٢ بۆ ١٨ دانا. ئەمجا بۆ ٢٤. بەمەش بڕی ١٦ فردریکمان خستە قومارەکەوە. تۆپە چکۆلە کەوتە گەردان و سەرپەرشتیاری

ڕۆلێتەکە قیژاندی، "سفر...!"
ئێمەیش هەموو پارە دانراوەکانمان دۆڕاند و زیانمان کرد.
نەنێ ڕووی کردە دی جریو و پێی وت، "ئەم کوندەپەپووە، چی بوو بۆ ئێمە هات! ئەی لەم فەرەنسییە ڕسوایە! سەیری ئەم بەرەڵلایە بکەن، چ ئامۆژگارییەکی کردین! دوور بکەوە... دەی لێمان دوور بکەوە! هیچ نازانێت و ئامۆژگاریشمان دەکات! خۆی لە هەموو شتێک هەڵدەقورتێنێت!"
دی جریو هەر زۆر پەست و بێزار بوو و شانێکی هەڵتەکاند. بەسووکایەتیپێکردنەوە سەرنجێکی نەنێی دا. ئەمجا بێدەنگ کشایە دواوە. بەو ڕۆچوونەی بە قومارەکەی نەنێدا، هەستی بە شەرمەزاری کرد، کە بەو شێوەیە خۆی ڕووبەڕووی سووکایەتیپێکردن کردەوە، کەچی نەیتوانی خۆی بپارێزێت.
سەعاتێکی نەبرد و هەرچەند تەقەللایەکی پڕووکێنەریشمان دا، بەڵام هەموو شتێکمان دۆڕاند!
نەنێ هاواری کرد، "با بگەڕێینەوە بۆماڵەوە."
لە گازینۆکە چووینە دەرەوە و تا نەگەیشتینە ڕێی داربەڕووەکان، نەنێ هیچی نەگوت. بەدەم ڕێوە و کاتێک هێندەمان نەمابوو بگەینە ئوتێلەکە، ئەم قسانەی لە دەم دەر چوو، "ئای کە منیش گەمژەم! ئای چەندە کەرم! لە پیرەژنێکی گێل بەولاوە، هیچی تر نیم!..."
کە گەیشتینەوە ماڵەکەی، هاواری کرد، "کەمێک چایم بۆ بێنن، با خێرا خۆمان ئامادەی گەشت بکەین، دواتر یەکسەر گەشت دەکەین."
مارتایش پرکێشیی کرد و وتی، "خاتوونە نیانەکەم، دەتەوێت بۆ کوێ سەفەر بکەیت؟"
نەنێیش وەلامی دایەوە، "جا ئەوە کەی کاری تۆیە؟ تۆ تەنیا بایەخ بە کارەکانی خۆت بدە، ئەی پۆتاپتش. هەرچیی پێداویستییەکانە، کۆی بکەوە. هەرچەند ١٥٠٠٠ ڕۆبلی زێڕیشم دۆڕاندووە، بەڵام هەر دەبێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ مۆسکۆ."
پۆتاپتشیش دەستەکانی پێکدا دا و هاواری لێ هەستا، "١٥٠٠٠... خاتوونە ئازیزەکەم؟ ئای خوایە گیان... خوایە گیان!"
ئەمیشیان بەو بەزەییهاتنەوەیەیدا، پێی وا بوو خاتوونەکەی لە خۆی ڕازی دەکات."
بەڵام نەنێ پێی وت، "یەڵلا... یەڵلا... گێلە! بڕوانە... خۆ

ئەوە خەریکە وا خۆی پیشان بدا کە دەگری! دەنگت لێوە نەیەت و بڕۆ خۆت ئامادەی سەفەرەکە بکە. خێرا هەرچیی لیستی قەرزارییەکانی خەڵک و دەوڵەت هەیە، بۆم بێنە."

منیش بۆ ئەوەی کەمێک ئارامی بکەمەوە، پێم وت، "گەشتی دووەمی شەمەندەفەرەکە، سەعات نۆ و نیوە، نەنێ گیان."

ئەویش پرسیی، "ئەی ئێستا سەعات چەندە؟"

منیش وەڵامیم دایەوە، "حەوت و نیوە."

نەنێیش هەڵی دایە، "شتێکی بێزارکەرە! دەی... ئەلکسی ئیڤانۆڤتش، گوێیشی مەدەرێ! یەک قڕوش چییە، پێم نەماوە! ئەم پارە کاغەزینەم لێ وەر بگرە. بڕۆ لەوێ بیانگۆڕەوە. گەر بۆم نەگۆڕیتەوە، ئیدی پارەی سەفەرەکەم پێ نابێت!"

منیش بەقسەیم کرد و لە ماڵ چوومە دەرەوە. دوای نیوسەعاتێک گەڕامەوە و ڕوانیم هاوڕێیان لە نەنێ کۆ بوونەتەوە. لەوە دەچوو گەڕانەوەکەی پیرەژن، بۆ مۆسکۆ، تووشی شۆکی کردبن، تاکوو دۆڕاندنەکەی بە قوماری ڕۆلێتەکە!

ئاخۆ دوای سەفەری نەنێ، ژەنەڕاڵ چیی بەسەر بێت؟ بەوەی کە سوور دەزانێت سەفەرکردنەکەی واتا ڕزگاربوونی سامانەکەی نەنێ لە تیاچوون و دۆڕاندن. ئەگەر وا نەبێت، ئەی بە چی قەرزەکەی دی جریو بداتەوە؟ هەرچیی مادمۆزێل بلانشیشە، چاوەڕێی مردنی نەنێ ناکات و شووی خۆی دەکات! ئیدی بە میرە کورتەبنە بێت، یان هەرکەسێکی تر! هەر هەموویان لەوێ بوون و دەیانویست دڵی نەنێ بدەنەوە و بیخەنەوە سەر ڕێی ڕاست.

ئەم جارەشیان پاولین لەوێ نەبوو! نەنێیش بە ڕاست و چەپدا جنێوی پێ دەدان و هاواری دەکرد، "ئەی جنۆکەیینە، لێم دوور بکەونەوە! بۆچی لووت وەر دەدەنە کاروبارم؟" کە ئەم قسانەی دەکرد، ڕووی کردبووە دی جریو.

ئەمجا ڕووی کردە مادمۆزێل بلانش و دای شۆری، "ئەی تۆ... هەی تووتی! چیت دەوێت؟ تۆ بۆچی دەلەرزیت؟"

مادمۆزیل بلانشیش هێندە تووڕە بوو، ئاگر لە چاوانی دەباری.

ئەویش لەبەر خۆیەوە وتی، "ئای، کە شەیتانە!"

لەناکاو خۆی بۆ نەگیرا و لە قاقای دا و چووە دەرەوە.

لەدەم دەرگاکەدا شیراندی بەسەر ژەنەراڵدا، "بڕوا بکە، ئەمە سەد ساڵی تریش دەژییێت!"

نەنییش شیراندی بەسەر ژەنەراڵدا، "کە وا بوو، تۆیش خۆت هەڵگرتووە بۆ مردنی من! دەی... ون بە، لە بەرچاوم. ئەلکسی ئیڤانۆڤتش، ئادەی هەموویان بکە دەرەوە! ئاخر ئێوە چیتان لێم دەوێت؟ من پارەی خۆمم دۆڕاندووە! خۆ پارەی ئێوەم نەدۆڕاندووە!"

ژەنەراڵیش شانەکانی هەڵتەکاند و کەمێک خۆی نووشتاندەوە و لە ژوورەکە چووە دەرەوە و دی جریو بەدوایدا.

نەنییش فەرمانی بە مارتا دا، "براسکۆڤیام بۆ بانگ بکە."

ڕۆیشت و دوای پێنج خولەک هاتەوە و پاولینی لەگەڵ خۆی هێنابوو. بە درێژاییی ئەو ماوەیە، پاولین لەگەڵ مناڵەکاندا لە ژوورەکەی خۆی بوو. بێگومان، هەر بە ئارەزوو ئەو ڕۆژە بڕیاری دابوو لە ژوورەکەی خۆی نەچێتە دەرەوە. خەم و پەژارەیش بە ڕوخساریەوە دیار بوو.

نەنی ڕووی تێ کرد و وتی، "پراسکۆڤیا، ئەرێ ئەوەی کەمێک لەمەوبەر بیستوومە ڕاستە، کە باوەپیارەکەت، واتە مێردەکەی دایکت، بەنیازە ئەو کچە ڕاڕایە مارە بکات؟ ئەو کچە فەرەنسییە ئەکتەر و ڕۆڵگێڕەی کە نازانم... ڕەنگە لەوەیش خراپتر بێت کە من بیستوومە! پێم بڵێ، ئەوە ڕاستە؟"

پاولینیش وەڵامی دایەوە، "منیش هێشتا ئەمەم بە ڕوون و ئاشکرایی بۆ دەر نەکەوتووە، نەنێ! بەڵام بە قسەی مادمۆزێل بلانشدا کە ئەو پێی باش نییە ئەمە بەنهێنی بمێنێتەوە - لەوە دەچێت..."

نەنییش بەتوندی قسەکەی پێ بڕی، "بەسی بێت... لە هەموو شتێک گەیشتووم! هەمیشە ئەوەم لە بەرچاو بوو، کە بەم ئەنجامە دەگەم! هەموو جارێک بە خۆم دەوت، کە ئەو دەستسپیترین و سەرکێشترین کەسە لەم سەرزەوییەدا. ئەو بەو پلەی ژەنەراڵییەی خۆی فرە دەنازێت. خۆ ئەو پلەیەیشی کاتی خانەنشینکردنەکەی وەر گرت و تا ئەو کاتەیش کۆلۆنێل بوو، هەر خەریکی لووتبەرزی بوو، بەڵام ئازیزەکەم، من لە هەموو شتێک بەئاگام! ئاگام لێ بوو، برووسکە بەدوای برووسکەدا، دەتانناردو دەتانپرسی، "ئاخۆ

نەنێی پیرەژن مردووە؟ یان لە سەرەمەرگدایە. برووسکەکان هەر ئەم واتایانە دەدەن بەدەستەوە: هەموو چاوەڕێی ئەوە بوون سامانەکەی من بەمیراتی وەر بگرن. ئەگەر ئەو سامانە نەبووایە، هەرگیز ئەو زیندەوەرە - ناوی چییە؟ پێم وا بێت دی کۆمینگی ناوە، بە کارەکەریشی وەر نەدەگرت! دەڵێن ئەو ناودەمبەتاقمە فرە دەوڵەمەندە و پارە بە سوو دەدات و سامانێکی پۆخڵی مۆڵ کردووەتەوە!

پراسکۆڤیا، من تۆ تاوانبار ناکەم، تۆ برووسکەت نەناردووە، ناشمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو. ئەوەیش دەزانم کە تۆ خوو و خدەیەکی خراپت هەیە! دەشزانم تۆ وەکوو زەردەزیرەیت! ئەو شوێنەی پێوەی دەدەیت، دەیئاوسێنیت! بەڵام بەزەییشم پێتدا دێتەوە، چونکە کاترینی دایکتم زۆر خۆش دەویست، هەموو ئەوانە وەلاوە بنێ و لەگەڵ خۆم وەرە... خۆ شوێنێک نییە بۆی بچیت. بۆ تۆ جوان نییە ئێستا لەگەڵیان بمێنیتەوە."

پراسکۆڤیا ویستی قسە بکات و نەنێ پێی وت، "پەلە مەکە، هێشتا قسەکانم تەواو نەکردووە. من داوای هیچت لێ ناکەم. تۆ لە مۆسکۆ، ماڵەکەی من دەزانیت. ئەو ماڵە کۆشکێکە بۆخۆی. ئەگەر ئارەزووت کرد، ئەوا یەک نهۆمیان بۆ خۆت و تێیدا نیشتەجێ ببە، ئەگەر خۆیشمت بەدڵ نەبوو، ئەوا دەتوانیت بە درێژایی هەفتە من نەبینیت. ئاخۆ پەسەندی دەکەیت یان نا؟"

ئەویش پرسیی، "لەپێشەوە ڕێم بدە ئەم پرسیارەت لێ بکەم، هەر بەڕاست تۆ دەتەوێت وا بەزوویی سەفەر بکەیت؟"

نەنێیش پرسیی، "ئاخۆ بە ڕوخسارمەوە دیارە کە گاڵتە بکەم، چکۆلەکەم؟ گەر وتم سەفەر دەکەم، ئەوا دەیکەم. ئەمڕۆ ۱۵۰۰۰ ڕۆبڵی زێڕینم بەو قوماری ڕۆلێتە نەفرەتییە دۆڕاند و زیانم لێ کەوت. پێنج ساڵە نەزرم کردووە ئەو کڵێسایەی بە تەختە و دار دروست کراوە و کەوتۆتە زەوییەکانمەوە، جارێکی تر دروست بکەمەوە. جا لەبریی ئەوەی نەزرەکەم بەجێ بێنم، کەوتمە لەناوبردنی خۆم! ئەویش بە قومار! ئێستایش ئازیزەکەم، کە دەگەڕێمەوە، بۆ ئەوەیە کڵێساکەم دروست بکەمەوە."

ئەویش پرسیی، "ئەی ئاوە کانزاییەکان، نەنێکەم؟ ئاخر تۆ بۆ ئەوە هاتیت بۆ ئێرە، تاکوو بەو ئاوە کانزاییانە

چارەسەری نەخۆشییەکەت بکەیت."

نەنێیش هەڵی دایە، "پراسکۆڤیا نەخۆشی و ئاوی کانزایی وەلاوە بنێ! تووڕەم مەکە، یان هەر بەئارەزوو ئەوەم لەگەڵ دەکەیت؟ ئێستا پێم بڵێ، لەگەڵ من دێیت یان نا؟"

پاولین بە هەژانێکی فرەی کاریگەرەوە وتی، "ئەوەی تۆ دەیخەیتە بەردەمی من و دەمگریتە خۆت، پێی دەزانم و زۆر سوپاست دەکەم. لای خۆمەوە لەم بارودۆخەی خۆمم کۆڵیوەتەوە و جارێکی تر زۆر سوپاست دەکەم. هەر بۆ بەکردەوەکردنی ئەم سوپاسگوزارییەم، ڕەنگە بەم نزیکانە خۆم بگەیەنمە تۆ و بڕوایشم پێ بکە، بەڵام لە ئێستامدا چەند هۆیەک هەیە، گرنگن و وام لێ دەکەن نەتوانم بەخێرایی بڕیاری لێ بدەم، بەڵام ئەگەر پانزە ڕۆژی تر بمایایتەوە..."

نەنێیش هەڵی دایە، "کە وا بوو، ناتەوێت؟"

پاولینیش وتی، "ناتوانم. لەسەروو ئەمەیشەوە، ناتوانم خوشک و براکەم بەجێ بێڵم، چونکە بەتەنیا دەبن... ئەگەر ڕازی ببیت ئەو دوو منداڵەیش بێنم، نەنێ، ئەوە گومانی تێدا نابێت، کە دێم بۆ لای تۆ."

پاولین زۆر بەپەرۆشەوە لەسەری ڕۆیشت، "بەڵام نەنێ، بەبێ منداڵەکان، ناتوانم."

نەنێیش وتی، "باشە! باشە! کوڵ لە گریان بدە." لە ڕاستییشدا لە ژیانیدا ئەو پاولینە خۆی نەگریاندبوو... ئەمجا یەک فرمێسک چییە، نەیڕشت بوو. "هەرچۆنێک بێت، شوێنێکیش بۆ ئەو دووانە دەدۆزینەوە. لانی کەم فرە پانوپۆڕە، هەروەها کاتی ئەوەیش هاتووە، ئەو دوو منداڵە بخرێنە قوتابخانە. کەواتە ئێستا تۆیش سەفەرەکەم لەگەڵ ناکەیت... پراسکۆڤیا، ئاگات لە خۆت بێت، چونکە من لە هەموو شتێک بەئاگام! من چاکەی تۆم دەوێت، دەشزانم بۆچی لە ئێستادا سەفەر ناکەیت. چاوەڕێی خێر و خۆشی مەبە لەو فەرەنسییە کورتەبنە چکۆلە خوێڕییە."

پاولین سوور هەڵگەڕا، منیش گیانم کەوتە لەرزین. تومەز من نەبێت، ئەوان هەموویان ئەوەیان زانیبوو!

نەنێ لەسەری ڕۆیشت، "نامەوێ درێژە بدەم بەم بابەتە، بەڵام خوام لەو خوایە کارەسات ڕوو بدات، خۆ تێدەگەیت من دەمەوێت چی بڵێم؟ تۆ بۆخۆت کچێکی زیرەکیت، چونکە ویژدانم ئاسوودە نابێت، گەر تۆ شتێکی خراپت بەسەر بێت.

لەمڕۆ بەدواوە با نەتبینم، دەی بڕۆ، خوات لەگەڵ، خوات لەگەڵ!"

پاولینیش وتی، "نەنێ گیان، لەگەڵت دێم..."

ئەویش وتی، "بێسوودە و بێزارم دەکەیت، تا بینەقاقام نوقمی بێزاریتان کردووم!"

پاولین دەستی نەنێی ماچ کرد، بەڵام نەنێ دەستی ڕاکێشایەوە و خۆی ڕوومەتی ئەوی ماچ کرد.

پاولین بە بەردەمی مندا تێپەڕی و سەرنجێکی خێرای دام و هەر زوو ڕووی وەر گێڕا.

نەنێ بە منیشی وت، "ئەلکسی ئیڤانۆڤتش، خواحافیزی لە تۆیش دەکەم و دەزانم لێم بێزار بوویت، چونکە سەعاتێکی تر شەمەندەفەرەکە دەجمێ. ئەم ٥٠ فردریکەیش بۆ خۆت."

منیش وتم، "فرە سوپاسگوزارم، بەڵام ئازایەتیی ئەوەم نییە کە..."

ئەویش بە تووڕەبوونێکی زۆرەوە هاواری کرد و، وای لێ کردم بەپەلە پارەکەی لێ وەر بگرم."

ئەمجا نەنێ لەسەری ڕۆیشت، "گەر ڕێت کەوتە مۆسکۆ و بێکارە بوویت، ئەوا وەرە بۆ لای خۆم تاکوو داوای کارکردنت لای ناسیاوانی خۆم بۆ بکەم، ئێستاش بڕۆ، خوات لەگەڵ."

منیش چوومەوە بۆ ژوورەکەی خۆم بۆ سەر نوێنەکەم و لەسەر پشت لێی ڕاکشام و پەنجەکانم ئاڵشت کردن و نیوسەعاتێک ژێر سەری خۆم نا، کارەساتەکە تەقییەوە، ئەمەیش بیرکردنەوەی گەرەکە. بڕیاریشم دا لەسەر خوانی نێوەڕۆ لەگەڵ پاولین بدوێم.

هە... فەڕەنسییە چکۆلەیش، کە وا بوو شتەکە ڕاستە! بەڵام ئەی ئاخۆ دوای ئەمە چیی تر ڕوو دەدات؟ ئەی پاولین و دی جریو چی؟ ئای پەروەردگار، پەروەردگارا! ئەم نزیکبوونەوەیە چ نزیکبوونەوەیەکە؟ هەر بەڕاستییش ئەمە شتێکە، ژێری پەسەندی نابێت!

هێندەم زانی، خەریک بوو لە پێستی خۆم بچمە دەرەوە و هەستام و چوومە دەرەوە، تاکوو بۆ بەڕێز ئاستلی بگەڕێم و وای لێ بکەم بە هەرشێوەیەک بووە، قسەم بۆ بکات. گومانم نییە ئەو شتی لە من فرەتر لەم بارەیەوە دەزانێت، بەڵام بەڕێز ئاستلییش مەتەڵۆکەیە بۆخۆی!

هێندەی پێ نەچوو، گوێم لە لێدانی دەرگاکەم بوو، منیش

کردمەوە تا بزانم کێیە؟ دەڕوانم پۆتاپتشە. پێی وتم، "بەڕێز ئەلکسی پۆتاپتشی نیان، خاتوونەکەم دەڵێت با بێت بۆ لام."

منیش پرسیم، "چی ڕووی داوە؟ ئاخۆ پەشیمان بووەتەوە لە سەفەرکردنەکەی؟ ئاخر ٢٠ خولەکێکی ماوە بۆ کەوتنەڕێی شەمەندەفەرەکە."

ئەویش وتی، "ئەو فرە شڵەژاوە، ئازیزەکەم! جێ بە خۆی ناگرێت. خێرا بکە، خێرا بکە! داوای تۆ دەکات. بۆ خاتری خوا... خۆت دوا مەخە!"

منیش خێرا چوومە خوارەوە، ڕوانیم پیرەژنەیان بردووەتە دالانەکە، جزدانەکەیشی بە دەستەوەیە. کە منی بینی، وتی، "ئەلکسی ئیڤانۆڤتش، پێشمان بکەوە! وا دەچین بۆ ئەوێ!"

منیش لێم پرسی، "ئەوێ کوێیە، نەنێ؟"

نەنێیش وتی، "ئەگەر تێیشدا چووم، ئەوەی دۆڕاندوومە، لێیان دەر دێنمەوە و لێیان دەبەمەوە! "دەی بڕۆ! هیچیشم لێ مەپرسە، وا بزانم قومارکردنیش لە قومارخانەکە تا نیوەشەو دەخایەنێت، وا نا؟"

منیش لە شوێنی خۆم وشک بووم. سەرم داخست و کەوتمە بیرکردنەوە.

بەڵام زۆری نەبرد و بڕیاری خۆم دا و وتم، "چی دەکەیت بیکە، ئەی ئەنتۆنین ڤاسیلیڤنا، بەڵام من لەگەڵت نابم."

ئەویش پرسیی، "بۆ؟ چی ڕووی داوە؟ ئەوە چ مێشوولەیەک بە هەمووتانیەوە داوە؟"

منیش هەڵم دایە، "ئارەزووی خۆتە نەنێ، بەڵام من نامەوێت دواتر پەشیمانی بکێشم، نامەوێت. نە دێمە سەیرت و نە هاوکارت دەبم. ئەی ئەنتۆنین ڤاسیلیڤنا، ئەمە بە من مەکە. ئەوەیش ئەو ٥٠ فردریکەی زووتر پێت بەخشیبووم، نامەوێت... خوایشت لەگەڵ!

ئەمەم وت و دەستەی پارەکەم لەسەر تەپڵەکێک، کە بەتەنیشت کورسییەکەیەوە بوو، دانا، ئەمجا خواحافیزیم کرد و ڕۆیشتم.

پیرەژنە هاواری لێ کردم، "ئەم گێلێتییە چییە، خۆت لێداوە! ئێ باشە، لەگەڵ من مەبە. خۆم ڕێگەکە دەزانم. پۆتاپتش، تۆ لەگەڵم وەرە. دەی ئێوەیش کورسییەکەم بەکێش بکەن."

منیش ڕۆیشتم، بەڵام بەڕێز ئاستلیم بۆ نەدۆزرایەوە.

ناچار دوای نیوەشەویکی درەنگ، گەڕامەوە بۆ ئوتێلەکە و سەعات یەکی دوای نیوەشەو بوو. بە هۆی پۆتاپتشەوە زانیم کە نەنێ ئەو ڕۆژەی چۆن بردووەتە سەر. پارەی هەر هەموو ئەو چەکی پارە و قەوالانەی کە ڕۆژی پێشوو بۆم گۆڕیبووەوە، هەمووی دۆڕاندبوو، واتا ۱۰۰۰۰ ڕۆبلی تر.

ئەو پۆلۆنییەی کە زووتر دوو فلۆرینی پێ بەخشیبوو، خۆی پێدا هەلواسیبوو و بە درێژاییی قومارکردنەکەی ڕێنماییی نەنێی کردبوو. لە سەرەتای قومارکردنەکەیدا، گوێی لە ڕێنماییەکانی پۆتاپتش گرتبوو، بەلام دوای کەمێک، بە دەرکردن دەری کردبوو. هەر لەو کاتەدا پۆلۆنی وەدەر کەوتبوو. وا ڕێک کەوتبوو، ئەو پۆلۆنییە زمانی ڕوسیشی زانیبوو، هەر دەتوت بەتایبەت ئاراستەی نەنێ کراوە. جاروبارێک پۆلۆنییەکە بۆ باشلێکتێگەیشتن هەموو زمانەکانی تێکەل کردووە، هەرچەند ئەو پۆلۆنییە خۆیشی خستبووە ژێر پێلاوەکانیەوە، بەلام نەنێ هەر زمانی زبر بوو لەگەلیدا.

پۆتاپتش لەسەر گێڕانەوەکەی ڕۆیشت و وتی، "ئەی ئەلکسی ئیڤانڤتش، بە هیچ شێوەیەک تۆ بەو بەراورد ناکرێیت. چونکە پیرەژن هەلسوکەوتی خانەدانێکی لەگەل دەکردیت، بەلام ئەو - خوا لە ناوی دەمم بدات ئەگەر درۆ بکەم - هەر بە بەرچاوی نەنێ خۆیەوە پارەی لێ دەدزی! تەنانەت یەک-دوو جاریش بە دزییەکەوە گرتی! بۆیە دەستی بە جنێودانی کرد و فرە ناشیرین وەسفی کرد، تەنانەت بە قژەکەی سەری بەکێشیشی کرد. بە خوا بەڕاستمە! خەلکەکەیش دەستیان کردە پێکەنین پێی!

"گەورەم، هەموو شتێکی دۆڕاند! هەرچیی پێ بوو، دۆڕاندی! هەر هەموو ئەو پارانەی تۆ بۆت گۆڕیبووەوە! هێنامانەوە بۆ ئێرە و هەر هێندەی بۆ کرا، داوای پەرداخێک ئاو بکات، ئەمجا خاچێکی لەسەر سنگی کێشا و چووە نێو جێگەکەیەوە. داواکارم لە یەزدان، کە خەونەکانی خۆش بکات...!"

پۆتاپتش چیرۆکەکەی بەم شێوەیە کۆتایی پێ هێنا و وتی، "ئای! ئای! لە ولاتی بیانی... هەر وتم ئەم سەفەرەی هەندەران بەخێر ناگوزەرێت! با تا زووە، بگەڕێینەوە بۆ مۆسکۆ حەیاتەکەمان! ئاخر لەوێ لە چیمان کەم بوو؟ باخی جوان! چەندین گولی بێوێنە! ئاو و بایەکی پوختە!

دارودرەختی تەڕ و ناسک و پاراو! شوێنێکی پانوپۆڕ و فراوان! نا، نەدەبوو گەشتی هەندەران بکەین! ئاخ... ئاخ...!"

# بەشی سیازدەیەم

ئەوە بۆ مانگێک دەچێت، دەستم بۆ ئەم بیرەوەرییانە نەبردووە. ئەو بیرەوەرییانەی هەرچەند بیریشم بڵاو بوو، بەڵام بەپەرۆشەوە دەستم بە نووسینەوەی کردبوو.

ئەو ڕووداوەی هەستم پێ کردبوو، ڕووی دا، بەڵام سەد هێندە بەگوژمتر بوو لەوەی من چاوەڕێیم دەکرد! هەموو شتەکان سەرسووڕهێن بوون! بەڵکوو کارەساتیش بوون، لانی کەم ئەوانەی پەیوەندییان بە منەوە بوو! هەندێ شت لە من ڕوویدا، کە هەر لە پەرجوو دەچوون! یان تا ئێستایش خۆم وایان تێدەگەم، هەرچەند ناشهێنێ بەو شێوەیش وەسف بکرێت، بەڵام ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی ترەوە لێی بڕوانین، هەر بڕێک تایبەتمەندیی خۆیان هەبوو، بەڵام بەلای خۆمەوە پەرجووەکە ئەو ڕەوشە بوو کە لە نێوەندی ڕووداوەکاندا خۆم گرتبوومە بەر، تا ئێستایش خۆم ناتوانام لەئاستی تێگەیشتنیاندا بم! ئەوانەیشی ڕوویان دا، هەر وەکوو خەون وا بوون! تەنانەت هەوادارییەکەیشم بۆ پاولین، ئەو وەسفەی بەسەردا دەچەسپا. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، خۆشەویستییەکەم بۆ پاولین، ڕاستگۆیانە و پڕوەفاداری بوو، بەڵام ئەی ئێستا چیی لێ بەسەر هاتووە؟

جاروبارێک و لەناکاودا ئەم پرسیارە بەرم پێ دەگرێت، "بڵێی ئەو کاتانە شێت نەبوو بێتم؟ بڵێی ئەو هەموو کاتەم لە یەکێک لە خەستەخانەکانی شێتاندا بەسەر نەبردبێت؟ بڵێی تاکوو ئێستا لە یەکێک شێتخانەکاندا نەبووبم؟ ئەی ناکرێت ئەوانەی تاکوو ئێستا بەسەرم هاتوون، تارمایی و دێوەزمە بووبن؟

کێ چووزانێت؟ ڕەنگە کاتی خۆی، کە ئەم بیرەوەرییانەم نووسیوەتەوە، هەر بۆ ئەوە بووبێت کە بۆ خۆمی بسەلمێنم، ئەمانەم لە شێتخانە بەسەر نەهاتووە!

ئێستا من لەم جیهانەدا تاک و تەنیام! پاییزیش هات و گەڵای داران زەرد هەڵگەڕان. ئێستا من لەم شارۆچکە لێڵەدا دەژیم. ئای، کە ئەم شارە بچووکانەی ئەڵمانیا غەمگین و بێزراون! لەبریی ئەوەی بیر لە داهاتووی خۆم بکەمەوە، ئەوەتا لەژێر کاریگەریی بیرەوەرییە نوێیەکانمدام، هێشتا بەدەم تەوژمی گێژەڵووکە نوێیەکەوە دێم و دەچم و جێ بە خۆم ناگرم! ئەو گێژەڵووکە و ڕەشەبایەی سەردەمانێکە بەرزی کردوومەتەوە و تا ئێشتایش نەکەوتوومەتەوە سەر زەوی.

ئێستایش چرکەساتانێکم بەسەردا دێت، کە وا هەست دەکەم تەوژمەکەی دەمبات و دەمبات! هەورەبرووسکەکەی چەخماخە لێدەدات و دەکەومە ژێر باڵیەوە، هاوسەنگیی خۆم لەدەست دەدەم و دەخولێمەوە و دەخولێمەوە! دواتر سەقامگیر و ڕاوەستا و دەبمەوە و لە خولانەوە دەکەوم. ئەمانەیشی کە لێیان دەدوێم و لەم مانگەدا بەسەرم هاتووە، زۆر بەکورتییە و هەمووی نییە.

ئێستایش وا هەست دەکەم، پێویستە سەرلەنوێ دەست بدەمەوە پێنووسەکەم، دواجار، هەندێ کات، وا هەست دەکەم ئێواران کارێک و سەرقاڵییەکم نییە.

جا ئەوە سەیر بوو، بۆ ئەوەی خۆم سەرقاڵ بکەم، ڕووم لەو هۆڵە بێزراوەی کتێبخانە دەکرد بۆ وەرگرتنی ڕۆمانەکانی پول دو کۆک و ئەوانەی بۆ سەر زمانی ئەڵمانی وەر گێڕدرابوون، ئەوانەیش کۆمەڵێک ڕۆمان بوون، کەم کەس بەرگەی سەرومڕبوونی لەسەر خوێندنەوەیان دەگرت! بەڵام من دەمخوێندنەوە! ئێستایش سەرم لە خۆم سوور دەمێنێ، کە ئاخۆ بۆچی دەمخوێندنەوە؟

لەوە دەچوو ترسی ئەوەم بووبێت، کە گەر کتێبێکی گرنگ و بەهادارم بخوێندایەتەوە، یان خۆم بە کارێکی بایەخدارەوە سەرقاڵ بکردایە، لە دنیای ئەفسوون و قەشەنگ و سەرنجکێشی - کە دەمێک نەبوو لە بەرچاوم لێڵ بووبوو - دوور بخستمایەوە!

هەر وەکوو ئەوەی ئەو خەونە ئاڵۆزە تەڵخەی تێیدا

دەژیام، هەموو ئەو هەستانەیش کە ئەو کچە لە ڕەوانی منداڵ جێی هێشتبوو، هێندە بەلامەوە ئازیز بووبن، هەموو پەیوەندییەکی تر بە مەترسی بزانم بۆیان، یان لەوە ترسابێتم، کە ئەو پەیوەندییە نوێیە و شتە نوێیەکان ببنە هەڵم و لەدەستم دەر بچن! ئاخۆ دەکرێت ئەو هەموو سووربوونە لەسەر ئەو کارەم سوور بم؟ بەڵێ، ئەوە گومانیکی تێدا نییە! ڕەنگە تاکوو ٤٠ ساڵی تریش هەر لەبیرم نەچێتەوە.

ئەوەتا، وا دەستم دایەوە پێنووس. بە هەرحاڵ، ڕەنگە هەموو شتەکان بەسانایی و بەکورتییش بەدوای یەکدا بنووسرێت، دەبوو ئەوەیش هەر ڕوو بدات، چونکە هەرکەس ئەو ڕێگەیەی ئەوی بگرتایە، هەر تووشی لادان دەبوو و وەکوو ئەو کەسەی لێ دەهات، کە تەختەی خلیسکێنەی لەژێر پێیاندا بێت و لە لووتکەی شاخێکی بەبەفرداپۆشراوەوە بێتە خوارەوە.

بە درێژاییی ئەو ڕۆژە قوماری کرد و شەوەکەیشی تاکوو سەعات هەشت مابووەوە، من خۆم نەمبینیبوو؛ بۆیان گێڕامەوە.

هەر لە بەیانییەوە تاکوو ئێوارە، پۆتاپێتش بەدوایەوە بوو و لە گازینۆکە لەگەڵیدا بوو. ئەو دوو پۆلۆنییەیش ڕێنماییان دەکرد و قومارەکەیان بۆ دەکرد، هەرجارە یەکێکیان یارییەکەی بۆ دەکرد و هەر کە ماندوو دەبوو، پۆلۆنییەکەی تر دەچووە شوێنی و درێژەی بە ڕێنماییکردنی نەنێ دەدا.

ئەو دوو پۆلۆنییە چەند جارێک جێگۆڕکێیان بە یەک کردبوو، نەنێ بە دەرکردنی ئەو پۆلۆنییەیان دەستی پێ کرد، کە دوێنێ ڕێنماییی کردبوو و دواتر لێی تووڕە ببوو و قژی ڕاکێشابوو، هەر کە ئەوی دەر کرد، پۆلۆنییەکی تر شوێنەکەی ئەوی گرتەوە، بەڵام پۆلۆنیی دووەم، لەوەی یەکەم خراپتر بوو. هێندەی پێ نەچوو، نەنێ ئەویشی دەر کرد. پۆلۆنیی دەرکراویش، کە بەختی یار نەبوو و دەر کرا، شوێنەکەی جێ نەدەهێشت و بەدەوری کورسیی پیرەژندا دەسووڕایەوە و هەموو جارێک بەسەر شانی نەنێدا ملی درێژ دەکرد و سەیری قومارەکەی دەکرد.

دواجار نەنێ داڕووخا و مایەپووچ بوو. پۆلۆنیی دووەمیش جێگەی خۆی چۆڵ کرد. یەکێک لەو پیاوانە چووە لای دەستەڕاستیەوە و ئەوی تریان چووە دەستەچەپیەوە، ئەو

دووانەیش هەر خەریکی لەیەکخوێندن و جنێودان بوون بە یەکتری. ئەوەشیان لەسەر چەندێتیی بڕی ئەو پارەیە بوو، کە لەسەر خانەی ڕۆلێتەکە دایان دەنا. بە شێوە گشتییەکەیشی، لەسەر تێکڕای شێوازی قومارکردنەکەیان بوو.

بەمە یەکتریان بە جنێو دادەشۆری و ڕسوا دەکرد، بەو سیفاتە جوانانەی کە هەمیشە لەسەر زاری پۆلۆنییەکان بوو، لەناکاو ئاشت دەبوونەوە و بەدڵی خۆیان پارەیان لەم خانەو ئەو خانەی ڕۆلێتەکە دادەنا، ئەمیان لە خانەی ڕەنگە سوورەکە پارەی دادەنا و ئەوی تریان لەسەر خانەی ڕەشەکە دای دەنا. ئەمە وای کرد، نەنێ چاوی بە فرمێسک بێت و لە سەرپەرشتیارە پیرەکە بپاڕێتەوە، تا ئەو دوو پۆلۆنییەی لێ دوور بخاتەوە، ئەویش خێرا دووری خستنەوە.

ئەو دووانەیش پێکەوە کردیان بە هەرا و ڕایان گەیاند، کە ئەو پیرەژنە هەڵی خەڵەتاندوون و پارەی ئەوانی لەلایە، هەڵسوکەوتی شایستەیشی لەگەڵ هەردووکیان نەکردووە، لە کاتێکدا بە بەرچاویەوە و بێشەرمانە پارەیان لێ دەدزی و گیرفانیان لێ پڕ دەکرد.

لەو فێڵانەی لە نەنێیان دەکرد، ئەوە بوو داوای کرێی کارەکەیان لێ دەکرد و کە ئەویش پێنج فردریکی دەدا بە هەریەکەیان، ئەوانیش لەگەڵ پارەی نەنێدا پارەکەی خۆیشیان دادەنا، ئەگەر ئەو خانەیە براوە بووایە، ئەوا بڕی قازانجی پێنج فردریکەکەیان بۆ خۆیان هەڵدەگرت و ئەوی تریان دەدایەوە بە نەنێ، خۆ ئەگەر ئەو خانەیەی پارەکەی خۆیشیان لەگەڵیدا لەسەری داناوە دۆڕاو بووایە، ئەوا بە پارەی نەنێیان دادەنا و پێنج فردریکەکەی خۆیان هەڵدەگرتەوە! کە وا بوو، گەر خانەی پێنج فردریکە دانراوەکە دۆڕاو بووایە، لەسەر نەنێ دەکرایە ماڵ و ئەو دەدۆڕا! بەڵام هەر ئەو خانەیە براوە بووایە، ئەوە بۆ خۆیان بوو.

لەو کاتەدا پۆتاپتش هاواری لێ هەڵدەستا و هاواری نەنێی دەکرد، کە ئەو دوو پۆلۆنییە گیرفانیان پڕە لە پارە. هەر ئەوەندەی نەنێ خەبەری لێ دان، ئیدی پۆلیس پەیدا بوو و دووانەکەی گرت و گیرفانیان بەتاڵ کردنەوە لە پارەکەی نێوی و هەرچەند هاوار و قیژەیشیان کرد، سوودی نەبوو و پارەکانی ئەو دووانەیان بۆ نەنێ گێڕایەوە. نەنێ ڕێزێکی فرەی لای بەڕێوەبەرێتیی گازینۆکە و پۆلیس و کارگێڕانی

ئەو شوێنە نابوو.
بەرەبەرە ناوبانگی بە شارەکەدا بڵاو بووەوە، ئەمە وای کرد، ئەوانەی هاتبوون بۆ مەلەکردن لە ئاوە کانزاییەکاندا، سەردانی ئەو گازینۆیەیان دەکرد، تاکوو بە چاوی خۆیان ئەو پیرەژنە ببینن، کە خەڵکەکە پێیان دەوت منداڵ بووەتەوە و تازەبەتازە قوماری ڕۆلێت دەکات! دواتر چەند ملیۆنی دۆڕاندووە! بەڵام نەنێ هەستی کرد کە هەر وا بەئاسانی لەو دوو پۆلۆنییە ڕزگاری نەبووە و ئەوەتا یەکیکی تر هاتووەتە بەردەمی و داوا دەکات ڕێی پێ بدات تاکوو خزمەتی بکات، ئەو سێیەم کەسە ڕوسییەکی باشی دەزانی، هەرچەند بەرگێکی خزمەتکارانەی لەبەردا بوو، بەڵام دەوڵەمەند دیار بوو. ئەویش شوێنپێی نەنێی هەڵگرتبووەوە و بەهەرزەییش مامەڵەی دەوروبەری دەکرد. وەکوو ئاغایەک فەرمانی دەر دەکرد و وا خۆی پیشان دەدا، کە سەرپەرشتیکاری نەنێیە، نەکوو خزمەتکاری ئەو!
هەرجارە کە تۆپە چکۆلەی ڕۆلێتەکە فڕەی لێدەدا، ڕووی لە نەنێ دەکرد و بە سوێندە قورسەکان سوێندی دەخوارد، کە ژنێکی خانومان و خانەدانە. چەندبارەبوونەوەی ئەو سوێندانە، وای کرد نەنێ هەر بەڕاستی سڵی لێ بکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی وا دەر دەکەوت کە ئەو بەڕێزە و لەوە دەچوو هەڵەی یارییەکانی ڕابردووی بۆ ڕاست بکاتەوە و بەرەبەرە نەنێیش ڕوو لە بردنەوە بوو، بۆیە هێشتا بڕیاری دەرکردنی ئەوی نەدابوو.
هەر دوای سەعاتێک، هەردوو پۆلۆنییە دەرکراوەکە گەڕانەوە بۆ گازینۆکە، چوونەوە پشت کورسییەکەی نەنێ! دیسان داوایان لێ کرد تاکوو ڕێیان بدات جارێکی تر خزمەتی بکەنەوە! داوایشیان کرد هەرچییەکی پێویستە، با بچن بۆی بکڕن. پۆتاپتشیش چرپاندی بە گوێی نەنێدا، کە بە چاوی خۆی بینیویەتی ئەم خزمەتکارە نوێیەی چاوی لە هەردووکیان داگرتووە! ئەگەر نەنێ برسییەتی و نانی ئێوارەی نەخواردووە و کورسییەکەی جێ نەهێشتووە، ئەوا یەکێک لەو پۆلۆنییانە دەتوانن خزمەتی بکەن.
ئەمە ورەی بە نەنێ بەخشییەوە. قومارچییان بۆیان هەبوو ٢٤ سەعات لە شوێنی خۆیان بمێننەوە و کاغەزی قوماریشیان بە دەستەوە بگرن و لەملا و ئەولای خۆیشیان

نەڕوانن.

لەو ڕۆژەدا ڕووداوی هەستیار لە ئوتێلەکەماندا ڕووی دا، سەرلەبەیانی و بەر لە سەعات ١١، ئەو کاتەی هێشتا نەنیّ لە ژوورەکە خۆیدا بوو، هاوڕێیان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن، کە دواتەقەلّلای خۆیان بدەن و بیبڕێننەوە، ئەمەیش بیروڕای ژەنەڕاڵ و دی جریو بوو.

ئەوە بوو، هەر کە بیستیان نەنیّ لە سەفەرەکەی پاشگەز بووەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ گازینۆکە، پاولین نەبێت، هەر هەموویان هاتن بۆ لای و فرە جیددییانە لە شتەکەیان کۆڵییەوە و قسەیان بۆ نەنیّ کرد. ژەنەڕاڵ وا داڕووخابوو، دەیزانی بەو ڕەفتارە خراپانەی نەنیّ تووشی چ زیانیّ دەبێت، بۆیە بەدەم قسەکردنەوە دەلەرزی.

دوای ئەوەی نزیکەی نیوسەعاتێک لێی پاڕایەوە و لالایەوە و تکای لیّ کرد، تەنانەت دانی بەو عیشقەیدا نا، کە بۆ مادمۆزێل بلانش هەیبوو. بیروهۆشی لەدەست دا و لەناکاو شێوازی قسەکردنەکەی گۆڕی بە هەڕەشەوگوڕەشە! کەوتیشە قیژە و شیرەشیرکردن و پێی بە زەویدا دەکێشا. هاواری دەکرد و دەیشیڕاند، کە نەنیّ ئابڕووی بنەماڵەی پۆخڵ کردووە و ڕسوای شارەکە بووە. دواتر ناو و ناوبانگی ڕوسەکانیشی پۆخڵ کردووە.

قسەکانیشی بەم شێوەیە کۆتایی پیّ هێنا، "خاتوونەکەم، ئەمەی تۆ دەیکەیت، پۆلیس قەدەغەی کردووە."

نەنییش هەر هێندەی بۆ کرا، گالۆکەکەی دەستی لیّ بەرز بکاتەوە و بکەوێتە لێدانی و هەر بە دەرکردن دەری کرد.

ژەنەڕاڵ و دی جریو یەک-دوو جاری تر و هەر ئەو ئێوارەیە وتوویژیان کردەوە و لە خۆیشیان دەپرسی، "ئاخۆ ناکرێت پەنا بۆ پۆلیس ببەن؟ ناتوانن بە پۆلیس بڵێن کە پیرەژنێکی ئاوا هەژار و داماو هەیە. بەڵام خاتوونێکی پیری ڕێزداریشە و گەڕاوەتەوە قۆناغی منالّی و هەرزەیی! وا ئێستایش بەرەو ئەوە دەچێت، کە سامانەکەی خۆی بە قومارکردن بدۆڕێنیّ! ئاخۆ ڕێگەیەک نییە بەر بەم پیرەژنە بگرێت و نەهێڵێت ئەو پارە و سامانەی بەفیڕۆ بدات؟"

بەڵام دی جریو شانی لاقرتێی بە بیرۆکەکە هەڵتەکاند. لەبەرامبەر ئەو خەمە گەورەیەی ژەنەڕاڵدا، دای لە قاقای پێکەنین. ژەنەڕاڵیش کە ئارامیی لەبەر هەڵگیرابوو، بە

ژوورەکەی خۆیدا کەوتە هاتوچۆ. دواجار دی جریو بە ڕق و کینەوە دەستێکی با دا و لە ژوورەکە چووە دەرەوە و دوای ئەوە نەبینرایەوە.

ئێوارە بۆیان دەر کەوت، کە دوای ئەوەی وتووێژێکی یەکلاکەرەوەی لەگەڵ مادمۆزێل بلانش کردووە. ئوتێلەکەی بەیەکجاری جێ هێشتووە و ئیدی ناگەڕێتەوە، مادمۆزێل بلانشیش بڕیاری کۆتاییی خۆی داوە، بە ناشیرینترین شێوە ژەنەڕاڵی دەر کردووە و تەنانەت ڕێی پێ نادات لە سەرەڕێیش ببینێت!

ناچار ژەنەڕاڵ شوێنی دەکەوێت و خۆی دەکات بە گازینۆکەدا. دەڕوانێت مادمۆزێل بلانش قۆڵی کردووە بە قۆڵی میرە کورتەبالادا!

بە درێژاییی ئەو ڕۆژە، میرە چکۆلەی دواند و ژێر زمانی کێشایەوە و ویستی قسەی لێ دەر بێنێ! بەڵام بۆی دەر کەوت، زۆر بەداخەوە! خۆی بەهەڵەدا چووە! کاتێک ئەو ئێوارەیە بۆی دەر کەوت میرە کورتەبالا هەژار و نەدارە و هەر وەکوو هەژارییەکەی ئەیوبی لێ هاتووە! ئەمەیش وەکوو هەورەبرووسکەیەک بوو بۆی! تەنانەت میرە کورتەبالا مرخی ئەوەی لە مادمۆزێل بلانش خۆش کردبوو، کە بڕێکی تریش پارەی لێ قەرز بکات و قوماری ڕۆلێتی پێ بکات، هەر بۆیە مادمۆزێل بلانش لێی تووڕە بوو و دەری کرد و لە ژوورەکەی خۆیدا مایەوە و ئیدی نەدەچووە دەرەوە!

بۆ بەیانیی ئەو ڕۆژە، چووم بۆ لای بەڕێز ئاستلی، یان باشتر بڵێم، بە درێژاییی ئەو بەیانییە، من بۆی گەڕام و نەمدۆزییەوە، نە لە ماڵی خۆی بوو و نە لە گازینۆکە، نە لە باخەکەیش بوو. ئەو ڕۆژە نانی نیوەڕۆیشی لە ئوتێلەکە نەخوارد.

سەعات ٥ی دوانیوەڕۆ، لەناکاو دووربەدوور بینیم، کە لە وێستگەی شەمەندەفەرەکەوە بەرەو ئوتێلی ئینگلتەرە دەگەڕایەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا کە سەخت بوو هیچ شتێک بە ڕوخسارییەوە دەر بکەوێت، بەڵام هەنگاوەکانی خێرا بوون و خەمبار دەر دەکەوت. بەنیانی دەستی بۆ درێژ کردم و تەوقەی لەگەڵ کردم، هەر وەکوو جاران هاواری کرد، ها!"

بەڵام نەوەستا و بەپەلە درێژەی بە ڕۆیشتنەکەی دا. منیش پێم هەڵگرت و پێی گەیشتمەوە، بەڵام ئەو بە جۆرێک منی

دواند، کە مۆڵەتی نەدام هیچ پرسیارێکی لێ بکەم. وەکوو خۆم، هەرچەندم کرد ڕووم نەهات لەبارەی پاولینەوە هیچی لێ بپرسم، ئەویش بایەخی بەو بابەتە نەدا و بەسەرهاتی نەنێم بۆ گێڕایەوە و ئەویش زۆر بە وردی و بایەخەوە گوێی لێ گرتم، بەڵام دواتر شانێکی بۆم هەڵتەکاند.

وتم، "لە داهاتوودا ئایەومایەی خۆی دەدۆڕێنێت!"

ئەویش هەڵی دایە، "ئۆو! ئەوە گومانی تێدا نییە! ئەو کاتەی من سەفەرم کرد، ئەویش چوو بۆ گازینۆکە بۆ قومارکردن. لێیشم ڕوون بوو کە دەدۆڕێت! ئەگەر کاتم بوو، سەرێک لەو گازینۆیە دەدەم، تاکوو بە چاوی خۆم ئەوە ببینم، چونکە ئەوە لە خۆیدا شتێکی سەیر و ئەنتیکەیە."

منیش بەسەرسامییەوە هاوارم کرد، "تۆ بۆ کوێ سەفەرت کرد؟"

وتی، "بۆ فرانکفۆرت."

منیش پرسیم، "بۆ کارەکانت؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە، "بەڵێ."

ئاخر بەدەم ڕێوە دەمدواند، لەمە زیاتر دەمتوانی چیی لێ بپرسم؟ ئەوێک لەناکاو ڕووی لە ئوتێلەکەی چوار وەرزەی سەرەڕێی کردەوە و سەری نەوی کرد و خواحافیزیی لێ کردم و دیار نەما، لە کاتێکدا بۆ ماڵی خۆم دەگەڕامەوە.

بیرم کردەوە و گەیشتمە ئەوەی ئەگەر بۆ ماوەی دوو سەعاتیش بمدوانایە، نەمدەتوانی هیچ زانیارییەکی لێ وەر بگرم، چونکە هیچ پرسیارێکم نەبوو، تاکوو لەوی بکەم! بەڵێ، بێگومان هەر وایش بوو، چونکە توانای ئەوەم نەبوو پرسیاری بۆ دابنێم.

بە درێژاییی ڕۆژ پاولین لەگەڵ منداڵەکان و کارەکەرەکەدا لە باخەکەدا پیاسەی دەکرد، یان بەتەنیا لە ماڵەکەی خۆیدا، بەتەنیا دەمایەوە. ئەوە ماوەیەکی فرە بوو خۆی لە بینینی ژەنەڕاڵ دەدزییەوە، هەر نەیشیدەدوان، یان لایەنی کەم، لەبارەی بابەتی گرنگەوە نەیدەدوان. ئەوە ماوەیەک بوو ئەو ڕەفتارەی سەرنجی منی ڕاکێشابوو.

بەڵام من ئاگام لە بارودۆخی ژەنەڕاڵ بوو و وام دانا کە ئەمڕۆ ناتوانێت پاولین ببینێت، واتە گومانی تێدا نییە، کە لەبارەی خێزانەوە وتووێژێکی گرنگیان لەنێواندا بووە.

لەگەڵ ئەوەیشدا، هەر گەیشتمەوە ئوتێلەکە، دوای ئەو

وتوویژەی لەنێوان خۆم و بەڕێز ئاستلیدا ڕووی دا، بە پاولین و منالەکان گەیشتم و سەرنجم دا ئارامی و خۆگریی پێوە دیار بوو، هەر وەکوو ئەوەی ئەو گێژەلووکە خێزانییە رووی ئەویشی نەگرتبێتەوە! تەنانەت کە سلاوم لێ کرد، بەسەر داموکاوی وەلامی دامەوە.

منیش بە هەلچوونێکی فرەوە سەر کەوتم و خۆم کردەوە بە ژوورەکەمدا. بێگومان منیش خۆم لە قسەکردن لەگەلیدا دەدزییەوە. لەو کاتەوەی لەگەل ڤۆرمەرهلمدا یەکترمان بینی، لەو کاتە بەدواوە ئیدی قسەمان لەگەل یەک نەکردبوو. من ئەو کێشەیەم بە کێشەی ئابڕووەوە دەبەستەوە! تا دەهاتیش، ڕقەکەم بەرامبەری ئەستوورتر دەبوو.

بە خۆمم دەوت، وای دابنێ هەر خۆشیشی ناوێت! ئەوە کەی شیاوە سۆز و خۆشەویستییەکەم بەم شێوەیە بخاتە ژێر پێیەوە! یان دانپیانانەکانم بەو سووکایەتییە بەرپەرچ بداتەوە. ڕاستە کە سەرەتای پەیوەندیمان بە شێوەیەکی نامۆ بوو، ئەو سوور دەیزانی من خۆشم دەوێت، خۆیشی ڕێی پێ دام بەو شێوەیە بیدوێنم، دەمێک بوو بۆم دەر کەوتبوو. نزیکەی دوو مانگێک دەبوو دەیویست بمکاتە هاوڕێی خۆی و ببمە فریادڕەسی و نهێنیپارێزی، تەنانەت چەند هەولێکی بۆ ئەوە دابوو، بەلام سەرکەوتوو نەبوو تێیدا. ئەو پەیوەندییە سەیر و نامۆیەمان پاراست. هەر بە هۆی ئەمەوەیشەوە بوو، کە دەمتوانی بەو شێوەیە وتوویژی لەگەل بکەم، بەلام ئەگەر عیشقەکەی منی بە خراپ دەزانی، ئەی بۆچی هێشتی لەبارەی ئەو عیشقەوە قسەی بۆ بکەم؟ ئەو کارێکی وای نەکرد ڕێگەم لێ بگرێت. تەنانەت بڕێ جار خۆی هانەهانەی ئەوەی دەدام، کە خۆشەویستیی خۆمی بۆ دەر ببڕم، تاکوو هەر خۆی دواتر لاقرتێم پێ بکات! هەستم دەکرد بەو کارەی من دلشاد دەبێت و فرە بە گیانی خۆشە! هانی دەدام لەو بارەیەوە بدوێم و دواتر جۆرێک خۆی پیشان دەدا، کە گوێم پێ نادات و بەو کارەی سزای سەختی منی دەدا. خۆیشی ئەوەی باش دەزانی، کە بەبێ ئەو ناژیم.

ئەوەتا سێ ڕۆژ بەسەر ڕووداوەکەم لەگەل بارۆندا تێدەپەڕێت. ئەوەتا منیش بەرگەی دابڕانی ئەو ناگرم! کەمێک لەمەوپێش، لەنزیک گازینۆکەوە بینیم، دلم کەوتە دلەکوتەیەکی واوە، ڕوخسارم ڕەش داگەڕا.

هەروەها ئەویش ناتوانێت بەبێ من بژی! ئەویش پێویستی بە منە، بڵێی پێویستبوونی ئەو بە من، وەکوو پێویستبوونی بێت بە ئەکتەرێکی کۆمیدیی وەکوو بالاکیریڤ* ئەو نهێنییەکی هەیە، ئەوە ڕوون و ئاشکرایە. قسەکردنەکەی لەگەڵ نەنێ، وەکوو ئەوە وا بوو دڵی من بەر چەقۆ بدات، چونکە هەزاران جار داوام لێ کردبوو ڕاستگۆ بێت لەگەڵم. ئەو زۆر باش دەیزانی ئامادەم لەپێناویدا ژیانی خۆم ببەخشم، بەڵام ئەو هەموو کاتێک زۆر ڕسوایانە منی لە خۆی دوور دەخستەوە، لەبریی ئەوەی داوام لێ بکات خۆم بخەمە پێناوی، داوای کاری سەیری لێ دەکردم، وەکوو ئەوەی داوای لێ کردم سەرەڕێ بە بارۆن بگرم، ئەی ئەوە لە خۆیدا کارێکی سەیر نەبوو؟

جا دەکرێت ئەو فەرەنسییە هەموو شتێک بێت لە ژیانی ئەودا؟ ئەی بەڕێز ئاستلی چییە؟ ئاخر هەر ئا لێرەدا بێگومان کێشەکە سەخت دەبێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، ئای خوایە گیان، من ئازارم چەشت!

هەر کە گەیشتمە ژوورەکەی خۆم، هێندە تووڕە و توند بووبووم، دەستم دایە پێنووس و ئەمەم بۆ ئەو نووسی، "ئەی پاولین ئەلکسندرۆڤنا! من وای دەبینم کۆتایی نزیک بووبێتەوە. ڕوون و ئاشکرایە تۆیش دەپێچێتەوە، بۆیە جارێکی دی پرسیارەکەم دەکەمەوە: ئاخۆ پێویستت بە ژیانی منە؟ ئەگەر لە توانامدا بوو سوودم بۆ تۆ هەبێت و لە هەر بارێکەوە. بە ویستی خۆت هەڵم بسوورێنە! ئێستا من لە ژوورەکەی خۆمدام. کاتێکی فرەی تێدا بەسەر دەبەم و بۆ هیچ شوێنێکی تر ناچم، هەر کە پێویستیت بە من بوو، نامەیەکم بۆ بنێرە، یان بنێرە بەشوێنمدا."

نامەکەم پێچایەوە و دامە دەست خزمەتکاری نهۆمەکەی خۆم و ڕام سپارد، کە بیداتە دەست پاولین، چاوەڕوانی وەڵامەکەیشی نەبووم، بەڵام هەر دوای سێ خولەک، خزمەتکارەکە گەڕایەوە و سڵاوی ئەوی پێ ڕاگەیاندم.

دەوروبەری سەعات ٤ بوو، کە ژەنەڕاڵ ناردی بەشوێنمدا. خۆی گۆڕیبوو و لە ژوورەکەی خۆی بوو. لەوە دەچوو خۆی

---

* جان بالاکیریڤ: ئەکتەری گاڵتەجاری تایبەتیی ئیمپراتۆر خاتوو ئانا بوو. لەنێوان ساڵانی ١٧٣٠ بۆ ١٧٤٠دا ژیاوە.

ئامادەی چوونەدەرەوە کردبێت. کاتێک خۆم بە ژوورەکەیدا کرد، تەنیا دارەکەی دەستی و شەپقەکەی لەسەر قەنەفەی ژوورەکەی دانرابوو، لەنێو ژوورەکەیدا بەپێوە وەستابوو و لاقەکانی بڵاو کردبوونەوە و سەری نەوی کردبوو و لەبەر خۆیەوە ورتەورتی بوو. هەر کە منی بینی، بەرەو رووم هات و لەوە بوو هاوار بکات، منیش بێ ئەوەی بە خۆم بزانم، هەنگاوێک چوومە دواوە و خەریک بوو لەبەری هەڵبێم، بەڵام ئەو بە هەردوو دەستی منی توندتوند گرت و بەرەو قەنەفەکەی سووچی ژوورەکەی بردم و لەسەری دای نیشاندم و خۆیشی بەرامبەرم وەستابوو. چاوانبەفرمێسک و لێوەلەرەی بوو و بەریشی نەدەدام، بەدەم پاڕانەوەوە پێی وتم، "ئەی ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش، ڕزگارم بکە! ڕزگارم بکە! بەزەییت پێمدا بێتەوە."

ماوەیەک بێدەنگ بووم و هیچی لێ تێنەگەیشتم. ئەو بەپەلە دەدوا و زووزوویش بەزەییت پێمدا بێتەوەی دەوت. دواتر بیرم بۆ ئەوە چوو، کە ڕەنگە داوا بکات ئامۆژگاریی بکەم، یان لانی کەم ئەوێک، کە هەمووان پشتیان تێ کردووە و خەم و پەژارە دەیهێنێت و دەیبات و ورەی ڕووخاوە، منی هەر بۆ ئەوە بانگ کردووە، تاکوو هەر بڵێت و بڵێت!

بەڵام ئەو بیر و ژیریی لەدەست دابوو، یان هەر هیچ نا، بەرچاوی تاریک بوو. ئەوەتا دەستی نێو دەستی خۆی خستووە و خەریکە خۆی دەدا بەسەر پێیەکانمدا و لێم دەپاڕێتەوە، دەتوانن بیخەملێنن کە تکای چی لە من دەکات؟ هەر ئێستا بچم بۆ لای مادمۆزێل بلانش و باوەشی پێدا بکەم و لێی بپاڕێمەوە، تاکوو بگەڕێتەوە بۆ لای و شووی پێ بکات.

منیش هاوارم کرد، "ڕێم بدە ئەی ژەنەڕاڵ ڕەنگە تا ئێستایش مادمۆزێل بلانش هەستی بە بوونی من نەکردبێت، جا ئیتر من دەتوانم چی بۆ تۆ بکەم؟"

بڕوبیانووەکەم جێی خۆیان نەگرت و بێسوود بوون. هیچی نەبیست لەوانەی من وتمن. کەوتە قسەکردن لەبارەی نەنێوە و قسەکانی بێسەروبەر بوون و هیچیان بەسەر هیچەوە نەبوو. لەسەر ئەوەیش سوور بوو، کە دەبێت پۆلیسی لێ بەئاگا بهێنرێتەوە.

لەناکاو بە دەنگی بەرز وتی، "لە وڵاتی خۆماندا، لە وڵاتی

خۆماندا... مەبەستم ئەوەیە... لە وڵاتماندا دەوڵەتیک دەسەڵاتی بەرپرسیاری تیدا بیت، هەر زوو لەم جۆرە پیرانە دەخاتە ژیر ڕکیفی خۆیەوە و بەرپرسیاریتییان لەئەستۆ دەگریت."

لەناکاو لە شوینی خۆی هەستا و کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا و وەکوو ئەوەی بۆ کەسیکی تر بدویت.

بە دەنگیکی گڕ وتی، "بەڵێ، بەڕیزە ئازیزەکەم... تۆ ئەوەت نەدەزانی... کە وا بوو، ئەوە بزانە کە شتەکە ئاوایە!... بەڵێ... لە وڵاتی ئیمەدا دەست بەسەر ئەم جۆرە پیرانەدا دەگیریت! هەر بە جڵەوگرتن، ڕکیف دەکرین! بەڵێ بەڕیزەکەم. ئای لەم بەدبەختییەی منیش..."

دیسان خۆی بەر دایەوە سەر قەنەفەکە. هیندەی پێ نەچوو، کەوتە قسەکردنیکی خیرا و بەپەلە و بە شیوەیەک، خەریک بوو بخنکیت! هەر وەکوو ئەوەی بەدەم خەوەوە قسە بکات، کە چۆن مادمۆزیل بلانش نایەویت شووی پێ بکات، بە هۆی ئەوەی لەبریی ئەوەی برووسکەی مردنی بگاتە لامان، نەنێ خۆی گەیشت! چونکە ئیستا ئەو بەجوانی بۆی ڕوون بووەتەوە، کە ئیدی من چاوەڕوانی میراتیی نەنێ نیم.

ژەنەڕاڵ پێی وا بوو کە هیشتا من لەو شتانەی بۆم دەگیڕیتەوە، بەئاگا نەبووم. منیش لای خۆمەوە ویستم لەبارەی دی جریوەوە بدویم، بەڵام ئەو بە دەستڕاتەکاندن ئاماژەی پیم دا، کە بیدەنگ ببم و منیش هیچم نەگوت.

وتیشی، "گەشتی خۆت بکە، منیش هەموو موڵکەکانم ڕەهنی ئەوە و دەستی بەسەردا گرتووە. ئیستایش من وەکوو کرمی ڕووت، ڕووت و بیبەرگم*! ئەو برەپارەیەیشی بۆت هینام... پارەکە... بە هەرحاڵ، بیریشم نەماوە برەکەی چەند بوو... پیم وا بێ ۷۰۰ فرەنکیک دەبوو... هەر ئەوەم بۆ ماوەتەوە... ئیستایش هەر ئەوەندەم پێ ماوەتەوە... ئیستا خۆیشم نازانم... خۆیشم نازانم..."

منیش بە ترسیکەوە هاوارم کرد، "ئەی بە چی کرێی ئوتیلەکە دەدەیت؟"

"دواجار... دوای ئەوە؟"

---

* کووردان بۆ ئەم نموونەیە دەڵین، وەکوو سڵقی ڕووتم لێ هاتووە. (و. ک.)

بیربلاوانە سەرنجێکی دام، بەلام دیار بوو هیچم لێ تێنەگەیشتبوو، بگرە هەر هیچیشی نەبیستبوو، منیش ویستم قسەکانی لەبارەی بلانش و منالەکانەوە لەبیر بەرمەوە و باسەکەی پێ بگۆڕم.

کەچی بەپەلە وتی، "بەلێ... بەلێ."

بەلام هێندەی پێ نەچوو، کەوتەوە قسەکردن لەبارەی ئەو میرەی لەگەڵ مادمۆزێل بلانش سەفەر دەکات، ئەوکات... ئەوکات..."

لەناکاو ڕووی کردە من و وتی، "ئەوکات من چیم لێ بەسەر دێت، ئەی ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش؟ من چیم لێ بەسەر دێت؟ ئای پەروەردگارا، پەروەردگارا! تۆ پێم بلێ... ئەی ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش، ئەمە سپلەیی و پێنەزانینە! سپلەییە! سپلەیی! تۆیش پێت وا نییە ئەمە سپەلەیی بێت؟"

ئەمجا کەوتە گریان و داوەراندنی فرمێسکی گەرم. کەس نەیدەتوانی لە بارێکی لەو جۆردا شتێکی بۆ بکات. دوای ئەوە، خۆ نابێت پشتیشی تێ بکرێ و بەتەنیا بمێنێتەوە، چونکە ئەوە بێمەترسی نابێت، ڕەنگە شتێک لە خۆی بکات.

هەرچۆنێک بوو، خۆم لێی ڕزگار کرد. خزمەتکارەکەیشم ئاگادار کردەوە، کە ناوبەناو سەرم لێ بدات و هەوالی ئەوم بۆ بێنێت. بێ لەوەیش، قسەم لەگەڵ خزمەتکارێکی تریش کرد - کە لاوێکی فرە وریا بوو - ئەویش پەیمانی پێ دام، کە بەئاگاییەوە چاودێریم بۆ بکات.

هێشتا ژەنەڕالم جێ نەهێشتبوو، کە پۆتاپێتشیش هات و تکای لێ کردم نەنێ ببینم.

کات دەوروبەری سەعات ٨ بوو، دەمێکیش نەبوو نەنێ لە گازینۆکە گەڕابووەوە و دواپوولی خۆی دۆڕاندبوو.

چووم بۆ لای نەنێ، خاتوونە پیرەکە لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو، ماندوو و پڕزەلێبڕاو بوو. نەخۆشبوونیشی پێوە دیار بوو، مارتا پیالەیەک چایی دایە دەستی نەنێ و هەر بە لایە زۆر و لایە خوایشت دەرخواردی دا. دەنگ و شێوازی قسە کردنی نەنێ گۆڕابوو.

سەری بۆ داموکانمەوە و بەڕێزەوە وتی، "بەهیوام ڕۆژێکی خۆشت بەسەر بردبێت، ئەی ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش، ئازیزەکەم. ببوورن کە جارێکی تر بێزارتان دەکەمەوە. چاوەڕێی ئەوەیش دەکەم لەبەرامبەر پیرەژنێکی بەتەمەنی

وەکوو مندا، لێبووردە بێت.

"هاوڕێ، هەموو شتێکم لەوێ جێ هێشتووە. ۱۰۰۰۰۰ ڕۆبلێکیشم دۆڕاندووە. هەر ئەوەت چاک کرد، کە دوێنێ لەگەڵم نەهاتیت بۆ قومارخانەکە و ئێستا هەر هیچم پێ نەماوە، حەزیش ناکەم بۆ ساتێکیش لێرە بمێنمەوە، پێویستە سەعات نۆ و نیو سەفەر بکەم، هەر بۆیەیش هاوڕێ ئینگلیزەکەتم - کە پێم وا بێت بەڕێز ئاستلیی ناوە - بانگ کردووە کە ۳۰۰۰ فرەنکی لێ قەرز بکەم و دوای ۸ ڕۆژی تر ئەو بڕەی بۆ دەگێڕمەوە، پێی بڵێ با بە کەسێکی خراپم تێنەگات و ڕازی ببێت ئەو قەرزەم بداتێ.

"ئازیزەکەم، خۆ ئێستایش هەر دەوڵەمەندم، ئێستایش سێ گوند و دوو خانووم هەیە، هەموو پارەکانم لەگەڵ خۆم نەهێنابوو بۆ ئێرە، ئەمانەیش کە بۆ تۆی باس دەکەم، بۆ ئەوەیە کە هاوڕێکەت دڵەڕاوکێی نەبێت لەبەرامبەر مندا. ئاها! ئەوا خۆیشی گەیشت... پێدەچێت پیاوێکی مەرد بێت."

بەڕێز ئاستلی خێرا داواکارییەکەی نەنێی بەجێ هێنا و هەر لەوێدا و بەبێ سێ و دوو ۳۰۰۰ فرەنکەکەی دایە دەست.

نەنێیش هەر لەوێدا بەڵگەنامەی بڕی پارەکەی بۆ واژۆ کرد و لێی دا و ڕۆیشت.

بە منیشی وت، "ئێستایش ڕێم بدە ئەلکسی ئیڤانۆڤیتش با بڕۆم، چونکە سەعات و چەند خولەکێکم ماوە بۆ سەفەرەکەم. دەچمەوە و کەمێک لە سەر نوێنەکەم لێی درێژ دەبم، هەموو ئێسکەکانم ئازاریان تێدایە. لێم مەگرە، من لە پیرەژنێکی گێل بەولاوە هیچی تر نیم! لەمڕۆ بەدواوە، هەرگیز بە سووک لە لاوان ناڕوانم، بەڵکوو شەرمەزاری ئەوەیشم کە لۆمە و سەرکۆنەی ئەو ژەنەڕاڵە هەژارەی هاوڕێی تۆم کرد، بەڵام هەرگیز پوولێک چییە، نایدەمێ! گۆڕ وایە بەم کارەی من بێزار نەبێت، چونکە ئەو پیاوە بەلای منەوە لە ئاژەڵێکی قەبە بەولاوە، هیچی تر نییە. خۆیشم لە مریشکە پیرێک بەولاوە، هیچی تر نیم. بە هێندەی ئەو مریشکەیش زیرەک نیم. خوایش - درەنگ یان زوو - تۆڵەی خۆی لە قسەهەڵبەستان هەر دەکاتەوە. دەی، خواتان لەگەڵ... مارتا هەڵم بستێنەوە."

نیازم بوو خۆم کورسییەکەی نەنێ ڕابکێشم، بەڵام لە هەمان کاتدا چاوەڕوانم دەکرد شتێک روو بدات. وا بە خەیاڵمدا دەهات، کە هاکا شتێک ڕووی دا. نەمدەتوانی لە

ژوورەکەمدا خۆم بگرم! چوومە دالانەکەوە و ویستم خۆم بگەیەنمە ڕێی ڕیزە داربەڕووەکان و کەمێک پیاسە بکەم.
ئەو نامەیەی کە بۆ پاولینم ناردبوو، ڕوون و بێپێچوپەنا بوو، بێگومان کارەساتەکەیش جوێکەرەوە بوو.
لەنێو ئوتێلەکەدا بیستبووم، کە دی جریو سەفەری کردووە. بەکورتی، ئەگەر پاولین منی وەکوو هاوڕێی خۆی پەسەند نەبێت، ئەوا کە هیچ نا، وەکوو خزمەتکارێکی خۆی پەسەندم دەکات! چونکە ئەو پێویستیی پێمە، بەڵێ، ئەو پێویستیی پێمە! ئەمەیش ڕوون و ئاشکرایە.
هەر کە کاتی سەفەری نەنێ هات، بەپەلە خۆم گەیاندە وێستگەی شەمەندەفەرەکە و نەنێم بە کورسییەکەیەوە سەر خستە نێو شەمەندەفەرەکەوە و دەڕوانم هەموویان لە فارگۆنە بەکرێگیراوی شەمەندەفەرەکەدا وەستاون!
نەنێ بەدەم خواحافیزییەوە وتی، "هاوڕێ، سوپاس بۆ ئەو هاوڕێیەتیکردنە بێگەرد و بێمەبەستەت بۆ من، ئەوەیش بۆ پراسکۆڤیا دووبارە بکەوە، کە دوێنێ پێم وتبوو. چاوەڕوانییشی دەکەم."
منیش لەکوێوە هاتبووم، هەر بەوێدا گەڕامەوە و خۆم کردەوە بە ژوورەکەمدا. کاتێک بەلای ژوورەکەی ژەنەڕاڵدا تێپەڕیم، کارەکەرەکەیم بینی و پرسیاری گەورەکەیم لێ کرد. بەپەژارەوە وەڵامی دامەوە، "شتێکی ئەو تۆ نییە، گەورە و نیانەکەم."
لەگەڵ ئەو وەڵامیشدا کە لێم بیست، خۆم کرد بە ژوورەکەیدا. هەر کە گەیشتم، لە جێی خۆم وشک بووم! دەڕوانم ژەنەڕاڵ و مادمۆزێل بلانش فرە بە کوڵ و دڵی خۆشەوە پێدەکەنین و بێوەژنە دی کۆمینگیان لەگەڵدا بوو و لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو، گەشکەی خۆشی بەئاشکرا بە ژەنەڕاڵەوە دیار بوو. وشە بێسەروبەرەکان وەکوو فیشەکەشێتە لە زاری دادەوەرین، جاروبار پێکەنینەکەی بۆ جڵەو نەدەکرا و سوور هەڵدەگەڕا و هەر زوو دادەمرکایەوە.
دواتر بۆم دەر کەوت، کە ئەو دوای ئەوەی میر دەری کرد، دەستی لە ژەنەڕاڵ شتبوو، چونکە ئەو بووبوو بە خەمی خۆیەوە. سەردانێکی لەناکاوی ژەنەڕاڵی کردبوو و ویستبووی دڵنەواییی بکات، بەڵام تا ئەو ساتەیش ژەنەڕاڵ لەوە بێئاگا بوو، کە بڕیار لەسەر چارەنووسی دراوە و

براوەتەوە.

مادمۆزێل بلانش جانتای خۆی ئامادەی سەفەری پاریس کردووە و بەو شەمەندەفەرەی بەرەبەیان دەر دەچێت.

کەمێک لەناو دەرگای ژوورەکەی ژەنەراڵدا وەستام، دواجار لە چوونەژوورە پەشیمان بوومەوە. وا خۆم دزییەوە، کە نەبینرێم. سەر کەوتمەوە بۆ نهۆمی سەرەوە و خۆم کردەوە بە ژوورەکەمدا. کاتێک دەرگام کردەوە، تارماییەکم بینی، لە سووچێکی ژوورەکەمدا و نزیک پەنجەرەکە، لەسەر کورسییەک دانیشتووە!

هەر کە منی بینی، هەستا و منیش بەپەلە خۆم لێی نزیک کردەوە، کە ڕوانیم ئەوە پاولین خۆیەتی، هەناسەم سوار بوو و کەوتمە دڵەخورپە!

# بەشی چواردەیەم

هاوارێکم لە دەم دەر چوو.

ئەویش بە دەنگێکی نامۆوە پرسیی، "ئەوە چیتە؟ چیت لێ بەسەر هاتووە؟"

ڕەنگیشی هەڵبزرکابوو و شپرزە دەر دەکەوت.

منیش پرسیم، "چیمە؟ چیم بەسەر هاتووە؟ ئا ئەمە خۆتیت... لێرەیت... لای منیت؟"

پاولینیش وتی، "کە هاتووم، بە ویستی خۆم هاتووم... ڕەوشتی من وایە... ئەوەتا دەی، بە چاوی خۆت بینیت. دەی مۆمێک دابگیرسێنە."

منیش بەقسەم کرد و دواتر لە مێزەکەوە نزیک بوومەوە. ئەویش نامەیەکی کراوەی خستە بەردەمم و داوای لێم کرد بیخوێنمەوە.

وتیشی، "بیخوێنەوە."

بێدەنگ نامەکەم هەڵگرت.

وتم، "ئەمە دەستخەتی دی جریوە."

لەبەر ئەوەی دەستەکانم دەلەرزین، دێڕە نووسراوەکانیش لە بەرچاوم سەمایان دەکرد. ئێستا دەقی نامەکەم بیر نەماوە. هەرچەند ئەگەر نامەکەیشم دێڕبەدێڕ بۆ نەخرێتە ڕوو، بەڵام ئا ئەمە بیرۆکەکەی نێوی بوو: خاتوونەکەم بارودۆخەکەم ناچاری سەفەری خێرای بێ دواخستنی کردم. خۆیشت هەستت بەوە کردووە، کە بە ویستی خۆم دوورەپەرێز بووم لەوەی شتێکت بۆ ڕوون بکەمەوە، پێش ئەوەی شتەکان بکەونە ڕوو.

گەیشتنی خاتوونە پیرە و پێش گەیشتنی برووسکەکەی،

هەروەها هەڵسوکەوتە گیلانەکەی، هەموو دوودڵی و دڵەڕاوکێیەکی کۆتایی پێ هێنا.

شلۆقبوونی کاروبارە تایبەتییەکانم، بووە بەربەستی ئەو ئارەزووە شیرین و خۆشانەی جاران و ماوەیەکی فرە خەیاڵم پێیانەوە لێدەدا. بەداخەوەم بۆ ئەوانەی ڕوویان دا، بەهیوای ئەوەم ئەوانە کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی کەسێکی ئاستباڵای وەکوو من هەبێت.

هەموو سامانەکەم بە دانەوەی قەرزەکانی دایکت لەنێو چوو، ئەمە وای کردووە ئەو پارانەی ماونەتەوە، بۆ کاروباری خۆمی خەرج بکەم. هاوڕێکانی خۆمم لە بێترزبورگ ئاگادار کردووەتەوە، هەموو ئەو موڵکانەی لای من ڕەهنە، بۆم بفرۆشنەوە، بەڵام کە بۆم دەر کەوت باوەپیارەکەت هەموو سامانەکەی تۆی بەفیڕۆ داوە و لەنێوی بردووە، بڕیارم دا لەبریی ٥٠٠٠٠ فرەنک ببیەخشم، بۆیە کۆمەڵێک کومپیالەی بەو برەم بۆ گەڕاندەوە، بەمەیش دەتوانیت پەنا بۆ دادگا بەریت و موڵکەکانت بگێڕیتەوە بۆ خۆت.

هیوادارم ئەم کارەم سوودێکی بۆ تۆ هەبێت. بەتایبەتی ئەو بارەی تۆی تێدایت. خوازیاری ئەوەیشم ڕەفتارێکی مەردانە و ئابڕوومەندانەم کردبێت. بڕوات هەبێت، کە بیرەوەرییەکانت بۆ تا هەتایە نەخشی سەر دڵی منن.

منیش ڕووم کردە پاولین و وتم، "ئەوە ڕوون و ئاشکرایە."

بەتووڕەیییشەوە وتم، "بێ لەوە، چاوەڕێی چیت دەکرد؟"

ئەویش بە ئارامی و دەنگێکی گڕەوە وەڵامی دایەوە، "خۆم چاوەڕێی هیچم نەدەکرد. دەمێکە تۆ بیروڕای من لەبارەی ئەوەوە دەزانیت. ئەودەم بیروڕاکانی ئەوم دەخوێندەوە. پێی وا بوو من وەدووی... پێی وا بوو من سوورم لەسەر..."

ئەمەی وت و وەستا و لێوی خۆی گەست. ماوەیەک بێدەنگ بوو.

دواتر درێژەی دایە و وتی، "بەئارەزوو، ڕقم لێی دەبووەوە و چاوەڕێی ئەوە بووم تاکوو بزانم چی دەکات. چاوەڕێی ئەوە بووم برووسکەکە بگات و هەموو ئەو قەرزانەی باوەپیارە گێلەکەم لێی کردووە، بدەمەوە بە سەروچاویدا و زۆر خراپ دەری بکەم. ئاخ... جاران ئەو پیاوێکی تر بوو! لە ڕاستیدا پیاوێکی تر بوو! بەڵام ئێستا چەندە ئارەزوومە ئەو ٥٠٠٠٠ فرەنکەی بۆ فڕێ بدەمەوە و تفێک لە ڕوخساری

بکەم."

منیش وتم، "بەڵام ئەو چەکی پارەی ٥٠٠٠٠ فرەنکە، ئێستا لە دەستی ژەنەراڵدایە. تۆ هێندەت لەسەرە وەری بگریتەوە و بیگێڕیتەوە بۆ لای دی جریو!"

پاولینیش وتی، "ئۆو! نەخێر، ئەوانە وەکوو یەک نین! چوونیەک نین!"

منیش وتم، "ئەوە ڕاستە! ئەی ئێستا دەبێت باری ژەنەراڵ چۆن بێت؟ ئێستا دەبێت ئەو کەڵکی چی بێت؟"

لەناکاویش هاوارم کرد، "ئەی نەنێ؟"

پاولینیش بە سەرسامی و بێزارییەوە سەیرێکی کردم و وتی، "جا تۆ پرسیاری نەنێم بۆ لێ دەکەیت؟ من ناتوانم بچمە لای ئەو..."

ئەمجا بەتووڕەییەوە لەسەری ڕۆیشت، "داوای لێبووردنیش لە کەس ناکەم."

منیش هاوارم کرد، "ئەی چی بکرێت؟ بەڵام پێم بڵێ، ئەی چۆن توانیت دی جریوت خۆش بوێت؟ ئاخر ئەو کەسێکی خوێڕی و بێزراوە، دەتەوێت بە شەڕەشیری بەرامبەرێن بۆت بکوژم؟ ئێستا ئەو لەکوێیە؟"

پاولینیش وەڵامی دایەوە، "چووە بۆ فرانکفۆرت و سێ ڕۆژی پێ دەچێت."

منیش بە پەرۆشییەکی گێلانەوە وتم، "هەر تەنیا یەک وشەیە و تۆ فەرمان بدە و لەگەڵ دەرچوونی یەکەم شەمەندەفەردا، دەگەمە سەری."

پاولین کە ئەمەی بیست، دەستی کردە پێکەنین و وتی، "ئاخر ڕەنگە ئەویش پێت بڵێت، لەپێشەوە ٥٠٠٠٠ فرەنکەکەم بدەنەوە! ئاخر تۆ بۆچی پێت وایە بە شەڕەشیرکردن لەگەڵت ڕازی دەبێت؟ ئەم بیرکردنەوە گێلانەیە چییە؟..."

منیش ددانەکانم جیڕ کردەوە و هەر وەکوو ئەوەی بتوانین ئەو بڕەپارەیە لەبنی زەوییەوە بخەینە سەر زەوی، دووبارەم کردەوە، بەڵام ئەو بڕی ٥٠٠٠٠ فرەنکە لەکوێ بێنین؟ لەکوێی بێنین؟

بیرۆکەیەکی سەیر هات بە خەیاڵمدا و لێم پرسی، "گوێ بگرە، ئەی بەڕێز ئاستلی."

ئەویش چاوانی بریسکەی دایەوە و پرسیی، "جا تۆ دەتەوێت لەبەر خاتری ئەو پیاوە ئینگلیزە، پشت لە تۆ

بکەم؟"

ئەوە یەکەم جاری بوو، کە بە ڕاناوی تاک، من بدوێنێت!

بێگومان ئەو چرکەساتە بە هۆی پەرۆشی و هەڵچوونەوە تووشی سەرەگێژە بووە، چونکە هێندەی پێ نەچوو، خۆی بەر دایەوە سەر قەنەفەکە. دیار بوو توانای لەبەر بڕابوو و هێزی تێدا نەمابوو، منیش هەر وەکوو ئەوەی برووسکە لە چاوانی دابم وا بوو و چاوانم بەگێژەوە چوو. هەر لەوێدا و بەپێوە، لە جێی خۆم وشک بووم. بڕوام بە گوێ و چاوانی خۆم نەکرد! کە وا بوو، ئەو منی خۆش دەوێت! ئەوەتا لەپێشەوە بۆ لای من هاتووە، نەک بۆ لای بەڕێز ئاستلی! کچێکی بەو شێوەیە و بەتەنیا و بە بەرچاوی خەڵکەوە دێتە ژوورەکەم، لەم ئوتێلەدا!

بۆ چەند ساتێک لە شوێنی خۆم وشک بووم و لە هیچ تێنەدەگەیشتم!

لەناکاو بیرۆکەیەکی شێتانە هات بە خەیاڵمدا و، وتم، "پاولین، تەنیا سەعاتێک مۆڵەتم بدە! تەنیا یەک سەعات. هەر لێرە چاوەڕوانم بە... پێویستە ئەمە هەر بکەم... پێویستە. بە چاوی خۆت دەیبینیت! تۆ لێرە چاوەڕێم بکە. لێرە چاوەڕێم بکە!"

بێ ئەوەی وەڵامی سەرنجە پرساکەی ئەو بدەمەوە، بەڕاکردن لە ژوورەکە چوومە دەرەوە. ئەویش هاواری کردە من و ویستی شتێک بڵێت، بەڵام من نەگەڕامەوە. بەڵێ، ڕەنگە ئەو بیرۆکەیەم جۆرێک بووبێت لە شێتی! ئەوەیش کە لە خۆیدا مەحاڵ بێت، دەبێت لە خەیاڵدا جێبەجێ ببێت! ڕەنگە ئەوە بە پەرۆشییەکی گەرمەوە و شێوەیەک بێت بەلای مرۆڤەوە، کە پێی وا بێت لە چارەی نووسراوە! ئەوە کارێک بێت، کە دەبێت هەر ڕوو بدات. ڕەنگیشە هەر لەوێدا شتێکی لەوە زیاتر هەبێت. هەروەها دوور نییە کە مرۆڤ تێکەڵەیەک لە پێشبینی هەست پێ بکات، یان تەقەللایەکی لەڕادەبەدەری ئیرادە و ویست بێت و خەیاڵی خۆی پێ ژەهراوی کردبێت و چەندین شتی تریش... خۆیشم نازانم...

بەڵام من، لەو ئێوارەیەدا کە تا لە ژیاندا بم ئەو ئێوارەیەم بیر ناچێتەوە، تووشی سەرکێشییەکی پەرجووئاسا بووم. هەرچەند پەرجوویش بە حیسابێکی تایبەت بە خۆی لێک دەدرێتەوە، بەڵام ئەو سەرکێشییەی خۆم، هەر بە پەرجوو

دێته بەرچاو! ئەی ئەگەر نا، ئاخۆ بۆچی... بۆچی ئەمە بەو شێوەیە لە بیر و ژیریی مندا و لەمێژەوە چەسپی؟
من بیرم لێ دەکردەوە. نەک بیرکردنەوە لە ئەگەری ڕوودانی، بەڵکوو من بیرم لە شتێک دەکردەوە، کە نەدەبوو ڕوو نەدات!
کات چارەکی دەویست بۆ ١٠ و خۆم کرد بە گازینۆکەدا و بڕوایەکی تۆکمەم بە خۆم هەبوو و پەرۆشییەکی وام هەبوو، کە هەرگیز لەو جۆرە پەرۆشییەم بە خۆوە نەدیبوو.
هۆڵەکانی قومارخانە هێشتا خەڵکی تێدا بوو، هەرچەند نیوهێندەی خەڵکی بەیانییانیش بوون. لە دەوروبەری سەعات ١١ بەدواوە، قومارچییە ڕەسەنەکان نەبووایە، کەسی تر بەدەوری مێزی قومارەکانەوە نەدەمانەوە. ئەو ئالوودەبووانە دەمانەوە، کە لەو شاری ئاوە کانزاییانەدا تەنیا قوماری ڕۆلێتیان دەبینی. تەنیا بۆ ئەوەیش هاتبوون و بەئەستەم ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆیشیان دەبینی. هەموو کار و پیشەیان، هەر لە بەیانییەوە تاکوو ئێوارە، قومارکردن بوو. لارییشیان لەوە نەبوو، کە ئەگەر لە توانایشیاندا بووایە، تاکوو بەرەبەیانیش قومار بکەن. ئەو دەمەیشی کە سەعات ١٢ی شەو دەروازەی گازینۆکە دادەخرا، بە خەم و دڵتەنگی و داخەوە بۆ دابڕانیان لە قومارەکە بڵاوەیان لێ دەکرد.
خۆ ئەگەر قومارچییەکی کۆن کەمێک پێش سەعات ١٢ی شەو ڕای بگەیاندایە کە وا سێ فڕەی تر قومارکردن سەرومڕ دەبێت و گازینۆکە دادەخرێت، زۆر جاران زۆرێک لە قومارچییان ئامادە بوون هەموو پارەکانی گیرفانیان لەو سێ فڕەیەی قومارەکە، دابتەکێننە نێو خانەی ڕۆلێتەکەوە! بۆیە لە ماوەی کەمی ئەو سێ فڕەیەی قومارەکەدا، زۆرترین بڕی پارەیان دەدۆڕاند!
منیش ڕووم کردەوە ئەو مێزی قومارەی کە جاران نەنێ قوماری لێ دەکرد، ئەو مێزە کەسێکی فرەی بە دەورەوە نەبوو. بۆیە هەر زوو جێم بووەوە و بەپێوە وەستام. ڕێک بەرامبەرم و لەسەر مێزەکە نوسرابوو پاس.
پاسیش لە ژمارە ١٩ەوە و بەرودوا تا ژمارە ٣٦ی دەگرتەوە. بەڵام ژمارە بەرودوای لە ١ەوە بۆ ١٨ پێی دەوترا مانک. بەڵام بڵێی ئەو زاراوانە بەلای منەوە گرنگییان بووبێت؟

من هەرگیز گوێم بە ئەوانە نەدابوو. ئەو ژمارەی دواییەی هاتبووە ڕوو، هەر نەیشمبیستبوو. کاتێک ئەو قومارەیشم کردبوو، هەرگیز وەکوو قومارچییە کۆنەکانم نەدەکرد و پرسیان لەبارەوە بکەم. هەر پرسیاریشم لەبارەیانەوە نەکردبوو.

٢٠ فرەنکم لە گیرفانم دەر هێنا و خستمە خانەی پاسەوە و دوای کەمێک، سەرپەرشتیاری قومارەکە هاواری کرد، "بیستودوو."

منیش بردمەوە. ئەمجا سەرکێشیم کرد و بڕی پارەکە و پارە براوەکەم دیسان کردەوە بە قومار.

سەرپەرشتیاری قوماری ڕۆلێتەکە هاواری کرد، "سیو یەک."

دیسان براوە بووم! بەوە بووبوومە خاوەنی ٨٠ فردریک. دواتر هەموو بڕەپارەکەم خستەوە سەر ڕیزە ژمارەکانی ١٢. بردنەوەی ئەم ژمارەی بەرودوایانەی ١٢، سێ هێندە بوو، نەکوو دوو هێندە. تۆپە چکۆلە کەوتە گەردان و ژمارە ٢٤ براوە بوو. سێ دەستەی ٥٠ فرەنکی و ١٠ پارەی زێڕینیشم وەر گرت. ئێستا ٢٠٠ فردریکم پێیە. هەڵەشەیی سەری لێ دام و چووە مێشکمەوە و هەر هەموو ئەو بڕەی پێم بوو، خستمە خانەی ڕەنگە سوورەکەوە.

ئەو ئێوارەیە ئەوە یەکەم جار بوو خەمێکی لەو جۆرە دام بگرێت و وەک شەختەی سەهۆڵ، لە شوێنی خۆم وشک ببم! کاتێک هەستم کرد دۆڕاندنی ئەو بڕە چی دەگەیەنێت بۆ من، هەستم کرد هەرچوار پەلەم دەلەرزێ! ئەو ساتەی دۆڕاندنم، چ واتایەکی دەبێت؟ ئاخر من قومارم بە ژیانی خۆمەوە کردبوو!

سەرپەرشتیاری ڕۆلێتەکە هاواری کرد، "سوورەکە!"

ڕەوانم هاتەوە بەبەرما و هەستم کرد هەموو جەستەم مێروولە دەکات! بەڵام هێشتا توانای ژماردنی دەستەی پارە کاغەزەکانم تێدا مابوو. ئەم جارەیان بڕی پارەکەم گەیشتە ٨٠٠٠٠ فلۆرین و ٨٠ فردریک.

بیرم دێتەوە کە ٢٠٠٠ فلۆرینم خستەوە سەر خانەکانی دوازدە ژمارەکەی ناوەڕاست و ئەو فرەیە دۆڕام. ئەمجا هەرچیی پارەیەکی زێڕ و ٨٠ فریدریکەکەشم دانا و ئەو بڕەیشم دۆڕاند.

ئەم دۆڕاندنە فرە تووڕەی کردم. ئەو ۲۰۰۰ فلۆرینەی پێم مابووەوە، خستمەوە نێو خانەکانی کۆمەڵەی ۱۲ ژمارەکەی کە زووتریش پارەم لەسەر دانابوو. هەر کوێرانە و بێ ئەوەی هیچ بیرێکی لێ بکەمەوە. کاتێ چاوەڕوانی هاتەوە و ڕەنگە پەرۆشییەکەم هەر وەکوو پەرۆشییەکەی ئەو دەمەی خاتوو بلانشار* بووبێت، کە لە پاریسدا و لە پەڕەشووتەکەی کەوتەوە سەر زەوی!

سەرپەرشتیارەکە هاواری کرد، "ژمارە چوار."

سەرلەنوێ بوومەوە بە خاوەنی ۶۰۰۰ فلۆرین. ئەمجا منیش وەکوو براوەیەک خۆم پیشان دا و ڕەفتارم دەکرد و۴۰۰۰ فلۆرینم فڕێ دایە خانە ڕەشەکەوە. نزیکەی ۱۰ قومارچییەکی تریش چاویان لە من کرد و پارەیان لە خانە ڕەشەکەدا دانا. فەرمانبەرانی قومارەکە لە یەکتریان ڕوانی و کەوتنە چرپەچرپ، لەنێو خۆیاندا. خەڵکی دەوروبەری خۆیشم کەوتنە قسە و لە چاوەڕوانیدا بوون.

ڕەشەکە دەر کەوتەوە. ئیدی لێرە بەدواوە، نە بڕی پارە قومارپێکراوەکانم بیر ماوە و نە ژمارەی فرەکانی قومارەکە، ئەوەی کە لەبیرم ماوە، ئەوەیە نزیکەی ۱۶۰۰۰ فلۆرینێکم بردبووەوە و وەکوو ئەوە وا بوو خەون ببینم!

بەدوایدا سێ فرەی تریش قومارم کرد و هێندەم زانی ۱۲۰۰۰ فرەنکم دۆڕاندووە! ئەوەندەم ئاگا لێ بوو، کە ئەو ۴۰۰۰ فرەنکەی پێم مابووەوە، لەسەر پاس دام نا. بەڵام هیچ ئاگام لە خۆم نەمابوو و وەکوو هەرکەسێکی ئاسایی، چاوەڕێی فرەی قومارەکە بووم.

سەرلەنوێ براوە بووم! بە دوای ئەمەدا، چوار فرەی یەکلەدواییەک براوە بووم! ئەوەندەی کە لەبیرمە، بە هەزار هەزار فلۆرینم کۆ دەکردەوە! ئەوەیشم بیر ماوە، کە ئەو ژمارە ناوەندانەی من خۆم پێیاندا هەڵواسیبوو، زۆربەی فرەکان بۆیان دەر دەچوو و براوە دەبوون. دوو-سێ جارێک ئەو ژمارانە بۆیان دەر دەچوو و دوو جارانیش دەر نەدەچوون! دواتر سێ جاری بەدوای یەکدا، یان چوار جاران براوە دەبوونەوە. ئەمەی کە سەرسامی کردبووم، ناوەناوە

* ماری بلانشار ۱۷۷۸ - ۱۸۱۹: هاوسەری ئەو فرۆکەوانە بوو، کە پەڕەشووتی داهێنا. ساڵی ۱۸۱۹ بە ئاسمانەوە لەنێو پەڕەشووتدا بوو و کەوتە خوارەوە و تیا چوو.

ڕوویان دەدا. هەر ئەمەیش قومارچییە دێرینەکان و لەوانەی کە بە پێنووس و کاغەز لێکۆلینەوەیان بۆ قومارەکە دەکرد، تووشی دڵەڕاوکەی کردبوون، جا چ گاڵتەجاڕییەک مابوو لە بەخت و لەو قومارەدا نەبینرێت؟

پێم وا بێت نیوسەعاتێک بەسەر گەیشتنمدا بەو قومارە تێنەپەڕیبوو، کە سەرپەرشتیاری قومارەکە پێی ڕاگەیاندم، بڕی بردنەوەکەم گەیشتووەتە ٣٠٠٠٠ فلۆرین! بانکی قومارەکەیش لەو بڕەپارەیە زیاتر و لە یەک گەیمی قومارەکەدا بەرگە ناگرێت. هەر بۆیە قومارەکە کۆتایی پێ دەهێنرێت و تا سبەینێ بەیانی ناکرێتەوە. منیش پارەکانم لە گیرفانەکانم ئاخنی و ئەو مێزەم جێ هێشت و ڕووم کردە هۆڵێکی تر و مێزێکی تر لەو مێزانەی قوماری ڕۆلێتی تێدا دەکرێت.

خەڵکەکەیش بە هەڵەداوان و پەلە شوێنم کەوتن. خێرا شوێنێکیان بۆ دابین کردم، منیش کوێرانە و بێ هیچ حسابێک کەوتمەوە قومارکردن! ئیدی خۆیشم نازانم چ شتێک ڕزگاری کردم. هەرچەند بیرۆکەی حسابکردن بۆ قومارەکە، جاروبارێک دەهات بە خەیاڵمدا. هەر لەخۆمەوە خۆم هەڵدەواسی بە چەند ژمارەیەکدا، یان چەند گریمانێکدا و لەناکاویش پشتم تێ دەکردن! دیسان بێسەروبەرانە دەکەوتمەوە قومارکردن. گومانی تێدا نەبوو، کە هەر بە وڕبوون، وڕوکاس بووبووم. بیرمە چەند جارێکیش فەرمانبەرانی قومارەکە هەڵەکانی قومارەکەیان بۆ ڕاست دەکردمەوە، منیش هەڵەیەکی فرەم کردبوو، بۆیە پۆلۆنییەکان بەپەلە خۆیان گەیاندە من و داوایان کرد خزمەتم بکەن، بەڵام من گوێم لە کەسیان نەگرت. بەختیش یاوەرم بوو و لێم جوێ نەدەبووەوە.

لەناکاو دەوروبەرەکەم دایان لە قاقای پێکەنین، هەندێکیان هاواریان بۆ کردم، "هەر بژیت، هەر بژیت!"

تەنانەت بڕێکیان کەوتنە چەپڵەلێدان بۆ من.

بڕی بردنەوەکەم، جارێکی تر گەیشتەوە ٣٠٠٠٠ فلۆرین. بانکی ئەوێیش داخرا تاکوو سبەی بەیانی.

بۆیە پێیان وتم، "دوور بکەوە... دەی بڕۆ!"

ئەوەی لەلای ڕاستمەوە، کە جوویەکی خەڵکی فرانکفۆرد بوو، کەوتە ورتەورت. ئەو کەسە بە درێژایی کاتەکە لەتەنیشتمەوە بوو و پێم وا بێت یەک-دوو جاریش یارمەتیی

دام.

یەکێکی تر چرپاندی بە گوێی چەپمدا، "بۆ خاتری خوا، بڕۆ!"

منیش خێرا بەلای ئەوەی کە چرپانی بە گوێی چەپمدا، لام کردەوە. ڕوانیم ژنێکی سی ساڵانەیە و بەرگێکی هەژارانەی ڕێکوپێکی پۆشیوە. لە ڕوخساریدا ڕەنگزەردی و نەخۆشی دەبینرا، بەلام ئەوەی بەوردی سەرنجی ئەو ژنەی بدایە، جوانی و قەشەنگیی تێدا دەبینی.

لەو کاتەدا منیش خەریکی پێچانەوەی پارەکانم بووم و بەچرچولۆچی لە گیرفانەکانی خۆمم دەئاخنی. پارە زێڕەکانی سەر مێزی قومارەکەیشم کۆ کردەوە، ئەمجا دوایین گورزەی ٥٠ فردریکیشم هەلگرت و بەدزیی خەلکەکەوە خستمە قولی مستی ژنە جوانە زەردهەلگەڕاوەکەوە. وەکوو هەستکردنێکم بە یارمەتیدانەکانی ئەو، هەموو ئەوانە لە چرکەیەکدا ڕوویان دا.

هەر لە کۆکردنەوەی پارەکانم بوومەوە، ڕووم کردە قوماری سی و چلەکانەوە. ئەو قوماری سی و چلە، تەنیا خانەدانانی دەوڵەمەند ڕوویان تێ دەکرد. ئەو قومارە وەکوو قوماری ڕۆلێت نەبوو، ئەو قومارە لەو یارییانە بوو، کە بە کاغەزی کاغەزێن دەکرا. بانکی ئەم قومارە تاکوو بڕی ١٠٠٠٠٠ تالیری تێدا جێگیر بوو، واتا پالپشتەکەی ئەو بڕەپارەیە بوو. گەورەترین بڕی ئەو پارەیەیشی کە قومارەکەی پێوە دەکرا، ٤٠٠٠ فلۆرین بوو. بەتەواوی بێئاگا بووم لە ڕەوتی ئەو جۆرە قومارە، تەنانەت نەیشمدەزانی چۆن قومار بە پارەکەمەوە بکەمەوە، تەنیا و تەنیا دەمزانی قومار بەو خانە سوور و ڕەشەوە بکەم، کە لەم قومارەیشدا هەبوو، بۆیە منیش خۆم بەو دوو خانەیەدا هەلواسی.

دەوروبەرەکەم ئەبلەق بوون. بە درێژاییی ئەو شەوە، بۆ جارێکیش پاولینم بیر نەکەوتەوە! ئەو کاتانەیشی گورزەی پارەکانم دەهێنا و دەبرد، هەستم بە چێژێکی سەیر دەکرد و خۆم لە بەریدا بۆ نەدەگیرا.

هەر لەوە دەچوو بۆ ئەم کارەم، قەدەر پالم پێوە بنێت! ئەم جارەیان شتی نامۆ ڕووی دا و هەر دەتوت ئارەزوومەندانە ڕوو دەدەن! هەرچەندە خۆ ئەوە زۆر جاران لە قوماریشدا ڕوو دەدات. بۆ نموونە، پێرێ لە قومارچییانم بیست، کە ئەو

ڕۆژە بیستودوو جاری لەسەریەک، خانەی ڕەنگە سوورەکە براوە بووە! ئەمەیش بۆ خۆی ڕووداوێک بووە، کە کەسێک بە بیریدا نەهاتووە، کە زووتر و بەر لەو جارە، لە قوماری ڕۆلێتدا ڕووی دابێت!

بۆیە خەڵکەکە بەسەرسامییەوە لەم ڕووداوە دەدوان، بۆیەیش هەر زوو لە خانە سوورەکە بەدوور دەبوون و قوماریان لەسەر نەدەکرد. هیچ قومارچییەکی کارامە، دوای ئەوەی دەیبینی کە سوورەکە دە جاری بەدوای یەکدا دەر چووە، نەیدەوێرا ئیدی قومار بەو خانە سوورەوە بکات. قومارچییان پێیان وا بوو ئەگەر شانزە جار خانەی سوورەکە براوە بوو، ئەوا فرەی حەقدەیەم جار تۆپەکە لەسەر خانەی ڕەشەکە دەگیرسێتەوە! بۆیە قومارچییەکان بەسەر خانە ڕەشەکەوە کەڵەکە دەبوون و دوو هێندە و سێ هێندەی باری ئاسایی، بڕی پارەیان تێدا دادەنا، بەو کارەشیان، زیانێکی فرەیان دەکرد.

بەڵام من، پاڵنەرێکی سەرکێشیی جیاوازم هەبوو! ئەوە بوو دوای ئەوەی خانە سوورەکە حەوت جار لەسەر یەک براوە بوو زیاتر و زیاتر خۆم بەو خانە سوورەدا هەڵواسی و پشتم پێ بەست! خۆیشم پێم وایە ئارەزووی خۆدەرخستن دەستی بوو لەو سەرکێشییەمدا. خۆم بە سەرکێشێکی بێسەروبەر دادەنا و دەمویست سەرنجی خەڵکەکە بۆ خۆم ڕابکێشم! ئاخۆ ئەمەم هەستێکی نامۆ نەبوو؟

ئێستایش لەبیرم ماوە، کە چۆن لەناکاو تینوێتیم بۆ سەرکێشی، بیروهۆشمی داگیر کردبوو. ڕەنگە نەفسی مرۆڤ دوای ئەوەی ئەو هەموو هەستیارییانە لەخۆ دەگرێت، تینوێتیی هەر نەشکێت و نەشکێت! بۆیە توند و توندتر دەبێت و تاکوو خۆی بە ئەوپەڕی ماندووبوون دەگەیەنێت. درۆ ناکەم ئەگەر بڵێم، یاسای قومارەکە ڕێی پێم بدایە، ئەوا ٥٠٠٠٠ فلۆرینەکەم بەسەر یەکەوە، لە یەک خانەدا دادەنا و بێ هیچ گوێپێدانێک ئەو سەرکێشییەم پێوە دەکرد!

خەڵکەکەی دەوروبەرم پێکەوە هاواریان دەکرد، کە ئەوەی دەیکەم، سەرکێشییەکی ئاشکرایە و شێتییە، چونکە خانەی ڕەنگە سوورەکە ئەوە چواردە جاری بەرودوایە براوەیە!

پیاوەکەی تەنیشتم وتی، "ئەم بەڕێزە تاکوو ئێستا ١٠٠٠٠٠ فلۆرینی بردووەتەوە."

منیش هەر کە ئەو قسەیەی ئەوم بیست، کتوپڕ بەئاگا هاتمەوە. لە خۆم پرسی، "چۆن... چۆن؟ بڵێی تەنیا بە یەک شەو ۱۰۰۰۰۰ فلۆرینم بردبێتەوە؟ بەڵام... خۆ خۆیشم لەوە زیاترم پێویست نییە!"
لەناکاو هەموو پارەکانم بە چنگ کۆ کردەوە و خستمە گیرفانەکانمەوە و دەستم بە دەستەی پارەکانی تردا گیرا، تا بزانم ئەوانیشم پێ ماوە؟
ئەمجا بەپەلە لە گازینۆکە چوومە دەرەوە. کە خەڵکەکەیش منیان بەو شێوەیە و بە گیرفانهەڵئاوساوی و پڕ لە گورزەی پارە و تۆپەڵەپارەی گرمۆڵەکراو و گیرفانی قورس بە پارە زێڕەکانەوە بینی و بینییان چۆنچۆنی بەدەم لەتردانەوە لەبەر قورسیی گیرفانەکانم بەهەڵەداوان چوومە دەرەوە، کەوتنە پێکەنین! پێم وا بێت کێشی ئەو ئاڵتوونەی من لە گیرفانەکانمدا هەڵم گرتبوو، خۆی دەدا لە نیوپاوەندێک
*نیوپاوەند: قورساییی دەگاتە نزیکەی هەشت کیلۆگرامێک.
ناوبەناو خەڵکێک دەستیان بۆ درێژ دەکردم و تەوقەی بردنەوەیان لەگەڵ دەکردم و منیش دەستم دەبرد، چەندم بە دەستەوە بهاتایە، پێم دەدان!
لە دەرگای گازینۆکەدا دوو جوولەکە منیان وەستان و پێیان وتم، "تۆ کەسێکی هەر زۆر سەرکێشیت! تۆ سەرکێشیت! بەیانی زوو سەفەر بکە و ئێرە جێ بهێڵە! ئەگەر وا نەکەیت، ئایەومایەت دەدۆڕێنیت...
منیش گوێم پێ نەدان. دنیا تاریک بوو و ڕێگەی ڕیزە داربەڕووەکان فرە تاریک و ئەنگوستەچاو بوو. دووریی نێوان من و ئوتێلەکە، نیوەفرسەخێک دەبوو. منیش کەسێک بووم، هەر لە منالیمەوە لە دز و ڕێگر سڵم نەکردبووەوە، بۆیە بەو شەوە تاریکەیش، تووشی دڵەڕاوکە نەبووم.
ئەمجا بیریشم نەماوە بەدەم ڕێوە بیرم لە چی دەکردەوە! ڕێگەیش چۆڵوهۆڵ بوو، بەڵام بیرمە ئەو بردنەوەیەم چ چێژێکی پێ بەخشیم. ئەو چێژە، چێژی سەرکەوتن و زاڵبوون بوو، چێژی بەتواناییی خۆم بوو. نازانم ئەوەی ئەو ساتانە بیرم لێ دەکردەوە، چۆنچۆنی بۆتان بگێڕمەوە! بیرکردنەوە لە پاولین، سەروبەر لە مێشکمدا بوو. بیرم هەر بەلای چوونم بوو بۆ لای ئەو، بەڵام هەرچیم دەکرد، بیرم نەبوو ئەو چیی پێ وتبووم. هۆی چوونیشم بۆ گازینۆکە نەدەزانی.

هەمـوو ئـەو هەسـتانەی سـەعات و نیوێـک بـەر لـەو کاتـە مێشـکمی ئاخنیبـوو، بـۆم بوونـە بەشـێک لـە ڕابردوویەکـی بەسـەرچوو، چونکـە هەمـوو شـتەکان سـەرلەنوێ دەسـت پـێ دەکەنـەوە.

لەوسـەر و کۆتاییی ڕێگـەی ڕیزە داربـەڕووەکان، تـرس دای گرتم.

بـە خـۆم وت، "باشـە ئـەی ئەگـەر لـەم ڕێیـە چۆڵوهۆڵـەدا منیـان کوشـت و پارەکانیـان بردم بۆخۆیـان و دزییـان... چـی؟"

هەنـگاو دوای هەنـگاو ترسـەکەم گەورەتـر دەبـوو! هـەر بـە نـاو ڕۆیشـتن بـوو، دەنـا هـەر لـە لۆقەکـردن دەچـوو! لەنـاکاو ڕووکاری ئوتێلەکەمـان بـە ڕووناکـی لێمـەوە دەر کـەوت! ڕۆشـن بـە هـەزاران ڕەنـگ! سـوپاس بـۆ خـوا... ئـەوا گەیشـتم.

بەسـەر پلیکانەکانـدا سـەر کەوتـم. ڕۆیشـتم تـا گەیشـتمە ژوورەکـەم، کتوپڕ دەرگاکەیـم کـردەوە و دەڕوانـم هێشـتا پاولین لـە ژوورەکەمدا و بەدیـار مۆمێکـی داگیرسـاوەوە دانیشـتووە و دەسـتی لەسـەر دەسـت دانـاوە!

بەسەرسـووڕمانێکەوە سـەرنجی دام! بێگومـان لـەو سـاتەدا ڕوخسـارم نامـۆ بـوو بـەلای ئـەوەوە.

منیش لـە بەردەمیدا وەسـتام و هەمـوو پارەکانـم هەڵڕشـتە سـەر مێزەکـەی بەردەمـی ئـەو.

# بەشی پازدەیەم

کاتێک پاولین ئەوەی بینی، ئەبلەق بوو! نە توانیی بجوولێتەوە و نە لەسەر کورسییەکەی خۆیشی جوولەی کرد!

منیش دوایین سەفتەی پارەم لە گیرفانم دەر هێنا و هاوارم کرد، "۲۰۰۰۰۰ فرەنکم *مەبەست لەم فرەنک، فرەنکی زێڕینە و بۆ ئەوەی نرخەکە بە فرەنکی ئێستا بەراورد بکرێت، دەبێت ئەو ژمارەیە کەرەتی ۵۰ بکرێت، تاکوو بزانرێت چەند فرەنکی ئەم سەردەمەی بردووەتەوە، کە دەیکردە یەک ملیۆن فرەنکی ئێستا، بردەوە!"

کۆمەڵە پارە هەڵڕێژاوەکە هەموو ڕووی مێزەکەی داپۆشیبوو! منیش نەمدەتوانی چاوانی لەسەر هەڵبگرم. جاری وایش بوو، لەوێ بوونی پاولینیشم بیر دەچووەوە!

منیش دەمێک پارەکانم سەفتە دەکرد و دەمێکیش پارە زێڕینەکانیم، کۆمەڵ دەکرد. جارێکی تریش پارەکەم تێک وەر دەدایەوە و دەکەوتمە هاتوچۆ بە هەنگاوی پانوپۆڕ بە ژوورەکەدا و نوقمی داڵغە بووبووم! دیسان دەچوومەوە بەر مێزەکە و دەکەوتمەوە ژماردنیان، ئا لەو کاتەدا بەئاگا دەهاتمەوە.

ئەمجا کتوپڕ ڕووم لە دەرگای ژوورەکە کرد و کلۆمم دا. ئەمجا دەگەڕامەوە بەر جانتا بچووکەکەم و دەکەوتمە دڵەڕاوکێ!

لەناکاو بیرم کەوتەوە پاولینیشم لەگەڵدایە و لێم پرسی، "ئاخۆ پێویستە ئەم پارەیە بخەمە جانتاکەوە و هەڵی بگرم بۆ سبەینێ؟"

تا ئەو کاتەیش، پاولین لە شوێنی خۆی نەجووڵابوو،

بەڵام چاوی لێ نەدەترووکاندم. ڕوخساری شێوازێکی هێندە نامۆ بوو، کە ئاسوودە نەبووم بە بینینی. بەدرۆیشی مەگرە گەر بڵێم، ڕق و کینەی تێدا دەخوێنرایەوە.

بەپەلە چوومە نزیکیەوە و وتم، "پاولین، ها ئەوە ٢٥٠٠٠ فلۆرین. کە ئەو برە ٥٠٠٠٠ فرەنک و شتێکە، بیگرە و سبەینێ بیدەوە بە چرۆچاویدا."

کەچی ئەو هیچ وەڵامێکی نەدامەوە! منیش لەسەری ڕۆیشتم، "ئەگەر دەشتەوێت، سبەینێ خۆم بۆی دەبەم... ئاخۆ دەتەوێ خۆم بیبەم؟"

لەناکاو دای لە قاقای پێکەنین، ماوەیەکی فرەیش پێکەنی! منیش بە سەرسامییەکی تێکەڵ بە ئازارێکی توندەوە لێیم دەڕوانی! پێکەنینەکەی هەر لەو پێکەنینە دەچوو، کە جاران و بەم دواییانەیش بە من پێدەکەنی، کاتێک باسی خۆشەویستیی خۆمم بۆ دەکرد و سۆزی خۆمم بۆ دەر دەبڕی.

دواتر جڵەوی پێکەنینەکەی خۆی کرد و برۆکانی یەک هێنانەوە و ڕوانینێکی بێزارکەرانە لێی ڕوانیم و بە ڕق و کینەوە پێی وتم، "پارە لە تۆ وەر ناگرم!"

منیش هاوارم کرد، "ئەوە چۆن دەبێت؟ چی ڕووی داوە؟ لەبەرچی... پاولین؟"

پاولینیش وتی، "بەبێ هۆ، پارەی کەس وەر ناگرم!..."

منیش هەڵم دایە، "بەڵام ئەو برەپارەیەی بە تۆی دەدەم، وەکوو هاوڕێیەک بۆ هاوڕێکەی خۆی دەیکەم. من ئامادەم لەپێناوی تۆدا ژیانم ببەخشم!"

ئەویش جۆرێکی وا لێی ڕوانیم، هەر وەکوو ئەوەی بیەوێت خۆی بە ناخمدا بکات و بیەوێت بزانێت لەوێیشدا چی دەگوزەرێت؟ ئەمجا کەمە پێکەنینێکی کرد و وتی، "تۆ پیاوێکی بدە و دەست کراوە و بەخشندەیت، بەڵام دۆستەکەی دی جریو - کە منم - ئەوە ناهێنێت ٥٠٠٠٠ فرەنکی پێ ببەخشرێت!"

منیش وەکوو کەسێکی ماندوو دوام و وتم، "پاولین، تۆ چۆن پرکێشی دەکەیت بەم شێوەیە من بدوێنیت؟ ئاخر خۆ من دی جریو نیم!"

هێندە تووڕە بوو، چاوانی گڕی لێ دەبووەوە و هاواری کرد، "من ڕقم لێتە!... بەڵێ! بەڵێ... من لە دی جریو زیاتر تۆم خۆش ناوێت!"

ئەمجا ڕوخساری خستە نێو هەردوو دەستیەوە و توورەیی و شپرزەییی پێوە دیار بوو، منیش بەرەو ئەو تەکانم دا و لەئامێزم گرت، ئەوسا هەستم کرد لە ئامادەنەبوونی مندا، شتێکی لێ ڕوویداوە، چونکە ئەو خۆی بۆ ڕکێف نەدەکرا و بە گریان و هەڵچوونەوە وتی، "دەی، تۆیش بمکرە! تۆیش ئەوەت دەوێت؟ تۆیش هەر وەکوو ئەو دی جریوە، بەو ٥٠٠٠٠ە بمکرە!"

منیش باوەشم پێیدا کرد، دواتر دەستەکانی و ئەمجا قاچەکانیم ماچ کرد. ئەمجا لەبەرامبەریدا چوومە سەر ئەژنۆ و کڕنووشم بۆ برد!

توورەبوونەکە بەری دا و دەستەکانی خستە سەر شانم و کەوتە پێدا ڕوانینم و هەر وەکوو ئەوەی بیەوێت شتێک لە ڕوخسارمدا بخوێنێتەوە! هەرچەند گوێیشی لێم گرتبوو، بەڵام پێوەی دیار بوو کە هیچی نەدەبیست، لەوانەی من دەمووت. خەم و پەژارەیش بە ڕوویەوە دیار بوو و لەوە دەچوو داڵغە بردبێتیەوە! بۆیە منیش ترسم لێ نیشت و خەمی ئەوەم بوو شێت ببێت! ئاخر بڵێی ئەمە خۆی بێت، کە ئاوا بە خۆیەوە دەنووسێنێت و بەسۆزەوە لێم دەڕوانێت و بزەیەکی ئاسوودەبوون نیشتووەتە سەر لێوانی؟

لەناکاو پاڵێکی پێوە نام و لە خۆی دوور خستمەوە، ئەمجا کەمێک ڕەش داگەڕا و کەوتەوە هەڵڕوانین پێمدا. کتوپڕ دەستەکانی گرتمەوە و دەستی کردە قسەکردن، "تۆ منت خۆش دەوێت... وا نا؟ لەسەر ئەوەیش سەرومڕیت، لەبەر من بچیتەوە بەگژ بارۆندا!"

ئەمجا وەکوو ئەوەی بیرەوەرییەکی پێکەنینهێنی بە بیردا هاتبێتەوە، لە قاقای پێکەنینی دا! گریان و پێکەنینی تێکەڵ دەکرد!

لە بارودۆخێکی وادا، دەبوو من چی بکەم؟
خۆیشم هەژابووم!

بیرمە ئەو کەوتە قسەکردن بۆم، بەڵام من شتێکی ئەوتۆی لێ تێنەگەیشتم. قسەکانی لە بزرکاندن دەچوون! بڵمەبڵمەکەی، لەوە دەچوو، کە بەخێرایی شتێکم بۆ بگێڕێتەوە. ناوەناوە بڵمەبڵمەکەیشی بە قاقای پێکەنین دەپچڕی. ئەمە وای لە من کرد، کە ترسم لێ بنیشێت.

ئەمەیشی دەوت و دەوتەوە، "نەخێر، نا، تۆ فرە نیانیت!

نیانیت! فرەیش دڵسۆزیت بۆ من."

دەستی خستەوە سەر شانم و لێی ڕوانیم و دووبارەی کردەوە، "تۆ منت خۆش دەوێت! تۆ منت خۆش دەوێت! لەمەودوایش هەر لەسەریشی سەرومڕ دەبیت."

منیش چاوم لە چاوانی بڕیبوو، چونکە هەرگیز بەو نیانی و سۆز و خۆشویستنەوە نەمبینیبوو. هەرچەند ئەو دەیبزرکاند، ئا ئەوەتا هەست بە خۆشەویستیی من دەکات. کتوپڕ بزەیەکی فێڵبازانە چووە سەر لێوانی و دواتر لەبارەی بەڕێز ئاستلییەوە دوا. وا کەوتە قسەکردن لەبارەی بەڕێز ئاستلی و بێ ئەوەی بیبڕێتەوە، بەتایبەتی کەمێک پێش ئێستا، ئەو کاتەی بەنیاز بوو لەبارەی شتێکەوە قسەم بۆ بکات، بەلام من نەمتوانی بزانم لەبارەی چ شتێکی دیاریکراوەوە دەدوێت، بەڵکوو من پێم وا بوو ئەو لاقرتێی پێ دەکات.

زووزوو پاولین دەیوت، کە لەژێر پەنجەرەکەدایە و چاوەڕوانە. ڕەنگە منیش لەوە ئاگادار نەبووبێتم، لەوەی کە لەژێر پەنجەرەی ژوورەکەمدا چاوەڕوانە.

ئەمجا وتی، "بەڵێ! بەڵێ! ئەو لەژێر پەنجەرەکەدایە. بیکەرەوە و بڕوانە. ئەوە خۆیەتی!"

ئەوەی وت و بەرەو پەنجەرەکە پاڵی پێوە نام. هەر کە بەرەو پەنجەرەکە بوومەوە، دای لە قاقای پێکەنینێکی شێتانە. منیش هێشتا نزیکی بووم، بۆیە خۆی فڕێ دایە باوەشمەوە و دوو باسکی لە ناوقەدم ئاڵاند.

لەناکاو وتی، "سەفەر دەکەین! لە سبەینێ زووتر نییە، سەفەر دەکەین!"

هەرچەند بیریشی بڵاو بوو، بەلام درێژەی دایە، "خۆیشمان دەگەیەنینە نەنێ، وتت چی؟ پێدەچێت لە بەرلین پێی بگەینەوە و بیبینین. ئاخۆ هەرکە لەوێ بمانبینێت، تۆ پێت وایە چیمان پێ بڵێت؟ ئەی ئاخۆ بەڕێز ئاستلی؟..."

بەدەم قاقای پێکەنینەوە وتی، "خۆ ئەو بەڕێز ئاستلییە بۆ خاتری من خۆی لە شاخی شلانگن بێرگەوە بەر ناداتەوە!" لەسەری ڕۆیشت، "گوێ بگرە، دەزانی نیازی بوو هەینیی داهاتوو بۆ کوێ گەشت بکات؟ وا بەنیاز بوو بڕوات بۆ بەستەڵەکی باکوور، تاکوو لەوێ خۆی بە لێکۆڵینەوەی زانستییەوە خەریک بکات. منیشی بانگهێشتی ئەو گەشتەی خۆی کرد. ها... ها... ها! دەیشیوت ئەگەر ئەوروپاییەکان

نەبوونایە، ئەوا ئێمەی ڕوس فێری هیچ نەدەبووین، چونکە ئێمەی ڕوس بەکەڵکی هیچ نایەین. بەڵام ئەوە دەزانیت، کە خۆی لە خۆیدا پیاوێکی نیان بوو؟ دەیوت کە بلانش... خۆشەویستی... نازانم چیی دەوت... ئەمەیانی جۆرێک وت، وەکوو ئەوەی نەزانێت بڵێت چی! هەژار و داماون! بەزییم پێیاندا دێتەوە. ئای... چەندە بەزەییم بە نەنێیشدا دێتەوە! گوێ بگرە، ئاخر چۆن بۆت دەکرا دی جریو بکوژیت؟"

"ئەمجا بەپێکەنینەوە وتی، "تەنانەت بارۆنیشت بۆ نەدەکوژرا!

ئای ئەو ڕۆژە لەگەڵ بارۆندا چەندە پێکەنینهێن بوویت! ئەو ڕۆژە لەسەر کورسییەکەی خۆمەوە، لێم دەڕوانین. کاتێک تۆم نارد بۆ لای ئەو. ئای... کە پێی نارەحەت بووی!"

ویستی قاقای پێکەنینەکەی بشارێتەوە و لەسەری ڕۆیشت، "ئای منیش چەندە پێکەنیم! ئای کە پێکەنیم!"

لەناکاو ماچی کردمەوە و نووساندمی بە خۆیەوە! بە سۆزێکی زۆر گەرمەوە ڕوومەتی بە ڕوومەتمەوە نووساند. وای کرد بیرم لە هیچ نەدەکردەوە و هیچیشم نەدەبیست! تووشی سەرەگێژە بووبووم، کاتێک بەئاگا هاتمەوە، سەعات دەوروبەری ٧ی بەیانی بوو، تیشکی خۆر لەنێو ژوورەکەدا بوو. پاولین بەتەنیشتمەوە دانیشتبوو و چاوی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕا، هەر وەکوو ئەوە بوو بیری بڵاوی خۆی جارێکی تر کۆ بکاتەوە.

دەمێک نەبوو ئەویش لە خەو هەستابوو. بە چاوانی ئەبڵەقەوە لە کۆمەڵە پارەی سەر مێزەکەی دەڕوانی!

لەبەر خۆیەوە وتی، "سەرم قورس بووە و دەئێشێت."

منیش ویستم دەستی بگرم، بەڵام نەیهێشت. لەسەر قەنەفەکە هەستام، خۆر لە بەرزبوونەوەدا بوو. بەرەبەیان بوو و باران باریبوو.

پاولین لە پەنجەرەکەوە نزیک بووەوە و کردیەوە. ئەمجا بەسەر پەنجەرەکەدا نووشتایەوە، بێ ئەوەی گوێ لە من بگرێت و هەر سەیریشم بکات، چەند خولەکێکی پێ چوو.

بیرۆکەیەکی تۆقێنەر بە مێشکمدا گوزەری کرد، ئاخۆ دەبێت چی ڕوو بدات؟ ئاخۆ کۆتاییەکەی چۆن بێت؟

لەناکاو پاولین پەنجەرەکەی جێ هێشت و ڕووی لە مێز و پارەکە کرد. بە ڕق و کینەیەک، کە لێوەلەرەی پێ خستبوو،

وتی، "دەی، هەر ئێستا ئەو ٥٠٠٠٠ فرەنکەی خۆمم بدەرێ!"
منیش وتم، "ئەوە چیتە، پاولین؟ دیسان چیرۆکەکەت دەست پێ دەکەیتەوە؟"
ئەویش هەڵی دایە، "ئەویش... گەر بیرت نەگۆڕیبێت! ها ها ها! خۆ ڕەنگە پەشیمانیش بووبێتیتەوە."
ئەو ٢٥٠٠٠ فلۆرینەی دوێنێ شەو ژماردبووم و دەستەم کردبوو، هێشتا لەسەر مێزەکە بوو. منیش دەستم دایە ئەو سەفتە پارەیە و دەستم بۆی درێژ کرد.
پاولین پارەکەی وەر گرت و لێی پرسیم، "ئێستا ئەم برەپارەیە هیی خۆمە، وا نا؟ ئەی وا نییە؟"
منیش وتم، "هەر لە سەرەتاوە ئەوە پارەی خۆت بووە."
ئەویش پارەکەی کێشا بە سەروچاومدا و بەو ناوەدا بڵاو بووەوە و پێی وتم، "زۆر باشە، کە وا بوو، هەر ئێستا ئەو چەند هەزارەی خۆت ببەوە!"
ئەمجا بە ڕاکردن لە دەرگاکەوە چووە دەرەوە.
منیش هەرچەند نەمدەزانی هۆی ئەو شێتبوونە کتوپڕەی چی بوو، بەڵام هەر زوو تێگەیشتم کە لەو ساتەدا ژیریی خۆی لەدەست داوە! ئەوە ڕاست بوو کە لە مانگێک لەمەوبەرەوە نەخۆش بوو و ئێستایش هەر نەخۆشە، بەڵام ئەی ئەم هەژاندن و هەڵچوونە چی بوو، کە بەسەریدا هات؟ بەڵام بڵێی نەفسیم شکاندبێت و سووکایەتیم پێ کردبێت؟
بڵێی پێی وا بێت کە منیش بەو بڕی ٥٠٠٠٠ فرەنکەی دەیدەمێ، وەکوو دی جریوی لەگەڵ دەکەم؟ لە کۆڵ خۆمی دەکەمەوە؟ بەڵام شتی لەو جۆرە، هەر بوونیشی نییە... پێم وایە لە لەخۆباییبوون زیاتر، هیچی تر نەبوو، کە ئەوەی پێ کرد! هەر ئەو لەخۆباییبوونەیش بوو، کە نەیهێشت متمانەم پێ ببەخشێت و بگرە سووکایەتییشم پێ بکات. هەرچەند ڕەنگە خۆیشی هەر بەتەواوی لەو پاڵنەرەی خۆی بێئاگا بووبێت. ئەگەر شتەکە وا کەوتبووبێتەوە، ئەوا لەبریی دی جریو، سزای شیاوی منی داوەتەوە. ڕەنگە بێ ئەوەی دەستی منیشی تێدا بووبێت، ئەو منی بە تاوانبار لەقەڵەم دابێت!

ڕاستە ئەوەی کە ڕووی دا، لە بزرکاندن بەولاوە، هیچی تر نەبوو. ئەوەیش ڕاستە کە من دەمزانی ئەو دەی بزرکێنێت، بڵێی ئەو نەتوانێت ئێستا لێم خۆش ببێت؟ بەڵام

ئەگەر ئەوە بۆ ئەمرۆی من ڕاست بێت، ئەی دەبێت بۆ دوێنێ چی بووبێت؟ ئەی لەبارەی دوێنێوە چی؟

نەخۆشی و بزرکاندنەکەی هێندە بەتینوتاو نەبوو، تاکوو نەزانێت چی بکات، لەو نامەیەی دوێنێی دی جریو، کە بۆ منی هێنابوو. کە وا بوو، خۆی دەیزانی چی دەکات. منیش بەپەلە ئەو پارانەی مابوونەوە، کۆم کردنەوە و بەگرموڵەیی لە ژێر پشتییەکەم خست. پۆشەرەکەیشم بەسەردا کیشایەوە. هەر دوای ۱۰ خولەکێک، دوای دەرچوونی پاولین، منیش چوومە دەرەوە.

لێم ڕوون بوو کە دەچێتەوە بۆ ماڵی خۆیان. ویستم بەدزییەوە و بێ چرپە خۆم بکەم بە شوقەکەیاندا و هەواڵی تەندروستیی پاولین لە کارەکەرەکەی بپرسم، سەرسام بووم بەوەی کارەکەرەکەی پێی وتم، کە هێشتا خاتوونەکەی نەگەڕاوەتەوە! بەو نیازەیش هاتووەتە دەرەوە، تاکوو هەواڵی خاتوونەکەی لە من بپرسێت.

منیش بە کارەکەرەکەیم وت، "خۆ ئەو کەمێک لەمەوپێش لە ماڵی من هاتە دەرەوە! هەر وا ۱۰ خولەکێک دەبێت. ئەی ئاخۆ ڕووی لەکوێ کردبێت؟"

کارەکەرەکەیش بە چاوێکی بەگلەیییەوە سەیرێکی کردم.

هەر لەم کاتەیشدا چیرۆکەکە بەنێو ئوتێلەکدا دەسووڕایەوە و نیشتەنییان بە گوێی یەکتردا دەیانچرپاند.

لای ژووری سەرکاری خزمەتکارانەوە پێیان وتین، کە لە سەعات ٦ی بەیانیدا و بەژێر ڕێژنەی بارانەکەدا، بەڕاکردن چووەتە دەرەوە و بەرەو ئوتێلی ئنگلتەرە بووەتەوە.

بە قسەکانیاندا دیار بوو، کە زانیبوویان شەوی ڕابردووی لای من ڕۆژ کردووەتەوە!

ئەمجا کەوتبوونە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی بنەماڵەی ژەنەراڵ. دەشیانزانی کە دوێنێ، ژیریی لەدەست دابوو و هێندە گریابوو، کە هەموو نیشتەنییانی ئوتێلەکە پێیان زانیبوو!

بەو بۆنەیەوە ئەوەیشیان وتبوو، کە نەنێ دایکی ئەوە! لە شاری مۆسکۆیشەوە بەتایبەتی بۆ ئەوە هاتبوو، کە نەهێڵێت کوڕەکەی مادمۆزێل دی کۆمینگ مارەی بکات و بیکاتە هاوسەری خۆی.

ئەگەر بەقسەیشی نەکات، لە میراتیی خۆی بێبەشی دەکات! ژەنەراڵیش داواکەی ئەو دایکەی ڕەت کردووەتەوە

و ئەویش لە داخی ئەوەدا، هەر بەئارەزوو سامانەکەی بە قوماری ڕۆلێت دۆڕاندووە! بۆیەش ئەو کارەی کردووە، تاکوو ژەنەراڵ هیچ میراتییەکی بۆ نەمێنێتەوە!

سەرکاری خزمەتکاران بەبێزارییەوە سەری دەلەقاند و دەیوت، "ئای لەو ڕوسییانە"!*

خەڵکەکەیش پێدەکەنین.

سەرکاری خزمەتکاران خەریکی نووسینی لیستێک بوو و دەیزانی دوێنێ شەو من براوەی قومارخانەکە بووم.

کارلیش خزمەتکاری ئەو نهۆمە بوو، کە منی تێدا نیشتەجێ بووم، یەکەم کەسێک بوو، کە پیرۆزباییی بردنەوەکەمی لێ کردم، بەڵام بیری من سەرقاڵی شتێکی تر بوو. هەر زوویش بەرەو ئوتێلی ئینگلتەرە چووم.

ئێستایش بەرەبەیانێکی زووە و بەڕێز ئاستلی نایەوێت کەس ببینێت، بەڵام هەر کە زانیی ئەوە منم، هاتە دالانەکەوە. لە جێی خۆی وشک بوو و ماندووانە لە منی دەڕوانی و چاوەڕێی ئەوە بوو من قسە بکەم. منیش بەپەلە هەواڵی پاولینم لێ پرسی.

ئەویش کە چاوی لێم نەدەترووکاند، وەڵامی دایەوە، "نەخۆشە!"

منیش پرسیم، "کە وا بوو، ئێستا لای تۆیە؟ ئەرێ؟"

ئەویش وەڵامی دامەوە، "بەڵێ، لای خۆمە."

پرسیم، "ئاخۆ... ئاخۆ بەنیازیت لای خۆت بیهێڵیتەوە؟"

ئەویش وتی، "بەڵێ."

منیش وتم، "بەڕێز، ئەوە دەبێتە مایەی ئابڕووچوون، کاری لەو جۆرە مەحاڵە. ئەمجا ئەو هەر بەڕاستی نەخۆشە، ئەی تۆ سەرنجی ئەوەت نەداوە؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە، "بەڵێ، زووتر خۆم پێم وتیت کە نەخۆشە. ئەگەر زووتر نەخۆش نەبووایە، شەوی ڕابردوویش لای تۆ نەدەمایەوە."

منیش پرسیم، "بۆچی تۆیش ئەوەت زانیبوو؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە، "بەڵێ، لە کاتێکدا دەبوو شەوی پێشووتریش، لای من بمایەتەوە، دوێ شەویش دەبوو

* لە ڕاستیدا ئەڵمانەکان ئەو شێوازە بەکار دەهێنن.

بچووایە کن کچە خزمێکی من، بەڵام لەبەر ئەوەی نەخۆش بوو، ڕێی ون کرد و هات بۆ لای تۆ."

منیش وتم، "کە وا بوو پیرۆزباییت لێ دەکەم، ئەی ئاستلیی بەڕێز. ئێستا شتێکت بیر هێنامەوە. ئەوە تۆ نەبوویت دوێنێ شەو لەژێر پەنجەرەکەی مندا بوویت؟ خاتوو پاولین زووزوو بە منی دەوت، کە سەیری ژێری ئەو پەنجەرەیە بکەم. هەر ئەو کارەی تۆ، وای کرد ئەو فرە بە تۆ پێبکەنێت."

ئەویش وتی، "جا شتی وا دەبێت؟ نەخێر، من لەژێر ئەو پەنجەرەیەی تۆدا نەبووم. من لە داڵانەکەدا دەهاتم و دەچووم، چاوەڕوان بووم."

منیش وتم، "ئاستلیی بەڕێز، پێویستە ئەو چارەسەر بکرێت."

ئەویش وتی، "ناردوومە دووی پزیشک، خۆ ئەگەریش بمرێت، خۆم دەزانم چۆنچۆنی تۆڵەت لێ بکەمەوە."

منیش سەرم لێی سووڕ ما!

ئەمجا پرسیم، "سوپاسگوزارت دەبم، گەر پێم بڵێیت مەبەستت لەم قسەیە چییە؟"

ئەویش لە منی پرسی، "ڕاستە دەڵێن کە دوێنێ ۲۰۰۰۰۰ تالیرت بردووەتەوە؟"

منیش وتم، "تەنیا ۱۰۰۰۰۰ فلۆرین بوو."

ئەویش هەڵی دایە، "ئا... ئاوا! کەمێکی تریش سەفەری پاریس دەکەیت."

منیش پرسیم، "لەبەر چی؟"

ئەویش وەکوو ئەوەی کتێب بخوێنێتەوە، وتی، "چونکە ڕوسەکان هەر پارەیان هەبوو، گەشتی پاریس دەکەن..."

منیش پرسیم، "جا من چ کارێکم لە پاریس هەیە؟ لە هاوینیشدا؟ بەڕێز ئاستلی، خۆت زۆر باش دەزانیت، کە من ئەو کچەم خۆش دەوێت."

ئەویش وتی، "بە ڕاستتە؟ بەڵام من پێم وایە پێچەوانەی ئەم قسەیەی تۆیە! دواتر، گەر هەر لێرە بمێنیتەوە، ئەوا ئایەومایەت دەدۆڕێنیت! هێندەت پێ نامێنێتەوە، تا سەفەرەکەی پاریسیشی پێ بکەیت. دەی، خوات لەگەڵ. من لێم ڕوونە، کە هەر ئەمڕۆ گەشتەکەت دەکەیت."

منیش وتم، "زۆر باشە، خوات لەگەڵ. ئەوەیش بزانە کە ئەو گەشتە ناکەم. کەمێ بیر لەوەیش بکەوە، کە لێرە

بەدواوە ڕوو دەدات! دواجار ژەنەڕاڵیش چیرۆکی پاولین بە شاردا بڵاو دەکاتەوە."

ئەویش وتی، "بەڵێ. بە هەموو شاردا بڵاو دەبێتەوە. پێم وایە ژەنەڕاڵ لەمە ناکات، ئەو شتگەلیکی تر سەرقاڵی کردووە و بیروهۆشی گرتووە. دواجار خاتوو پاولین مافی خۆیەتی، کە کوێی پێ خۆش بوو، لێی بمێنێتەوە. خۆ ڕەوایە بڵێم، کە خێزانەکەیشی بوونی نەماوە."

کاتێک بەڕێز ئاستلیم جێ هێشت و گەڕامە دواوە، بڕێک بەو بڕوابەخۆبوونەی کە لە قسەکانیدا دەر دەکەوت و بەوەیشی کە من سەفەری پاریس دەکەم، پێکەنیم.

لە دڵی خۆیشمدا وتم، "ئەو بەنیازیشە ئەگەر پاولین شتێکی لێ بێت، یان بمرێت، شەڕەشیرم لەگەڵ بکات و بمکوژێت. بە خوا باشە!..." سوێند دەخۆم من بەزەییم بە پاولیندا دەهاتەوە.

لە ڕاستیدا ئەوەیش بەلامەوە سەیر بوو، هەر کە دەستم بە پارەکان گەیشت و لە کاتی قومارکردنەکەیشمدا خۆیشەویشتیی پاولین لە پلەی دووەمی بیروهۆشمدا بوو. ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، بەڵام ئەمە ئێستا دەڵێم، بەڵام ئەوکات ئەو هەستە بەلامەوە ڕوون و ئاشکرا نەبوو.

ئاخۆ هەر بەڕاستی من قومارچی بم؟ ئاخۆ خۆشەویستیم بۆ پاولین، هێندە سەیر و نامۆ بووبێت؟ نەخێر، خوا شایەتی حاڵە، ئێستایش هەر خۆشم دەوێت.

کە بەڕێز ئاستلیم جێ هێشت، لە ناخمەوە هەستم بە خەم و ئازار کرد. لە کاتی چوونەوەیشم بۆ ژوورەکەی خۆم، کەوتمە سەرزەنشتی خۆم، هەرچەندە تووشی نامۆترین و گێلانەترین سەرکێشی بووم، بەڵام بەخێرایی بەرەو لای ژەنەڕاڵ بوومەوە. بە گەیشتنم، دەرگاکە کرایەوە. گوێم لێ بوو یەکێک بانگی دەکردم. ڕوانیم خاتوو دی کۆمینگی بێوەژن بوو، مادمۆزێل بلانش ڕای سپاردبوو، تا من بانگ بکات. منیش خۆم کرد بە شوقەکەی ئەو ژنە گەنجەدا. ئەو دووانە لە شوقەیەکی دووژووریدا نیشتەجێ بوون.

قاقای پێکەنینی مادمۆزێل بلانش لە ژووری خەوتنەکەیەوە دەبیسترا. دەمێکیش نەبوو لە خەو هەستابوو.

وتی، "ها، ئەوە خۆیەتی؟ وەرە گێل و هێڕ، وەرە! ڕاست دەکەن کە وا تۆ کێوێک پارە و زێڕوزیوت بردووەتەوە؟ بە

هەرحاڵ، زێڕ کاریگەریی فرەی لەسەر من هەیە!"
منیش بەپێکەنینەوە وتم، "بەڵێ، براوە بووم."
ئەویش لێی پرسیم، "چەندت بردەوە؟"
وەڵامیم دایەوە، "١٠٠٠٠٠ فلۆرین."
هەڵی دایە، "ئای چەندە گێلیت! وەرە... وەرە ژوورەوە، با گوێم لە قسەکانت بێت. کە وا بوو، بە ئارەزووی خۆمان جڵەو شل دەکەین و دەڕۆین! وا نا؟"
چوومە ژوورەوە. ئەویش لێی ڕاکشابوو و سەرچەفێکی ئاوریشمی گوڵڕەنگی بەسەرەوە بوو و هەردوو سەرشانی خڕی گۆشتنی گەنمڕەنگی ناسک و جوانی بەدەرەوە بوو. دوو سەرشانی هێندە جوان، کە مرۆڤ لە خەونیشیدا نەیدەبینی! قوماشێکی تەنک بەسەر شانەکانیەوە بوو، هێندەی تر پێستی برۆنزیی شانەکانی جوان کردبوو.
کە منی بینی، هاواری کرد، "کوڕەکەم، تۆیش دڵت هەیە*؟ لە پێکەنینیش نەکەوتبوو.
منیش ڕستەی گفتوگۆکەی کۆرنیم بۆ تەواو کردو وتم، "یان شتێکی تر..."
کەوتە زۆربڵێیی و وتی، "دەبینیت! دەبینیت! ئا...ئەو گۆرەوییانەم بۆ بێنە و لەپێیشمی بکە! لە دواجاردا ئەگەر زۆر گێل نەبوویتایە، لەگەڵ خۆم دەمبردیت بۆ پاریس خۆت ئاگاداریت کە لەسەر سەفەری ئەوێم."
منیش وتم، "هەر ئێستا و وا بەخێرایی؟"
ئەویش وەڵامی دایەوە، "هەر دوای نیوسەعاتێکی تر."
لە ڕاستییشدا شتەکانی خۆی پێچابووەوە و جانتاکان ئامادە کرابوون. ماوەیەک بوو قاوەکەیشم خواردبووەوە.
ئەمجا پێی وتم، "ئەگەر بتەوێت، پاریسیش دەبینیت. پێم بڵێ، وشەی پەروەردەکار واتای چی دەگەیەنێت؟ ئای چەندە گێل بووم، ئەو کاتانەی مناڵانم پەروەردە دەکرد! ئەرێ ئەوە گۆرەوییەکانم لەکوێن؟"
پێیە بچووکە ناسکە جوانەکانی دەر خست و وتی، "ئەرێ ئەی تۆ گۆرەوییەکانم بۆ لەپێ ناکەیت؟"
دوو پێی گەنمڕەنگی تەنک، ئەو تێکچوون و نارێکییەی لە

---

* "کوڕەکەم، تۆیش دڵت هەیە؟ یان شتێکی تر..." گفتوگۆیەکی نێو شانۆگەریی بەڕێزی کۆرنیی شانۆنووسە.

پێیەکانی تردا دەبینران، بەو پێیانەی ئەوەوە نەبوو!
منیش بەپێکەنینەوە گۆرەوییەکانم لە پێیەکانی هەڵکێشا، ئەویش کە لەسەر سیسەمەکە دانیشتبوو، دەیوت و دەیوتەوە.
لێی پرسیم، "ئێ، گەر لەگەڵ خۆم تۆیشم برد، چی دەکەیت؟"
یەکەم شت، ٥٠٠٠٠ فرەنکم، هەر لە فرەنکفۆرت دەدەیتێ، ئەمجا دەڕۆین بۆ پاریس، ئیدی لەوێ پێکەوە دەژین. هەر لە ڕۆژی نیوەڕۆدا ئەستێرەکانت پیشان دەدەم! ژنگەلێکت پیشان دەدەم، کە لە ژیانتدا نەتدیبن! گوێ بگرە..."
منیش هەڵم دایە، "جا باشە گەر هەر ٥٠٠٠٠ فرەنکەکە بدەم بە تۆ، چی بۆ خۆم دەمێنێتەوە؟"
ئەویش وتی، "ئەی ١٥٠٠٠٠ فرەنکەکەی ترت بیر چووەتەوە؟ دواجار منیش بەوە ڕازی دەبم، یەک-دوو مانگ لەگەڵتدا بمێنمەوە! ئەی ئەوەیش دەزانیت، کە لەو دوو مانگەیشدا لەسەر ئەو ١٥٠٠٠٠ی تریش ڕێک دەکەوین. من کیژۆڵەیەکی نیانم و هەواڵی داهاتوویشت هەر ئێستا دەدەمێ. ئەوەیشت بیر نەچێت، کە ئەستێرەکانیشت پیشان دەدەم!"
منیش بەسەرسوورمانەوە پرسیم، "جا شتی لەو جۆرە دەبێت؟ لە دوو مانگدا، لەسەر هەموو شتێک پێک بێین؟"
ئەویش هەڵی دایە، "ئاخۆ ئەوە تۆ دەترسێنێت؟ ئای کە بەندەیەکی خراپیت! ئەی ئەوە نازانیت کە یەک مانگ لە ژیانی لەو جۆرە، هەموو تەمەنت دێنێت؟ یەک مانگ و لافاو هەڵدەستێت! بەڵام لەوە ناچێت تۆ لەوە بگەی! دەی... دەی... بڕۆ بە ڕێی خۆتەوە! تۆ ئەوە ناهێنیت و شایستەی ئەوەیش نیت! ئای... ئەی بەنیازی چیت؟"
منیش لەو کاتەدا خەریکی لەپێکردنی تاکی دووەمی گۆرەوییەکەی بووم، بەڵام من خۆم بۆ نەگیرا و پێیم ماچ کرد. ئەویش لاپێی کێشا بە دەموچاومدا و کێشایەوە. دواتر دەری کردم..."
بە دەنگی بەرز، پێیشی وتم، "ئەها... پیاوە لەلەی منداڵ پەروەردەکارەکە... گەر خۆت ویستت، ئەوا چاوەڕوانتم... دوای نیوسەعاتی تریش سەفەر دەکەم."
منیش گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم و، تووشی سەرەگێژە بووبووم.
لە دڵی خۆمدا وتم، خۆ ئەوە گوناهی منی تێدا نەبوو، کە

ئەو پارەکەی دایەوە بە چروچاومدا. لەو ئێوارەیەوە بەڕێز ئاستلیی لە من بە باشتر زانی!

هێشتا برێک پارە لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، کە دەرگا کرایەیەوە و بەڕێوەبەری ئوتێلەکە هاتە ژوورەوە - ئەوێک کە جاران چارەی نەدەویستم و نەیدەویست بشمبینێت - داوای لێ کردم شتومەکەکانم بگوێزمەوە بۆ نهۆمی خوارەوە و لەو شوقە قەشەنگەدا نیشتەجێ ببم، کە ماوەیەک لەمەوپێش کۆنت (ک...)ی تێدا نیشتەجێ بوو. منیش کەمێک بێدەنگ بووم.

دواتر هاوارم کرد، "لیستی خەرجیی ئەو شوێنەم بۆ بێنە، کە باسی دەکەیت. چونکە هەر دوای ١٠ خولەکی تر، سەفەری پاریس دەکەم."

لەبەر ئەوەیش ئەوەم وت، چونکە منیش بە خۆمم وتبوو، "کورە تۆیش گەشتێک بکە."

بێگومان ئەوە لە چارەم نووسرابوو و چارەنووسم بوو.

هەر وایش دەر چوو و دوای چارەکەسەعاتێک، هەردووکمان، واتا خۆم و مادمۆزێل بلانش و خاتوونی دی کۆمینگی بێوەژن، لە فارگۆنی تایبەت بە خێزانی شەمەندەفەرەکەدا بووین. مادمۆزێل لە منی دەڕوانی و پێدەکەنی، جۆرێکیش پێدەکەنی، کە فرمێسک کەوتە چاوانی. دی کۆمینگی بیوەژنیش بەدەمیەوە پێدەکەنی.

نالێم لەو کاتەدا منیش دڵشاد بووم، چونکە لەو شەوەوە فێری قوماری کاغەزێن بووبووم، ژیانم بووبوو بە دوو بەشەوە، بەڵام ڕەنگە ئەوەیش ڕاست بێت، کە بەرگەی پارە ناگرم. ژیریم لەدەست دابوو. دوور نییە ئەوە ڕاست بێت، بەڵام خۆم خوازیاری لەوە زیاتر نەبووم! لێیشم ڕوون بوو، هەر دێ شێوەکە بگۆڕێت.

هەر مانگێکە و دواتر دەگەڕێمەوە و... بەڵێ، گەر ژیریم بەهەڵەمدا نەبات، کارەسات لە هەردووکمان دەقەومێ، لەنێوان من و بەڕێز ئاستلیدا...! لە کاتێکدا لەگەڵ ئەو بلانشە هێڕەدا پێدەکەنیم، هەستم بە ترسێکی تۆقێنەریش دەکرد...

بلانش پێکەنینەکەی بڕییەوە و بە سەرزەنشتەوە هاواری کرد، "بەڵام ئەی تۆ چیت دەوێت؟ گوایە هەست بە کەرێتیی خۆت ناکەیت؟ ئای چەندە بێمێشکیت! بەڵێ! بەڵێ! هەر ٢٠٠٠٠٠ فرەنکەکە خەرج دەکەین. بەلام خۆ

تۆیش تێیدا وەکوو پاشا چکۆلەکە بەختەوەر دەژییت! بە دەستی خۆیشم بۆینباخەکەی ملت هەڵەفە دەدەم، خۆیشم بە هۆرتنست دەناسێنم، تەنانەت کاتێکیش هەموو برەپارەکە خەرج دەبێت و تیا دەچێت، جارێکی تر دێیتەوە ئێرە و بانکی قوماری ڕۆلێتەکە سەرلەنوێ بەتاڵ دەکەیتەوە! باشە... ئەوە دوو جوولەکەکە چییان پێ وتیت؟ بوێری و سەرکێشی بناغە و ڕەسەنن! تۆیش کەسێکی بوێر و سەرکێشیت! بۆیە لێت دەوەشێتەوە چەندین جار و جار بێیت بۆ پاریس و بۆ لای من و پارەم بۆ بێنیت، منیش لای خۆمەوە سەرمایەیەکی ٥٠٠٠٠ فرەنکیم گەرەکە. ئەوساکە..."

قسەکەم پێ بڕی و وتم، "ئەی ژەنەڕاڵ چی؟"

ئەویش هەڵی دایە، "ئەی ژەنەڕاڵ؟ خۆت ئاگادار بوویت، هەموو بەیانییەک ئەم کاتانە دەچووە دەرەوە و چەپکێ گوڵی بۆ دەهێنامەوە. ئەم جارەیان هەر بەئارەزوو داوام لێ کرد چەپکێک لەو گوڵانەم بۆ بێنێ، کە ڕیزپەڕ و نامۆن بە بینەرانی! جا هەتا ئەو داماوە دەگەڕێتەوە، باڵندەکەی هەڵفڕیوە! ئەمجا بەڕاکردن شوێنمان دەکەوێت! بە چاوی خۆت دەیبینیت! ها ها ها... ئەوە فرە بەختەوەرم دەکات، فرەیش بەسوود دەبێت بۆم. بەڕێز ئاستلی خەرجییەکەی دەدات..."

ئا بەم شێوەیە گەشتی پاریسی کرد.

# بەشی شازدەیەم

نازانم لەبارەی پاریسەوە چی بڵێم؟
بێگومان ئەوە لەخۆیدا ڕیزپەڕ و بزرکاندن بوو. هەر وا سێ هەفتەیەک لە پاریسدا مامەوە، لە کۆتاییی ئەو سێ هەفتەیەیشدا، ١٠٠٠٠٠ فرەنکم پێبوو. تەنیا و تەنیا ئەو ١٠٠٠٠٠ فرەنکەم پێ مابووەوە، بەڵام ئەو ١٠٠٠٠٠ فرەنکەی ترم، بە کاشی دایە دەست مادمۆزێل بلانش.
٥٠٠٠٠ فرەنکیم لە فرەنکفۆرد کردە دەستیەوە و ٥٠٠٠٠ فرەنکەی تریشیم لە پاریس و دوای سێ ڕۆژ دامە دەستی و هەموویم بە چەک پێ دا و لە هەفتەیەکدا کردیەوە بە پارەی نەختینە.
دواتر پێی وتم، "ئەو ١٠٠٠٠٠ فرەنکەی لای خۆت ماوەتەوە، پێکەوە خەرجی دەکەین، ئەی لەلەی ئازیزم." ئاخر ئەو هەمیشە بە لەلە بانگی دەکردم.
سەختە مرۆڤێکی تری وەکوو ئەو گوماناوی و سڵکەر بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا هاتبێت! هێندە دەستنووقاو و بێفەڕ و وشک بوو، کە هیچ کەسێکی کۆمەڵەکەی خۆی، کە مرۆڤ بوو، بەو ئاستەی ئەو مادمۆزێل بلانشە نەگەیشتبوو.
زۆر بەسادەیی پێی وتم، کە پێویستیی بەو ١٠٠٠٠٠ فرەنکەی ترە کە پێم ماوەتەوە، تاکوو بە هۆی ئەو پارەیەی تری منەوە، بتوانێت لە پاریس نیشتەجێ ببێت.
لەسەری ڕۆیشت و وتی، "ئا ئەوە دواجار لەسەر پێیەکانی خۆم ڕاوەستام و شوێنی شایستەی خۆمم گرتووە و بۆ ماوەیەکی زۆریش، کەسیش ناتوانێت نزمم بکاتەوە. لانی کەم ڕێوشوێنی پێویستم بۆ ئەمە گرتووەتە بەر."

منیش تێرم لە بینینی ۱۰۰۰۰۰ فرەنکەکەی تریشم نەخوارد و خۆی کەوتە خەرجکردنی، هەرگیز جزدانەکەی لە ۱۰۰۰۰۰ فرەنکەکەی من بەو لاوە، هیچ پارەیەکی تری لەو برەی خۆی بە خۆوە نەبینیبوو! بەڵکوو لە بری پارەکەی خۆیشمی هەڵگرتبوو، جاروباریکیش نیازپاکانە پێی دەوتم، "ئاخر تۆ چ پێویستییەکت بە پارەیە؟"

منیش نە وەڵامم دەدایەوە و نە هیچ!

لەبەرامبەر ئەوەیشدا، خانوویەکی خنجیلەی جوانی ساز دا و کە منیشی بردەوە بۆ ماڵە نوێیەکەی،

بەدەم گێڕانمەوە بەنێو خانووەکەدا وتی، "بڕوانە پارە پاشەکەوتکردن و بڕێکی کەمی پاشەکەوتی داهات، چیی پێ دەکرێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا، ئەم خانووە ۵۰۰۰۰ فرەنکی تێ چووە، بەو ۵۰۰۰۰ فرەنکەی تری کە مابووەوە، ئەسپ و گالیسکەم پێ کڕیوە."

دواتر دوو ئاهەنگی سەما ساز درا و منیش هۆرنتس و لیزیت و کلیۆپاترە، کە ژنانێکی تایبەتمەندن و لەشفرۆشن، ئامادەی بوون. منیش ناچار بووم وەکوو خاوەنماڵ و سەردەمانی هەبوونی و دەوڵەمەندیی خۆم، لەگەڵ ژنانی بازرگانان، کە ژنانێکی کەمدەماخ و کاڵفام بوون، هەڵسوکەوت بکەم.

هەروەها لەگەڵ ئەفسەرانێکی پلەنزم و زبر بە جۆرێک، هەڵکردن لەگەڵیاندا، کە نزیک بە مەحاڵ بوو، بگوزەرێنم. تێکەڵ بە خەڵکێکی شپرزە و لووتبەرز ببم، کە خۆیان بە نووسەر و ڕۆژنامەنووس دادەنا. بە شێوەیەکی وا سەرلێشێواو و شپرزە بوون، کە ئێمە لە بیترزبۆرگدا بیریشمان لێ نەکردبووەوە، ئەمەیش لە خۆیدا شتێکی کەم نەبوو.

کار گەیشتە ئەوەی گاڵتە و لاقرتێیشیان پێ دەکردم، بەڵام من سەرم کردبووە سەر شامپانیا و لەسەر خواردنەوەی سەرومڕ بووم، تاکوو مەست بووم و دواتر لە ژوورەکەی تەنیشتیش لێی خەوتم.

مادمۆزێل بلانش دەیوت، "ئەو لە لەلەیەکی پەروەردەکارێک بەولاوە، هیچی تر نەبوو، ۲۰۰۰۰۰ فرەنکیشی بردەوە. ئەگەر من نەبوومایە، نەیدەزانی چۆنچۆنی خەرجیشی بکات! لە دواییشیدا دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی. ئاخۆ کارێک

شک نابەن، کە ئەو خۆی پێ بژیێنێت؟ ئاخر پێویستە شتێکی بۆ بکەین."
منیش زۆر جاران پەنام بۆ شامپانیا دەبرد، چونکە هەمیشە خەمبار و بێزار بووم و بێزارییەکی تۆقینەریش. لە ژینگەیەکی بۆرژوازی و بازرگانیدا پەروەردە بووم، ژینگەیەک، کە تێیدا پوولێکیش بەهەند دەگیرا!
کاتێک سەرنجم دا، لە ١٥ ڕۆژی یەکەمدا بلانش چارەی نەدەویستم. ڕاستییەکەی، ئەو بەرگەکانی بەری منی ڕێک دەخست، هەموو بەیانییەکیش بۆینباخی بۆ دەبەستم، بەڵام لە دڵەوە دەیبوغزاندم، منیش بەناچاری ئەوەیم پشتگوێ خستبوو.
هێندە پەست و خەمبار بووم، دەستم کردە چوونەدەرەوە، زۆر جاران خۆم دەکرد بە کۆشکی گوڵاندا، هەموو ئێوارەیەک خۆم مەست دەکرد و ئێوارەبوێرم نەدەکرد. خۆم فێری سەمای کانکان دەکرد. ئەو جۆرە سەمایەیش، پۆشتەیی جەستەی نەدەویست. تا وام لێ هات، ناوبانگم بەو جۆرە سەمایەوە دەر کرد، تا ئەوە بوو بلانش لەو پیاوەی بەردەستی کە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد - کە من بووم - تێگەیشت.
لە سەرەتادا ئەو پێی وا بوو من کاغەز و پێنووس بە دەستەوە دەگرم و شوێنی دەکەوم و هەرچییەکی خەرج کرد، لای خۆم دەینووسم، ئەوەیشی کە لێم دەدزێت، تۆماری دەکەم. ئەوە تۆمار دەکەم، کە وەلاوەی دەنێت و ئەوەیشی کە خەرجی دەکات.
ئەو پێی وا بوو هەر دە فرەنکییەک، بە شاتەشات و قیرەقیر نەبێت، لە چنگم دەر نایەت، هەر بۆیەش وەڵامی بۆ هەر پرسیار و هێرشبردنێکی من بۆ سەری، ئامادە کردبوو. کە بۆی دەر کەوت من هێرش ناکەمە سەری، لە بەرەی بەرگرییەوە گواستیەوە، بۆ بەرەی هێرشبردن. ئیدی جاری وا بوو جلەوی بۆ زمانی شل دەکرد، بەڵام کە دەیبینی من ورتە ناکەم و بەڕاکشانەوە لەسەر قەنەفە لە میچی ژوورەکە دەڕوانم، پێی سەیر دەبوو و سەرسام دەبوو!
لە سەرەتادا منی لە گێلێک بەولاوە، بە هیچی تر نەدەزانی. منی تەنیا و تەنیا بە لەلە سەیر دەکرد و بێدەنگ دەبوو.
بێگومانم کە لە دڵی خۆیشیدا وتوویەتی، "مرۆڤێکی کەر

و گێلە و پێویست ناکات بجوولێنرێت... دەبێت خۆی هەست بە شتەکان بکات، ئەگەر نا، هیچ شتێک لەگەڵیدا سوودی نییە."

جاری وایش بوو، دوای چوونەدەرەوەی بە ١٠ خولەک، جارێکی تر دەگەڕایەوە. ئەمەیشی ئەو کاتانە دەکرد، کە بڕێکی فرەی پارە خەرج بکردایە و نەدەبووایە بڕی لەو جۆرەی خەرج بکردایە، هەر وەکوو ئەو جارەی بە هەمان شێوە بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە، کاتێک هەردوو ئەسپی گالیسکەکەی گۆڕییەوە بە دوو ئەسپی تر و ١٦٠٠٠ فرەنکی تێ چوو. ئەو کاتە لێم هاتە پێش و پێی وتم، "ئازیزەکەم، خۆ لەو کارەم تووڕە نەبوویت... وا ئەو بڕە زۆرەم خەرج کرد؟"

هەر ئەو کاتە لە خۆمم دوور خستەوە و پێم وت، "نەخێر، تەنیا ئەوەیە... ب... ێ... زارم دەکەیت!"

وەڵامەکەی پێ سەیر بوو، بۆیە هات لەلامەوە دانیشت و وتی، "گوێ بگرە، کە بڕیاری نرخێکی وا گرانم دا و دوو ئەسپەکەم پێ کڕی، چونکە دەستکەوتنی ئەو ئەسپانەم بە هەل زانی. ئێستا دەتوانم بە دوو هێندەی نرخەکەی خۆی، کە ٢٠٠٠٠ فرەنک دەکات، بیانفرۆشمەوە."

منیش هەڵم دایە، "بڕوات پێ دەکەم... بڕوا دەکەم! دوو ئەسپی فرە قەشەنگن! ئێستا تۆیش گالیسکەیەکی مەزنی قەشەنگت هەیە، ئەمەیش لەمەودوا سوودێکی فرەی بۆ تۆ دەبێت، بۆیە چیی دی پێویست ناکات باسیان بکەیت."

ئەویش وتی، "کە وا بوو ئەوە تووڕەی نەکردوویت؟"

منیش وەڵامیم دایەوە، "جا بۆچی تووڕە دەبم؟ مافی ڕەوای خۆتە، شتێک کە پێویستت بوو، بیکڕیت. ئەوە دوایی بەخێر بۆت دەگەڕێتەوە. من هەست بەوە دەکەم، پێویستە لەسەر دوو لاقی خۆت سەقامگیر بوەستیت، چونکە تاکوو بەو شێوەیەت لێ نەیەت، نابیتە خاوەنی ملیۆنێک. ئەو ١٠٠٠٠٠ فرەنکەی بوویتە خاوەنی، سەرەتایە و دڵۆپێکە لە دەریایەک."

ئەمەم وت و بلانشێک کە چاوەڕێی شیرە و هاوار و سەرزەنشت بوو لە من، نەک بیروڕایەکی لەم جۆرە! وەکوو لە سەربانی بەر بدەیتەوە، وا بوو!

بۆیە وتی، "کە وا بوو، تۆ بەو شێوەیەیت؟ بیروڕایەکانت

ئاسانن و بە بیروهۆش هەر زوو هەرس دەکرێت! دەزانیت کوڕی خۆم، ئەو لەلەییە و منالپەروەردەکردنەت بە میریی گەیاندوویت! کە وا بوو، تۆ بە داخی ئەوەوە نیت، کە پارەکانمان، بەو خێراییە لەدەست دەر دەچێت؟"

منیش وتم، "نا... نەخێر... پارە بە دۆزەخ!... با با بیبات!"

ئەویش وتی، "ئەوە دەزانم، بەلام پێم بلێ، بشێ تۆیش دەولەمەند ببیت؟ ئاخر تۆیش زێدەڕەوی دەکەیت لە ڕقبوونەوەت لە پارە! باشە ئەی دواتر چی دەکەیت؟ پێم بلێ..."

منیش وتم، "سەفەری هامبۆرگ* دەکەم. لەوێیش ١٠٠٠٠٠ فرەنکی تر دەبەمەوە."

ئەویش قسەکەی لێ قۆستمەوە، "بەلێ! بەلێ! دەبێت هەر وا بکەیت! زۆر جوانە! بێگومانم لەوەیش کە تۆ براوە دەبیت. هەر خۆیشت ئەو بڕەپارەیەیشم بۆ دەهێنیتە ئێرە! پێم بلێ، کاری چاکی لەم شێوەیەم لەگەل دەکەیت. دواجار منیش تۆم خۆش دەوێت! بە درێژاییی ئەو ماوەیە، منیش تۆم خۆش دەوێت و بۆ یەک جاریش ناپاکیت لەگەل ناکەم. ئەوە پێدەزانیت؟ بەم دواییانە تۆم خۆش نەدەویست، چونکە پێم وا بوو تۆ تەنیا منالپەروەردەکەرێکیت و هیچی تر. ئەم پلەیەیش، فرە لە خزمەتکارییەوە نزیکە، وا نا؟ لەگەل هەموو ئەمانەیشدا، بەوەفا بووم بۆت. چونکە کچێکی ڕەوشتجوان بووم و ناپاکیم لێ نەکردیت."

منیش وتم، "لەم قسانە مەکە! ئەی تۆ نەبوویت کە ناپاکیت لەگەل کردم و لەگەل ئەلبێردا بوویت؟ ئەفسەرە پلەنزمەکە! بۆچی تۆ پێت وایە هەستم پێ نەکردبوو؟"

ئەویش دەستی پێ کرد، "ئۆی... ئۆی... بەلام خۆ تۆ..."

منیش وتم، "درۆ دەکەیت! درۆ دەکەیت! بەلام وا نەزانیت ئەو کردەوەیەت تووڕەم دەکات. بە هەرحال، دەری نەکەیت، ها. چونکە ئەو لەو بوارەدا لە من کۆنترە! ئەو خۆشەویستی تۆیە، بەلام نەکەی پارەی بدەیتێ... گوێت لێم بوو؟"

بلانشیش وتی، "کە وا بوو، تەنانەت لەوەیش تووڕە نیت؟ بەڕاستی تۆ فەیلەسووفیت! خۆت ئەوەت زانیوە؟ هەر

---

* هامبۆرگ: تاکوو سالی ١٨٩٩یش، پایتەختی دۆقییەتی هیسە بوو و یانەی قومارخانەی تێدا بوو.

بەڕاستی فەیلەسووفیت...!"

بە هەژانێکی فرەوە بلانش هاواری کرد، "لەمەودوا تۆم خۆش دەوێت! ئیدی تۆم خۆش دەوێت! دەبێت بە چاوی خۆت بیبینیت! دەبینیت چۆنچۆنی لێم ڕازی دەبیت!"

هەر بەڕاستییش وا بوو، بڕێک لە نزیکتربوونەوەی بە منەوە پێوە دیار بوو، بەڵکوو شتێک لە هاوڕێیەتیی بۆ دەرخستم. ئەو دە ڕۆژەی دواییمان بەو شێوەیە بەسەر برد. هەرچەند وەکوو خۆی دەیوت، ئەستێرەکانت لە ڕۆژی نیوەڕۆدا پیشان دەدەم، کەچی وا دەر نەچوو. بەڵام لە هەندێ ڕووەوە، پەیمانەکەی بردە سەر.

بە هۆرنتسیشی ناسانم، کە ژنێکی هێندە بەکاریزما بوو، خەڵکەکە بە ژنە تیریزی* فەیلەسوفیان دەچوواند.

ئێستا بوار نییە فرەتر لەسەری بڕۆم و بۆ خۆی دەیهێنێت بەجیا چیرۆکێکی لەسەر بنووسرێت، منیش نامەوێت چیرۆکەکەمی پێ ڕووتووش بکەم. لە ڕاستییشدا بە هەموو توانامەوە خوازیاری ئەوە بووم، کە هەموو ئەمانە زۆر بەخێرایی دواییان پێ بێت.

ئەو ١٠٠٠٠٠ فرەنکەی بوومان، بەرگەی نزیکەی مانگێکی گرت. هەر بەڕاستیش ئەمە سەرسامی کردم! بلانش بڕێک شتومەکی بە لای کەمەوە بە ٨٠٠٠٠ فرەنک کڕی. کە وا بوو، ئێمە هەر ٢٠٠٠٠ فرەنکێکمان خەرج کردبوو، ئەمەیش بۆ خۆی بەس بوو. بلانشیش کە بەم دواییانە ڕاستگۆ ببوو لەگەڵمدا، یان لایەنی کەم لە هەموو شتەکاندا درۆی لەگەڵ نەدەکردم، خۆی دانی بەوەدا نا، کە من بەرپرس نیم لە قەرزەکانی ئەو.

وتیشی، "بڕێک لیستی خەرجی هەبوون، کە بە تۆم واژۆ نەکردووە، چونکە بەزەییم پێتدا هاتەوە. هەر ژنێکی تر بووایە، بێگومان ئەوەی دەکرد. بەو کارەی، تۆی ڕەوانەی بەندیخانە دەکرد. تۆ ئەوەیت و بزانە کە چەندەم خۆش دەوێیت! چەندەش نیان بووم لەگەڵت!"

ئەو هاوسەرگیرییە نەگەبەتەیش، بڕێکی خەیاڵی و شێتانە دەکەوێت لەسەرم. ئەو هاوسەرگیریەی لە کۆتای ئەم مانگەدا،

---

* خاتوونە تیریزی فەیلەسووف: هێمایە بۆ ئەو ڕۆمانە چڕ و ئاڵۆزەی نووسەرەکەی نەناسراوە و ساڵی ١٧٤٨ لە لاهای چاپ کراوە.

که پێکەوە بەسەرمان برد، هەر بەڕاستی ڕووی دا. پێویستە وای دابنێین، ئەو بڕە کەمەی لە ۱۰۰۰۰۰ فرەنکەکە مابووەوە، خەرج بووە. چیرۆکەکەیش بەم هاوسەرگیرییەمان کۆتا بوو. مەبەستم ئەوەیە، ئیدی ئەو مانگەیش کۆتا بوو، کە پێکەوە تێیدا ژیاین و بە فەرمی منی تێدا خانەنشین بووم.

هەر ئێستا تێیشت دەگەیەنم ئەمە چۆن ڕووی دا: دوای گەیشتنمان بە پاریس و بە ۸ ڕۆژ، ژەنەڕاڵ هات و خۆی گەیاندە بلانش. تەنانەت نیازیشی بوو، تا کۆتاییی گەشتەکەیشمان، لەگەڵمان بمێنێتەوە، لە ڕاستیدا لەو ناوەیش شوقەیەکی هەبوو. بلانشیش بە ڕووی کراوەوە و بە قاقای پێکەنینەوە پێشوازیی کرد. تەنانەت خۆیشی بە ملیدا هەڵواسی. کارەکە وا کەوتەوە، وەکوو ئەوەی بلانش خۆی ماستاو بۆ ژەنەڕاڵ بکات! ژەنەڕاڵیش لەسەری بوو ئەو بگێڕێت بە شارەکەدا و هەر وایشی کرد و شەقامە سەرەکییەکانی گێڕا. بردی بۆ گەشت و چوونە نمایشی شانۆ و سەردانی هاوڕێکانی بلانشیشیان کرد.

ژەنەڕاڵ هێشتا لە توانایدا ماوە ئەو کارە بکات، ئەو پیاوێکی ڕێکپۆش و پایەبەرز و ناوقەد باریک و ڕیش و سمێڵ جوان بوو. (ئەم ژەنەڕاڵە کاتی خۆی لە سوپای سوارەدا خزمەتی کردبوو). هەرچەند بڕێک پووکانەوەیش بە ڕوخسارییەوە دیار بوو، بەڵام بەقەشەنگی مابووەوە. ڕەوشت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی شیاو بوو، دەیزانی چۆن جلوبەرگ لەبەر بکات. هەموو ئەو مەدالیایانەی لە پاریس بەدەستی هێنابوو، بە خۆیەوە کردبوو. تەنانەت پێشبینیی ئەوە دەکرا، پیاسە و گەڕان لەگەڵ کەسێکی وا سەنگین و لە پاریسیش، کارێکی هەر وا ئاسان نەبێت، بەڵکوو زۆریش خوازراو بوو.

ئەو ژەنەڕاڵە گێلە، فرە سەرسام بوو بەو کچە و فرەیش پێی بەختەوەر بوو. ئەوە سەیر بوو کە گەیشتە پاریس، هەموو گیانی دەلەرزی و چاوەڕێی ئەو پێشوازییەی نەکردبوو. ئەو پێی وا بوو، بلانش بە شیرەشیر و قیژاندن بەسەریدا، پێشوازیی دەکات و هەر زوویش دەری دەکات، کەچی ڕووداوەکان پێچەوانە کەوتنەوە و ئەوەیش هێندەی تر فریوی دا، مانگێک ئەو پیاوە بە بڕێک سۆز و خۆشەویستیی وا درێژەی کێشا، کە هەر وەسف ناکرێت! تاکوو جێیشی

هێشت و گەڕایەوە، بەو شێوەیە بوو.

لێرەدا بوو کە زانیم ئەو بەیانییەی ئێمە سەفەری لەناکاوی ڕۆڵتنبێرگمان کرد، ئەویش خورپەیەکی کتوپڕی ترسناک لێی دابوو و بووراندبوویەوە. هەفتەیەک وەکوو شێت و هاری لێ هاتبوو و دەیبزڕکاند و قسەی هەلەقومەلەقی دەکرد. ئەوانیش کەوتنە چارەسەرکردنی، بەڵام هێندەی پێ نەچوو، خۆی ئەوێی جێ هێشت و ڕووی لە پاریس کرد.

دەبێت ئەوەیش بزانین، کە بینینی بلانش باشترین چارەسەر بوو بۆ ئەو! بەڵام هەرچەند بەختەوەرییشی پێوە دیار بوو، بەڵام ماوەیەکی زۆر دەرکەوتەکانی نەخۆشییەکەی پێوە دیار بوو.

لەو کاتەوە، توانای بیرکردنەوەی کەم ببووەوە. تەنانەت وتووێژە گرنگەکانیشی بیر دەچووەوە! کە قسەی بۆ دەکرا، یان دەیوت، هم! یان سەری بۆ بەرامبەرەکەی دەلەقاند! بەمە چارەی شتەکانی دەکرد.

زۆر جاران پێدەکەنی، بەڵام پێکەنینی کەسێکی تووڕەی نەخۆش. جاری وا بوو کە چەندین سەعات بە توندی و مۆنی و برۆیەکهاتووەوەوە دەمایەوە، شتگەلێکی فرەی هەر بە بیرچوونەوە بیر چووبووەوە. بیروهۆشی بڵاو دەبوو و لەبەر خۆیەوە دەدوا.

مەگەر بلانش بیتوانیبا بەکێشی ژیانی بکردایەتەوە، ئەو گۆشەگیری و کپبوونەی، هێمای ئەوە بوو کە ماوەیەکی فرە بلانشی نەبینیوە، یان بەڵگەی ئەوە بوو، کە بلانش چووەتە دەرەوە و ئەوی لەگەڵ خۆی نەبردووە! یان بیری چووە پێش چوونەدەرەوەی، کەمێک بە لاولوویدا بێت. ئەگەر لەو کاتی گۆشەگیرییەیدا هۆیەکەیت لێ بپرسییایە، نەیدەتوانی وەڵامت بداتەوە. ئەو ئەگەر چەندین سەعاتیش خەمۆک و گۆشەگیر و دڵتەنگ بووایە، هەر بە خۆیشی نەدەزانی.

هەستم کردبوو ئەو ڕۆژانەی بلانش هەر لە بەیانییەوە تاکوو ئێوارە لە دەرەوە دەمایەوە و زۆر جاران بۆ لای ئەلبێر دەچوو، ئەم پیاوە بە جۆرێک تووشی خەمۆکی بووبوو، هەر لەخۆیەوە و لەناکاو لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی، شپرزە دەبینرا و وەکوو ئەوەی بۆ شتێک بگەڕێت، یان بیەوێت کەسێک ببینێت، دەمێک لەمبەر و دەمێکیش لەوبەری دەڕوانی، بەڵام کە کەسی نەدەبینی، بیریشی دەچووەوە کە بۆ چ شتێک

دەگەڕێت، ئەو دەمە دەکەوتەوە باری شپرزەییەکەی خۆی.
بەو شێوەیە دەمایەوە، تاکوو ئەو دەمەی بلانش بە دڵێکی خۆش و دەمبەپێکەنین و بەرگی ڕێکپۆشەوە دەگەڕایەوە. ئیدی بۆی پێدەکەنی و لێوانی ماچ دەکرد، بلانشیش زۆر کەم ئەم ڕەفتارەی لەگەڵ دەکرد.
لەبیرمە جارێکیان ژەنەراڵ هێندە پەرۆشی بلانش بوو، هەر کە ئەوی بینی، چاوانی نوقمی فرمێسک بوو! ئەوەیش منی فرە سەرسام کرد!
بە گەیشتنی ژەنەراڵ، ئەو بلانشە کەوتە بەرگریکردن لە خۆی. فرەبێژیی دەکرد و وتارەکانی دەیخایاند. وای خستە مێشکمەوە، کە بە هۆی منەوە، ئەوی فریو داوە و خەڵەتاندوویەتی. زۆر لەوەوە نزیکتر بوو، کە دەزگیرانی بێت، تاکوو کچێکی ئاسایی. پەیمانی شەرەفی پێ دابوو و ئەویش لەبەر ئەم، خێزان و بنەماڵەکەی خۆی جێ هێشتبوو.
ئێستایش من لە خزمەتی ئەودام و دەبێت منیش ئەگەر کەمێک ویژدانم هەبێت، لای خۆمەوە لەوە بگەم.
لە کاتی فرەبێژییەکەی ئەودا، منیش وەڵامم نەدەدایەوە، بەڵام دواجار خۆم بۆ نەگیرا و لە قاقای پێکەنینم دا. ئەویش ناچار بوو، بێدەنگ ببێت. ئەو منی بە کەسێکی گێل دانابوو! دواتر ئەوە لە مێشکیدا چەسپا، کە من کەسێکی مەرد و ڕەوشتبەرزم.
بەکورتی، لە کۆتاییدا بەوە دڵخۆش بووم، کە بوومە جێی ڕەزامەندیی کچێکی ڕێزداری وەکوو ئەو. (لە ڕاستییشدا کچێکی نایاب بوو، لەوەوپێش من مافی خۆییم پێ نەدابوو!)
پێش کۆتاییهێنان بە قسەکانی، وتی، "تۆ کەسێکی زیرەک و نیانیت، جێی داخە تا ئەم ڕادەیە ئاژەڵ بیت! تا لە ژیاندا بیت، بەرهەمێکی باش ناچنیتەوە! مایەپووچ دەبیت! تۆیش هەر بەڕاستی ڕوسییت!"
چەند جارێکیش داوای لێم کرد، پیاسە بە ژەنەڕاڵ بکەم و کەمێ خەمی بتارێنم، منیش داواکەیم جێبەجێ کرد و جارێکیان بردم بۆ شانۆ و جارێکی تر بۆ یانەی سەمای مابیل. چەند جارێکیش بردم بۆ هەندێک لە چێشتخانەکان.
هەرچەند ژەنەڕاڵ خۆیشی هەبوو بوو و حەزی دەکرد بە بەرچاوی خەڵکەکەوە جزدانەکەی دەر بێنێت، بەڵام بلانش خۆی چەند جارێک خەرجیی چوونەدەرەوەی پێ داین.

جارێکیان بە شەقامێدا دەڕۆیشتین و بەلای دوکانێکی شتومەکی ئافرەتاندا تێپەڕین، ژەنەڕاڵ ویستی ملوانکەیەک بکڕێت، کە زووتر بلانش پێی سەرسام ببوو و نرخەکەیشی ٧٠٠ فرەنک بوو. زۆر بە گران توانیم کە نەهێڵم ئەو ملوانکەیە بۆ بلانش بکڕێت، لەسەر ئەوەیش سوور بوو، کە بیکات بە دیاری و بیدات بە بلانش.

ئاخۆ دیارییەک بایی ٧٠٠ فرەنک بێت، چ نرخێکی لای بلانش هەبێت؟ لە کاتێکدا ئایەومایەی ژەنەڕاڵ تەنیا ١٠٠٠ فرەنک بوو، کە هەر بۆم ڕوون نەبووەوە، کە ئەو بڕەپارەیەیشی لەکوێوە هێنابوو؟ زۆرتریش بۆ ئەوە دەچووم، کە لە بەڕێز ئاستلیی وەر گرتبێت، ئەوێک کە کرێی ئوتێلەکەیشی بۆ دابوون.

بەلام لەبارەی ئەوەوەی کە بە درێژاییی ئەو کاتە ژەنەڕاڵ بایەخی پێ دابووم و بە لاولوومدا هاتبوو، ئەوە بوو بڕوای نەدەکرد کە نێوانی من و بلانش هەر وەکوو پەیوەندیی نێوانی خۆی و بلانیشی لێ هاتبێت، هەرچەند بیستبووی کە من قومارم کردووە و براوە بووم، بەلام پێی وا بووە، من وەکوو سکرتێر لای ئەو بووم. دوور نییە بە خزمەتکاری بلانشیشی دانابم!

بە هەرحاڵ، وەکوو گەورەیەک دەیدواندم و دەیخوڕی، تەنانەت جاروبار سەرزەنشتیشی دەکردم.

بەیانییەکیان خەریکی قاوەخواردنەوە بووین، ڕەوشتێکی نواند و من و بلانشی خستە پێکەنین. تووڕەبوونی کتوپڕ و لەناکاو نەبوو، بەلام نازانم بۆ ئەو بەیانییە خۆشی لە لەوێبوونی من نەدەهات؟ تا ئێستایش هەر نازانم هۆیەکەی چی بوو! ڕەنگە خۆیشی نەیزانیبێت ئەو بەیانییە بۆچی لێم بێزار بوو؟ کە دەدوا، خۆیشی نەیدەزانی چۆن کۆتا دەبێت و قسەکانی سەرەتا و کۆتاییی نەبوو! قسەکانی تێکەڵوپێکەڵ بوو.

لە قسەکانیدا وتی، "من منالێکی سادە و ساویلکە بووم، ئەو فێری کردم چۆن بژیم، چۆن لە شتەکان بگەم... هتد."

بەلام کەس نەیدەتوانی لێی تێبگات.

بلانش هێندە پێکەنی، کە خەریک بوو بووریێتەوە! بە هەزار حاڵوناڵی عەلی، تاکوو ئاراممان کردەوە. ئەمجا لەگەڵ خۆمان بردمان و پیاسەیەکمان لەگەڵ کرد.

چەند جارێک هەستم کرد خەم و پەژارە دای دەگرت، ئەو بۆ شتێک یان کەسێ بەداخ بوو. هەرچەند بلانشی بەلاوە بوو، کەچی هەستی دەکرد پێویستیی بە کەسێکە. دوو جاران پەنای بۆ هێنام و ویستی دەردەدڵی خۆیم بۆ بکات، بەڵام هەرچەندم کرد، لە قسەکانی نەگەیشتم!

لەبارەی ڕاژەی سەربازییەکەیەوە و خوالێخۆشبووی هاوسەریەوە و زەویوزارەکانی و سامانەکەیەوە دەدوا. خۆ گەر ڕستەیەکی خۆی بەلاوە جوان بووایە، سەدان جار لە ڕۆژێکدا دەیوت و دەیوتەوە! بەڵام لە سۆز و خۆشەویستیی خۆی نەدەدوا. منیش ویستم باسی منداڵەکانیم بۆ بکات، بەڵام ئەو هەر لەسەر قسەکانی خۆی سەرومڕ بوو و ناوەناوەیش بە ئارەزووی خۆی باسەکانی دەگۆڕی.

جارێکیان، بەدەم ڕۆیشتنمانەوە بۆ شانۆ، وتی، "بەڵێ! بەڵێ! منداڵەکان... تۆ ڕاست دەکەیت... منداڵەکان..."

کتوپڕ درێژەی بە قسەکانی دا، "منداڵەکان داماون، بەڵێ! بەڵێ! ئازیزەکەم... ئەوان منداڵانێکی فرە داماون."

چەندین جار لە ئاهەنگی شانۆکەدا ئەم ڕستانەی دووپات کردەوە، "منداڵگەلێکی داماون!"

کاتێک ویستم لەبارەی پاولینەوە قسەی بۆ بکەم، توند بوو و وتی، "ئەو کچێکی سپڵەیە! کچێکی توندڕەو و سپڵەیە! ناموسی خێزانەکەی لەکەدار کردووە! ئەگەر یاساوڕێسا هەبووایە، ئەوا پەروەردەی ئەوی سەرلەنوێ دادەدایەوە. بەڵێ! بەڵێ!"

خۆ بۆ دی جریویش، ئەوە بەرگەی بیستنی ناوەکەیشی نەدەگرت. دەیوت، "ئەو دی جریوە منی وێران کرد و دای ڕووخاندم، لە هەموو شتێکی بێبەری کردم، هەر بە سەربڕین سەری بڕیم. دوو ساڵی ڕەبەق بووبووە دێوەزمەی خەونەکانم و سەرشانم کەوتبوو، چۆکی لەسەر سنگم دادابوو، مانگانێک بەتەواوەتی... ئەو... ئەو... دەی با ئیدی باسی نەکەین. لێرە بەدواوە، هەرگیز لەلای مندا ناوی مەهێنە...!"

هەستم کرد کە پەیمانێک لەنێواندا هەیە، بەڵام من بێدەنگیم لێ کرد و هیچم نەگوت. دواتر بلانش خۆی لەو پەیمانەی ئاگادار کردمەوە، ئەویش پێش سەفەرەکەم بوو بە هەشت ڕۆژ.

نهێنییەکەی پێ وتم و وتی، "ژەنەڕاڵ ئومێدێکی فرەی

بە میراتییەکەی نەنییە، ئیستایش نەنی چاوەڕێی مردنی خۆیەتی و لە ئانوساتدایە. بەڕێز ئاستلییش برووسکەیەکی بەو مەبەستە بۆ لیدایین، ئەڵبەتە ژەنەڕاڵ میراتگری تەواوی نەنییە، گەر میراتییەکەی وەر بگرێت، هیچی بە دەستەوە نابێت تا منی پێ بێزار بکات. لە لایەکەوە مووچەی خانەنشینیی دەبێت، لە ژوورێکی دواوەی ماڵەکە نیشتەجێیە و بەوەیش بەختەوەرە، منیش نازناوی خاتوونی ژەنەڕاڵ هەڵدەگرم. بە هۆی ئەو نازناوەمەوە، خۆم بەنێو توێژی باڵای کۆمەڵگەدا دەکەم،" ئەوە خەونی بلانش خۆیشی بوو، "ئەبمە ڕوسییەکی ناودار و کۆشک و جووتیاری زەویوزارم دەبێت، لەگەڵ ئەو ملیۆنەیشی کە دەمویست."

منیش وتم، "باشە ئەگەر ئیرەییی پێ بردیت، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردیت، تۆ چی دەکەیت؟ لێم تێدەگەیت؟"

ئەویش وتی، "ئۆو... نەخێر... نەخێر... شتی وا ڕوو نادات... ناوێرێت شتی وا بکات! منیش لای خۆمەوە ئامادەباشیی خۆمم کردووە، لەو بارەیەوە بێخەم بە، وام لێ کردووە چەند چەکێکم بە ناوی ئەلبێرەوە پێ واژۆ کردووە، لەبەر ئەوە، شتی لەو جۆرەی بە خەیاڵدا نایەت، نەکوو بەو کارە سزا بدرێت... نەخێر... نەخێر... پرکێشیی ئەوە ناکات."

منیش هەڵم دایە، "کەواتە شووی پێ دەکەیت."

هاوسەرگیرییەکە ڕووی دا و هەر فرە سادەیش ڕێوڕەسمەکەی بەڕێوە چوو. تەنیا لە ئەلبێر و چەند کەسێکی زۆر نزیک بەولاوە، کەسی تریان بانگ نەکردبوو. هەر بەئارەزوو هۆرتنس و کلیوپاترە و کەسانی تر پەراوێز خرابوون. بلانش خۆی بۆینباخەکەی ملی بۆ بەست، ئەمجا گوڵاوپرژێنی کرد. ئیتر ئەویش بە بەرگی زاوایەتییەوە، وەکوو خاوەن کەسایەتییەک، لەنێو ئامادەبووانداد دەر کەوت.

بلانش لە ژوورەکەی ژەنەڕاڵ هاتە دەرەوە، وەکوو ئەوەی ئەو بیرۆکەیە کتوپڕ بە خەیاڵی هەردووکیاندا هاتبێت، پێی وتم، "لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا، خۆ پۆشینەکەی لێ هاتووە."

من بەوردی لە وردەکارییەکانم نەڕوانی و وەکوو تەماشاچییەک بووم. ئێستایش بەشێکی فرەی ڕووداوەکانی ئەو کاتەم بیر چووەتەوە، بەڵام ئەوەم بۆ دەر کەوت، کە نە بلانش نازناوەکەی دی کۆمینگە و نە دایکیشی بێوەژنە،

بەڵکوو لە بنەڕەتدا ناوی دۆپلاسیە بووە، بەڵام بۆچی تا ئەو ڕۆژەیش هەردووکیان، ئەو نازناوەیان هەڵبژاردبوو؟ من ئەو وەڵامەم نەدەزانی. بەڵام ژەنەڕاڵ ئەو نازناوەی بەدڵ بوو، تەنانەت دۆپلاسیەیشی هەر بەدڵ بوو بۆ ئەو دووانە.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی هاوسەرگیرییەکە، بەرگێکی ڕێکوپێکی پۆشیبوو! دەستی کردە هاتوچۆ بە هۆڵەکەدا.

زۆر جیددییانە لەبەر خۆیەوە دەیوت، "مادمۆزێل بلانش دۆپلاسیە! مادمۆزیلا بلانکا دیو پلاسیتا!"

کە ئەمانەی لەبەر خۆیەوە دەوت، ڕووکراوە و ئاسوودە دەبینرا. بەڵام لە کڵێسا و سەنتەری پارێزگە، ئێوارەیش کاتی نانخواردن، نەک ئاسوودەیی لە ڕوخساریدا دەخوێنرایەوە، بەڵکوو بەخۆنازین و خۆبەزلزانینیشی پێوە دیار بوو. پێدەچوو هەردووکیان شتێکیان بەسەردا هاتبێت! مادمۆزێل بلانشیش بە خۆی دەنازی و سەنگین خۆی پیشان دەدا.

زۆر بەجیددی پێی وتم، "پێویستە لە ئێستا بەدواوە، جۆرێکی تر ڕەفتار بکەم... بەڵام دەزانیت، شتێکی بێزارکەر هەیە و من بە خەیاڵمدا نەهاتبوو؟ تۆ دەزانیت من نازناوی بنەماڵەکەیشیانم بیر نەدەهاتەوە! زاجۆریانسکی، زاجۆریانسکی! خاتوونی ژەنەڕاڵ دی ساجۆ... ساجۆ... دەک ئەو ناوە ڕووسییانە بەنەفرەت بن! بە هەرحاڵ، من دەبمە خاتوونی ژەنەڕاڵ، کە لە خۆیدا لە چوارده پیت پێک دێت! شتێکی بەتاموچێژیشە! وا نا؟"

دواجار بڵاوەمان لێ کرد، هێندەم زانی، ئەو بلانشە، کەرە، لە کاتی خواحافیزیکردنمدا خۆی گریان و فرمێسکی خستە چاوان.

ئەمجا وتی، "من بە ئاژەڵ لێم دەڕوانیت، کەچی تۆ کوڕێکی نیان و ناسک بوویت! چی بکەم، شێوەت لەو بۆچوونەم دەچوو!"

کە بۆ دواجار تەوقەی خواحافیزیی لەگەڵ کردم، هاواری کرد، "نەڕۆی!"

بەڕاکردن گەڕایەوە ژوورەکەی و دوای کەمێک، گەڕایەوە و دوو پارچە پارەی دایە دەستم و هەریەکەیان ۱۰۰۰ فرەنک بوو. من هەرگیز بیرم لەوەم نەکردبووەوە!

وتیشی، "ئەوە بگرە، هەر سوودێکی بۆت دەبێت. لەگەڵ ئەوەی کە لەلەی پەروەردەکەریشیت، ڕەنگە ڕۆشنبیرێکی

باشیش بیت، بەڵام وەکوو پیاوێک هێڕ و چەقبەستوویت، لەبەر ئەوەی هەرچەندێکت پێ بێت، دەیدۆڕێنیت، بۆیە لەو برە زیاترت پێ نادەم. "دەی خوات لەگەڵ، یەکتری هەر دەبینینەوە. هەر هاوڕێی یەکتر دەبین، گەر جارێکی تریش لە قومارەکەتدا براوە بوویت، بیرت نەچێت و بێیتەوە بۆ لام، چونکە بەو کارەت بەختەوەر دەبیت!"

هێشتا ٥٠٠ فرەنکم پێ مابووەوە، سەعاتێکی جوانیشم هەبوو کە باییی ١٠٠٠. فرەنکێک دەبوو، چەندین قۆپچەی ئەڵماسیش بە بەرگەکانمەوە بوو، کە دەمتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر بەئاسوودەیی بژیم.

منیش ماوەیەک لەو شارە بێزارەدا مامەوە و بیری خۆم کۆ کردەوە و چاوەڕوانیی بەڕێز ئاستلیم کرد.

لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە بیستم، کە دەبێت هەر بەم شارەدا بڕوات و ٢٤ سەعاتێک لە شارەکەدا بمێنێتەوە، تا کاروبارەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت. کە وا بوو، هەموو شتێکم هەر بۆ دەر دەکەوێت... دواتر... دواتر... ڕاستەوخۆ بۆ هامبۆرگ دەچم. بە لایەنی کەمەوە، تاکوو ساڵێکی تر ناگەڕێمەوە بۆ ڕۆڵتن بێرگ. وتراوە، باشتر وایە قومارچی دوو جاران لەسەر یەک مێزی قومار بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، دوای ئەوەیش، لە هامبۆرگیش ئەو قومارە هەیە.

# بەشی حەڤدەیەم

نزیکەی ٢٠ساڵێک دەبێت، لەم بیرەوەرییانەم نەڕوانیوە. ئەمڕۆ نەبێت، هەر بە خەیاڵیشمدا نەهاتبوو پێیدا بچمەوە و بیخوێنمەوە و بۆ ڕەوینەوەی خەم و پەژارەکانم، پەنای بۆ بەرم.

لە قسەکانی پێشوومدا گەیشتبوومە ئەوەی ڕووم لە هەمبۆرگ کرد، ئای خوایە... ئەو کاتەی ئەم چەند دێڕەی بیرەوەرییەکانم نووسییەوە، چەندە بێمێشک و سەرەڕۆ و سەرکێش بووم! خۆ ئەگەر بێمێشکی و سەرکێشی نەبووبێت، دەتوانرێت لانی کەم ناوی بڕوابەخۆبوون و ئومێدێکی تۆکمە و نەگۆڕی لێ بنرێت! ئاخۆ هیچ گومانێکم لە خۆم هەبوو؟ ئاخر ئەوەتا ١٨ مانگ بەسەر ئەوەدا تێپەڕیوە! من جۆرێک دەژیم، پێم وایە هەر بەرەڵڵا و دەرۆزەکەرێک لە من باشتر بێت! بەڵکوو من لەکوێ و سواڵکەرێک لە کوێ؟ من کەسێکی ونبوو و تیاچووم و بڕایەوە! کەسیک نییە بارودۆخی منی هەبێت، من پەند و ئامۆژگاریکاری ناڵێم و لەم ساتەوەختانەی منی تێدا دەژیم، لە ئامۆژگاری بێبەهاتر نییە بۆی! ئای لەو کەسە لەخۆڕازییانەیش! ئای لەو خۆبەباڵازان و پفخواردووانەی ئەو زۆربلێیانەی ئەو دەمەی خۆیان هەڵدەنێن و ئامۆژگاری و قسەی نەستەق دەڵێن! گەر ئەوانە بەئاگا دەبوون لە قووڵاییی هەستی من و خراپیی باری دەروونیم، دەستەوسان دەبوون لەئاستی دۆزینەوەی وشەگەلی پەند و ئامۆژگارییەکانیان و هیچیان بۆ نەدەوترا! جا بۆچی دەیانتوانی شتێکم پێ بلێن، لەو پەند و ئامۆژگارییانەی زووتر خۆم نەمبیستبێت؟

بەڵێ، شتەکە وایە. خۆ ڕەنگە فرەیەکی پێچکەکە، هەموو

شتێکی بگۆڕییایە. ئەو کاتە لێم ڕوون بوو، ئامۆژگارکاران و پەندبێژان لە یەکەمین کەسانێک دەبوون، کە دەهاتن بۆ لام و وەکوو هاوڕێیەکی نزیکم، پیرۆزباییان لێم دەکرد. وەکوو ئەوەی ئێستا لەگەڵ من دەیکەن، ڕوویان لێ وەر نەدەگێڕام و پشتیان تێ نەدەکردم، بەلام من تف لە ڕوخساری ئەو کەسانە دەکەم!

ئەی ئێستا، خۆم چیم؟ سفرم! ئەی سبەینێ دەتوانم ببم بە چی؟ ئاخۆ دەتوانم زیندوو ببمەوە و ژیان دەست پێ بکەمەوە؟ بۆچی پێش ونبوون و تیاچوونم، دەتوانم دەروونە مرۆییەکەم بدۆزمەوە؟

لە ڕاستیدا سەفەری هامبۆرگم کرد، بەلام بەدوایدا بۆ ڕۆڵتن بێرگیش چووم و لەوێوە بۆ سپا و لەوێشەوە بۆ بادن. وەکوو خزمەتکارێک شوێن ئاغاکەی کەوتبێت، کە هەنزی ڕاوێژکار بوو. ئەو ڕسوایەی لێرە بەدواوە بووە گەورە و خاوەنم. بۆ ماوەی پێنج مانگ بوومە خزمەتکار، ئەمەیشم دوای ئازادبوونم لە بەندیخانە بەسەر هات.

بەندبوونم لە بەندیخانەیش بە هۆی ئەو بڕە قەرزەوە بوو، کە لەسەرم بوو. دواتر کەسێکی نەناسراو ئەو قەرزەی بۆ دامەوە، ئێستایش نەمزانی ئاخۆ ئەوەی قەرزەکەی بۆ دامەوە، کێ بوو؟ ئاخۆ بەڕێز ئاستلی بووبێت، یان پاولین، یان کەسێکی تر بووە؟ بەلام ئەوەی دیار بوو، کە قەرزەکەم بۆ درابووەوە. بڕی قەرزەکەیش ٢٠٠ تالیر بوو، ئەوە بوو دواتر ئازاد کرام.

دەمتوانی بۆ کوێ بڕۆم؟ لەو کاتەدا، هێندەم دەتوانی ببمە خزمەتکاری ئەو پیاوە، کە ناوی هەنزی بوو. ئەو پیاوە کەسێکی تەوەزلی سەرکێش بوو. منیش دەمتوانی بە سێ زمان بنووسم و بخوێنمەوە. ئەویش یەکەم جار وەکوو سکرتێری خۆی کاری پێ کردم، یان کارێکی لەو شێوەیەی پێ دەکردم. مانگانەکەیشم ٣٠ فلۆرین بوو، بەلام دواجار بووم بە خزمەتکاری ئەو، ئەوەیش لەبەر ئەوە بوو، ئەو پیاوە باری ئابووریی بەرەو داڕووخان چوو. نەیدەتوانی مووچەی سکرتێریم بداتێ، ئەو مووچەکەی کەم کردمەوە و منیش شوێنی ترم شک نەدەبرد تاکوو بۆی بچم. ناچار لای ئەو مامەوە و بە ویستی خۆم بوو، کە خۆم کردە خزمەتکاری ئەو.

تەنانەت تێر سکی خۆیشم نانم نەدەخوارد! بەڵام هەرچۆنێک بوو و لە ماوەی پێنج مانگێکدا، توانیم ٧٠ فلۆرینێک کۆ بکەمەوە. ئەو دەمەی کە لە بادن بووین، ئێوارەیەکیان پێم ڕاگەیاند، کە دەمەوێت جێی بێلم. هەر ئەو ئێوارەیە چوومەوە بۆ هۆڵی قوماری ڕۆلێتەکە! ئەوا دڵیشم تەپوکۆیەتی! پارەکەیش ئەوە بوو، کە کۆم کردبووەوە! نەخێر، دەمویست ئەوانە ببینم، کە بە هەنزی ناویان دەبرد. لەگەڵ بەڕێوەبەرانی خزمەتکارانی ئوتێلەکە و ئافرەتە قەشەنگەکانی بادن، حەزم دەکرد هەموو ئەوانە ببینمەوە، کە هەر لە کاتی نانخواردنەوە لەبارەی منەوە دەدوان و چیرۆکی منیان دەگێڕایەوە و پێم سەرسام بوون و پێیاندا هەڵدەدام و لە ڕوومدا ڕێزیان دەنواند و دادەمووکانەوە، بەوەی بەختی باش سەرلەنوێ یاوەرم ببێتەوە لە قومارکردنمدا.

هەموو ئەمانەیش لە خەون و سەرقاڵیی منالان دەچوو!... بەڵام... کێ چوزانێت؟ خۆ ڕەنگە هەر لێرە پاولین ببینم و سەرکێشییەکانی خۆمی بۆ بگێڕمەوە و بۆیشی بسەلمێنم، کە من فرە لەو بەخت و بۆهاتنەی ئەم قومارە نەگریسە بالاترم! پارەیش ئەو شتە گرنگە نییە بەلای منەوە، تاکوو دەستی پێوە بگرم و بەهەند وەری بگرم! لێیشم ڕوونە، ئەگەر جارێکی تر برێکی فرەی تری پارەم بردەوە، دەیدەمەوە بە ئافرەتێکی تری وەکوو بلانش و، سێ هەفتەی تری لە پاریس پێ بەسەر دەبەم و ئەسپانێک گالیسکەکەم بەکێش بکەن، بایی ١٦٠٠٠ فرەنک بن! خۆیشم ئەوە دەزانم، کە کەسێکی ڕەزیل و دەستنووقاو نیم، بەڵکوو پێیشم وایە لەو کەسانەم، کە دەست بە پارە و سامانیانەوە ناگرن و دەستبڵاون. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئای لەو هەژاوی و تەنگەچیکەڵانەییەم، ئەو دەمەی گوێم لێ دەبوو هەڵسووڕێنەری قومارەکە هاواری دەکرد، "٣١... سوورەکە... تاکەکان... پاس."
یان، "٤... ڕەشەکە... جووت... مانک."

ئای لە چاوبرسێتی و تێرنەخۆرییەم، ئەو دەمەی ئەو کۆمەڵەی پارەی زێڕین و فریدریکانەی سەر مێزی قومارەکەم دەبینی، یان گێژ و خولخواردنی ئەو کۆمەڵە پارە سووورباوانەی لە پشکۆی سوور دەچوون و لە کەناری مێزەکەوە بەکێش دەکران. تەنانەت پێش چوونەژوورەوەم و کاتێک گوێم لە زرنگەی پارەی سەر مێزی قومارەکان

دەبوو، لەوە بوو ببووریمەوە و بکەومە سەر زەوی!

ئەو ئێوارەیەی ٧٠ فلۆرینەکەم بردە سەر مێزی قومارەکە، ئێوارەیەکی خۆش بوو. بە ١٠ فلۆرین دەستم بە قومارەکە کرد و لەسەر پاس دام نا، چونکە ئەو خانەیە سەرنجی ڕاکێشام. ئەوەم دۆڕاند. ٦٠ فلۆرینم پێ مایەوە و پارەی زێڕین بوون. کەوتمە بیرکردنەوە، دواتر خانەی سفرەکەم هەڵبژارد. ٥ فلۆرینم لەسەری دانا.

ڕوانیم لەو فرەی سێیەمەدا، براوە بووا بە خۆم وت، "جا چۆن لە خۆشیدا دڵم ناوەستێت، کاتێک ١٧٥ فلۆرین وەر بگرم! ئەو ڕۆژەی ١٠٠٠٠٠ فلۆرینەکەیشم بردەوە، بە هێندەی ئەم بردنەوەیەم دڵشادی نەکردم! هێندەی پێ نەچوو، کە ١٠٠ فلۆرینیم خستە سەر خانەی سوورەکە، دیسان بردمەوە! پاشان ٢٠٠ فلۆرینم خستەوە سەر خانە سوورەکە، دیسان براوە بووم. ئەمجا ٤٠٠ فلۆرینم لەسەر خانە ڕەشەکە دانا و براوە بووم. ئەمجا ٨٠٠ فلۆرینم لەسەر پاس دانا و ئەمجارەیش براوە بووم.

پارەکەم بووە ٢٧٠٠ فلۆرین، هەموو ئەمانەیش هەر لە پێنج خولەکێکدا ڕوویان دا! لەو ساتانەیشدا مرۆڤ هەموو خەم و تێشکاندنەکانی پێشووی خۆی بیر دەچێتەوە! من ئەمەم بە سەرکێشیکردنەوە بە ژیانم وەدەست هێنا... وێرام سەرکێشی بکەم... ئەوەتا سەرلەنوێ چوومەوە ڕیزی پیاوان!

لە ئوتێلەکەدا ژوورێکم بەکرێ گرت، هەر چوومە ژوورەکە، دەرگام لەسەر خۆم داخست و خۆم بەند کرد! نزیکەی سێ سەعاتێک خۆم خەریکی ژماردنی ئەو پارانە کرد، کە بردبوومەوە. کە بەئاگا هاتمەوە، بووبووم بە پیاوێکی ئازاد و لە خزمەتکاری و زەلیلی ڕزگارم بوو! بڕیاریشم دا هەر ئەو ڕۆژە سەفەری هامبۆرگ بکەم. ئەی بۆ نا؟ خۆ ئێستا خزمەتکارو کۆیلەی کەس نیم! بەندی بەندیخانەیش نیم!

بەڵام پێش سەفەرکردنم بە شەمەندەفەر و بە نیوسەعاتێک، خۆم کرد بە قومارخانەکەدا و نیازم بوو لە دوو فرە زیاتر قومار نەکەم. بەڵام ٢٥٠٠ فلۆرینم دۆڕاندەوە! لەگەڵا هەموو ئەمانەیشدا، سەفەرەکەی خۆم کرد بۆ ئەو شارەی هەمووی دوو مانگێک بوو جێم هێشتبوو.

من ئێستا لەوێ بە دڵەڕاوکێیەکی سەرومڕەوە دەژیم.

ئەگەر بچوومایە بۆ قومارکردن، بۆ چەند فرەیەک یاریم دەکرد و دەکشامەوە. چاوەڕوانی و فرەبوون و هەلپەکانی جارانم نەمابوو! وردەکاریی فرەی کیشەکانم دەکرد و تییاندا قوول دەبوومەوە. جاری وا بوو چەند رۆژیک لەنزیک پەنجەرەی هۆلی قومارەکەوە دەوەستام و تەنیا و تەنیا مێزی قومارەکەم دەخستە ژێر چاودێرییەوە و خەونیشم بە قومارکردنەوە دەبینی! لەگەڵ ئەوەیشدا، وا هەستم دەکرد وشک بوومەتەوە و تا بینەقاقام لە قوڕاودا چەقیوە و ژیریم لەدەست داوە. ئەو کاتەش هەستم بەمەی خۆم کرد، کە لەگەڵ بەڕێز ئاستلی پێک گەیشتم. پێشتر یەکترمان نەبینیبوو، ئەم پێکگەیشتنەی ئێستایشمان، بەڕێکەوت بوو.

ئەمەیش چۆنێتیی ئەو پێکگەیشتنەیشمان بوو: من خەریکی پیاسەکردن بووم لەنێو باخی گشتیدا، بەوردی بە دەستمایە و سامانەکەمدا دەچوومەوە. هەستم کرد دوای ئەوەی پێری ئێوارە پارەی کرێی ئەو ژوورە چکۆلەیەم دا کە لە ئوتیلەکەدا گرتبووم، مایەپووچ بووم و تەنیا هەر ٥٠ فلۆرینێکم پێ ماوە، کە وا بوو، لە یەک فرە زیاتر ناتوانم قوماری رۆلێت بکەم، ئەگەر ئەو جارە بردمەوە - با برەکەیش کەم بێت - ئەوا دەتوانم فرەیەکی تریش قومار بکەم! بەڵام خۆ ئەگەر دۆڕاندم، ئەوا دەبێت سەرلەنوێ، تا بنەماڵەیەک دەدۆزمەوە، پێویستییان بە لەلەیەکی پەروەردەکار دەبێت و لای خۆیان دام دەمەزرێنن، ببمەوە بە خزمەتکاری خەڵک، ئا ئەم بیرۆکەیە بیر و هزرمی داگیر کردبوو. منیش ناچار رۆژم لەنێو ئەو باخە گشتییە و دارستانەکەی ئەوبەردا بەسەر دەبرد.

جاری وا بوو دەوروبەری چوار سەعاتێک بەو ناوەدا دەگەڕام و لەوسەرەوە بە ماندوویی و برسێتی دەگەڕامەوە بۆ هامبورگ.

خۆم کرد بە باخەکەدا و لەناکاو بەڕێز ئاستلیم بینی، کە لەسەر کورسییەک لێی دانیشتبوو. ئەویش کە منی بینی، بانگی کردم. من چووم بۆ لای و بەتەنیشتیەوە لێی دانیشتم. لە ڕوخساریدا هەستم بە کەسێتی و سەنگینی کرد. هەرچەند بە بینینی شاد و دڵخۆشیش بووم، بەڵام بە خۆمدا هاتمەوە و نەمهێشت هەژان و پەرۆشیم پێوە دیار بێت.

بەڕێز ئاستلی لێی پرسیم، "ئەمە تۆ لێرەیت؟ چاوەڕێی ئەوەم دەکرد، کە بتبینم. تۆ هێندەیش خۆت ماندوو ناکەیت،

بەوەی شتێکم بۆ بگێڕیتەوە. من ئاگام لە هەموو شتێکە، هەموو شتێک! بەئاگایشم لەوەی کە لەو ٢٠ مانگەی ڕابردوودا بەسەرت هاتووە."

منیش وەڵامیم دایەوە، "ئێ... ئێ... ئەوەتا تۆیش هاوڕێ کۆنەکانت خستووەتە ژێر چاودێریی خۆتەوە! ئەمەیش جێی شانازییە، چونکە تۆ لەو کەسانە نیت، کە هاوڕێکانی خۆیان لەبیر دەکەن. بەڵام تۆیش پێم بڵێ، هەر ئێستا شتێک هات بە خەیاڵمدا... ئەوە تۆ نەبوویت کە منت لە بەندیخانەی ڕۆلتنبێرگ ئازاد کرد! ئەو بەندبوونەم کە بە هۆی قەرزێکی ٢٠٠ فلۆرینییەوە بوو؟ ئاخر کەسێکی نەناسراو ئەو بڕە قەرزەی بۆ دامەوە بە خاوەنقەرزەکە و من ئازاد کرام."

ئەویش هەڵی دایە، "نەخێر، نا، من نەبووم... بەڵام ئەوەم زانیبوو، کە لەسەر قەرز لە بەندیخانەی ڕۆلتنبێرگ گیرابوویت."

منیش پرسیم، "ئەی کەواتە دەزانیت کێ ئەو بڕە قەرزەی بۆ داومەتەوە و لە بەندیخانە ئازادی کردووم؟"

ئەویش وتی، "نا... نەخێر... ناتوانم بڵێم کە دەزانم کێ تۆی ئازاد کردووە!"

منیش وتم، "چەند سەیرە!... ئاخر خۆ من یەک کەسی ڕوسی لێرە ناناسم! کەسیش قەرزی من ناداتەوە. بە هەرحاڵ، بەڵام لەوێ، لە ڕوسیای نیشتمانی خۆمان، کەسی ئەرسۆدۆکسی هەیە بەو شێوەیە پارەی خۆی بۆ براکانی بدات و قەرزیان بۆ باتەوە و ئازادیان بکات! بێگومان هەر کەسێکی سەیری لەو جۆرانە بووە و ئەوەی بۆ من کردووە، کە ئەمەیش لەخۆیدا کارێکی نامۆیە!"

بەڕێز ئاستلییش بە کەمێک سەرسووڕمانەوە گوێی لێ گرتبووم. بێگومانم چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکردم خەمبار و داڕووخاو بم، بە ڕوخسارێکی کەمێک بێزارەوە وتی، "هەرچۆنێک بێت، ئەوەی کە بیر و ژیریی منی کێشی تۆ کردووە، ئەوەیە کە هەر وەکوو جارانی خۆت ماویتەوە و بڕوابەخۆ و ڕووخۆش و کراوەیت!"

منیش بەپێکەنینەوە وتم، "کە وا بوو لە دڵەوە پێت ناخۆشە کە من بە ڕووخاوی و ڕسوایی نابینیت!"

سەرەتا لە قسەکەم نەگەیشت. کاتێک تێگەیشتیش، دەستی کردە پێکەنین.

ئەویش وتی، "سەرنجەکەت سەرسامی کردم! لە وشەکانتدا هاوڕێیەتیی کۆنینەم دەبینمەوە و پەرۆشییەکی فرە، بلیمەتییەکی پەرەگرتووی وا، کە لاقرتێ و سوعبەت و جیددیەت لە خۆتدا کۆ کردووەتەوە و ئەمەش مەگەر هەر ڕوسییەکان بتوانن، ئەو سیفەتە دژ بە یەکانە لە خۆیاندا کۆ بکەنەوە! ڕاستە خەڵکی حەز دەکەن خۆشەویستترین هاوڕێی خۆی بەزەلیلی لەبەرامبەر خۆیدا ببینێت، خۆ زۆر جاران هاوڕێیەتیی ڕاستەقینە لە زەلیلبوونەوە سەرچاوە دەگرێت! ئەمەیش ڕاستییەکی دێرینە و زیرەکەکان هەموو دەیزانن، بەڵام لێت ناشارمەوە، کە تۆم بەو ورەبەرزی و خۆڕاگرییەوە بینی، هەر بەڕاستی دڵخۆش و بەختەوەر بووم. پێم بڵێ، نیازت نییە قومارکردن پشتگوێ بخەیت؟"

منیش هەڵم دایە، "ها... ئەویش با بڕوا بۆ دۆزەخ! وێڵی دەکەم... هەرکاتێک..."

ئەویش قسەکەی پێ بڕیم، "هەرکاتێک پارەکانت گێڕایەوە، وا نا؟ منیش هەر چاوەڕوانی ئەم قسەیەم لێ دەکردیت، بۆیە پێویست ناکات قسەکەت تەواو بکەیت... خۆ ئەوەیش دەزانم، وەکوو شتێک لە دەمت دەر چوو و هەر بەبێ بیرکردنەوە ئەمەیشت درکاند. بەڵام پێم بڵێ، بێ لە قومارکردن، کارێکی ترت هەیە؟"

منیش وەڵامیم دایەوە، "نەخێر."

ئەویش کەوتە تاقیکردنەوەم. منیش لەو کاتانەدا نە ڕۆژنامەکەم دەخوێندەوە و نە کتێبێکیشم بە دەستەوە گرتبوو.

بەڕێز ئاستلی وتی، "تۆ وڕ و سڕ بوویت! ئەوە بۆ پشتت لە ژیان کردووە و نەک هەر ئەمە، بەڵکوو بایەخە تاکەکەسییەکانی خۆیشت و کۆمەڵگە و ئەرکەکانیشت وەکوو هاووڵاتێک، هاوڕێکانیشت - چونکە تۆیش هاوڕێیەکی فرەت هەبوو - پشتگوێ خستووە؟ نەوەکوو هەر ڕووت لە بردنەوە کردووە، بەڵکوو بیرەوەریەکانی خۆیشت پشتگوێ خستووە! من هێشتا لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانتدا بزێوی و پەرۆشیی تۆم بیر ماوە! بەڵام ئێستا لێم ڕوونە، بەم دواییانە، هەموو تاسە و حەز و پەرۆشییەکانی خۆتت بیر چووەتەوە. ئێستا هەموو بیروهۆشت لە خانەی ژمارە تاک و جووتەکان و سوور و ڕەش و ١٢ ژمارەکەی ناوەڕاستدا چڕ

بووەتـەوە! مـن زۆر بـاش ئـەوە دەزانـم.

منیـش بـە کەمێـک توورەیییـەوە هـاوارم کـرد، "بەسـە... بەڕێـز ئاسـتلی، بەسـە! تـکات لـێ دەکـەم باسـی ڕابـردووم بـۆ مەکـە، چاکیـش بزانـە، هیچێکـم لـە ڕابـردوو بیـر نەچووەتـەوە، بـەڵام بـۆ ماوەیـەک هەمـوویـم لـە مێشـکمدا وەدەر نـاوە، تەنانـەت بیرەوەرییەکانیشـم... چاوەڕێـی ئـەوەم بارودۆخـی خـۆم وەر بگرمـەوە... ئـەو کاتـە... ئـەو کاتـە... دەبینیـت چـۆن خـۆم دەبووژێنمـەوە!"

بەڕێز ئاسـتلییش هەڵـی دایـە، "ئـەوە بـە ڕاسـتتە! مـن گرەو دەکـەم تـۆ ٢٠ سـاڵی تریـش هـەر لـەم شـوێنەدا دەمێنیتـەوە و لەسـەر هەمـان ئـەم کورسـییەی لەسـەری دانیشـتوویت، دادەنیشـیتەوە! ئەگـەر مامـەوە و نەمـردم، ئـەم قسـەیەمت بیـر دەخەمـەوە!"

منیـش بەتەنگەچیکەڵانییـەوە قسـەکەم پـێ بـڕی، "باشـە... باشـە... ئیـدی بیبـڕەوە! جـا تاکـوو بـۆت بسـەلمێنم کـە مـن کەسـێک نیـم شـتم بیـر بچێتـەوە، ڕێـم بـدە لێـت بپرسـم ئێسـتا کچـە پاولیـن لەکوێیـە؟ چونکـە ئەگـەر تـۆ منـت لـە بەندیخانـە ئازاد نەکردبێـت، ئـەوا دیـارە ئـەو کچـە پاولینـە منـی لـە بەندیخانەکـە ئـازاد کـردووە و قەرزەکـەی بـۆ داومەتـەوە! هەرچەنـد کـە بێئـاگام لـە هەواڵـی ئەویـش."

ئەویـش بـە کەمێـک توندبوونـەوە وتـی، "نەخێـر... نەخێـر! پێـم وا نییـە ئـەو قەرزەکـەی بـۆ دابێتـەوە. ئێسـتا کچـە پاولیـن لـە سویسـرایە و خۆشـحاڵم دەکەیـت، گـەر چیـی دی پرسـیاری پاولینـم لـێ نەکەیـت."

منیـش بـێ ویسـتی خـۆم دەسـتم کـردە پێکەنیـن و وتـم، "کـە وا بـوو بەسـەختی هەسـتی تۆیشـم بریندار کـردووە!"

ئەویـش وتـی، "کچـە پاولیـن زۆر چاکـە و لـەو کەسـانەیە، کـە دەبێـت هەمـوو کەسـێک ڕێـزی بگرێـت. وا جارێکـی دی دووپاتـی دەکەمـەوە، کـە خۆشـحاڵم دەکەیـت گـەر کـۆڵ بدەیـت لـە پرسـیارکردن لەبـارەی پاولینـەوە. تـۆ بـۆ ڕۆژێ لـە ڕۆژان ئـەوت نەناسـیوە، بۆیـە هەسـتی مـن ڕابگـرە و بـە خـراپ نـاوی ئـەو مەهێنـە."

منیـش هەڵـم دایـە، "هـەر بەڕاسـت؟ بـە هەرحـاڵ تـۆ بەهەڵـەدا چوویـت. جـا... باشـە ئەگـەر لەبـارەی پاولینـەوە قسـە نەکـەم لەگەڵـت، ئیـدی هیـچ دەمێنێـت تـا قسـەی لەبـارەوە بکەیـن؟

تۆ هەر تۆزقاڵێک بیر بکەوە! خۆ هەموو بیرەوەرییەکانی ئێمە بەوەوە بەستراوەتەوە! بۆیە پێویست ناکات ترسی هیچت هەبێت، منیش هیچ پێویستییەکم بە ڕاز و چیرۆکە پڕ لە پەرۆشییەکانی هەردووکتان نییە، یان بمەوێت بزانم کە دەوروبەری کچە پاولین بە چی تەنراوە؟ لە هەواڵی دەرەکیی ئەو بەولاوە، هیچی ترم پێویست نییە. ئەم جۆرە وەڵامانەیش بە دوور دەزانرێت و بڕایەوە."

ئەویش وتی، "چۆنت دەوێت، با وا بێت، بەو مەرجەی لە چێوەی دوو وشە تێنەپەڕێت و سنووری خۆی تێنەپەڕێنێت.

پاولین ماوەیەکی دوورودرێژ نەخۆش بوو، تا ئێستایش هەر نەخۆشە، ماوەیەک لەلای دایک و خوشکی من و لەسەرووی بەریتانیا نیشتەجێ بوو. هەر وا شەش مانگێک لەمەوبەر نەنکی مرد و تەنیا ۷۰۰۰ی وەکوو میراتی بۆ جێ هێشت. پاولینیش وەسیەتەکەی نەنکی بەجێ هێنا و خوشک و برا بچووکەکەی گرتە خۆی. ئەو دووانەیش ئێستا خوێندنیان لە لەندەن درێژە پێ داوە.

"بەڵام ژەنەڕاڵی باوەپیارەی، بە هۆی خوێنبەربوونی مێشکەوە، چەند مانگێک لەمەوبەر گیانی لەدەست دا. ئەو باوەپیارەیە تاکوو مردیش، هەر مادمۆزێل بلانش خزمەتی کرد، بەڵام چیی بەمیراتی لە نەنکیەوە بۆ مابووەوە، ئەو کچە توانیی لەسەر خۆی تۆماریان بکات. پێم وا بێت ئەمانە هەموو ئەو شتانە بوون، کە من دەمزانی و ئیدی هیچم نەماوە بۆم باس نەکردبێت."

منیش کۆڵم نەدا و پرسیم، "ئەی دی جریو؟ ئەویش ئێستا سەفەری سویسرای نەکردووە؟"

بەڕێز ئاستلی لە وەڵامدا وتی، "نەخێر، دی جریو سەفەری سویسرای نەکردووە، ناشزانم ئێستا ئەو لەکوێیە. بۆ دواجار ئامۆژگاریت دەکەم، خۆت لەم جۆرە نزیکخستنەوەی ئەم پرسیارانەت بدزەوە. نزیکخستنەوەکانت لە شوێنی خۆیاندا نین، خۆ گەر هەر بەم شێوەیەیش پرسیار بکەیت، ڕەفتارم لەگەڵت شێوەیەکی تری دەبێت...!"

منیش هەڵم دایە، "چی؟ چی؟ لەگەڵ ئەو هەموو کۆنییەی هاوڕێیەتییەکەیشماندا؟"

ئەویش خێرا وتی، "بەڵێ..."

منیش وتم، "هەزار جار گەردنت ئازاد بێت، بەڕێز ئاستلی.

داوای لێبووردنیشت لێ دەکەم! بەڵام ڕێم پێ بدە تاکوو تێت بگەیەنم، کە ئەمە هیچێکی لە سووکایەتی تێدا نییە و نابەجێ نییە. من هەرگیز کچە پاولینم تاوانبار نەکردووە، بەدەر لەوەیش، نزیکبوونەوەی پیاوێکی فەرەنسیی کورتەباڵا و کچێکی ڕوسی، نە لە توانای من و نە لە توانای تۆدایە، کە بەتەواوی تێی بگەین."

بەڕێز ئاستلییش وتی، "ئەگەر ناوی دی جریو پەیوەندیی بە ناوێکی تریشەوە نەبووایە، داوام لێ دەکردیت بۆم ڕوون بکەیتەوە کە مەبەستت لە فەرەنسیی کورتەباڵا و کچە ڕوس چییە؟ ئەی مەبەستت لەو نزیکبوونەوەیە چییە؟ ئەی بۆ تایبەتمەندی دەدەیت بە هەریەکەیان و دەڵێی، فەرەنسییەک و کچە ڕوسییەک؟"

منیش وتم، "دەبینیت کە بابەتەکە پەیوەندیی بە تۆیشەوە هەیە. بەڵام ئەی بەڕێز ئاستلی، ئەوە بۆخۆی چیرۆکێکی دووردرێژی هەیە، شتگەلێکی فرە هەن، کە پێویستە پێناسەیان بۆ بکرێت. دواجار لە خۆیشیاندا شتگەلێکی گرنگن، سەمەرەکەیشی هەر لە یەکەم سەرنجەوە وەدیار دەکەوێت.

"بەڕێز ئاستلی کەسێکی ڕێکپۆش و کەشخەیە، لەبەر ئەوەی تۆ بەریتانیاییت، وای نابینیت. ئەگەر ئەمە لە ئێرەییشەوە بێت، لەبەر ئەوەیە کە من ڕوسیم. بەڵام خاتوونەکەمان بە جۆرێکی دی بێ و بۆچوونێکی تریان هەبێت. ڕاسین، کەسێکی ئاڵۆزە و ڕێت پێ نادات خوێندنەوەی بۆ بکەیت! بەڵکوو جێی گاڵتەپێکردنە و لە هەندێک ڕووەوە هەر ئەوە دێنێت. "بەڵام ئەی بەڕێز ئاستلی، قەشەنگ و قۆزیشە! بمانەوێ و نەمانەوێ، شاعیرێکی مەزنیشە! لە کاتێکدا ئێمە شێوەی ورچمان وەر گرتبوو، ئەو قاڵبی فەرەنسی و پاریسیی خۆی وەر گرتبوو.

"شۆڕشی فەرەنسی مەردایەتیی بەوان بەخشی و بە شێوەی شۆخوشەنگ دەنوێنێت! گفتار و ڕەفتار شیرینن، ئەمانەیشی بەمیراتی بۆ ماوەتەوە. ڕەنگە لەنێو دەروونیاندا، کەسێک نەبێت وەکوو ئەوان هەست بە ڕسوایی و بۆشایی بکات، ئەمە لەولاوە بوەستێت، لە لایەکی ترەوە، لە جیهاندا کەس نییە - ئەمەیش ئێستا پێت دەڵێم - وەکوو ئەو کچە ڕوسییە نیان و کراوە و بلیمەت و ماڵکەر بێت! بۆیە هەرکەسێکی وەکوو دی جریو هەر ڕۆڵێک ببینێت و بە

هەرجۆرە دەمامکێکیش ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بپۆشێت، دەتوانێت دڵی داگیر بکات، کە بیر و ژیری نەیبرێت! ئەوێکیش کە قەدوباڵایەکی قەشەنگ و ڕێکی هەیە، ئەی بەڕێز ئاستلی! کچەیش وا دەزانێت کە دەروون و دڵیشی وەکوو باڵا قەشەنگی و پوختەییەکەیەتی! ئەوەی بیر دەچێتەوە، کە ئەو بەرگانەی بەری میراتییە و بۆی ماوەتەوە! هەرچەند بۆ تۆ باشیش نییە، بەڵام لەسەرمە دان بەوەدا بنێم، کە ئینگلیزەکان زۆر جاران زێدەڕەوی دەکەن لە بەرنامە و پرۆگرامیاندا و وایان لێ دەکات، کە بێبەش ببن لە ڕێکپۆشی و قەشەنگی. ڕووسەکانیش کەسانێکی هەر بە سروشت هەستیار و جوێکەرەوەی جوانییەکانن! زۆر تامەزۆ و تینوون بەو سیفاتانە!

"بەڵام جوێکردنەوە و دەستنیشانکردنی جوانیی ڕەوان و ڕەسەنایەتیی کەسێتی، پێویستیی بە سەربەخۆبوونی هزر و بیر و ئازادیی نەفسیی زۆر لەوە باڵاتر هەیە، کە ژنانی خۆمان هەیانە و خاوەنین! چ جای کچانیش! کچە پاولینێک - ببوورن کە نازناوی بنەماڵەکەیان نازانم - کاتێکی فرەی پێویست بووە تاکوو بڕیاری خۆی داوە! تۆ باشتر دەزانێت لەو دی جریوە هیچوپووچە، ئەو هەر بەڕاستی بەرز لێت دەڕوانێت و ڕێزت دەگرێت. دەشبێتە هاوڕێت و بەتەواوی دڵی خۆیت بۆ دەکاتەوە، بەڵام ئەو ڕسوا و هیچوپووچە و ئەو پووشە سووخۆرەی ناوی دی جریوە، خاوەنی ئەو دڵەیەتی! ئەمەیش درێژە دەکێشێت. ئەگەر بە لووتبەرزی و ڕکابەرایەتییش بێت! چونکە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دی جریوە وەکوو پایەبەرزێکی قەشەنگی کەشخە و ڕێکپۆش، خۆی پێ ناساندووە، خۆی وێران کرد بۆ ئەوەی یارمەتیی خێزانەکەی ئەو کچە بدات، هەرچەند دواتر تەڵەکەبازییەکانیشی دەر کەوتن، بەڵام ئەوەیش گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو، تا ڕقبوونەوە و داخ و خەفەتی کچە بۆ دی جریوە نوێیەکە زیاتر بووایە - هەرچەند بوونی ئەو کۆنە هەر لە خەیاڵی ئەودا بوونی هەبوو - ئەوا داخ و خەمی بۆ دی جریوە کۆنەکە لەلای فرەتر دەبوو."

ئەمجا منیش وتم، "تۆ خاوەن کارگەیت، ئەی بەڕێز ئاستلی، وا نا؟"

ئەویش وتی، "بەڵێ! من هاوبەشی پاڵفتەکردنە گەورەکەی لوول و هاوبەشانیم."

منیش هەڵم دایە، "دەبینیت! لەملاوە تۆ خاوەن پاڵفتەکردنێکیت و لەولایشەوە ئاپۆلۆن بلقەدیرە... ئەم دووانەیش پێکەوە هەڵناکەن، بەڵام خۆ من خاوەنی تەنانەت پاڵفتەکردنێکیش نیم، ئاخر من لە قومارچییەکی چکۆلەی رۆلێت بەولاوە، هیچی تر نیم. بەڵکوو خزمەتکاریش بووم، بێگومان پاولین خۆیشی ئەمەی دەزانی، چونکە ئەو چاوانێکی پڕ سەرنجی وردەکاریی هەبوو."

بەڕێز ئاستلییش، بەساردی وتی، "تۆ تووڕەیت و قسەی هیچوپووچ دەکەیت. دواجار قسەکانیشت پوخت نین."

منیش وتم، "تۆیش ڕاست دەکەیت. ئەوەی جێی مەترسی بێت، هاوڕێی مەرد، گەر تاوانبارکردنەکانیشم هیچوپووچیش بن، ڕاستگۆیانەن. بە هەرحاڵ، منیش و تۆیش شتێکی ئەوتۆمان نەوتووە!"

بە دەنگێکی گڕ و چاوی بریسکەدارەوە هاواری کرد، "ئەو قسانە گێلانەن، کە وا بوو، ئەی پیاوە سەقەت و ناشیرینە داماوە شەقاوەکە، تێبگە. من بە فەرمانی ئەو هاتووم بۆ هامبۆرگ، تاکوو تۆ ببینم و بە دڵێکی کراوەوە و ڕاستگۆییەوە وتووێژێکی دووروودرێژت لەگەڵ بکەم، دواتر هەموو قسەکانی تۆی بۆ بگوێزمەوە، هەر لە بیرەوەرییەکانتەوە تا سۆز و هیوا و بیرۆکەکانت!"

منیش کە فرمێسک بەری چاوانمی گرتبوو، هاوارم کرد، "شتی وا دەبێت؟ شتی وا شیاوە؟"

نەمتوانی بەر بە داوەرینی فرمێسکەکانم بگرم. پێم وا بێت ئەوە یەکەم جارم بوو لە ژیانمدا گریابێتم!

بەڕێز ئاستلییش وتی، "بەڵێ، شەقاوەی سەرەڕۆ... ئەو... تۆی خۆش دەویست! ئێستایش کە ئەمەت پێ دەڵێم، چونکە تۆ کەسێکی داڕووخاو و ونبوویت! تۆ مرۆڤێکیت، کە کۆتاییت هاتووە. گەر کاتی خۆیشی پێم بووتیتایە کە وا ئێستایش تۆی خۆش دەوێت، لێرە دەمایتەوە و نەدەڕۆیشتیت. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، هەر دەمایتەوە! بەڵێ، تۆ بە دەستی خۆت، خۆت لەناو برد. ئاخر تۆ بڕێک بەهرەت تێدا بوو، زیندوویيت پێوە دیار بوو، نە دڵپیس بوویت و نە دەروونت خراپ بوو، تەنانەت لە تواناتدا بوو یارمەتیی نیشتمانەکەیشت بدەیت، چونکە ئێستا نیشتمان پێویستیی بە پیاوان هەیە، بەڵام تۆ لێرە دەمێنیتەوە، ژیانیشت کۆتا بوو! بەمە تاوانباریشت

ناکەم، چونکە پێم وایە، ئەمە حاڵی ڕوسەکانە! یان هەموو کاتێک لە ڕێی ئەوەدان تووشی ئەم بارودۆخەی تۆ ببن، ئەگەر نەبنە ئامانج و نێچیری ڕۆلێتیش، ئەوا دەبنە نێچیری شتێکی لەو جۆرە، ئەوانەیش دانسقەن کە لەم گریمانە بەدەر دەبن!

"تۆ یەکەم کەسێک نیت لەگەڵ کارکردندا ناتکرێت، ڕۆلێتیش بۆ ڕوسەکان دروست کراوە، تاکوو ئێستایش بە پاکی و ڕەوشتبەرزییەوە ماویتەوە، ئەوەت بە باشتر زانیوە، کە خزمەتکاری بکەیت و دزی نەکەیت، بەڵام من ئاوایش کە بیر لە داهاتووت دەکەمەوە، دەلەرزم و دادەچڵەکێم! ئەوە لە داهاتووی تۆیشمان ڕوانی.

"بێگومان ئێستا تۆ پێویستیت بە پارەیە؟ ئەوەیش ١٠ ڕیاڵی زێڕین. بە هەرحاڵ، لەوەیش زیاترت پێ نادەم، چونکە هەرچەندێکت بدەمێ، بە قومار دەیدۆڕێنیت. ئەوە بگرە و بڕۆ بە ڕێی خۆتەوە... ئەوە بۆچی پارەکە هەڵناگریت؟"

منیش وتم، "نەخێر، ئەی بەڕێز ئاستلی."

بەڕێز ئاستلییش هاواری کرد، "پارەکە بگرە، من لێم ڕوونە، کە ئێستایش هەر بەمەردی ماویتەوە. ئەم بڕەپارەیەشم وەکوو هاوڕێیەکی خۆشەویست بە تۆ بەخشی، خۆ ئەگەر بمزانییایە قومارەکە پشتگوێ دەخەیت و ئێرە جێ دەهێڵیت و دەگەڕێیتەوە وڵاتەکەی خۆت، ئەوا ئامادە بووم هەر ئێستا ١٠٠٠ ڕیاڵت بدەمێ، تاکوو لە وڵاتی خۆت دەست بکەیتەوە بە بنیاتنانەوەی ژیانێکی نوێ بۆ خۆت، کە ١٠ ڕیاڵیشت پێ دەدەم، لەبەر ئەوەیە بە لای تۆوە هەردوو بڕەکە چوونیەکن، چونکە بێگومانم کە دەیاندۆڕێنیت! بیگرە و بڕۆ... خوات لەگەڵ!"

منیش وتم، "وەری دەگرم، ئەگەر ڕێم بدەیت ماچت بکەم!"

ئەویش وتی، "بە خۆشحاڵییشەوە...!"

یەکترمان لە ئامێز گرت و دواتر بەڕێز ئاستلی دوور کەوتەوە.

نا... نا... ئەو هەڵەیە! ئەگەر منیش توند و ڕەق و گێل بووم بەرامبەر پاولین و دی جریو، ئەوا ئەویش رەق و زبر و گێلانە بوو بەرامبەر ئەو حوکمەی سەپاندی بەسەر ڕوسەکاندا. خۆ من بەمە بەرگری لە خۆم ناکەم! بە هەرحاڵ، لە ئێستادا

ئەمە شتێکی گرنگ نییە، ئێستا ئەمانە هەر قسەن و ئێستایش کاتی کارکردنە، کاری هەرە گرنگ، ئێستا سەفەرکردنە بەرەو سویسرا! لە سبەینێ زووتر نییە، سەفەر دەکەم!

ئاخ... خۆزگا بمتوانیایە هەر ئێستا سەفەرەکەم بکردایە، چونکە بەوە بووژاننەوەیەکی نوێ، دەبووژامەوە! سەرلەنوێ ژیانێکی نوێم دەست پێ دەکردەوە. دەبێت بۆیان بسەلمێنم، کە پێویستە پاولینیش بزانێت من ئێستایش دەتوانم ببمە پیاوێکی مەرد و مەردانە! ئێستا با هێندە بەس بێت! نەخێر، ئێستا کاتی سەفەرکردنی ئەمڕۆ بەسەرچووە. بەڵام سبەینێ...

ئاها! ئێستا من خەمی شتێکمە! بێگومان ئەو شتەیش هەر ڕوو دەدات! ئێستا ١٥ ڕیاڵی زێڕینم پێیە! ئەگەر ژیرانە کاری پێ بکەم، بڵێی تا ئەو ڕادەیەیش چکۆلە و منداڵ بم؟ تا ئێستایش هەر تێنەگەیشتووم، کە من مرۆڤێکی وێڵ و تیاچووم؟

بەڵێ، هێندە بەسە، کە ئەگەر بۆ جارێکیش بووە، زیرەک و خۆگر و ئارام بم، منیش هەر لەمانەم کەمە! پێویستیشم بەمانەیە! هێندەم بەسە، گەر بۆ یەک جاریش بووە، ورەم بەرز و بڕوام بە خۆم بێت، تاکوو بتوانم لە سەعاتێکدا داهاتووی خۆم بگۆڕم! توانای ورەبەرزی بۆخۆی بناغەیە و شتێکی گرنگە! هەر هێندەم لەسەرە، ئەوەی ٧ مانگ لەمەوبەر لە هامبورگ بەسەرم هات، وەبیر خۆم بێنمەوە، کە دوابەدوای بەیەکجاری تێداچوونەکەم ڕووی دا. ئەمەش بۆخۆی نموونە و بەڵگەیەکی باشە بۆ پێداگری و سووربوونەکەم، ئەوە بوو کە هەموو شتێکی خۆم دۆڕاند... هەموو شتێک! لە گازینۆکە چوومە دەرەوە و دەڕوانم تەنیا یەک فلۆرین لە گیرفانی چاکەتەکەمدا تەپاوتل دەدا!

منیش بە خۆم وت، "زۆر باشە، بەشی نانخواردنی ئەم ئێوارەیەیشم پێ ماوە."

بەڵام هەر ١٠٠ هەنگاوێک ڕۆیشتبووم، کە پەشیمان بوومەوە و بە شوێنی خۆمدا گەڕامەوە و خۆم کردەوە بە قومارخانەکەدا و فلۆرینەکەم خستە سەر خانەی ئەلمانک! ئەم جارەیان لەسەر ئەلمانکم دانا!

لە ڕاستیدا مرۆڤ کاتێک سەرکێشی دەکات، هەستێکی نامۆی تایبەتمەند و جیاواز داگیری دەکات! بەتایبەتییش کەسێکی وەکوو منی نامۆ لە وڵاتی غەریبی و بێکەسوکار

و دوور لـه هـاوڕێ و خۆشەویسـتانی! کەسـێک کـە خۆیشـی نازانێ پارەی نانخواردنی ژەمەخۆراکی برسیبوونەکەی خۆی پێ دەمێنێت یان نـا!

جـا منیـش دەمەوێـت بڵێـم، ئـەو کاتـەی مـرۆڤ قومـار بـە دواییـن فلۆرینـی گیرفانیـەوە دەکات، بـە دواییـن فلۆرینـی گیرفانیـەوە!... بردمـەوە!

کە لـە گازینۆکـە چوومـە دەرەوە، ١٧٠ فلۆریـن لـە گیرفانمـدا بوو! ئەوەیش کاریگەریی دواییـن فلۆرینـی گیرفانـم بـوو!

خۆ ئەگەر خۆم بدایە بەدەست ڕووخاندنی خۆمەوە!

ئەگـەر ئـازا و نەبـەز نەبوومایـە و بوێریی پێویستم نەبووایـە بۆ بڕیاردان، ئەوا سـبەینێ!...

ئا... ئا... هەموو شتێک کۆتاییی پێ دێت!...